زنجیرە ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست (٤٥)

# ڕۆشن کردنەوەی چاوو دڵان بە ڕوناکی سوننەت و قورئان

وەڵامێك بۆ



بیروڕا هەڵەکانی
محمد بن علوي المالكي و
هاوشێوەکانی


ئامادەکردنی

م. عبد الغفور عبد الله صالح

پێداچونەوەی

م. عبد الكريم محمد قادر

پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی (ئیمان) لە سلێمانی

ڕۆشن کـردنەوەی چـاوو دڵان

بە ڕوناکی سوننەت و قورئان


منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )

چاپی یەکەم

١٤٣١ کۆچی - ٢٠١٠ زاینی

زنجیرەی (٤٥) لە زنجیرە ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست

ژمارە سپاردنی (٣٤٦)ی دراوەتێ لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کردستانەوە

بنکەی بڵاوکردنەوە:

کتێبخانەی سیما

چەمچەماڵ - بازاڕی بۆن فرۆشەکان

ژ.ت: ٠٧٧٠١٢٣٦٠٨٩ - ٠٧٤٨٠٢٠٣٠٢٦

کوردستانی عێراق

# ڕۆشن کردنەوەی چاوو دڵان
# بە ڕوناکی سوننەت و قورئان

## وەڵامێك بۆ





ئامادەکردنی

م.عبدالغفور عبدالله صالح

پێداچونەوەی

م.عبدالكريم محمد قادر

پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی (ئیمان) لە سلێمانی





**خوای گەورە دەفەرموێت:**

﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا ﴾ المائدة:٣

**وەهەروەها دەفەرموێت:**

﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ ﴾ الحشر: ٧




# پێشەکی

نوسینی:

م.عبدالكريم محمد قادر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على خاتم النبيين نبينا محمد وعلى آلـه صـحبه أجمعين.

**خوێنەری بەڕێز:**

ئـەم (محمـد بـن العلـوي المـالكي)یـەو هاوشـێوەكانی، فـەقێكانی خۆیـان پـەروەردە ئەكـەن لەسـەر بـیرو باوەڕێك كـە پێـچەوانەی بـیرو بـاوەڕی پێغەمبـەر ﷺو هـاوەڵانی و زانایـان و شـوێنكەوتوانی سـوننەتن، لەوانـە هـەر چـوار ئیمـام و پێـشەوا بەڕێزەكە پێشەوایان (شافعي وأحمد ومالك وأبو حنيفة) ڕەحمەتی خوایان لێبێت.

وە بۆ زیاتر ناسـینی (محمد بن العلوي المالكي) بفـەرمون لەگـەڵ پوختـەی بـیرو بـاوەڕە پوچەڵەكانی:

١. پاڕانەوە بـە دروسـت دەزانـێ لـە غـەیری خـوا؛ لـە پێغەمبـەران و پیـاو چـاكان، بـە (زیندوو مردوویانەوە).

گومانی تیادا نیە كە پاڕانەوەش عیبادەتە، هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (الـدعاء هو العبادة) رواه الترمذي وقال حسن صحيح، كەواتە پاڕانەوە وەكو نوێژ عیبادەتە، جا ئایا نوێژ كردن بۆ غەیری خوا دروستە؟! بێگومان نەخێر، بۆیە پاڕانـەوەش لـە غـەیری خوا دروست نیەو بەڵكو شەریك بۆ خوا دانانەو شیركی گەورەشە، وە هەر كەسێك بـەم شێوەیە بمرێت و تەوبە نەكات جێگەی دۆزەخەو هەتا هەتاییە لە ناویدا.

٢. ئـەڵێن خـەڵكانێك هەنـە بـە نـاوی (أبـدال و أقطـاب و أولیـاء) كـە خـوای گـەورە هەڵسوڕاندنی دنیای داوەتە دەستیان، خوای گەورەش دەفـەرموێت كاتێـك پرسـیار لـە هاوبەش پەیداكەران بكرێت ﴿وَمَن يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ﴾یونس/٣١، سەیری لاپـەڕە (١٥٣)ی ئەم كتێبە بكە.

٣. ئەڵێن هیچ جیاوازی نیە لە نێوان خواو دروست كراوەكانیدا، هەموی دروست كراوەو هەمویشی خوایە، چـونكە ئـەڵێن –والعیـاذ بـالله– خـوا دەتوێتـەوە لەگـەڵ دروسـت كراوەكانیداو دەبن بە یەك.

٤. پلەی (الإحسان) كە بەرزترین پلەی ئیسلامە ئەیبەخشن بە مامۆستاكانیان، بۆیـشە بە (موریدەكانیان) ئەڵێن: ئەبێت هەموو كاتێك كە زیكری خوا ئەكـەن شـێخەكانتان لـە یاد بێت، تەنانەت لە كاتی نوێژ كردنیشدا.

شێخ (محمد بن جمیل زینۆ) فەرمویەتی: ناسراوێكم هەیە بینـیم وێنـەی شـێخەكەی لـە پێش خۆی دائـەنا لـە قیبلەیـدا لـە كـاتی نوێـژ كردنـدا. پێغەمبـەریش ﷺ فەرمویـەتی: (الإحسان أن تعبدالله كأنك تراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك)رواه مسلم.

٥. وە هەروەها ئەڵێن: خـوا پـەرستی نابێـت لەبـەر ترسـی ئـاگری دۆزەخ و بـە هیـوای چونە بەهەشت بێت، وە خوای گەورەش مەدحی پێغەمبـەرانی (علیهم الصلاة والسلام) كردووە بەوەی كە داوای چونە بەهەشتیان كردووەو پەنایان بە خوا گرتـووە لـە سـزای دۆزەخ، خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا﴾الأنبياء/٩٠. واتە: (ئەوان هـەموویان لـە كـاری خێـرو چـاكەدا بەردەوام پەلەیان ئەكردو هەمیشە لەبـەر هیـوای ڕەحمـەتی ئێمـەدا نزایـان ئـەكردو لـە ترسی دۆزەخیش هاواریان ئەكردو پەنایان ئەگرت بە خوا).

٦. سەما كردن و دەف لێدان و دەنگ بەرز كردنەوە لە كـاتی زیكـری خـوادا بـە حـەڵاڵ دەزانـن، خـوای گـەورەش دەفـەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ

﴿ قُلُوبُهُمْ ﴾ الأنفال/٢. واتە: (باوەڕدارانی ڕاستەقینە ئەوانەن كە هەر ناوی خوا هێنرا دڵیان لەبەر گەورەیی خوا ئەكەوێتە لەرزو ترسی لیّ ئەنیشێت).

وە هەروەها دەنگ بەرزكردنەوە لەكاتی زیكری خواو دوعا كردندا قەدەغە كراوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴾ الأعراف/٥٥. واتە: (بە كزی و پەنامەكی لە خوای خۆتان بپاڕێنەوە، بەڕاستی خوای گەورە ئەو كەسانەی خۆش ناوێت كە زۆر دەنگیان بەرز ئەكەنەوەو لە سنوری خوا دەرئەچن و هاوار ئەكەن لە كاتی زیكرو دوعادا).

٧. لە كاتی زیكر كردنیاندا ناوی (مەشروب و سەرخۆشی ئەهێنن)، شاعیرەكەیان (ابن الفارض) ئەڵێ:

شربنا على ذكر الحبيب مُدامة    سكِرنا بها من قبل أن يخلق الكَرْم

وە لێیان بیستراوە كە لەناو مزگەوتدا ئەو هۆنراوەیان وتوە:

هات كأس الرَّاح    واسقنا الأقداح

(المدامة والرَّاح: ناوی دوو جۆر مەشروبە).

وە گومانی تیادا نیە كە مزگەوت بۆ زیكری خوا دروست ئەكرێت نەك بۆ ناو هێنانی مەشروب تیایدا.

٨. گۆرانی وتن بە ناوی ئافرەتان و خۆشەویستی و عیشق و لیلی و سُعاد، وەك ئەوەی لە شوێنی مەشروب خواردنەوە دانیشتبن، (سەماكردن و باسی مەشروب و لەگەڵ چەپڵە لێدان وهاوار كردن) كە ئەمانە پیشەو خوو ڕەوشتی هاوبەش پەیداكەرەكانە (المشركين) لەكاتی عیبادەتیاندا.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً ﴾ الأنفال: ٣٥، واتە: (نوێژو پاڕانەوەیان لە لای (كەعبە)دا تەنها هەر فیكەو چەپڵەو هەراو هۆسەیە)، (مكاء: فیكە، تصدية: چەپڵە لێدان).

٩. لە خۆدان بە ئاسن؛ كە ئەمەش لە شیعەوە وەرگیراوە نەك لە قورئـان و سـوننەتی پێغەمبەر ﷺ، جاری واش هەیە ئەو كەسانە نوێژیش ناكەن، ئیتر چۆن بە ستەم ناوی (كەرامەت)ی لێ بنرێت؟!!

١٠. پڕوپاگەندەی زانینی زانیاریە نهێنیەكان (علم الغیب) ئەكەن، قورئانیش بە درۆیان ئەخاتەوە.

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ ﴾ النمـل: ٦٥، واتە: (ئەی محمد ﷺ پێیـان بڵـێ: هـیچ دروسـتكراوێك لەوانـەی لـە ئاسمانـەكان و زەوی دان –بێجگە لە خوا– ئاگایان لە غەیب نیە).

١١. گومانی بەتاڵیان پێیان ئەڵێت: خوای گەورە (محمدی ﷺ لە نـوری خـۆی دروسـت كردووە، پاشـان لـە نـوری محمـد ﷺ هـەموو دروسـتكراوەكانی تـری دروسـت كـردووە. قورئانیش بە درۆیان ئەخاتەوە.

خـوای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿ قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ﴾ الكهف: ١١٠، واتە: (ئـەی محمـد ﷺ پێیـان بڵـێ: منـیش تـەنها مـرۆڤێكم وەك ئێـوە، وەحیم بۆ دێت كە پێتان بڵێم: بەڕاستی تەنها الله پەرستراوی بە حەقی ئێوەیە).

وە دەربارەی ئـادەم علیـە الـسلام خـوای گـەورە فەرمویـەتی: ﴿ إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴾ ص: ٧١، واتە: (ئەو دەمەی كە پەروەردگاری تۆ بـە فریـشتەكانی فەرموو: وا لە قوڕ مرۆڤێك دروست دەكەم، واتە: ئادەم پێغەمبەر علیه السلام).

وە حەدیثی (أول ما خلـق الله نـور نبیـك یـا جـابر) كـە ئـەوان دەیكـەن بـە بەڵگـە بـۆ شوبهەكەیان فەرمودەیەكی مەوضوع و بەتاڵە.

١٢. وە وا گومان دەبەن كە گوایە خوای گەورە دنیای لەبەر محمد ﷺ دروست كردووە، وە قورئانی پیرۆزیش بە درۆیان ئەخاتەوە.

خوای گەورە ئەفـەرموێت: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ الـذاريات: ٥٦، واتـە: (بۆیـە جنۆكـەو ئـادەمیم دروسـت كـردووە بـۆ ئـەوەی بـە تـەنهاو بـە حـەق بم پەرستن).

وە حەدیثـی (لولاك ما خلقت الدنیا) ئیمـام السیوطي فەرمویـەتی: (حـدیث موضـوع) (اللآلئ المصنوعة في الأحادیث الموضوعة ج١ص٢٧٢).

١٣. گومانیـان وایـە كـە خـوای گـەورە لـە دنیـادا ئـەبینرێت، قورئـانیش بـە درۆیـان ئەخاتەوە كاتێك كە موسا علیه السلام داوای كرد خوایە خۆتم نیشان بدە.

خوای گەورە ئەفـەرموێت: ﴿ قَالَ رَبِّ أَرِنِىٓ أَنظُرْ إِلَيْكَ ۚ قَالَ لَن تَرَىٰنِى ﴾ الأعـراف: ١٤٣، خوای گەورە فەرموی: هەرگیز لەم دنیایەدا تۆ ناتوانی بم بینی.

١٤. گومانیان وایە پێغەمبەر ﷺ ئەبینن لە دنیادا بە زیندویی، وە قورئانیش بە درۆیـان ئەخاتەوە.

خوای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ المؤمنـون: ١٠٠، واتـە: (هەتا ڕۆژی زیندوو بونەوە لەمپەرێكی زۆر گەورەیان لـە پێشدایەو نـاتوانن بگەڕێنـەوە بـۆ دنیـا)، ابـن كـثیر فەرمویـەتی: مجاهـد فەرمویـەتی: (البرزخ: الحـاجز مـابین الـدنیا والآخرة).

هاوەڵانیش ڕەزای خوایان لێ بێت كەسیان نەیان وتووە پێغەمبەر ﷺ ئەبینین لە دنیادا بە زیندویی لە دوای مردنی پێغەمبەر ﷺ، ئایا ئەمان لە هاوەڵان چـاكترن لای خـوا؟!! بێگومان نەخێر.

١٦. گومانیان وایـە ڕاسـتەوخۆ زانیـاری لـە خـواوە وەرئـەگرن، وە قـسەیەكیان هەیـەو دەڵێن: (حدثني قلبي عن ربي).

ئەمەش درۆیەكی ئاشكرایەو كەس ناتوانێت ڕاستەوخۆ زانیـاری لـە خـواوە وەربگرێـت، تەنها پێغەمبەران نەبن علیهم الصلاة والسلام.

١٧. کۆڕ ئەگرن و ئاهەنگ ئەگێڕن بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، لە کاتێکدا گوێڕایەڵی سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ ناکەن، وە سرودەکانیان بە ئاشکرا شیرکی تێدایە کە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر ﷺ ئەیڵێن.

١٨. زۆر دەمار گیرن بۆ شێخەکانیان، وە ئەگەر قسەشیان پێچەوانەی قورئان و سوننەت بێت ئەوا بە گوێڕایەڵی شێخەکانیان دەکەن نەك قورئان و سوننەت.

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ الحجرات: ١، واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، پێش بڕیاری خواو پێغەمبەری خوا ﷺ مەکەون لە هیچ کارێك لە کاری دین و دنیادا، وە لە خۆتانەوە بڕیار مەدەن و قسەی هیچ کەسێك پێش قسەی خواو پێغەمبەر ﷺ مەخەن.

١٩. نوشتە دەنوسن و لەناو نوشتەکانیاندا ژمارەی جیاوازو هێڵ کێشانی تایبەت ئەنوسن، کە ئەمانەش هەموویان بیدعەن.

وە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (وإياكم ومحدثات الأمور، فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة) صحيح رواه أبو داود وابن ماجه. واتە: (ئاگاتان لە خۆتان بێت لە هەموو داهێنراوەکان لە دیندا، وە دڵنیا بن هەموو داهێنراوێك لە دیندا بدعەیەو هەموو بدعەیەکیش گومڕاییە).

وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەیەکی تردا فەرمویەتی: (مَن عَلَّقَ تَميمةً فقد أشرك) صحيح رواه أحمد. (تميمة: واتە: هەر شتێك هەڵبواسرێت بە مەبەستی پاراستن لە چاوی پیس، جا ئیتر نوشتە بێت، مورو بێت، دار بێت، بەرد بێت، ناڵەکەر بێت، هەڵی بواسێت بە ماڵەکەیدا یان بە سەیارەکەیدا یان بە منداڵەکەیدا یان بە خۆیدا هەمووی شیرکە).

٢٠. ملکەچی شێوەی صەحیحی صەڵاوات نابن لەسەر پێغەمبەر ﷺ بەو شێوەیەی کە لە حەدیثە صەحیحەکاندا هاتووە.

بەڵکو هەریەکەیان جۆرێك صەڵاوات دەڵێن کە زۆری شیرکی تێدایە.

٢١. ئەڵێن:دنیاو قیامەت لە بەخشینی پێغەمبەرە ﷺ، وە قورئانیش بە درۆیان ئەخاتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَى﴾ الليل: ١٣، واتە: (بێگومان ئەم دنیاو ئەو دنیاش هەر بۆ ئێمەیە).

مانای (الولي) لای محمد العلوي المالكي و هاوبیرو باوەڕەكانی بریتیە لەو كەسەی كە لەسەر گۆڕەكەی گومەزێكی گەورە هەبێت یان گۆڕەكەی لەناو مزگەوت دابێت، پاشان زێوانی بۆ دابنرێت و تەنها ئیشی بریتی بێت لە هۆندنەوەی كۆمەڵێك قسەو بیداتە پاڵ مردووەكە، كە ئەگونجێت زۆری ڕاست نەبێت و دروستكراو بێت، هەروەكو چۆن لە (مصر – حضرموت – سوريا – عيراق) و شوێنەكانی تر زۆرە.

وە دروستكردنی گومەزو نەزرگا لە داهێنراوەكانە بە ناوی ئیسلامەوەو ئەگەڕێتەوە بۆ (درۆز) تا خەڵكی دور بخەنەوە لە مزگەوت و زۆریش لەو نەزرگایانە دروست كراون و ڕاست نین.

بۆ نمونە گۆڕی إمام حسين ﷺ لە مصر نیەو درۆیە، چونكە ئەو لە عێراق شەهید كراوە.

وە لە لایەكی ترەوە بوونی گۆڕ لەناو مزگەوتدا لە كردەوەی جولەكەو گاورەكانە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لەعنەتی لەعنەتی لە گاورو جولەكە كردووە، چونكە گۆڕیان خستە ناو شوێنی خوا پەرستیانەوە، وە لەسەر گۆڕی پێغەمبەران علیهم الصلاة مزگەوت دروست كرا.

پاشانیش زۆرێك لە موسوڵمانان مردویان لەناو مزگەوتدا ئەخستە ناو قەبر، وە بە تایبەتیش ئەوانەی كە هەڵئەستان بە دروست كردنی مزگەوتەكە.

دواتریش خەڵكەكە لە مردوی ناو مزگەوتەكە ئەپاڕانەوەو ئەیانكرد بە شەریكی خوا.

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَـٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴾ الجن: ١٨، واتە: (مزگەوتەکان تایبەتی خوان، جا لەگەڵ خوا هاوارو هانا بۆ کەسی تر مەبەن، وە تەنها خوا بپەرستن تیایانداو هاواریش تەنها لە خوا بکەن).

مزگەوت لە ئیسلامدا شوێنی مردوو ناشتن نیەو نابێت بکرێت بە ۆرستان، چونکە مزگەوت تەنها شوێنی نوێژ کردن و قورئان خوێندن و زیکری خوایە.

پێغەمبەریش ﷺ فەرمویەتی: (لاتجالسوا على القبور ولاتصلوا إليها)رواه مسلم/٩٧٢، واتە: (لەسەر گۆڕ دامەنیشن و لە کاتی نوێژیشدا ڕوو مەکەنە گۆڕ).

**مانای (الولي) لە قورئاندا:**

وەلی بە کەسانێك ئەوترێت کە ئیماندارو لە خوا ترس بێت و بە ئەنقەست پێچەوانەی شەرعی خوا نەکات و شەریك بۆ خوا بڕیار نەدات.

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴾ یونس: ٦٢ – ٦٣، واتە: (چاك بزانن و وریابن کە دۆستەکانی خوا هیچ ترسیان لەسەر نیە بۆ دوا ڕۆژیان و خەفەتباریش نابن بۆ دنیای پاش خۆیان، دۆستی خوا ئەوانەن کە باوەڕی تەواویان هێناوەو بەردەوامیش لە خوا ترسن و بە پێی فەرمانی خواو پێغەمبەر ﷺ کار دەکەن).

وە هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿إِنْ أَوْلِيَآؤُهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُتَّقُونَ ﴾ الأنفال: ٣٤، واتە: (تەنها خۆ پارێزانن کە دۆستی خوان).

دۆستی خوا نین ئەو کەسانەی کە نوێژ ناکەن، یان بەردەوامن لەسەر گوناهو تاوان کردن، قوروان تەنها مەرجی ئیمان و تەقوای داناوە بۆ دۆستەکانی خوا، وە مەرج نیە کەرامەت لەسەر دەستی ئاشکرا بێت، بەڵکو کەرامەت ڕێزێکە خوای گەورە ئەیبەخشێت بە بەندەکانی لە کاتی پێویستدا.

## لە کۆتاییدا ئەڵێم:

خوێنەری بەڕێز:

ئەو نوسراوەی بەر دەستت کە لە ئامادەکردنی برای بەڕێزو خۆشەویستم (م.عبدالغفور عبدالله)یە، وەڵامێکە بۆ (محمد بن العلوي المالكي)و هاوشێوەکانی لە بیرو باوەڕداو ئاشکرا کردنی گومڕاییەکانیان.

بۆیە بە پێویستمان زانی کە بیخەینە بەر دەستی بەڕێزتان بە ئومێدی ئەوەی کە ڕووناکیەك بێت بۆ دڵەکانتان و ڕۆشن کردنەوەی چاوەکانتان بێت و وورپابن و بە فڕوفێڵی ئەم جۆرە کەسانە فریو مەخۆن کە بە چەواشەکاری بەناوی ئیسلامەوە ئەیانەوێت ڕۆڵەکانمان گومڕا بکەن و بە درۆ خۆیان بە خەمخۆری ئیسلام ئەزانن.

وە تەنها مەبەستمان لەم نوسینەو نوسینەکانی تری دواییدا ڕەزامەندی خوایەو گەیاندنی ڕاستیەکانە بە ڕۆڵەی موسوڵمانان و دیفاع کردن لە حەقیقەتی ئیسلام، وە لە لۆمەی لۆمەکارانیش ناترسین پشتیوان بە الله کە شەریکی نیە لە هیچ شتێکدا.

خوای گەورە جەزای خێری نوسەرو خوێنەران بداتەوە بەو شێوەیەی کە خوا خۆی ئەیبەخشێت بە بەندەکانی.

**چاوەڕوانی نوسینی پاك و وەڵامی ڕاست بن لە داهاتوودا إن شاء الله.**

بسم الله الرحمن الرحيم

**پێشەکی:**

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا إنه من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾[١].

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾[٢].

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾[٣].

أما بعد:

فإن أصدق الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمد ﷺ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

بەڕاستی خوای پەروەردگار بۆ هەموو ئوممەتێك لەسەر ڕووی زەوی پێغەمبەرێکی ناردووە بۆ ئەوەی بنچینەکانی دینیان بۆ ڕوون بکەنەوەو فێری تەوحیدو بە تەنها پەرستنی خوای گەورەو باڵا دەستیان بن، وە هەروەها هەرچی شیرك و کوفرو هاوبەش بۆ خوا دانانیشە بۆ خوای گەورە لێی دوور بکەونەوەو خۆیانی لێ بپارێزن،

(١) سورة آل عمران:( ١٠٢).

(٢) سورة النساء: (١) .

(٣) سورة الأحزاب: (٧٠-٧١).

وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾[1]، واتە: (بەڕاستی بۆ هەموو ئوممەتێك پێغەمبەرێکمان ناردووە بۆ ئەوەی بە قەومەکەی ڕابگەیەنێت کە بە تەنها خوا بپەرستن و دوورکەونەوەو خۆیان بپارێزن لە تاغوت و پەرستنی غەیری خوا).

هەر لەم سۆنگەیەشەوە خوای گەورە بۆ ئەم کۆتا ئوممەتە پێغەمبەرێکی بۆ ناردوون هەر لە خۆیان بۆ ئەوەی لە زۆنگاوی کوفرو شیرك ڕزگاریان بکات و بانگیان بکات بۆ بە تەنها پەرستنی خوای گەورە کە ئەنجامەکەی بەهەشت و ڕەزامەندی پەروەردگارە، وە بۆ هاوەڵێتی کردنیشی باشترین نەوەو سەردەمی هەڵبژارد بۆ ئەوەی پشتی بگرن و لەگەڵیدا تێ بکۆشن بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

وە هەروەها لە ماوەی (٢٣) ساڵی زێڕینی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەردا ﷺ ئەم ئایینە پیرۆزەی بەسەردا تەواو کردو هەموو بنەماکانی بە تەواوی بۆ ئوممەتەکەی ڕوون کردەوەو ئەویش ﷺ وەك پێشەنگێکی چاك و لەبەر چاوی هاوەڵانی هەمووی خستە بواری جێ بەجێ کردنەوەو هاوەڵانیش ڕەزای خوایان لێ بێت بە هەمان شێوەی ئەو، ئەمەش بۆ ئەوەی کەس نەڵێت جێ بەجێ کردنی ئەم ئایینە قورس و گرانەو لە توانای مرۆڤەکاندا نیە، وە هەروەها بە شێوەیەکیش هاوەڵانی بەجێ هێشت کە هیچ لێڵی و تەمومژێك لەسەر ئایینەکەی نەبێت وەك دەفەرموێت: (قد تركتكم على البيضاء ليلها كنهارها لا يزيغ عنها بعدي إلا هالك)[2].

(وە هەروەها خوای گەورە واجبیشی کردووە لەسەرمان کە گوێڕایەڵی ئەوو گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکەین، وە خوای گەورە کۆمەڵێك حەق و مافی بۆ خۆی داناوە لەسەر بەندەکانی کە هیچ کەسێك هاوبەش نیە لەگەڵیدا نەپێغەمبەران و نێردراوان و نە

---

(١) سورة النحل: (٣٦).

(٢) صحيح: صحيح سنن ابن ماجه (٤١).

فریشتە نزیکەکان، وە هەروەها کۆمەڵێك مافیشی بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ داناوە کە هیچ کەسێك یەکسان نیەو وەك ئەو نیە لە دروست کراوەکانیدا.

پێشەوا ابن القیم دەڵێت:

لله حـــق لیـــس لعبـــده ولعبده حـق همـا حقـــان

لا تجعلوا الحقين حقاً واحداً مـن غیـر تمييز ولا فـرقان

وە حەق و ماف پێغەمبەریش ﷺ لەسەرمان ئەوەیە کە خۆشمان بوێت و گوێڕایەڵی بکەین و شوێنی بکەوین و ڕێزی بگرین و بە گەورەی دابنێین بەبێزیادەڕەوی کردن و تێپەڕاندن، وە دەفەرموێت ﷺ: (لا تطروني كما اطرت النصارى ابن مريم، فإنما أنا عبد، فقولوا عبدالله و رسوله)[1] ، واتە: (زیادە ڕەوی مەکەن لە مەدح کردنی مندا وەك چۆن گاورەکان زیادە ڕەویان کرد لە کوڕی مەریەم سەلامی خوای لێ بێت لە بە گەورە دانان و مەدح کردنیدا هەتا گەیشتە ڕادەیەك کە جگە لە خوای گەورە دەیان پەرست؛ بەڵکو من بەندەی خوامەو بڵێن: بەندەو نێردراوی خوایە)، وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ نەهیشی لێ کردوین کەوا بیدعە لە دیندا دابهێنین وەك دەفەرموێت: (وإياكم ومحدثات الأمور فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة)[2] واتە: (وە خۆتان بپارێزن لە کاری داهێنراو، لەبەر ئەوەی هەموو داهێنراوێك بیدعەیەو هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە)[3].

بەڵام لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ و کۆتایی هاتن بەو سێ سەدە پڕ خێرەی کە پێغەمبەر ﷺ شاهێدی بۆ داون کە باشترین سەدەو سەردەمن، بەرە بەرە گروپە لادەرەکان لە قورئان و سوننەت سەریان هەڵداو ئەهلی بیدعەو بیدعەکاران زۆربوون و خەڵکیان خستە ناو گێژاوی بیدعەوەو موسڵمانانیان پارچە پارچە کردو کردیانن بە

---

(١) صحيح: اخرجه البخاري (٣٤٤٥)، ومسلم (١٦٩١)و أخرجه مالك في (موطئــه)في الحــدود (١٥٥٨)، وأحمــد (٣٩١)، وأبو داود (٤٤١٨)، والترمذي (١٤٣٢)، وابن ماجه (٢٥٥٣)، وغيرهم.

(٢) صحيح: أبو داود (٤٦٠٧)، والترمذي (٢٦٧٦)، وأحمد (١٢٦/٤)، وصححه إمامنا الألباني (رحمه الله) في (السلسلة الصحيحة)(٢٧٣٥)، (صحيح الجامع)(٢٥٤٩).

(٣) تقريظ الشيخ صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان لكتاب حقوق النبي ﷺ بين الإجلال والإخلال.

چەندین گروپ و تاقمەوە کە هەر یەکەیان دڵخۆش بوون بەوەی کە لە سەری بوون بێ ئاگا لەوەی کە لەسەر بیدعەن.

(وە یەکێ لە خراپترین جۆرەکانی ئەو بیدعەو گومڕاییەی کە سەری هەڵداو شەڕو فیتنەکەی بەشێوەیەکی زۆر بەربلاو بلاو بۆوەو بەرۆکی ئوممەتی ئیسلامی گرت و عەقلی زۆرێك لە خەلکی تێکدا، بیدعەی صۆفیەت و تەصەوف بوو لەگەل ئەو هەموو شیرك و خورافەو کارە بێ بنەمایانەی کە تیایدابوون، وە هەر ئەو تاقمەش هۆکارو یارمەتی دەر بوون بۆ بلاوبونەوەی قەبرپەرستی و زیادەڕەوی لە پیاو چاکانداو داوای بە فریاکەوتن و یارمەتی لێیان و باوەڕ بوون بەوەی کە ئەوان غەیب دەزانن و لەگەل خوای گەورەدا دەستیان هەیە لە بەڕێوەبردنی گەردوندا، وە چەندەها گومڕایی گەورەتریش کە لە ژماردن نایەن)[1].

وە یەکێ لەو کەسانەی کە ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیدا هەلگری ئەم بیدعە شەڕو خراپەیەو دەعوەو بانگەوازی بۆ دەکات و هەولی زیاتر بلاو کردنەوەی دەدات (دکتۆر محمد بن علوي المالكي)یە! ئەگەرچی ئەویش بە تەنها نیەو وردە دەروێشی زۆری بە دەورەوەن و لێرەو لەوێ بەشان و بالیدا هەلدەدرێت و بە (فضيلة الشيخ العلامة) ناودەبرێت!!! وە وتەکانی وەك قەوانێکی سواو لێ دەدرێتەوەو کتێب و بلاوکراوەکانیشی بە خۆڕایی و بێ بەرامبەر بە ولاتانی ئیسلامیدا بلاو دەکرێنەوە وە هیچ سانسۆرێکیشی لەسەر نیەو لەگەل ئەوەشدا چارەنوسی ئوممەتی ئیسلامی و موسلمانان دەخاتە مەترسیەوە.

وە ئەم پیاوە هەر بەوەوە نەوەستاوە کە لە کۆڕە تایبەتیەکانی قسە بکات و بەس، بەلکو چەندین کتێب و بلاوکراوەی هەیە کە تیایاندا ژەهری شیرك و کوفرو بیدعەی ڕشتووەو هەولی بلاوکردنەوەیان دەدات، وە لە بلاوترین کتێبەکانی کە پڕن لە شیرك و کوفرو قسەی بێ بنەما هەردوو کتێبی (الذخائر المحمدية) وە (شفاء الفؤاد

---

(١) كشف زيف التصوف وبيان حقيقته وحال حملته، لشيخ العلامة ربيع بن هادي المدخلي.

بزیـارة خـیر العبـاد)ن، کـە هـەموو لاپـەڕەکانی ڕەش کردونەتـەوە بـە سەرپێـچی فەرمانـەکانی خـوای گـەورەو زیـادەڕەوی کـردن لـە پێغەمبـەران و پیـاو چـاکانداو هەڵوەشاندنەوەی هەموو بنەماکانی دین، وە تیایاندا:

- ✓ لە دەیان شوێنی ئەم کتێبانەیدا هەستاوە بە هەڵوەشاندنەوەو دژایەتی کردنـی تەوحیدو بە تەنها پەرستنی خوای گەورەو بانگەشە کردن بۆ شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانان.
- ✓ وە درۆو بوهتـان کـردن بـە بـەناوی خـوای گـەورەو پێغەمبـەر ﷺو فریـشتە بەڕێزەکانی.
- ✓ گۆڕینی مانای ڕاسـتەقینەی ئایەتـەکانی خـوای گـەورەو تـەحریف کردنیـان لـە چەندەها شوێن بە پێی ڕاو بۆچون و لێکدانەوەی خۆی و بەناو پێشەواکانی.
- ✓ وە هێنانەوەی چەندەها شوبهەو گومان بـۆ زیـاتر ڕازاندنـەوەی ئـەو کـارە پـڕو پوچ و بەتاڵانەی کە خۆی و هاوشێوەکانی لەسەری دەڕۆن بۆ چەواشـە کردنـی موسڵمانان.

وە لێـرەدا بـە پێویـستی دەزانم کـە ئامـاژە بـەوە بکـەم کـە ئـەم کتێبـەم لەسـەر خواست و داوای مامۆستای ئازیزو خۆشەویستم (م.عبدالکریم) پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی ئیمان ئامادە کردووە، کە داوای لـیٚ کـردم کتێبێـك ئامـادە بکـەم بـۆ ئـەوەی وەڵامێك بێت بۆ ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی، لەوانەی کەوا لاف و گەزاف بە قسەکانیەوە دەکەن، بۆ ئـەوەی بـزانن کـە ئـەم پیـاوەی ئـەوان کردویانـە بـە پێشەنگ و پێشەوای خۆیان و بە (زانای بەڕێزو پایە بـەرز) نـاوی دەبـەن، پیـاوێکی گومڕایـەو کەوتۆتـە نـاو گێژاوو زۆنگاوی بیدعەو شیرك و خواڕافەوەو نوسینەکانی دژایەتی کردنی ڕاستەوخۆیان تیادایە لە بەرامبەر ئەو دینە ڕاستەقینەی کەوا پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی.

وە منـیش بـە پـشتیوانی خـوای گـەورە دەسـتم پـیٚ کـرد، وە بنـچینەو سەرچـاوەی سەرەکیشم لە نوسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبە، کتێبێکە بەناونیشانی (جلاء البـصائر في الرد على كتابي شفاء الفؤاد والذخائر)ە، کە لە نوسینی (سمير بن خليل المـالكي)یـە،

کـە دەکاتـە کـوڕە ئـامۆزای ئـەم (محمـد العلـوي)یـەی کـە ڕەددی دراوەتـەوە، لەگـەڵ بەکارهێنانی چەند سەرچاوەیەکی تر کە لە کۆتایی کتێبەکـەدا ئاماژەیـان پـێ دەکـەین إنشاءالله.

وە دووبارە سوپاسی مامۆستای خۆشەویستم (م.عبدالكريم) دەکەم کە لە پـاش تـەواو بوونی کتێبەکەم دەرفەتی پێدام و پێداچونەوەی کتێبەکەی گرتـە ئەسـتۆی خـۆی، بـۆ ئەوەی شتێك پێشکەشی خوێنەرانی خۆشەویستی کورد زمان بکەین کە ئەوەنـدەی لـە توانادا بێت دوور بێت لە هەڵەو کەمو کووڕی، خوای گەورە بە باشترین شێوە پاداشـتی مامۆستای بەڕێز بداتەوە لەسەر ئەرك و ماندوو بوونی.

**وە خوێنەری بەڕێز:**

ئەوەی بەر دەسـتت کاری مرۆڤـە، بـە دڵنیاییـەوە بـێ کـەمو کـووڕی نابێـت، بۆیـە لەوەیاندا کە صەوابەو ڕاستە داوای خێرو پاداشت دەکەم لە خوای گەورە لەسەری، وە داوای لـێ خـۆش بـوونیش دەکـەم لـە خـوای گـەورە لـەوەی کـەوا هەڵەیـەو درکـم پـێ نەکردووە هەتا ڕاستی بکەمەوە، وە تۆش دەتوانی لای خۆت ڕاستی بکەیتەوەو بەهـەر ڕێگەیـەکیش بێـت مـن ئاگـادار بکەیتـەوە بـۆ ئـەوەی لـە چاپەکانی داهـاتوودا ڕاسـتی بکەینەوە بە پشتیوانی خوای گەورەو باڵا دەست.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

**ئامادەكار**

١٨/ شعبان /١٤٣٠ کۆچی

٩/ ئاب /٢٠٠٩ زایینی

# بەندی یەکەم:

## پوختەیەك دەربارەی بیروباوەڕی ڕاستەقینە

# بە تەنها خوا پەرستی

هیچ گومانی تێدا نیە کە ناردنی پێغەمبەران و بنچینەی بانگەوازی کردونیان تەنها بریتی بووە لە پەرستنی خوای گەورەو بە تەنها دانانی لە عیبادەت بۆ کردنداو بە پاك دانان و ڕاگرتنی لە هاوەڵ و هاوبەش بۆ دانانـدا لـە هەموو ڕوویەکەوە، وە هیچ شتێکیش نەکرێت بە هاوبەش و هاوەڵی، جا ئەو شتە پێغەمبەران بن یان پیاوچاکان یان فریشتەکان یان بەردو دارو بت و .....هتد، وە مرۆڤەکانیشی دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەنجام دان و جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە پیرۆزە نەبێت کە پەرستنیەتی بە تەنهایی، وە بەڵگەشمان زۆرە چ لە قورئانی پیرۆزو چ لە فەرموده صەحیحەکانی پێغەمبەر ﷺ، لەوانەش:

١- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾[1] واتە: (جنۆکەو مرۆڤەکانم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە بە تەنها بم پەرستن)

٢- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾[2]، واتە: (بەڕاستی بۆ هەموو ئوممەتێك پێغەمبەرێکمان ناردووە بۆ ئەوەی بە قەومەکەی ڕابگەیەنێت کە بە تەنها خوا بپەرستن و دوورکەونەوەو خۆیان بپارێزن لە تاغوت و پەرستنی غەیری خوا، جا لەناویاندا هەندێکیان هیدایەتیان وەرگرت و شوێن پێغەمبەران کەوتن و هەندێکیشیان شوێن ڕێچکە

---

(١) سورة الذاريات: (٥٦).

(٢) سورة النحل: (٣٦).

گومڕاکان و هەواو ئارەزوەکانی خۆیان کەوتن، دە کەوایە بە لاشـەو دڵـەکانتان بە زەویدا بڕۆن ئنجا دەبینن عاقیبەت و داهـاتووی کەسـانی درۆزن چۆنە، کـە جگە لە بە هیلاك چوون هیچی تر نیه).

٣- خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾[١] واتـە: (بەڕاسـتی ئێمە (نوح)مان نارد بۆ لای قەومەکەی و پێـی وتـن: ئـەی قەومەکـەم بـە تـەنها خوای تاك و تەنها بپەرستن، چونکە بەڕاستی جگە لـەو هـیچ پەرسـتراوێکی تـر نیە بە حەق؛ بەڕاستی من دەترسم لە عەزاب و سـزای ڕۆژێکـی زۆر گـەورە کـە توشتان دێت).

وە هەموو پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت یەکەم شتێك کـە قەومەکـەیان بـۆ بـانگ دەکردن ئەوەبوو کە پێیان دەوتن: ﴿ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ هەروەك (نوح و هودو صالح و شـعیب و ابـراهیم و موسـی و عیـسی و محمـدو هـەموو پێغەمبـەران) سەلامی خوایان لێ بێت وتویانە[٢].

وە بە هەمان شێوە کۆتـا پێغەمبـەریش ﷺ بـۆ هـەمان شـت بانگـەوازی قەومەکـەی و هەموو خەڵکی دەکرد، وە فەرمانی پێ دەکردن بە تـەنها پەرستنی خوای گەورەو وتنی (لا إله إلاّ الله)، بەڵام پشتیان هەڵکرد تـەنها کـەمێکیان نـەبێت کـە ئیمانیـان هێنـا، وە هەروەها نامەی بۆ پاشاکان دەناردو بانگی دەکردن بـۆ بـە تـەنها خـوا پەرسـتی، هـەر وەك لـەو نامەیـەی هـاتووە کـە بـۆ (هرقـل)ی نـارد: (و ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ

---

(١) سورة الأعراف: (٥٩).

(٢) (الإرشاد الى صحيح الإعتقاد تأليف الشيخ صالح بن فوزان الفوزان ص١٧).

كَلِمَةٍ سَوَآءِۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾[1] ).

وە هەروەها کاتێکیش ویستی (معاذ) بنێرێت بۆ یەمەن پێی فەرموو: (تۆ دەچیت بۆ لای قەومێك کە ئەهلی کیتابن، وە با یەکەم شتێك کە بانگیان دەکەیت بۆلای شاهێدی دانی ئەوە بێت کە هیچ پەرستراوێکی بە حەق نیە جگە لە (الله) وە من واتە: (پێغەمبەر ﷺ) نێردراوو پێغەمبەری خوام)، وە لە ووتەیەکی تردا هاتووە (بۆ عیبادەت کردن بۆ خوای گەورە)، وە لە ووتەیەکی تردا (بۆ بە تەنها دانانی خوای گەورە)[2].

وە هەموو ئەو ئایەت و فەرمودە پیرۆزانەو جگە لەوانیش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە دەبێت خوای گەورە بە تەنها بپەرسترێت و هاوەڵ و هاوبەشی بۆ دانەنرێت، وە هەر ئەوەش بنچینەی دین و مانای ڕاستەقینەی ﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴾یە، وە وەك پێشتریش ـمان هەر ئەمە بانگەوازی گشت پێغەمبەران بووە سەلامی خوایان لێ بێت، چونکە ئەوە ئەو ئیسلامە ڕاستەقینەیە کە خوای گەورە پێی ڕازیە، وەك دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ ﴾[3] واتە: (بەڕاستی تاکە دین کە لە لای خوای گەورە وەر بگیرێت دینی ئیسلامە)، وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾[4] واتە: (بەڕاستی هەر کەسێك لەسەر غەیری دینی ئیسلام بێت ئەوا خوای گەورە لێی قەبوڵ ناکات و لە دوا ڕۆژیشدا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندان دەبێت).

---

(١) صحيح: رواه البخاري (٣٢/١) ومسلم (١٧٧٣) والآية في آل عمران: ٦٤.

(٢) صحيح: رواه البخاري(٢٦١/٣) و (٣٢٢/٣) و (٣٤٧/١٣) ومسلم (١٩).

(٣) سورة آل عمران:( ١٩).

(٤) سورةآل عمران: (٨٥).

وە هەروەها بۆ قەبوڵ بوونی ئەو عیبادەت و پەرستنانەش کە بەندە ئەنجامیان دەدات پێویستە چەند مەرجێك هەبێت، ئەوانیش ئەمانەن:

١. (صدق العزيمة): واتە: بوونی عەزیمەتێکی ڕاست لەسەر گوێڕایەڵی کردنێکی کردەوەیی و واقیعی، بە بەجێهێنانی فەرمانەکان و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان، کە ئەمەش مەرجی بوونی عیبادەتە.

٢. (الإخلاص لله): واتە: بوونی ئیخلاصێکی پاك و تەواو بۆ خوا لە پەرستندا، دوور لە ڕیایی و شەریك بۆ خوا دانان.

٣. (موافقة السنة): واتە: بوونی پێکاو پێکیەکی تەواو (الموافقة) لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لە خوا پەرستنەکەدا، بۆ ئەوەی خوا پەرستیەکە دوور بێت لە بیدعەو داهێنراو.

وە دوو مەرجی دواییش مەرجی گیرابوونی عیبادەتەکەن، واتە کە هەر کام لەم دوو مەرجە نەبن؛ ئەوا عیبادەتەکە گیراو قەبوڵ نابێت.

وە ئەم ئایەتەش (الكهف ١١٠) بەڵگەیە لەسەر هەرسێ مەرجەکە: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ

١. فَلْيَعْمَلْ ............................(صدق العزيمة)

٢. عَمَلًا صَٰلِحًا ........................(موافقة السنة)

٣. وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴾ ..............(الإخلاص لله)[1].

---

(١) بە کەمێك کورت کردنەوەوە وەرگیراوە لە کتێبی خوا پەرستی نەك شەخس پەرستی نوسینی م.عبداللطيف أحمد مصطفى لاپەڕە (١٧).

# موشریکەکانیش دەیان ووت
# خوا ئێمەی درووست کردووە

﴿ وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَهُمۡ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴾

وە ئەو موشریکانەی کە خوای گەورە پێغەمبەری ﷺ بۆ ناردن دانیان دەنا بە بوونی خوای گەورەو بە پەروەردگارو جێ بەجێکاری هەموو کردارەکانیان دادەنا، وە دەیان ووت هەر خوا دروستکارو ڕۆزی دەرو ژێنەرو مرێنەرە، وە ئەو پەرستراوانەی کە ئەوان دەیان پەرستن هیچ کام لەم کارانەیان پێ ناکرێت، بەڵکو لێیان دەپاڕانەوەو پەنایان پێ دەگرتن بۆ ئەوەی شەفاعەتیان بۆ بکەن لەلای خوای گەورە، وە دەیان کردن بە واسیتەو تەوەسولیان پێ دەکردن بۆ ئەوەی پێداویستیەکانیان لە ڕێگەی ئەوانەوە بگەیەنن بە خوا، وە وا گومانیان دەبرد کە خوای گەورە وەلامیان ناداتەوە تاوەکو ئەو پەرستراوانەی کە هەیان بوون شەفاعەتیان نەکردبا لای خوای گەورە، وە بەڵگەشمان لەسەر ئەوە زۆرە، لەوانە:

١. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ مَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أَمَّن يَمۡلِكُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَمَن يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُۚ فَقُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴾[1] واتە: (بەو موشریك و هاوبەش دانەرانە بڵێ: کێ ڕزق و ڕۆزیتان دەدات لە ئاسمانەکان و زەوی؟ وە کێ بیستن و بینینی دروست کردووەو خاوەنیەتی؟ وە کێ زیندوو لە مردوو دەردەهێنێت و مردوو لە زیندوو دەردەهێنێت؟ وە کێ تەدبیری هەموو کاروبارەکان دەکات و بەڕێوەیان دەبات؟ ئەوا لە وەڵامدا دەڵێن: (الله)، ئنجا پێیان بڵێ: ئەی کەوایە بۆ لە خوا ناترسن و عیبادەت تەنها بۆ ئەو ئەنجام نادەن؟).

---

(١) سورة يونس: (٣١).

٢. وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ﴾[1]، واتە: (بەوانە بڵێ کە زیندوو بوونەوە بە درۆ دەزانن: زەوی و ئەوەی کە تیایدایەتی کێ دروستی کردووەو خاوەنیەتی؟ ئەوا دەڵێن: (الله)، وە ئەگەر دانیان بەوەدانا، پێیان بڵێ: ئەی کەوایە بۆ بیر ناکەنەوەو ناگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە، وە هەروەها دیسان لێیان بپرسە: کێ پەروەردگاری هەر حەوت ئاسمانەکانە؟ وە کێ پەروەردگاری عەرشی گەورەیە؟ دیسان لە وەڵامدا دەڵێن: خوای گەورە پەروەردگاری هەموو ئەمانەیە، ئنجا پێیان بڵێ: ئەی کەوایە بۆ لە خوای گەورەو تاك و تەنها ناترسن؟ وە هەروەها پێیان بڵێ: ئەی کێ خاوەنی هەموو ئەو شتانەیە کە لە گەردووندا هەنە لەوەی کە دەیانبینین و ئەوەش کە نایان بینین؟ وە هەر ئەو شەڕو بەڵاو نارەحەتی لەسەر بەندەکانی لا دەبات، و کەس ناتوانێت ئەمانە لەسەر خۆی لاببات، وە هیچ کەس ناتوانێت بەبێ ئیزنی ئەو شەفاعەت بکات، لە وەڵامی ئەمەشدا دەڵێن: هەمووی بە دەستی خوای گەورەیە، ئنجا تۆش پێیان بڵێ: ئەی کەوایە عەقڵ و ژیریتان بۆ کوێ چووەو بۆچی بە تەنها خوا ناپەرستن؟).

وە هەروەها دانان و گێڕانی بت و پەرستراوەکانیان بە شەفاعەتکارو واسیتە بۆ لای خوای پەروەردگار ئەم ئایەتانە دەیانگرێتەوە:

١. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِى

---

(١) سورة المؤمنون: (٨٤ – ٨٩)

ﭐلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴾[1] واتـــە: (موشـــریكەكان جگە لە خوای گەورە عیبادەت بۆ شتێك دەكەن كە نە قازانجیان پێ دەگەیەنێت وە نە زەرەریشیان لەسەر لادەبات، وە دەڵێن: ئەمانە شەفاعەتكارمانن لای خواو لـە خوامـان نزیك دەخەنەوە، وە ئایا ئێوە ڕێگا بۆ خوا دادەنێنن و شـتێكی فێـر دەكـەن كـە خـۆی نەیزانێت؟ بەڵكو خوای گەورە زاناو شارەزایە بە هەموو ئەو شتانەی كە لە ئاسمانەكان و زەویدان، وە پاك و بێگەردی بۆ خوای گەورە لەوەی كە موشریك و هاوبـەش دانـەران دەیكەن و دەیڵێن).

٢.وە هــەروەها دەفــەرموێت: ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَۚ قُلۡ أَوَلَوۡ كَانُواْ لَا يَمۡلِكُونَ شَيۡـًٔا وَلَا يَعۡقِلُونَ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ثُمَّ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴾[2] واتە: (ئایا ئەو موشریكانە جگە لـە خـوای گـەورە ئەوانـەی كـە دەیان پەرستن دەیان كەن بە شـەفاعەتكارو هاواریـان دەكـەنێ تـا پێـی لـە خـوا نزیك ببنەوە؟ ئەی محمد ﷺ بـەو موشـریكانە بڵـێ: ئایـا ئەوانـە بـە شـەفاعەتكاری خۆتـان دەزانن لە كاتێكدا هیچیان بە دەسـت نیـەو ئاگاشـیان لـە هـاوار كردنـی ئێـوە نیـە، وە پێیان بڵێ: شەفاعەت هەمووی موڵكی خوایەو هەر خۆی خاوەنیـەتی، وە هـەر ئـەویش خاوەنی ڕاسـتەقینەی زەوی و ئاسمانەكانـە، وە لـە كۆتاییـشدا گەڕانـەوە هـەر بـۆ لای ئەوە).

لە ئایەتی یەكەمدا خوای گەورە هەواڵ دەدات دەربارەیان كە هۆی پەرستن كردنیان بۆ پەرستراوەكانیان ئەوەیە كە بیان كەن بـە تكاكـارو شـەفاعەتكار، وە خـوای گـەورەش كردەوەكەیانی بە شـیرك و هاوبـەش بـۆ خـوا دانـان دانـا، وەك فـەرموی: ﴿ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴾.

---

(١) سورة يونس: (١٨).

(٢) سورة الزمر: (٤٣ – ٤٤).

وە ئایەتی دووەمیش تەئکیدو جەخت کردنەوەیە لەسەر یەکەم، وە ڕوون کردنەوەیەکی ترە بۆ ئەوەی کە بەڕاستی شەفاعەت هەر هەمووی هی خوایەو بە دەست خوایەو هی هیچ یەکێك لە دروست کراوەکانی نیە، وە بە تەنها موڵکی ئەوەو بە ویستی خۆیەتی دەیدات بە کێ و بۆ کێی دەکات، بە پێچەوانەی شەفاعەت و واسیتەی خەڵکی بۆ یەکتری لە نێوان خۆیاندا لە دنیادا، وەك شەفاعەت و واسیتەی کەسێك لای سەرۆکێك، کە ئەم شەفاعەتە شایانی لاوازی و بێ دەسەڵاتی دروست کراوەکانە، وە شەفاعەتی خوای گەورە شایستەو شایانی گەورەیی و تەواوەتی و دەسەڵات و شەهامەت و دەوڵەمەندی خوای گەورەیە بەسەر دروست کراوەکانیەوە، وە هەر کەسێك ئەم دوو جۆری شەفاعەتانە تێکەڵ بکات و وەك یەکیان حیساب بکات، ئەوا بەڕاستی هەڵەیەکی زۆر گەورەو ڕوون و ئاشکراو درۆو بوهتانێکی گەورەی کردووە.

# سەرەتای سەرهەڵدانی هاوەڵ و شەریك بۆ خوا دانان

دیارە سەرەتای سەرهەڵدانی شەریك و هاوەڵ بۆ خوا دانان دەگەڕێتەوە بۆ قەومی نوح سەلامی خوای لێ بێت، هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا﴾[1] واتە: (موشریکەکان دەیان وت: واز لە پەرستراوەکانتان مەهێنن، واز مەهێنن لە وەددو سواع و یەغوث و یەعوق و نەسر).

ابن عباس ڕەزای خوای لێ بێت لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: (ئەوانە ناوی پیاو چاکانی قەومی نوح بوون، کاتێك مردن شەیتان هات بۆ لای قەومەکەو پێی ووتن کە لەو شوێنەی ئەوان لێی دادەنیشتن پەیکەریان بۆ دروست بکەن و بە ناوی ئەوانەوە ناویان بنێن، ئەمانیش ئەمەیان کرد بەڵام نەیان پەرستن، هەتا ئەو کاتەی ئەوانیش مردن و پاش ئەوانیش عیلم و زانستیان دەربارەیان نەماو پەرستیانن)[2].

وە یەکەم کەسێکیش کە لەناو عەرەبدا دەستی دابێتە بت پەرستی (عمرو کوڕی لُحَيٍّ کوڕی قمعة الخزاعي)[3] بووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە جارێك چوو بۆ شام و خەڵکەکەی بینیوە بتیان پەرستووە، ئەویش دانەیەکی لەگەڵ خۆی هێناوەو لە کەعبە دایناوە، ئەو بتەش هوبەل بووە).

---

(١) سورة نوح:( ٢٣).

(٢) رواه البخاري (٨/٦٦٧).

(٣) رواه مسلم (٢٨٥٦).

# ڕێگری کردن لە هۆکارەکانی هاوبەش بۆ خوا دانان

بێ گومان بۆ گەیشتن بەهەر مەبەست و ئامانجێك پێویستە دەست بگیرێت بە چەند هۆکارو ڕێگایەکەوە، وە ئەو هۆکارو ڕێگایانەش بەشێکی گرنگن لەو مەبەست و ئامانجەی کە هەوڵی بۆ دەدرێت. بۆ نمونە ئەگەر خوای گەورە شتێکی حەرام کردبێت لەسەر بەندەکانی، ئەوا ئەو هۆکارو ڕێگایانەش کە دەیان گەیەنێت بەو شتە حەرام و قەدەغە کراوە، ئەویش حەرامە.

وە هەموشمان دەزانین کەوا شەریك و هاوەڵ بۆ خوا دانان لە گەورەترینی تاوانەکانە، بۆیە پێویستە ڕێگری بکەین لە هەموو ئەو ڕێگاو هۆکارانەی کە سەر دەکێشن بۆ شیرك و هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان، وە گەورەترین ئەو هۆکارانەش بریتین لە سوڕانەوەو مانەوە لەسەر قەبری پیاو چاکان و بە گەورە دانیان و زیادەڕەوی کردن لە خۆشویستن و بە گەورە دانیاندا.

وە وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا کە سەرەتای شیرك و هاوەڵ بۆ خوا دانان دەگەڕێتەوە بۆ قەومی نوح سەلامی خوای لێ بێت، ئەویش بە هۆی مانەوەو داواکردن و پاڕانەوە لەسەر قەبری پیاو چاکان، کە ئەوانیش (ود و سواع و یغوث و یعوق نسر) بوون.

وە عیبادەت کردنی گاورەکان بۆ عیسی سەلامی خوای لێ بێت و عیبادەت کردنی جولەکەکانیش بۆ (عُزَیر) سەلامی خوای لێ بێت، هەمووی هۆکارەکەی بریتی بوو لە زیادەڕەوی کردن لە بە گەورە دانان و بەرزکردنەوەیاندا، هەر بۆیەشە بەڵگەی زۆر توندو وریاکەرەوە هاتوون لەسەر ڕێگرتن لەم دوو هۆکارە، ئەوانیش: بە گەورە دانانی قەبرو زیادەڕەوی کردن لەو کەسانەی کە لەناو قەبرەکان دان واتە (پیاو چاکان).

# قەبرەکان مەکەن بە مزگەوت و شوێنی سوجدە بردن بۆ خوا

## ألا فلا تتخذوا القبور مساجد

وەك پێشتر وتمان یەکێك لە گەورەترین ئەو هۆکارانەی کە سەر دەکێشێت بۆ قەبر پەرستی و هاوەڵ بۆ خوا دانان و کردنی ئەو قەبرە بە بتێك و جگە لە خوای گەورە بپەرستڕێت، بریتیە لە مانەوە لای و سەردان کردنی بۆ نوێژ لێ کردنی و پاڕانەوە لێی و پەرستن بۆ کردنی و هەموو ئەو عیبادەتانەی کە بۆ خوای گەورەو لێ نزیك بونەوەی ئەنجام دەدرێن.

وە لەم ڕووەوە فەرمودەی زۆر هاتون بۆ نەهی کردن و ڕێ گرتن لەم کارە، وە دەستەواژەی زۆر توند هاتووە لە بەرامبەریدا وەك لەعنەت و کوشتن و تووڕە بوون، وە هەروەها ئەنجام دەرەکەشی بە خراپترین دروستکراو لای خوای گەورە وەصف کراوە، لەم فەرمودانەش:

١. لە ئەبو مرثد الغنوي ڕەزای خوای لێ بێت پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (لا تجلسوا علی القبور ولا تصلوا اليها)[١]، واتە: (لەسەر قەبرەکان دامەنیشن، وە ڕووەو ئەویش نوێژ مەکەن).

٢. وە لە ئەنەسەوە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: (أن النبی نهی عن الصلاة الی القبور)[٢]، واتە: (بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە کە نوێژ ڕووەو قەبرەکان بکرێت).

٣. وە لە عائیشەوە ڕەزای خوای لێ بێت: (ئوم حەبیبەو ئوم سلمە ڕەزای خوایان لێ بێت بۆ پێغەمبەریان ﷺ باس کرد کەوا لە حەبەشە کەنیسەیەکیان بینیوە وێنەی تیادا بووە، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: (إن أولئك إذا كان فيهم الرجل

(١) صحيح: أخرجه مسلم (٩٧٢).

(٢) صحيح:أخرجه ابن حبان (ح٣٤٣) وصححه إمامنا الالباني (رحمه [illegible]) (صحيح [illegible]).

الصالح فمات بنوا على قبره مسجداً و صوروا فيه تلك الصور، فأولئك شرار الخلق عندالله يوم القيامة)[1] ، واتە: (ئەوانە ئەگەر پیاو چاکێك لەناویاندا بوایەو پاشان بمردایە، لەسەر قەبرەکەی مزگەوتیان دروست دەکرد، پاشانیش ئەو وێنانەیان تێدا دروست دەکردن، ئا ئەوانە خراپترین دروست کراون لای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا).

٤. وە لە (عائیشە)ەوە ڕەزای خوای لێ بێت وتویەتی: پێغەمبەر ﷺ لەکاتی تووش بوونی بەو نەخۆشیەی کە لێی هەڵنەستایەوە فەرمووی: (لعن الله اليهود والنصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد)[2] ، واتە: (خوای گەورە لەعنەتی کردووە لە جولەکەو گاورەکان، گۆڕی پێغەمبەرانیان دەکرد بە مزگەوت) ، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە هەر لەسەرە مەرگیدا فەرموویەتی: (لعنة الله على اليهود والنصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد)[3]، واتە: (لەعنەتی خوا لە جولەکەو گاورەکان بێت کە گۆڕی پێغەمبەرانیان دەکرد بە مزگەوت).

٥. وە لە (جندب کوڕی عبدالله)ەوە ڕەزای خوای لێ بێت کە پێغەمبەر ﷺ بە پێنج ڕۆژ پێش مردنی فەرمویەتی: (ألا وإن من كان قبلكم كانوا يتخذون قبور أنبيائهم وصالحيهم مساجد، ألاّ فلا تتخذوا القبور مساجد، إني أنهاكم عن ذلك)[4] ، واتە: (بەڕاستی ئەوانەی کە لە پێش ئێوەدا بوون قەبری پێغەمبەرەکانیان و پیاو چاکانیان دەکرد بە مزگەوت، وریابن ئێوە قەبرەکان مەکەن بە مزگەوت، بەڕاستی من نەهیتان لێ دەکەم لەسەر ئەو کارە).

٦. وە لە (ابو هريرة)ەوە ڕەزای خوای لێ بێت ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرمویەتی: (اللهم لا تجعل قبري وثناً، لعن الله قوماً اتخذوا قبور أنبيائهم

---

(١) صحيح:أخرجه البخاري (٥٢٣/١)، ومسلم (٥٢٨).

(٢) صحيح: البخاري (٢٠٠/٣) ومسلم (٥٢٩).

(٣) صحيح: أخرجه البخاري (٥٣٢/١) ومسلم (٥٣١).

(٤) صحيح: أخرجه مسلم (٥٣٢).

مساجد)[1] ، واتە: (خوایە گیان قەبرەکەم نەکەیت بە بتێك، خوای گەورە لەعنەتی کردووە لە قەومێك کە قەبری پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت).

٧. وە لە (عطاء کوڕی یسار)ەوە ڕەزای خوای لێ بێت کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (اللهم لا تجعل قبري وثناً يعبد، اشتد غضب الله على قوم اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد)[2] ، واتە: (خوایە گیان قەبرەکەم نەکەی بە بتێك و بپەرسترێت، توڕەیی خوا زۆرە لەسەر قەومێك کە قەبری پێغەمبەرانیان دەکرد بە مزگەوت).

وە پێشەوا ابن القيم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بۆ قەبرو ئەو فەرمان و نەهیانەی کە کردونی لەسەری و هەروەها ئەوەش کە هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت لەسەری بوون، لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی خەڵکی ئەمڕۆ لەسەری دەڕۆن پێچەوانەیە لەگەڵ یەکتریدا، وە هەروەها ئەم دوانەش بەیەکەوە کۆنابنەوە.

وە هەروەها کۆمەڵێك بابەتی هێناوە کە پێغەمبەر ﷺ نەهی لێ کردون کەچی خەڵکێکی زۆر ئەمڕۆ ئەنجامیان دەدەن، لەوانەش:

أ. پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە کە نوێژ ڕووەو قەبران بکرێت، کەچی ئەوان نوێژ ڕووەو قەبران دەکەن.

ب. وە هەروەها نەهی کردووە کە قەبرەکان بکرێن بە مزگەوت، کەچی ئەوان مزگەوت لەسەر قەبرەکان دروست دەکەن.

ت. وە هەروەها نەهی کردووە لەوەی کە چراو ڕووناکی لەسەر قەبر دابگیرسێنرێت، کەچی بە پێچەوانەوە ئەوان چراو ڕووناکی لەسەر دادەگیرسێنن.

ث. وە هەروەها نەهی کردووە لەوەی کە بگەڕێنەوە بۆ سەریان و بیانکەن بە شوێنی عیبادەت، کەچی ئەوان کردوویانن بە شوێنی عیبادەت و لە بۆنەو

---

(١) صحيح: رواه أحمد (٢/٢٤٦)، وصححه إمامنا الالباني (رحمه الله) في (احكام الجنائز).

(٢) صحيح: رواه مالك في الموطأ (١/١٧٢) مرسلاً، وصححه إمامنا الالباني (رحمه الله) في (مشكاة المصابيح) (٧٥٠).

یادەکان کۆدەبنەوە لێی هەروەك چۆن لە جەژنەکان کۆدەبنەوەو زیاتریش لەوە.

ج. وە هەروەها فەرمانی کردووە بە تەخت کردنی قەبرەکان، کەچی ئەوان لەڕووی زەویەوە بەرزیان دەکەنەوە وەك خانوو وە گومەزیان لەسەر دروست دەکەن [1].

وە هەروەها ئیمامی نەوەوی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (زانایان دەڵێن: هۆی ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لەوەی کە قەبری ئەوو جگە لەویش بکرێت بە مزگەوت، ترسان بووە لەوەی کە زیادەڕەوی بکرێت لە بە گەورە دانانیانداو خەڵکیش بە هۆیەوە توشی فیتنەو بەڵاو هاوبەش بۆ خوا دانان بن، وە زۆر جاریش لە ترسی ئەوەی کە سەر بکێشێت بۆ کوفرو بێ باوەڕی) [2].

وە شێخ أحمد البنا الساعاتی دەڵێت: (ئەم فەرمودانە بەڵگەنە لەسەر ئەوەی کە حەرامە قەبری پێغەمبەران و پیاو چاکان بکرێن بە مزگەوت، چونکە نوێژ کردن تیایاندا شوێن کەوتنی سوننەتی جولەکەو گاورەکانە، وە بە ڕاستی ئێمەش لێمان قەدەغە کراوە کە خۆمان بچوێنین بەوان لە عادەت و هەڵس و کەوتدا چ جای لە عیبادەتدا، وە پێغەمبەریش ﷺ لەعنەتی لێ کردن بە هۆی ئەم کارانەیانەوە).

وە هەروەها دەڵێت: (هەر کەسێك مزگەوتێك دروست بکات لە نزیك قەبری پێغەمبەرێك یان پیاو چاکێك بەشێوەیەك کە قەبرەکە بکەوێتە ناو مزگەوتەکەوە، وە ئەم کارەش بە ئومێدی بەرەکەتی ئەو بێت لە عیبادەتداو نزیك بوون بێت لە ڕۆح و گیانی ئەو مردووە، ئەوا بەڕاستی ئەم فەرمودەیە دەیگرێتەوە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی وەك ڕۆژی ڕووناك، وە هەر کەسێکیش ڕوو لەو بکات لە نوێژداو ملکەچی بۆ بنوێنێت و ئومێدی پێی هەبێت، ئەوا هیچ گومانی تێدا نیە کە ئەو کەسە هاوەڵ و شەریکی بۆ خوا داناوەو پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەری ﷺ کردووە) [3].

---

(١) بە کورت کراوەیی وەرگیراوە لە کتێبی (إغاثة اللهفان) (١/١٤٣-١٥٤).

(٢) شرح النووی علی مسلم (٥/١٣/٤).

(٣) الفتح الربانی (٣/٧٥).

# زیادەڕەوی لە دینەکەتاندا مەکەن

# لاتغلو في دينكم

هۆکارێکی تر لەو هۆکارانەی کە سەر دەکێشێت بۆ بت پەرستی و زیادەڕەوی کردن، زیادە ڕەوی کردنە لە پێغەمبەان و فریشتەکان و پیاو چاکان و جگە لەوانیش لە بەندە بەڕێزەکانی خوای گەورە.

وە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا هەواڵی پێداوین دەربارەی ئەو زیادە ڕەویەی کە جولەکەو گاورو موشریکەکان کردویانە لە بەرامبەر هەندێ لە دروستکراوەکانیدا، کە عیبادەتیان بۆ دەکردن جگە لە خوای گەورەو لێیان دەپاڕانەوەو ئومێدو هیوایان پێ هەبوون و خۆشیان دەویستن وەك خۆشویستنی خوای گەورە، وە لەم ئایەتە پیرۆزانەش:

١.خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ ۚ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا إِنْ أَرَادَ أَن يُهْلِكَ الْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُ وَمَن فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ۗ وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ ۚ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾[1]، واتە: (بەڕاستی ئەوانە کافر بوون کە دەیان وت: مەسیحی کوڕی مەریەم خوایە! بڵێ ئەی محمد ﷺ کێ لای خوای گەورە شتێکی بە دەستە کاتێك خوای گەورە ویستی کە مەسیحی کوڕی مەریەم و دایکی و هەموو ئەوەش کە لە زەوی دایە بە هیلاك ببات؟ وە موڵکی ئاسمانەکان و زەوی و هەموو ئەوانەی کە تیایدان هی خوای گەورەیە بە تەنها، وە با ئەوەشیان بەلاوە سەیر نەبێت کە خوای گەورە عیسای بەبێ باوك دروست کردووە، چونکە خوای گەورە چی بوێت و چۆنی بوێت دروست دەکات، کە بیەوێت مرۆڤ لە دایك و باوك دروست دەکات وەك هەموو بەرەی ئادەمیزاد، وە کە بیەوێت لە باوك بە بێ دایك وەك

---

(١) سورة المائدة: (١٧).

حەوا، وە کە بیەوێت لە دایك بە بێ باوك وەك عیسا، وە کە بیەوێت بە بێ دایك و باوك وەك ئادەم، وە خوای گەورە دەسەڵات و توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە).

٢. وە هەروەها دەفەرموێت:﴿ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴾[1]، واتە: (بەڕاستی ئەوانە کافر بوون کە دەیان وت: مەسیحی کوڕی مەریەم خوایە! وە مەسیح دەی وت: ئەی بەنی ئیسرائیل تەنها ئەو خوایە بپەرستن کە پەروەردگاری من و ئێوەیە، بەڕاستی هەر کەسێك شەریك و هاوەڵ بۆ خوای گەورە دابنێت، ئەوا خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات و مەئواو شوێنی ئەو کەسەش ناو ئاگری دۆزەخە، وە کەسی زاڵم و ستەمکارو موشریك هیچ سەرخەرێکی نیە).

٣. وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى اللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ مَّا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ وَأُمُّهُ صِدِّيقَةٌ كَانَا يَأْكُلَانِ الطَّعَامَ انظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ الْآيَاتِ ثُمَّ انظُرْ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴾[2]، واتە: (بەڕاستی کافر بوون ئەوانەی کە دەیان وت: سێ خوا هەن (الله، و عیسی، و مریم)، پاکوبێگەردی بۆ خوای گەورە لەوەی کە ئەو موشریکانە دەیڵێن، وە هیچ پەرستراوێکی بە حەق نیە جگە لە (الله)، وە ئەگەر واز نەهێنن لەو شتانەی کە دەیڵێن، ئەوا بەڕاستی ئەوانەی کافر بوون توشی سزاو عەزابێکی زۆر توندو

---

(١) سورة المائدة: (٧٢).

(٢) سورة المائدة: (٧٣ - ٧٥).

بە ئێش دەبن، پاشان خوای گەورە بانگیان دەکات بۆ تەوبە کردن و دەفەرموێت: ئایا ناگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورەو پەرستنی ئەو بە تـەنهایی؟ وە ئایا داوای لـێ خۆش بوون ناکەن لەو قسانەی کە دەتانکردن؟ بەڕاستی خوای گـەورە زۆر بـە بـەزەیی و لـێ خۆش بووە، وە عیسا سەلامی خـوای لـێ بێـت تـەنها پێغەمبەرێکـە کـە خـوای گـەورە ناردوویەتی و لە پێش ئەویشدا پێغەمبـەرانێکی زۆر هـاتوون، وە دایکیشی ئـافرەتێکی تەواو ڕاستگۆیە کە ئەوەش پلەو پایەیەکی زۆر بەرزە کە خوای گەورە پێی بەخشیوە، کەوایە مادام هەردوکیان مرۆڤن ئەی چۆن دەیان کەن بە دوو خوا لەگەڵ خوای گەورەو پاك و تاك و تـەنها؟ وە ئـەوان خـواردن دەخـۆن کـە ئەمـەش بەڵگەیـەکی تـرە لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەوان دوو بەنـدەی لاوازی خـوای گـەورەن و وەك هـەموو بەنـدەکانی تـر پێویستیان بە خواردن و خواردنەوە هەیە، سەیرکە چۆن حەق و بەڵگـەکانی خۆمانیـان بـۆ ڕوون دەکەینـەوە کەچـی ئـەوان هـەر سەرکەشـی دەنـوێنن و واز نـاهێنن لـەو درۆو بوهتانەی کە باسی دەکەن).

٤. وە هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَـٰرَى ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ ٱللَّهِ ۖ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَٰهِهِمْ ۖ يُضَـٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ ۚ قَـٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ ۚ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ۝ ٱتَّخَذُوٓا۟ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَـٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓا۟ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓا۟ إِلَـٰهًا وَٰحِدًا ۖ لَّآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ سُبْحَـٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾[1]،

واتە: (جولەکەکان دەیـان وت: (عـوزەیر) کـوڕی خوایـە، وە گاورەکـانیش دەیـان وت: (عیسا) کوڕی خوایە، وە ئەمەش تەنها قسەیەکەو هیچ بەڵگەیەکیان پـێ نیـە لەسـەری، ئەمەش هەروەك قسەی موشریکە کۆنەکان وایە کە دەیان وت: فریشتەکان کچی خوان، خوای گەورە بیان کوژێت و لەناویان بـەرێت لەسـەر ئـەو درۆو بوهتانـەی کـە دەیکـەن،

(١) سورة التوبة: (٣٠ – ٣١).

زاناو عابیدەکانیان دەکردن بە خواو زیادەڕەوییەکی زۆریان تیادا دەکردن، وە حەرامیان بۆ حەڵاڵ ئەکردن و حەڵاڵیان لێ حەرام ئەکردن وە ئەوانیش گوێڕایەڵیان ئەکردن، ئەمەش هاوبەش بۆ خوا دانانە لە گوێڕایەڵی کردن لە ناشەرعیدا، وە هەروەها بە هەمان شێوە زیادەڕەوییەکی زۆریان لە مەسیحی کوڕی مەریەمیشدا دەکرد، وە هیچ فەرمانێکیان پێ نەکرابوو تەنها ئەوە نەبێت کە بەتها خوای گەورە بپەرستن، ئەو خوایەی کە هیچ پەرستراوێکی بە حەق نیە جگە لەو، پاکو بێگەردی بۆ ئەو خوایەی لەوەی کە موشریکەکان دەیکەن).

٥. وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۖ وَلَا تَقُولُواْ ثَلَٰثَةٌۚ ٱنتَهُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ إِنَّمَا ٱللَّهُ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ سُبۡحَٰنَهُۥٓ أَن يَكُونَ لَهُۥ وَلَدٞۘ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا﴾[1]، واتە: (ئەی ئەهلی کیتاب (جولەکەو گاورەکان) زیادەڕەوی لە دینەکەتاندا مەکەن، وە هیچ شتێك لەسەر خوای گەورە مەڵێن تەنها حەق نەبێت، بەڕاستی عیسای کوڕی مەریەم سەلامی خوای لێ بێت نێردراوی خوایەو وە کەلیمەی خوایە کە بۆ مەریەمی ناردووەو لەو ڕۆحانەیە کە خوای گەورە خۆی دروستی کردووە بە تەواوترین شێوە، بۆیە ئیمان بهێنن بە خواو بە پێغەمبەرەکەی، وە مەڵێن سێ خوا هەنە، وە ئەگەر وازبهێنن لەمە ئەوە بۆ ئێوە باشترو خێرترە، بەڕاستی خوای گەورە پەرستراوی تاك و تەنهایەو پاك و بێگەردەو دوورە لەوەی کە منداڵی هەبێت، وە ئەوەی کە لە زەوی و ئاسمانەکان دایە هەمووی موڵکی خوایە).

(١) سورة النساء: (١٧١).

٦. وە هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوٓا۟ أَهْوَآءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا۟ مِن قَبْلُ وَأَضَلُّوا۟ كَثِيرًا وَضَلُّوا۟ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ﴾[1]، واتە: (ئەی ئەهلی کیتاب (جولەکەو گاورەکان) زیادەڕەوی لە دینەکەتاندا مەکەن و تەنها شوێن حەق بکەون، وە شوێن هەواو ئارەزوی ئەوانە مەکەون کە لە پێشودا گومڕابوون، وە خەڵکانێکی زۆریان گومڕا کردو لاڕێیان کردن و لە ڕێگای ڕاست لایان دان).

ابن کثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (خوای گەورە نەهی دەکات لە ئەهلی کیتاب (جولەکەو گاورەکان) لە زیادەڕەوی کردن، وە ئەوەش لەناو گاورەکاندا زۆر زیاترە، وە ئەوان لەو پلەو پایەیەی کە عیسی سەلامی خوای لێ بێت بۆی دانرابوو زیاتر زیادەڕەویان کرد، تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە لەو ڕادەیە زیاتر بەرزیان کردەوە کە خوای گەورە پێی بەخشیبوو، وە لە پلەی پێغەمبەرایەتی گواستیانەوە بۆ ئەو ئاستەی کە کردیان بە پەرستراوو جگە لە خوای گەورە پەرستنیان بۆ دەکرد هەروەك چۆن پەرستنیان بۆ خوای گەورە دەکرد، وە هەروەها زیادەڕەویان کرد لە شوێن کەوتوان و ئەوانەی کە لەسەر دینەکەی بوون، وە بە مەعصوم و پارێزراویان دەزانین و شوێنیان دەکەوتن لە هەموو ئەو قسانەی کە دەیان وتن، جا ئەو قسانە حەق و ڕاست بونایە یان باطل و نادروست، یان گومڕایی بونایە یان ڕێنمایی و ڕێ نیشاندەر، یان ڕاست بونایە یان درۆ، وە هەر بۆیە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: (اتخذوا أحبارهم ورهبانهم أرباباً من دون الله)[2].

وە هەروەها ابن جریر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (لاتغلوا في دينكم) واتە: (لە دینەکەتاندا زیادەڕەوی مەکەن و لە حەق لامەدەن، وە دەربارەی عیسی سەلامی

---

(١) سورة المائدة: (٧٧).

(٢) تفسير ابن كثير (٢/٤٣٠).

خوای لێ بێت جگە لەوەی کە حەقە هیچی تر مەڵێن، لەبەر ئەوەی ئەوەی کە دەیڵێن کە گوایە عیسی سەلامی خوای لێ بێت کوڕی خوایە، ئەوە قسەیەکە لە ئێوەوەیە دەربارەی خوای گەورەو حەق نیە، چونکە خوای گەورە هیچ منداڵی بۆ خۆی دانەناوە، وە عیسی سەلامی خوای لێ بێت و جگە لەویش منداڵ و کوڕی دروست کراوەکانی خوای گەورەن)[1].

بە هۆی هەموو ئەو زیادەڕەوی و تێپەڕاندنەی کە گاورەکان کردیان دەرهەق بە عیسی سەلامی خوای لێ بێت کە پێی گەیشتنە ئاستی کافر بوون و کردیان بە پەرستراوو پەرستنیان بۆ ئەنجام دەدا، پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ ووریاییەکی زۆری پێداوین دەربارەی زیادەڕەوی کردن و تێپەڕاندن لەسەر کەسایەتی پێغەمبەرمان ﷺ، بۆ ئەوەی ئێمەش نەکەوینە ناو ئەو گومڕاییەی کە گاورەکانی تێکەوتن، وە لە زۆر فەرمودەدا پێغەمبەر ﷺ ئاماژە بەوە دەکات، لەوانەش:

١. پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (زیادەڕەوی لە مندا مەکەن هەروەك گاورەکان زیادەڕەویان کرد لە کوڕی مەریەمدا، بەڵکو من عەبدو بەندەی خوام، ئێوەش بڵێن عەبدو نێردراوی خوایە)[2].

٢. وە هەروەها دەفەرموێت: (ووریابن و خۆتان بپارێزن لە زیادەڕەوی کردن لە دیندا، چونکە بەڕاستی ئەوانەی پێش ئێوە بە هیلاك چوون بەهۆی زیادەڕەوی کردن لە دیندا)[3].

٣. وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ ئینکاری کرد لە بەرامبەر ئەو کەسەدا کە پێی ووت: (ماشاء الله وشئت)، ئەویش پێی ووت: (ئایا منت کرد بە شەریکی خوای گەورە؟ بەڵکو بڵێ: (ماشاءالله وحده)[1].

---

(١) تفسير ابن جرير (٩/١٧٠-١٧١).

(٢) صحيح: أخرجه البخاري (٦/٤٧٨) من حديث عمر بن الخطاب رضي الله عنه.

(٣) صحيح: رواه أحمد (١/٢١٥)، والنسائي (٥/٢٦٨)، وابن خزيمة (٤/٢٧٤)، وصححه إمامنا الالباني (رحمه الله) في (السلسلة الصحيحة) (٢١٤٤).

٤. وە هەروەها پێی ناخۆش بووە کە هاوەڵانی لەبەری هەستن، هەروەك ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: (هیچ کەسێك لای هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت لە پێغەمبەر ﷺ خۆشەویستتر نەبوو، کەچی کاتێکیش دەیان بینی هەڵنەدەستان لەبەری کاتێك کە زانیان حەزی لەوە نیە)[٢].

٥. وە هەروەها پێی ناخۆش بوو کاتێك هاوەڵان پێیان دەوت: (أنت سيدنا)، ئەویش دەیفەرموو: (السيد الله تبارك وتعالى)، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە فەرمودەی شەفاعەتدا هەواڵی داوە کەوا گەورەی نەوەکانی ئادەمە، بەلام بۆ ڕێگرتن لە زیادەڕەوی لەسەری، بە بەڵگەی ئەوەی کە فەرمویەتی: (أيها الناس قولوا بقولكم أو بعض قولكم ولا يستجرينكم الشيطان)[٣].

---

(١) صحيح: رواه أحمد (ح١٨٣٩)، وصححه إمامنا الالباني (رحمه الله) في (السلسلة الصحيحة) (٢٦٦).

(٢) صحيح: رواه الترمذي (٥/٩٠) وصححه إمامنا الالباني (رحمه الله) في (مشكاة المصابيح) (٤٦٩٨).

(٣) صحيح: رواه أبو داود(٥/١٥٤)،وصححه إمامنا الالباني(رحمه الله)في(صحيح سنن ابي داود) (٤٨٠٦)

# بەندی دووەم:

# بانگەوازی کردن بۆ هاوبەش بۆ خوا دانان

**بەشی یەکەم:**

**هاوبەش بۆ خوا دانان لە عیبادەتدا.**

**بەشی دووەم:**

**هاوبەش بۆ خوا دانان لە پەروەردگارێتیدا.**

**بەشی سێیەم:**

**هاوبەش بۆ خوا دانان لە ناوو سیفەتە جوانەکانیدا.**

# بەشی یەکەم:

# هاوبەش بۆ خوا دانان لە عیبادەتدا.

وەك پێشتر باسمان کرد کە ئایینی ئیسلام بریتیە لە بە تەنها زانینی خوای گەورە لە پەرستن و ملکەچی بۆ نواندندا، وە هەموو پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لێ بێت بۆ ئەوە نێردراون کە بانگەوازی بکەن بۆ بە تەنها پەرستنی خوای گەورەو سڕینەوەو لابردنی شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانان لەناو ئوممەتەکانیاندا.
وە هەروەها بە تەنها زانینی خوای گەورە لە ڕووی پەروەردگارێتیەوە، بریتیە لە دانان بەوەی کە تەنها خوای گەورە دروستکارو ڕۆزی دەرەو ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەیش کە تیایاندایە هەر هەمووی بە دەستی خوای پەروەردگارە، وە وتمان موشریکەکانیش بڕوایان وابوو، بەڵام گومانی تێدانیە کە بە بڕوا بوون بە پەروەردگارێتی خوای گەورە بە تەنها مرۆڤ نایەتە ناو بازنەی ئیسلامەوە.
وە باسمان کرد کە سەرەتای سەرهەڵدانی شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قەومی نوح کە زیادەڕەوی زۆریان کرد لە پیاو چاکانداو لە پلەو پایەی خۆیان زیاتر بەرزیان کردنەوەو لەگەڵ خوای گەورە دەیان پەرستن، کە ئەمەش بەرهەمی زیادەڕەوی و تێپەڕاندن بوو لە پلەوپایەی بەندەکان.
وە ئەم زیادەڕەوی و پەرستنەش تەنها لە پیاو چاکان و پێغەمبەران و فریشتەکان و ئەو پەیکەرانەدا نەبوو کە دەیان پەرستن، بەڵکو زۆر شتی تریشیان دەپەرست وەك دارو بەردو ئەنجامدانی پەرستن لەو شوێنانەی کەوا ئەو پێغەمبەرو پیاو چاکانە پیایدا ڕۆیشتوون یان لێی ماونەوە.
وە ئەم پیاوەش (محمد بن علوي المالكي) یەکێکە لەوانەی کە بە تەواوی پێچەوانەی ئەو فەرمانانەیە کە بە هۆیانەوە بە تەنها زانینی خوای پەروەردگار لە ڕووی پەرستن و پەروەردگارێتی و ......هتد بە دەست دەهێنرێن، وە هەموو قسەو هەڵوێستەکانی هەڵوەشێنەرەوەی ئەم بە تەنها زانینەی خوای پەروەردگارە لە هەموو ڕوویەکەوە.

وە گومانی تێدا نیە كە ئەم پیاوە هاوشـێوەو هاووێنـەی زۆرن كـە دوورن لـە بـە تـەنها دانان و زانینی خوای گەورەدا، وە بڕوایان بـە عیبـادەت كـردن بـۆ غـەیری خـوا هەیـەو بەخۆیشیان نەزانیوە كەوتونەتە ناو شیرك و كوفرو هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە.

بۆیە لێرەدا ئامـاژە بـە بەشـێك لـەو قـسەو بابـەت و هەڵوێـستانە دەكـەین كـە نـاوبراو ئاماژەی پێداون و پێچەوانەن لەگـەڵ بنـچینەكانی بـە تـەنها زانـینی خـوای گـەورە، وە پشت بە خوای گەورە لە وەڵامی شـوبهەو گومـان و سـەر لـێ شـێواویەكانیدا پـشت بـە ئایـەت و فـەرمودەی صـەحیحی پێغەمبـەر ﷺ و فـەتوای ڕاسـت و دروسـتی زانایـان دەبەستین.

## چەند نمونەیەك لە وتەكانی ئەم پیاوە لە شیركی عیبادەتدا

١. ئەم پیاوە دەڵێت: (هیچ شەفاعەتكارێك نیە ئەی پێغەمبەری خوا جگە لە تۆ كە هیوامان پیّ بێت، وە هیچ ئومێدێك نیە جگە لە دەرگای تۆ كە بمان گەیەنێت)[1].

٢. وە هەروەها دەربارەی سەردان كردنی گۆڕی پیاو چاكان دەڵێت: (وە ئەگەر هاتی بۆ لایان ئەوا خۆت زەلیل و مل كەچ و فەقیرو موحتاج بكەو با دڵ و خەیاڵت لایان بێت، بە چاوی دڵ نەك بە چاوی بینین)، تا ئەو شوێنەی كە دەڵێت: (وە دروستە داوای بە فریاكەوتنیان لیّ بكەیت و پێداویستیەكانی خۆتی لیّ داوا بكەیت)[2].

٣. پاشان دەڵێت: (وە سەردان كردنی گەورەی سەرەتاو كۆتاییەكان سەلاّت و سەلامی خوای لیّ بێت، هەموو ئەوانەی كە باسكران چەندانە دەبنەوە، مەبەستم خۆ شكاندنەوەو مل كەچی نواندن و دەربڕینی بیّ دەسەلاّتی، چونكە شەفاعەتكارو شەفاعەت لێكراوێكی وایە كە شەفاعەتەكەی ڕەت ناكرێتەوە، وە هەر كەسێكیش مەبەست و ئومێدی بەو بێت ئەوا زەرەرمەند نابێت، وە ئەوەش كە بچێتە لای و داوای كۆمەك ویارمەتی و بەفریا كەوتنی لیّ بكات)[3].

٤. وە هەروەها چەند شعرێكیشی هێناوە لەوانە:

| | |
|---|---|
| انت الشفيع وآمالي معلقة | وقد رجوتك ياذا الفضل تشفع لي |
| هذا نزيلك أضحى لا ملاذ له | إلا جنابك يا سؤلي ويا أملي[4] |

٥. وە هەروەها دەڵێت:

| | |
|---|---|
| فلذ به من كل ما تشتكي | فهو شفيع دائما يقبل |
| ولذ به في كل ما ترتجي | فإنه المأمن والمعقل |

---

(١) شفاء الفؤاد (ص٣٦).

(٢) شفاء الفؤاد (ص٩٢).

(٣) المختار (ص١٠١)، وشفاء الفؤاد (ص١٠٩).

(٤) شفاء الفؤاد (ص٩٧).

وحط أحمال الرجى عنده فإنه المرجع والموئل

و ناده إن أزمة أنشبت أظفارها واستحكم المعضل

يا أكرم الخلق على ربه وخير من فيهم به سأل

قد مسني الكرب وكم مرة فرجت كربا بعضه يذهل

عجل بإذهاب ألذي اشتكي فإن توقفت فمن ذا أسأل؟

پاشان ئەم پیاوە دەڵێت: (ئەوە تاقی کراوەتەوە بۆ داواکردن و دابین کردنی پێداویستیەکان کە لە کۆتایی شەودا بخوێنرێت.. وە ئەو دێرەش (عجل بإذهاب ألذي اشتكي) (٧٣) جار دووبارە بکرێتەوە)[1].

٦. وە هەروەها دەڵێت:

يا ملاذ الورى وخير عيان ورجاء لكل دان وقصي

لك وجهي وجهت يا أبيض الوجه فوجه اليه وجه الولي[2]

٧. وە دەڵێت:

فالآن ليس سوى قبر حللت به منجي الطريد ومنجا كل معتصم

وإن رمتنا الخطايا وسط مهلكة فأنت ملجأ خلق الله كلهم

فالعفو شيمتك العظمى التي شهرت إذ كانت الموبقات الدهم من شيمي[3]

٨. وە هەروەها دەڵێت:

يا سيدي يا رسول الله خذ بيدي مالي سواك ولا ألوي على أحد

إني إذا سامني ضيم يروعني أقول يا سيد السادات يا سندي

(١) الذخائر (ص ١٥٨).

(٢) الذخائر (ص١٦٦).

(٣) شفاء الفؤاد (ص١١٤).

وانظر بعين الرضا لي دائما أبداً | واستر بفضلك تقصيري مدى الأمد
واعطف علي بعفو منك يشملني | فإني عنك يا مولاي لم أحد[1]

٩. وە دەڵێت:

يا سيدي إني رجوتك ناصراً | من جور الدهر خائن متقلب
فأقل عثار عبيدك الداعي الذي | يرجوك إذ راجيك غير مخيب
واكتب له ولوالديه براءة | من حر نار جهنم المتهلب
واقمع بحولك باغضيه وكل من | يؤذيه من متمرد متعصب
واشفع له ولمن يليه وقم بهم | في كل حال يا شفيع المذنب[2]

١٠. وە هەروەها دەڵێت:

ألا يارسول الله عطفاً ورحمةً | لمسترحم مستنظر للمبارر
ألا يا حبيب الله غوثاً وغارة | لذي كربة مسودة كالدياجر
ألا يا صفي الله قم بي فإنني | بكم واليكم يا شريف العناصر[3]

دەڵێم: ئەوەی کە تۆ بینیت و خوێندتەوەو لێرەدا هێنراوەتەوە، ئەوە دڵۆپەیەکە لە دەریایەکی گەورە، وە بینیت کە شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانان و کوفری ئاشکرای تێدایە، بەشێوەیەك کە هیچ شتێکی لە پەرستندا بۆ خوای گەورە نەهێشتۆتەوە، وەك پاڕانەوەو ئومێد پێ بوون و داوای کۆمەك و یارمەتی کردن و بەفریا کەوتن و......هتد، وە هەموو ئەو شتانەش کە موشریکەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ بۆ بتەکانیان ئەنجامیان دەدا کە دروست نیە هیچ شتێك لەوانە بۆ غەیری خوای گەورە ئەنجام بدرێت.

---

(١) شفاء الفؤاد (ص٢٠٣).

(٢) شفاء الفؤاد (ص٢١٣).

(٣) شفاء الفؤاد (٢٢٢-٢٢٣).

وە گومانی تێدا نیە کە بەم کارەش بنچینەو ئەصڵی ئیمان و حەقیقەتی ئیسلام هەڵدەوەشێتەوە، کە بنچینەکەی لەسەر بە تەنها پەرستنی خوای گەورە وەستاوە لە هەموو ڕوویەکەوە، وە هەروەها وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە هاوبەش دانان بۆی لە هەموو بوارەکانی پەرستندا، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ ﴾[1]، واتە: (جگە لە خوای گەورە هاوار مەکە هیچ کەسێك کە نە قازنجت پێ دەگەیەنێت و نەزەرەریشت لەسەر لادەبات، وە ئەگەر ئەم کارەت کرد ئەوا بەڕاستی ئەو کاتە تۆ لە ستەمکارو موشریك و هاوەڵ پەیداکەرانی، وە ئەگەر خوای گەورە بیەوێت توشی زەرەرێکت بکات ئەوا هیچ کەسێك ناتوانێت لەسەرت لاببات تەنها ئەو نەبێت، وە ئەگەر بشیەوێت کە خێرێکت توش بکات ئەوا هیچ شتێك ناتوانێت ڕێگر بێت لە بەردەم فەزڵ و بەخششی خوای گەورەدا).

وە پوختەی قسەی ڕاڤەکارانی قورئانیش ئەوەیە کە خوای گەورە نەهی کردووە لە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە هاوار بکاتە غەیری خوای گەورە لە کاتێکدا هیچ سودو قازانجێکیان بە دەست نیە، وە مەبەستیش لەوە ئەوەیە کە هەموو شتێك جگە لە خوای گەورە نە سودیان بە دەستە نە زەرەر، وە لەوەشدا پێغەمبەران و پیاو چاکان و جگە لەوانیش هەموویان چۆن یەك و وەك یەك وان، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴾[2] ، واتە: (بەڕاستی مزگەوتەکان هی خوای گەورەنە، بۆیە لەگەڵ خوای گەورەدا هاوار مەکەنە هیچ شتێکی تر).

وە هەروەها پێغەمبەریش ﷺ بە (ابن عباس)ی فەرموو: (ئەگەر داوای شتێکت کرد ئەوا داوا لە خوا بکە، وە ئەگەر داوای یارمەتیشت کرد ئەوا هەر داوا لە خوا بکە، وە

---

(١) سورة يونس: (١٠٦ - ١٠٧).

(٢) سورة الجن: (١٨).

بزانە کە ئەگەر هەموو ئوممەت کۆببنەوە لەسەر ئەوەی کە سودێکت پێ بگەیەنن ئەوە هیچ سودێکت پێ ناگەیەنن تەنها ئەوە نەبێت کە خوای گەورە بۆی نوسیویت، وە ئەگەر کۆشبینەوە لەسەر ئەوەی کە زەرەرێکت لێ بدەن ئەوا ناتوانن تەنها ئەوە نەبێت کە خوای گەورە لەسەری نوسیویت)[١].

وە ئەو ئایەتە ئەوەی تێدا بەدی دەکرێت کە دەبێت ئەو کەسەی هاواری دەکرێتێ خاوەنی سودو قازانج بێت و بەدەستی بێت، بۆ ئەوەی هەر کەسێك هاواری کردێ و داوای شتێکی لێ کرد پێی ببەخشێت یان هەر کەسێك سەرپێچی کرد پێی نەبەخشێت، وە ئەوەش بۆ هیچ کەسێك نیە تەنها بۆ خوای گەورە نەبێت، وە لەوەوە بۆمان دەرکەوت کە ئەو کەسەی هاواری دەکرێتێ و پشتی پێ دەبەسترێت تەنها خوای گەورەیەو بەس، وەك دەفەرموێت: ﴿ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ کەواتە هەر کەسێك هاوار بکاتە غەیری خوای گەورە ئەوکاتە لەگەڵ موشریکەکان لە قەڵەم دەدرێت.

وە ئەمەش وەك ئەم ئایەتە وایە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْمُعَذَّبِينَ ﴾[٢]، واتە: (لەگەڵ خوای گەورە هاوار مەکە هیچ پەرستراوێکی تر، چونکە ئەگەر ئەوە بکەیت ئەوا ئەو کاتە لەو کەسانە دەبیت کە سزاو عەزاب دەدرێن)، وە ئەو ئایەتەش کە دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾[٣]، واتە: (بەڕاستی ئەوەی پێغەمبەر بە وەحی بۆ تۆ هاتووە وە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆش، کە ئەگەر هاوەڵ بۆ خوا دابنێیت ئەوا بەڕاستی هەموو کردەوەکانت هەڵ دەوەشێنەوەو لەو کەسانە دەبیت

---

(١) صحيح: رواه الترمذي (٤/٦٦٧)، وصححه إمامنا الألباني (رحمه الله) في (صحيح الجامع) (٧٩٥٧).

(٢) سورة الشعراء:( ٢١٣).

(٣) سورة الزمر:(٦٥).

کە خەسارەت مەندو زەرەرمەندن)، وە هەروەها ئەو ئایەتەش کە دەربارەی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[1]، واتە: (ئەگەر هاوەڵ و شەریك بۆ خوا دابنێن ئەوا هەموو ئەو کردەوانەی کە کردویانن هەڵ دەوشێنەوە).

وە خوای گەورە لە زۆر شوێنی قورئانە پیرۆزەکەیدا ڕوونی کردۆتەوە کە تەنها خۆی سودو قازانج و زەرەری بە دەستەو جگە لە خۆی بە دەستی هیچ کەسێکی تر نیە، تەنانەت هەتا پێغەمبەریش ﷺ کە باشترین دروستکراوو بەڕێزترین و گەورەترین کەسە، کەچی لە هەمان کاتدا سودو قازانجی بۆ نەفسی خۆیشی بە دەست نیە چ جای ئەوەی کە سودو قازانج بە کەسانی دی بگەیەنێت و زەرەریان لەسەر لاببات، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُل لَّا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ ۚ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ ۚ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾[2]، واتە: (بڵێ ئەی محمد: بەڕاستی من هیچ قازانج و زەرەرێکم بۆ نەفسی خۆم بەدەست نیە تەنها ئەوە نەبێت کە خوای گەورە دەیەوێت، وە ئەگەر من غەیبم زانیبایە ئەوا خێرم بۆ خۆم زیاد دەکردو بەڵاو شەڕیشم لە خۆم دوور دەخستەوە، بەڕاستی من تەنها وریاکەرەوەو مژدەدەرم بۆ ئیمانداران)، وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُل لَّا أَمْلِكُ لِنَفْسِي ضَرًّا وَلَا نَفْعًا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ﴾[3].

کەواتە ئەگەر پێغەمبەر ﷺ سودو قازانج و زەرەری بۆ نەفسی خۆی بە دەست نەبێت، ئەی چۆن هیچی بە دەست دەبێت بۆ غەیری خۆی لە خەڵکی؟ لەگەڵ ڕوونی و ڕۆشنی ئەوەشدا، زۆر بە ڕاشکاوی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا

---

(١) سورة الأنعام:(٨٨).

(٢) سورة الأعراف: (١٨٨).

(٣) سورة يونس: (٤٩).

رَشَدًا ﴾[١]، واتـە: (بڵـێ: مـن هـیچ زەرەرو قـازانجێکم بۆ ئێوە بـە دەست نیـە)، وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ بـەو پـەڕی ڕاشـکاوی بـە نزیکترین کەسـوکارو خۆشەویستانی خۆی فەرموو: (ئەی بەنی عبد مناف من هیچ سودێکتان پێ ناگەیەنم لە لای خوا، ئـەی عەباسـی کـوڕی عبـدالمطلب مـن هـیچ سـودێکت پـێ ناگەیـەنم لـە لای خـوا، وە ئـەی صەفیەی پوری پێغەمبەر من هیچ سودێکت پێ ناگەیەنم لە لای خوا، وە ئەی فاطمـەی کچی محمد، چی ئارەزوو دەکەیت لە ماڵەکەم داوا بکە من هیچ سـودێکت پـێ ناگەیـەنم لە لای خوا)[٢]، ئەی باشە لە دوای ئەمە بە چ فەرمودەیەك بڕوا دەهێنن؟!!

وە هەروەها خوای گەورە فەرمانی بە بەندەکانی کردووە کە بە تەنهای دابنێن لە پشت پێ بەستن و پاڕانەوەو داوا لێ کردندا، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ هُوَ ٱلْحَىُّ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ فَـٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ۗ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴾[٣] واتـە: (ئـەو خوایەی کە بەردەوام زیندووەو هـیچ پەرسـتراوێکی بـە حـەق نیـە جگـە لـەو، بۆیـە بـە تەنهاو بە ئیخلاسەوە لێی بپاڕێوە، وە سوپاس و ستایش هەر شایستەی پەروەردگاری جیهانیانە).

وە هەروەها دەربارەی پێشەوای بە تەنها خوا پەرستان ابراهیم سەلامی خوای لێ بێت دەفـەرموێت: ﴿ إِنِّى وَجَّهْتُ وَجْهِىَ لِلَّذِى فَطَرَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ حَنِيفًا ۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾[٤]، واتـە: (بەڕاسـتی مـن ڕووی خـۆمم کردۆتـە ئـەو کەسـەی کـە دروستکاری ئاسمانەکان و زەویەو هیچ هـاوەڵ و شـەریکێکی نیـە، وە بۆیـە منـیش لـە موشریك و هاوبەش دانەران نیم).

---

(١) سورة الجن: (٢١).

(٢) صحيح: متفق عليه. اللؤلؤ والمرجان (١/٥٢).

(٣) سورة غافر: (٦٥).

(٤) سورة الأنعام: (٧٩).

وە پێغەمبەریش ﷺ لە نوێژەکانیدا دەیفەرموو: (وجهت وجهي للذي فطر السموات والأرض حنيفاً وما أنا من المشركين)[1].

بەڵام ئەم پیاوە (محمد بن علوي المالكي) هەموو ئەمانە هەڵدەوەشێنێتەوەو دەڵێت:

لك وجهي وجهت يا أبيض الوجه فوجه اليه وجه الوالي

وە ئەوەش کوفرەو دژایەتی کردنی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان و فەرمودە صەحیحەکانی پێغەمبەرە ﷺ، چونکە ڕووی لە دروستکارو بەدیهێنەر وەرگێڕاوە بۆ دروستکراوو بەدیهێنراوێك.

وە موشریکەکانی سەردەمی کۆنیش خوایان دەپەرست و لێی دەپاڕانەوەو پەنایان پێ دەگرت، وەك خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ ثُمَّ إِذَا كَشَفَ الضُّرَّ عَنكُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنكُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ ﴾[2]، واتە: (هەر نیعمەتێکی کە هەتانە ئەوە لە پەروەردگارەوەیە، وە ئەگەر توشی هەر زەرەرو زیانێکیش ببن ئەوا ڕوو دەکەنە خوای گەورە بە دوعاو پاڕانەوە کردن، پاشانیش ئەگەر ئەو زەرەرو زیانەی لەسەر لابردن، ئەوا کۆمەڵێکتان هاوبەش و شەریك بۆ خوای گەورە دادەنێنەوە).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ قُلْ أَرَأَيْتَكُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ السَّاعَةُ أَغَيْرَ اللَّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَاءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ ﴾[3]، واتە: (بەو موشریکانە بڵێ: ئایا ئەگەر هاتوو سزاو عەزابی خوای گەورە بەسەرتاندا دابەزی، یان ئەگەر قیامەت هات بەسەرتاندا، ئەوە هاوار دەکەنە غەیری خوا لە پەرستراوەکانتان یان هاوار دەکەنە خوای پەروەردگاری تاك و تەنها؟

---

(١) صحيح: رواه مسلم (٧٧١).

(٢) سورة النحل: (٥٣ - ٥٤).

(٣) سورة الأنعام: (٤٠ - ٤١).

بەڵکو لەو کاتـەدا هـاوار دەکەنـە خـوای گـەورە، چـونکە بـاش دەزانـن ئەوانـەی ئـەوان هاواریان دەکەنێ هیچ سودو قازانج و زەرەرو زیانێکیان بەدەست نیە).

وە هەروەها دەفـەرموێت: ﴿وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَـٰنَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِىَ مَا كَانَ يَدْعُوٓا۟ إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا ۖ إِنَّكَ مِنْ أَصْحَـٰبِ ٱلنَّارِ﴾[1]، واتە: (ئەگەر مرۆڤـ توشی نارەحەتیەك هات ئـەوا بـە مل کەچیەوە هـاوار دەکاتـە پـەروەردگاری، پاشان ئەگـەر خـوای گـەورەش بەڵاکـەی لەسەر لابرد ئەوا ئەو بەڵاو موصیبەتەی لە بیر دەچێتەوە کە پێشتر لەسەری بووەو لـە خـوای گـەورە دەپاڕایـەوە، ئنجـا شـەریك و هاوبـەش بـۆ خـوای گـەورە دادەنێـت و بەهۆیەوە خۆیشی و خەڵکیش گومڕا دەکات، تۆش ئەی محمد بەو کەسـە نەفامـە بڵـێ: کەمێك چێژو تام وەربگرە لەو کوفرەی کە هەڵتبژاردو نیعمەتەکەی خوای گـەورەت پـێ گۆڕیەوە، بەڵام بزانە کە تۆ لە داهاتوودا لە ئاگری دۆزەخ دایت).

وە ئایەت لەو بوارەدا زۆرترە لەوەی کە تەنها هەر ئەوەندە بهێنرێتەوە، بەڵام مەبەست تەنها ئەوەیە کە ئەوانیش خوایان دەپەرست و پـەنایان پـێ دەگـرت، بـۆ لابردنـی ئـەو زەرەرو نارەحەتی و بەڵایانەی کە توشیان دەهات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە حوکمی لەسەر کـردن بـە موشـریك و کـافرو گـومڕاو چارەنوسـیانی بـۆ ئـاگر دانـا، چـونکە هاوبـەش و شـەریکیان بـۆ دادەنـاو لـەوانیش دەپاڕانەوەو داوایان لێ دەکردن لەو کاتانەی کە لە دۆخی ئاساییدا بوون.

کەچی ئەم پیاوە جگە لە خـوای گـەورە پەرسـتراوەکەی خـۆی بـە تـەنها دادەنێت لـە هەموو کاتێکدا لە پاڕانەوەو داوا لێ کردن و ..... هتد، ئەویش کاتێك کە دەڵێت:

هذا نزيلك أضحى لا ملاذ له ... إلا جنابك يا سؤلي ويا أملي

(١) سورة الزمر: (٨).

وە هەروەها دەڵێت:

فالآن ليس سوى قبر حللت به منجي الطريد ومنجا كل معتصم

وە ئەم پیاوە بەوەشەوە نەوەستاوە بەڵکو دەیەوێت لە هەموو ڕوویەکەوە وەك موشریکەکانی سەرەتا بکات، ئەوەتا دەیەوێت عیبادەت بۆ بت و صەنەم بکات بەلاَم بە شێوازێکی تازەو زۆر سەیرتر لەو شێوازە کۆنەی کە هەبووە، بەڵێ، شتێکە کە ترسناکی و کوفرەکەی زۆر گەورەترە لە هی ئەوانەی کۆن.

چونکە بەڕاستی دەیویست بتێك دروست بکات لەسەر شێوەی پێغەمبەر ﷺ هەروەك چۆن موشریکەکان دەیان کرد بۆ گەورەکانی خۆیان، بەلاَم ئەو بێ دەسەلاَت بوو لە کێشانی وێنەو شێوەی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ، بۆیە بە ناچاری پەنای بردە بەر دروست کردنی نەعلەکانی پێغەمبەر ﷺ، کە لەوەشیان دەستەو وەستان بوو، ئنجا شەیتان وەحی بۆ کردو فەرمانی پێ کرد کە پەنا بباتە بەر خەیاڵ و وێنەیەك بۆ نەعلەکان دروست بکات، پاش ئەوەی کە ئەم خەیاڵە بوو بە ڕاستی و وێنەی نەعلەکانی کێشا، ئنجا داوای بەفریا کەوتن و هاوکاری و کۆمەکی لێ دەکرد.

هذه صورة مثال النعل النبوي الشريف (١)

على رأس هذا الكون نعل محمد ٭ علت فجميع الخلق تحت ظلاله
لدى الطور موسى نودي اخلع وأحمد ٭ على العرش لم يؤذن بخلع نعاله

مثال حكى نعلا لأشرف مرسل ٭ تمنت تقام الترب منه الفراقد
جبا بها السبع السماوات كلها ٭ غيارى وتيجان الملوك حواسد

مثال لنعل المصطفى ما أرى له ٭ لروحي به راح لعيني به كحل
فأكرم به تمثال نعل كريمة ٭ لها كل رأس ود لو أنه رجل

ولما رأيت الدهر قد حارب الورى ٭ جعلت لنفسي نعل سيده حصنا
تحصنت منه في بديع مثالها ٭ بسور منيع نلت في ظله الأمنا

إني خدمت مثال نعل المصطفى
لأعيش في الدارين تحت ظلالها
سعد ابن مسعود بخدمة نعله
وأنا السعيد بخدمتي لمثالها

- يوسف النبهاني -

وە ئەمە لەبەر چاوتەو دەیبینیت كە بانگەوازی كردنێكی ئاشكرایە بۆ شیرك و پەرستنی بت و پەیكەر، وە بەوەوە ناوەستێت كە دروست كراوێك بپەرسترێت و دوعاو پاڕانەوەو داوای یارمەتی و كۆمەكی لیّ بكرێت، بەڵكو پشت بە خەیاڵ دەبەستێت و نەعلەكانی پێغەمبەر ﷺ دروست دەكات و بانگی خەڵكیش دەكات بۆ پەرستنی، ئەمەش بۆ زیندوو كردنەوەی ڕێبازی سامری كە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت:

﴿فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا لَّهُۥ خُوَارٌ فَقَالُواْ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمْ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِيَ أَفَلَا يَرَوْنَ أَلَّا يَرْجِعُ إِلَيْهِمْ قَوْلًا وَلَا يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا﴾[1]، واتە: (سامری لە خشڵ و ئاڵتونە تواوەكان پەیكەری گوێرەكەیەكی دروست كرد خەڵكەكەش وتیان: ئەمە خواكەتانە، وە خوای موساشە كەئێستا چوەتە كێوی طورو بە دوایدا دەگەڕێت، وە ئایا ئەوانەی ئەو گوێرەكەیەیان دەپەرست نەیان دەزانی كە ئەگەر پرسیاریان لیّ كردبا ئەوا هیچ وەڵامێكی نەدەدانەوە؟ وە هەروەها هیچ قازانج و زەرەرێكیشی بەدەست نیە).

وە بۆمان هەیە لەم پیاوە بپرسین كە ئایا ئەو خەیاڵەی ئەو هەمان ئەو نەعلەیە كە پێغەمبەر ﷺ هەیبووە؟ وە ئاشكرایەو گومانی تێدا نیە كە شتێك نەبینرابێت هەرگیز بە خەیاڵ ناتوانرێت هەمان شت دروست بكرێتەوە.

بەڵام واللە ئەمە هەرچیەك بێت و هەرچۆنێك بێت، بەڵگەیەكی ڕوون و ئاشكرایە لەسەر كەم عەقڵی و گومڕایی و كەم نرخی ئەم پیاوەو هاوشێوەكانی، وە هەروەها بەكەم زانین و گاڵتە كردنێكی ئاشكرایە بە خەڵكی بەوەی كە شتی لەم شێوەیەیان بە گوێدا دەدەن و نیشانیانی دەدەن.

---

(١) سورة طه: (٨٨ - ٨٩).

# کامیان گومڕا ترن؟!

دیارە کە موشریکە کۆنەکان هاوبەشیان بۆ خوای گەورە دادەنا لە پەرستندا، بە پاڕانەوە لە بت و پەیکەرەکان وە ئومێدو هیوایان پێ هەبوون و دەیان کردن بە وەسیلەو شەفاعەتکار بۆ لای خوای پەروەردگار، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ ﴾[1]، واتە: (ئەوانەی کە غەیری خوای گەورەیان دەکرد بە شەفاعەتکار دەیان وت: خۆ ئێمە نایان پەرستین بەڵکو بۆ ئەوەیە کە لە خوامان نزیك بخەنەوە)، وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴾[2]، واتە: (وە پەرستن و عیبادەت بۆ غەیری خوای گەورە ئەنجام دەدەن کە نە زەرەریان لەسەر لادەبات و نە سودێکیشیان پێ دەبەخشێت، وە دەڵێن: ئەوانە شەفاعەتمان بۆ دەکەن لای خوا).

بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەوان بە بەردەوامی ڕانەهاتبون لەسەر ئەم حاڵە، بەڵکو هەندێك جار پاڕانەوەو ئومێدی تەواویان بە خوای گەورە هەبوو لە هەندێ بواردا:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَإِذَا رَكِبُواْ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ ﴾[3]، واتە: (ئەگەر ئەو موشریکانە سواری بەلەم دەبوون و دەریاکە شەپۆلی دەکرد، بە ئیخلاسەوە هاواریان دەکردە خوای گەورەو کاتێکیش خوای گەورە ڕزگاری دەکردن و دەیگەیاندنەوە وشکانی، لەو کاتەدا هاوبەش و شەریکیان بۆ خوای گەورە دادەنایەوە).

---

(١) سورة الزمر:(٣).

(٢) سورة يونس: (١٨).

(٣) سورة العنكبوت: (٦٥).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ تَدْعُونَهُۥ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً لَّئِنْ أَنجَىٰنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴾[1]، واتە: (بە موشریکەکان بڵێ: کێ ڕزگارتان دەکات لە نارەحەتیەکانی وشکانی و ناو ئاودا کاتێك توشتان دەبێت؟ وە لەو کاتەدا هاوار دەکەنە خوای گەورە بە دڵێکی زەلیل و مل کەچەوەو دەڵێن: ئەگەر لەو نارەحەتیە ڕزگارمان بکات ئەوا بەڕاستی ئێمە لە سوپاس گوزاران دەبین، بڵێ: خوای گەورە ڕزگارتان دەکات لە هەموو ئەمانە، بەڵام کاتێك ڕزگارتان بوو ئێوە سەر لە نوێ هاوەڵ و شەریك بۆ خوای گەورە دادەنێنەوە).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَٱلظُّلَلِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ فَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمَا يَجْحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ ﴾[2]، واتە: (وە کاتێك شەپۆلی دەریا وەك گەواڵەو هەورێکی تاریك دایدەپۆشین، ئەوا بە تەنهاو بە ئیخلاسەوە هاواریان دەکردە خوای گەورەو لێی دەپاڕانەوە تا ڕزگاریان بکات، وە کاتێکیش ڕزگارمان کردن و گەیاندمانن وشکانی، ئەوا بوون بە دوو کۆمەڵەوەو کۆمەڵێکیان وەك پێویست هەڵنەستان بە شوکر کردنی خوای گەورەو سوپاس گوزار نەبوون لەسەر نیعمەتەکانی، وە کۆمەڵێکیشیان کافر بوون و ئینکاری نیعمەتی خوای گەورەیان دەکرد، وە هیچ کەسێکیش ئینکاری نیعمەتی خوای گەورە ناکات تەنها کەسێك نەبێت کە کافرەو هەست بە نیعمەتەکانی خوای گەورە ناکات).

وە ئەمە حاڵی موشریکە کۆنەکان بوو لە عیبادەت کردونیان بۆ بت و پەرستراوەکانیان کە لە کاتی ئاساییدا لەگەڵ خوای گەورە دەیان پەرستن و دەیان کردن بە وەسیلەو

(١) سورة الأنعام: (٦٣ – ٦٤).

(٢) سورة لقمان: (٣٢).

شەفاعەتکار، وە کاتێکیش توشی ناڕەحەتی و بەڵا دەبوون لە بیریان دەچونەوەو پشتیان تێ دەکردن و بە تەواوی ڕوویان لە خوای گەورە دەکرد.

وە پێشتر بۆمان ڕوون بۆوە کە محمد العلوي بە تەواوی مانا کۆك و هاوڕایە لەگەڵ موشریکەکاندا لەو عیبادەتانەی کە بۆ بتەکانیان دەیانکرد، بەڵام با بزانین ئەو بەم کۆکی و هاوڕاییە واز دەهێنێت؟

بێگومان نەخێر، بەڵکو زۆر لەوان زیاتر کەوتۆتە ناو شیرك و کوفرو گومڕاییەوە، جا با زیاتر ڕوونی بکەینەوەو بزانین وایە؟!

محمد العلوي دەڵێت:

توجه رسول الله في كل حاجة لنا ومهم في المعاش و في القلب

وە هەروەها دەڵێت:

عليك سلام الله أنت ملاذنا لدى اليسر والإعسار والسهل والصعب

بەم شێوەیەو بە پێی قسەکانی هیچ پێویستیەك لە پێویستیەکانی بۆ خوای گەورە بەجێ نەهێشت، بەڵکو هەموو ئەوانەی بۆ پەرستراوەکەی خۆی داناو وازی لە پەروەردگاری جیهانیان هێنا.

وە هەروەها دەڵێت:

يا غياث الخلق يا ذا الفضل واجود والإحسان في بحر وبر

وە هەروەها دەڵێت:

فلأنت في الدني وفي الأخرى وفي كل المواطن عدتي وندائي

وە هەروەها دەڵێت:

واعطف علي بعفو منك يشملني فإني عنك يا مولاي لم أحد

ئەمەی سەرەوە بنچینەی کوفرو گومڕاییە، وە هەموو دوعاو هیواکانی دا بە پەرستراوەکەی و پەرستراوی حەق و تەنهای پشت گوێ خست و بێ بەشی کرد کە خوای گەورەو باڵا دەستە، وە نەك هەر پەرستراوەکەی خۆی نەکرد بە وەسیلەو

شەفاعەتکار" بەڵکو بە تەنهای دانا لە هەموو بوارەکانی پەرستنداو وازی هێنا لەو خوا باڵا دەستەی کە پەرستراوەکەی دەیپەرست.

وە لە پێشتر زانیمان کە شیرکی موشریکە کۆنەکان وانەبوو، بەڵکو ئەوان بتەکانیان دەکرد بە وەسیلە بۆ نزیك بونەوە لە خوای گەورەو خوای گەورەیان بە پەرستراوی گەورە دادەنا، بەڵام ئەم پیاوە گومڕایە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی و لە زۆر شوێن لەم دوو کتێبەیدا تەواوی عیبادەتی خۆی بۆ غەیری خوا دەردەبڕێت و واز لە پەرستنی خوای گەورە دەهێنێت، وە داوای هەموو پێداویستیەکانی خۆی لەو دەکات، وەك لەم شوێنانەدا کە دەڵێت: (توجه رسول الله في كل حاجة)، وە دەڵێت: (فلذ به من كل ما تشتكي)، وە لە هەموو کاتێکیشدا هاواری دەکردیّ، وەك دەڵێت: (ذا الفضل واجود والإحسان في بحر وبر)، وە دەڵێت: (أنت ملاذنا لدى اليسر والإعسار والسهل والصعب)، یان دەڵێت: (فلأنت في الدني وفي الأخرى وفي كل المواطن عدتي وندائي).

وە زۆر لەوەش زیاتر دەڵێت، بۆ نمونە: (عجل بإذهاب ألذي اشتكي فإن توقفت فمن ذا أسأل؟)، وە دەڵێت: (فإني عنك يا مولاي لم أحد)، وە دەڵێت: (هذا نزيلك أضحى لا ملاذ له إلا جنابك).

وە هەموو ئەو قسانەش کۆکەرەوەو وەرگێڕاوی یەك وشەن ئەویش (لا إله إلا أنت)!!!

کەوابوو کام لەم دوانە (موشریکە کۆنەکان یان محمد العلوی) زیاتر کەوتونەتە ناو شیرك و کوفرو گومڕایی و بەد بەختیەوە؟!! ئایا ئەوانەی کە بت و پەرستراوەکانیان دەپەرستن و دەیان کردن بە وەسیلەو شەفاعەتکار بۆ نزیك بونەوە لە خوای گەورە لە کاتی ئاساییدا، وە لە کاتی ناڕەحەتی و تەنگانەشدا خوای گەورەیان بە تەنها دەزانی و پەرستراوەکانیان بیر دەچوەوەو دەهاتنەوە سەر فیترەتی خۆیان و دەیان وت (لئن أنجانا من هذه لنكونن من الشاكرين)؟ یان ئەوەی کە هەموو دوعاو پاڕانەوەو هیواو ئومێدو گشت پەرستنەکان بۆ غەیری خوا ئەنجام دەدات، وە لە هەموو کات و ساتێکدا دڵ و ڕووی لەوەو بە تەواوی پشت بە غەیری خوای گەورە دەبەستێت؟

# بەشی دووەم:

# شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانان لە پەروەردگارێتیدا

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا کە شیرك و هاوبەش دانانی کۆن تەنها لە پەرستن و عیبادەتدا بوو، بەڵام لە پەروەردگارێتیدا (الربوبیة) ئەوان بڕوایان وابوو کە تەنها خوای گەورە دروستکارو ڕۆزی دەرو ژێنەرو مرێنەرەو بەڕێوەبردنی هەموو کاروبارەکان تەنها بە دەستی خوای پەروەردگارەو بەس، وە دانیان بە هەموو ئەمانەدا دەنا بەبێ هیچ گومان و دودڵیەك، هەروەك خوای پەروەردگار لە زۆر شوێن لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەو ڕاستیە دەكات، لەوانەش:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ﴾[1]، واتە: (وە ئەگەر پرسیاریان لێ بکرێت کە کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە، ئەوا دەیان وت: خوا دروستی کردوون).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ قُلْ مَن بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ﴾[2] واتە: (پێیان بڵێ: کێ پەروەردگاری هەر حەوت ئاسمانەکانە؟ وە کێ پەروەردگاری عەرشی گەورەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێن: خوای گەورە پەروەردگاری هەموو ئەمانەیە، ئنجا پێیان بڵێ: ئەی کەوایە بۆ لە خوای گەورەو تاك و تەنها ناترسن؟ وە هەروەها پێیان بڵێ: ئەی کێ خاوەنی هەموو ئەو شتانەیە کە لە گەردووندا هەنە لەوەی کە دەیانبینین و ئەوەش کە نایان بینین؟ وە هەر ئەو شەڕو بەڵاو ناڕەحەتی لەسەر بەندەکانی لا دەبات و کەس ناتوانێت ئەمانە لەسەر خۆی لاببات، وە هیچ کەس ناتوانێت بەبێ ئیزنی ئەو شەفاعەت بکات، لە وەڵامی ئەمەشدا دەڵێن: هەمووی بە دەستی خوای گەورەیە، ئنجا

(١) سورة لقمان: (٢٥).

(٢) سورة المؤمنون: (٨٦ - ٨٩).

تۆش پێیان بڵێ: ئەی کەوایە عەقڵ و ژیریتـان بـۆ کـوێ چـووەو بۆچـی بـە تـەنها خـوا ناپەرستن؟).

وە هــەروەها دەفــەرموێت: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴾[1]، واتــە: (زۆربەیان ئیمان و بڕوایـان بـە خـوای گـەورە نیـە، بـەڵکو موشـریکن و هاوبەشـیان بـۆ داناوە).

وە ابن عباس ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ئەوان بڕوایان وابوو کە پێیـان وترابـا: کێ ئاسمانی دروست کردووە؟ وە کێ زەوی دروست کردووە؟ وە کێ چیاکانی دروست کردووە؟ دەیان ووت: (الله)، لەگەڵ ئەوەشـدا موشـریك بـوون)، وە (مجاهـد) ڕەحمـەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (ئیمان لای ئەوان ئـەوە بـوو کـە بڵـێن: خـوا دروسـتکارمانە، وە ڕۆزی دەرو مرێنەرمانە، ئەوە ئیمانەکەیان بوو لەگەڵ ئەنجامدانی عیبـادەت بـۆ غـەیری خوای پەروەردگار)[2].

بەڵام ئەم پیاوە (محمـد العلـوي) هـەر بـەوەوە نەوەسـتاوە شـیرکی هـەبێت لـە بـواری عیبــادەت و پەرســتندا، بــەڵکو لــەوەش زیــاتر زۆر ســیفەتی خــوای گــەورە لــە پەروەردگارێتیدا دەداتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ و زۆر پێداگریشی لەسەر دەکات، بۆ نمونە:

١. لە وەصفی پێغەمبەردا ﷺ دەڵێت: (الخليفة الأكـبر، الممـد لكـل موجـود)[3]، واتە: (گەورەترین جێنشین و بەفریا کەوتوی هەموو بەدی هێنراوێك).

وە هەروەها دەڵێت: (حاڵی ئەوانەی سەردانی دەکەن جیاوازە بۆ سـوود وەرگرتنیـان و بەفریا کـەوتنیان لـەو سـەردانەیاندا لـە خـوای گـەورە بـەهۆی پێغەمبـەری هەڵبـژاردەو خۆشەویستیانەوە ﷺ)[4].

(١) سورة يوسف: (١٠٦).

(٢) تفسير ابن جرير (١٦/٢٨٦-٢٨٧).

(٣) الذخائر (ص٢٣٣).

(٤) شفاء الفؤاد (ص١١٣).

٢. وە هەروەها دەربارەی تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەر ﷺ دەڵێت: (توانیویەتی زەویەکان ببڕێت لە پێش کرانەوەیاندا، چونکە خوای گەورە هەموو زەوی کردووە بە موڵکی ئەو.........)[1].

بەڕاستی ئەمە شیرك و هاوەڵ دانانێکی ڕوون و ئاشکرایە لە پەروەردگارێتی خوای گەورەدا، چونکە ئەوەی کە خاوەنی ڕاستەقینەی زەویە تەنها خوای گەورەیەو بەس، وە بەڵگەش لەسەر ئەم ڕاستیە زۆرە، لەوانەش:

- ✓ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ ۗ وَأَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌ ﴾[2]، واتە: (بۆ ئەوانەی کارو کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن لە دونیادا، ئەوا خوای گەورە چاکەیەکی زۆریان لەگەڵدا دەکات بە پێی بەخشینی ڕزق و ڕۆزیەکی فراوان و دڵ و دەروونێکی ئاسودە، وە زەوی خوای گەورەش زۆر فراوانەو دەتوانن کە لە شوێنێك ڕێگریان کرد لە عیبادەت کردن بۆ خوای گەورە ئەوێ بەجێ بهێڵن و کۆچ بکەن بۆ شوێنێکی تر).
- ✓ وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّ أَرْضِى وَٰسِعَةٌ فَإِيَّٰىَ فَٱعْبُدُونِ ﴾[3]، واتە: (ئەی بەندەکانم ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە بەڕاستی زەوی من زۆر فراوانە، دە کەوایە بە تەنها من بپەرستن).
- ✓ وە هەروەها لەسەر زمانی عەبدو بەندەی خۆی پێغەمبەر صالح سەلامی خوای لێ بێت دەفەرموێت: ﴿ وَيَٰقَوْمِ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِىٓ أَرْضِ ٱللَّهِ ﴾[4]، واتە: (پێغەمبەر صالح سەلامی خوای لێ بێت بە قەومەکەی

---

(١) شفاء الفؤاد (ص٢٢٣).

(٢) سورة الزمر: (١٠).

(٣) سورة العنكبوت: (٥٦).

(٤) سورة هود: (٦٤).

وت: ئەی قەومەکەم ئەمە حوشترێکە لەلایەن خـواوەو بەڵگەیـە بـۆ ئێـوە لەسـەر پێغەمبەرایەتی من، وە وازی لێ بهێنن و دەستی بۆ درێژ نەکەن، وە با لـە زەوی خوای گەورەدا بلەوەڕێت و گژوگیا بخوات).

✓ وە هــەروەها دەفــەرموێت: ﴿ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ ٱسْتَعِينُوا۟ بِٱللَّهِ وَٱصْبِرُوٓا۟ إِنَّ ٱلْأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ﴾[1]، واتە: (موسا بە قەومەکەی وت: پشت بە خوا ببەستن و داوای کۆمەکی لەو بکەن و ئارام بگرن لەسەر ئەوەی کـە توشتان دێت، وە بەڕاستی زەوی موڵکی خوایەو دەیبەخشێت بـەو بەندانـەی کـە خۆی ئارەزووی لێیەتی).

وە هەروەها لـە زیـاتر لـە (٣٠) شـوێن لـە قورئـانی پـیرۆزدا خـوای گـەورە موڵکیـەت و خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی کە تیایدایەتی تەنها بۆ خۆی بڕیـار دەدات و دەیداتـە پـاڵ خـۆی، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾[2]، واتە: (ئایا نازانی کە مـوڵکی ئاسمانـەکان و زەوی هـەمووی هی خوای پەروەردگارە).

وە هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ لِّلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ﴾[3]، واتـە: (ئـەوەی لـە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەمووی موڵکی خوای گەورەیە).

وە هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ قُل لِّمَن مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ قُل لِّلَّهِ ﴾[4]، واتـە: (بـەو کافرە موشریکانە بڵێ: ئایا ئەوەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە هی کێیە؟ پێیان بڵێ: تەنها هی خوای پەروەردگارە).

---

(١) سورة الأعراف: (١٢٨).

(٢) سورة البقرة: (١٠٧).

(٣) سورة البقرة: (٢٨٤).

(٤) سورة الأنعام: (١٢).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾[(١)]، واتە: (ئەوەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە هەمووی موڵکی خوایەو هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێتەوە).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَمَا تَحْتَ ٱلثَّرَىٰ ﴾[(٢)]، واتە: (ئەوەی کە لە ئاسمانەکان و زەوی و لە نێوانیاندایەو ئەوەش کە لە ژێر زەویە هەر هەمووی موڵکی خوای گەورەیە).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾[(٣)]، واتە: (کلیل و گەنجینەکانی ئاسمانەکان و زەوی هەمووی هی خوای پەروەردگارن).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَلِلَّهِ خَزَآئِنُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَفْقَهُونَ ﴾[(٤)]، واتە: (گەنجینەو خەزێنەی ئاسمانەکان و زەوی هەموویان هی خوای پەروەردگارن، بەڵام مونافیق و دوو ڕووەکان لێی تێناگەن).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُۥ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ ﴾[(٥)]، واتە: (بەو موشریکانە بڵێ: بانگ کەن و هاوار بکەنە ئەوانەی کە جگە لە خوای گەورە هاواریان دەکەنێ و لێیان دەپاڕێنەوە، وە بەڕاستی ئەوانەی ئێوە هاواریان دەکەنێ و لێیان دەپاڕێنەوە بە ئەندازەی گەردیلەیەکیشیان لە ئاسمانەکان و زەوی بە دەست نیە، بەڵکو هەمووی هی خوای پەروەردگارەو ئەوان هیچ هاوبەشی و شەراکەتێکیان نیە لەگەڵ خوای گەورەو هیچیان پێ ناکرێت).

---

(١) سورة آل عمران: (١٨٠).

(٢) سورة طه: (٦).

(٣) سورة الزمر: (٦٣).

(٤) سورة المنافقون: (٧).

(٥) سورة سبأ: (٢٢).

بـە پێـی ئـەم ئایەتـە پیرۆزانـەی قورئـانی پـیرۆز بۆمـان دەركـەوت كـە هەرچـی لـە ئاسمانەكان و زەوی و ئەوەی كە لە نێوانیاندایە، هەمووی موڵكی خوای گەورەیەو هیچ هاوبەش و شەریكێكی نیەو بە تەنها درستكارو بەڕێوەبەری هەموویانە.

بۆیە هەر كەسێك گومان ببات و پێی وابێت كە هەر كەسێك لە دروست كراوەكـان تـەنها یەك گەردیلەی بـە دەسـتەو بەشـدارە لەگـەڵ خـوای پـەروەردگاری دروسـتكاردا، ئـەوا بەڕاستی شیرك و هاوبەشـێكی ڕوون و ئاشـكرای دانـاوە، وە درۆو بوهتـانێكی گـەورەی كردووە، وە هەروەها ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز كە ووتەی خوای پەروەردگارن بـە درۆ دەزانێت، ئەی چ جای ئەوەی كەسێك وا گومان ببات و پێی وابێـت كـەوا هـەموو زەوی موڵكی ڕاستەقینەو تەواوی دروست كراوێكە؟!!

وە بەسە بۆ ئەو پیاوە كە ئەوەندە زاڵم و ستەمكار بێت و كافر بێـت بـەو شـتەی كـەوا بت پەرستە كۆنەكان بڕوایان پێـی هـەبوو، ئەوانـەی كـە قورئـان شـاهێدیان بـۆ دەدات دەربارەی دان پیادا نانیان بە پەروەردگارێتی دروستكارو خاوەندارێتی تەواوی بەسـەر زەوی و هەموو ئەو شتانەی كە تیایەتی، وەك خـوای گـەورە دەربارەیـان دەفـەرموێت: ﴿ قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴾[1]، واتـە: (بەوانـە بڵـێ كـە بڕوایان بـە زینـدوو بونـەوە نیـە: ئایـا زەوی و ئەوەی كە تیایدایەتی مـوڵكی كێیـە؟ لـە وەڵامـدا دەڵـێن: هـی خـوای گەورەیـە، تـۆش پێیان بڵێ: دەی كەوایە بۆ بیر ناكەنەوەو بە تەنها ئەو ناپەرستن؟).

وە ئەگەر خوای گەورە لە كارو شتێكی كەم بایەخدا خۆی بـێ شـەریك و بـێ پێویـست بزانێـت، كـە ئـەویش زەوی دونیای بڕاوەیـە، كـە لای خـوای گـەورە باڵـە مێشولەیەك ناهێنێت، ئەی دەبێت دەربارەی زەوی نەبڕاوەو بێ كۆتایی بەهەشت چۆن بێت؟!

بێگومان بەهەشتیش بە هەمان شێوە چەندەها ئایەتی لەسەرە كە هەمووی بە دەسـتی خوای گەورەیـەو هـەر ئـەو خاوەنیـەتی، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ تِلْكَ ٱلْجَنَّةُ

(١) سورة المؤمنون: (٨٤ – ٨٥).

﴿ ٱلَّتِى نُورِثُ مِنْ عِبَادِنَا مَن كَانَ تَقِيًّا ﴾[1]، واتە: (ئەو بەهەشتەی کە ئامادەمان کردووە دەیبەخشین بەو بەندە چاکانەمان کە لە خوا ترسن و تەقوای خوای گەورە دەکەن).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَقَالُوا۟ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ ۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴾[2]، واتە: (کاتێک ئیمانداران دەچنە بەهەشتەوە دەڵێن: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ئەو بەڵێنەی پێی دابووین هاتە دی و خستینیە ناویەوە، وە کردینی بە میرات گری زەوی بەهەشت و لەهەر شوێنێکی ئارەزومان لێی بێت لێی نیشتەجێ دەبین، بەڕاستی ئەوەش باشترین پاداشتی ئەوانەیە کە کردەوەی چاکیان ئەنجام دەدا لە دونیادا).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً فَٱدْخُلِى فِى عِبَٰدِى وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ﴾[3]، واتە: (ئەی نەفسی پاک و چاک و ئارام گرتوو، بگەڕێوە لای پەروەردگارت کە هەموو نیعمەتەکانی خۆی بەسەردا ڕشتی، وە ڕازی بە هەموو ئەو نیعمەتانەو لەو پاداشتەی کە بۆت ئامادە کراوە، بچۆرە ناو بەندە چاکەکانمەوەو ناو بەهەشتەکەمەوە).

٣. وە هەر دەربارەی تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەر ﷺ دەڵێت: (وە زانیاری هەموو شتێکی پێدراوە، تەنانەت ڕۆح و ئەو پێنج شتەش کە لە ئایەتی ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ ....... ﴾)[4].

وە هەر لە شوینێکی تردا دەربارەی پێغەمبەر ﷺ دەڵێت: (وە هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان ژیان و مردنیدا لە بینینی ئوممەتەکەی و زانین و ئاگادار بوونی لە کاروباریان و

---

(١) سورة مريم: (٦٣).

(٢) سورة الزمر: (٧٤).

(٣) سورة الفجر: (٢٧ – ٣٠).

(٤) الذخائر (ص٢٥)، والآية في سورة لقمان: (٣٤).

نیەت و هەموو ئەو شتانەی کە دەیکەن و دەیانەوێت بیکەن، وە ئەوەش لەلای مـن زۆر ڕوونەو هیچ گومانێکی تیادا نیە)[١].

گومانی تیادا نیە کە ئەم بۆچونەشی شـیرك و هـاوەڵ دانـانێکی زۆر ڕوون و ئاشـکرایەو هـیچ تەمومـژێکی لەسـەر نیـە، وە دزایـەتی کردنـی خـوای گەورەیـە لـە گـرنگترین ئـەو سیفەتانەی کە هەیـەتی، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْأَرْحَامِ ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌۢ بِأَىِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌۢ ﴾[٢]، واتە: (لەو شتانەی کـە زانیـاری دەربارەیـان تەنها خوای گەورە دەیزانێت ئەو پێنج شتەیە کە خوای گەورە باسیان دەکات و جگـە لە خۆی هیچ کام لە دروست کراوەکانی نایزانن، ئەوانیش: هـاتنی ڕۆژی قیامـەت تـەنها خـۆی دەیزانێـت، وە هـەر ئـەویش دەزانێـت بـاران کـەی دەبارێـت و وە ئـەوەی هـەڵی گرتووە خێرو بەرەکەتە یان بەڵاو موصیبەتە، وە هەر ئەویش دەزانێت کە ئەوەی لەناو ڕەحمی ئافرەتدایە نێرە یان مێ، وە کەسێکی باش دەردەچێت یان خـراپ، وە هـیچ کەسێکیش نازانێت کـە بـەیانی چـی دەکـات و چـی بەسـەر دێـت، وە هـیچ کەسـێکیش نازانێت کە لە کوێ و لەسەر چ زەویەك دەمرێت، بەڕاستی هەر خـوای گـەورە شـارەزاو بە ئاگایە بە هەموو شتێك).

وە ئەمانـەش کلیلـی زانیاریـەکانی غـەیبن کـە تایبـەتی خـوای گـەورەن و تـەنها خـۆی شـارەزایانەو دەیـان زانێـت، وەك دەفـەرموێت: ﴿ وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ ۚ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴾[٣]، واتە: (وە کلیلـەکانی غـەیب و زانیـاری

---

(١) شفاء الفؤاد (ص٧٩-٩٧).

(٢) سورة لقمان: (٣٤).

(٣) سورة الأنعام: (٥٩).

بوون دەربارەیان تەنها لای خوای پەروەردگارەو هیچ کەسێك نایانزانێت تەنها ئەو نەبێت، وە هەر ئەویش دەزانێت کە چی لە وشکانی و ناو دەریاکاندا هەیە، وە گەڵای هەر درەختێك هەڵدەوەرێت ئەوا خوای گەورە پێی ئاگادرە، وە دەنکی هەر بەرهەم و کشتوکاڵێکیش کە لە تاریکایی زەویدایەو هەر بەرهەمێکی تەڕو وشکیش هەر هەمووی زانیاریەکانی لای خوای گەورەن و لە (لوح المحفوظ)دا نوسراوە)، وە کە دەفەرموێت: (لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ) ئەوە زۆر ڕاشکاوانە نەفی زانینی ئەو زانیاری و شتە پەنهانانە دەکات لە جگە لە زاتی گەورەو دەسەڵات داری خۆی لە فریشتەو نێردراوەکانی.

وە هەروەها خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ﴿ قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴾[1]، واتە: (بڵێ ئەی محمد: هەر شتێك کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە غەیب نازانێت تەنها خوای گەورەو باڵا دەست نەبێت، وە ناشزانن کەی زیندوو دەکرێنەوە).

وە لەوەش ڕاشکاوانەتر خوای پەروەردگار دەربارەی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ﴿ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ ۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ۚ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴾[2]، واتە: (بڵێ: من ناڵێم کە خەزێنەو کلیلەکانی ڕزق و ڕۆزی خوای گەورە لای منن، وە من هیچ شتێکیش لە غەیب نازانم، وە ناشڵێم من فریشتەم، وە تەنها شوێن ئەوە دەکەوم کە بە وەحی بۆم هاتووەو خەڵکیشی بۆ لا بانگ دەکەم، وە پێیان بڵێ: ئایا ئەو کەسەی کە نابینایە وەك ئەو کەسە وایە بەرچاو ڕوونەو ڕاست و چەپی خۆی لێك جیا دەکاتەوە؟ ئەی بۆ بیر ناکەنەوەو بە هۆش خۆتان نایەنەوە؟).

---

(١) سورة النمل: (٦٥).

(٢) سورة الأنعام: (٥٠).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعٗا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ وَلَوۡ كُنتُ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ﴾[1]، واتە: (بڵێ ئەی محمد: بەڕاستی من هیچ قازانج و زەرەرێکم بۆ نەفسی خۆم بەدەست نیە تەنها ئەوە نەبێت کە خوای گەورە دەیەوێت، وە ئەگەر من غەیبم زانیبایە ئەوا خێرم بۆ خۆم زیاد دەکردو بەڵاو شەڕیشم لە خۆم دوور دەخستەوە، بەڕاستی من تەنها وریاکەرەوەو مژدەدەرم بۆ ئیمانداران).

وە هەروەها دەربارەی (ڕۆح)یش ئەوا گوێ بیستی ووتەی یەکلا کەرەوەی خوای گەورە ببە کە دەفەرموێت: ﴿وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا﴾[2]، واتە: (وە پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ڕۆح، تۆش پێیان بڵێ: بەڕاستی ڕۆح وەك هەموو دروستکراوەکانی تر دروستکراوی خوای گەورەیەو لەژێر فەرمانی ئەودایە، وە ئێوەش تەنها کەمێك زانیاری نەبێت هیچی ترتان پێ نەدراوە).

وە هەروەها دەربارەی کاتی ڕۆژی دوایی دەفەرموێت: ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرۡسَىٰهَاۖ قُلۡ إِنَّمَا عِلۡمُهَا عِندَ رَبِّيۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقۡتِهَآ إِلَّا هُوَۚ ثَقُلَتۡ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَا تَأۡتِيكُمۡ إِلَّا بَغۡتَةٗۗ يَسۡـَٔلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنۡهَاۖ قُلۡ إِنَّمَا عِلۡمُهَا عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ﴾[3]، واتە: (پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی هاتنی ڕۆژی دوایی و دەڵێن کەی ڕوو دەدات؟ تۆش پێیان بڵێ: بەڕاستی زانینی کاتی ڕوودانی تەنها خوای گەورە دەیزانێت و هیچ کەسێکی تر زانیاری نیە دەربارەی و زانینی ئەو کاتە زۆر گران و قورسە لەسەر ئاسمانەکان و زەوی، وە بە کتوپڕی دێت و کەس ناتوانێت لەو کاتەدا خۆی بۆ ئامادە بکات، وە وا پرسیار لە تۆ دەکەن وەك ئەوەی کە تۆ زۆر بە دوای ئەو پرسیارەدا

---

(١) سورة الأعراف: (١٨٨).

(٢) سورة الإسراء: (٨٥).

(٣) سورة الأعراف: (١٨٧).

بگەڕێیت و نازانن کە تۆ لەگەڵ ئەو هەموو باوەڕە تەواوەی کە خوا هێناوتە زۆر خۆت بەو پرسیارەوە گرفتار ناکەیت و بیری لێ ناکەیتەوە، چونکە دەزانیت کە ئەوە هیچ کەسێك نایزانێت تەنها خوای گەورە خۆی نەبێت، بۆیە پێیان بڵێ: زانیاری بوون بەو ڕۆژە تەنها خوای گەورە دەیزانێت).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ يَسْـَٔلُكَ ٱلنَّاسُ عَنِ ٱلسَّاعَةِ ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ تَكُونُ قَرِيبًا ﴾[1]، واتە: (خەڵکی پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ڕۆژی قیامەت، تۆش پێیان بڵێ: تەنها خوای گەورە زانیاریەکانی ئەو ڕۆژە دەزانێت، وە هاتنی ڕۆژی قیامەت و زانینی کاتەکەی کە زوو دێت یان درەنگ ئەوەندە گرنگ نیە بە ئەندازەی ئەوەی کە مرۆڤ لەو ڕۆژەدا ڕزگاری دەبێت و دەچێت بۆ بەهەشت، یان شایانی سزاو عەزابەو دەخرێتە دۆزەخەوە).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ۝ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ۝ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ۝ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ مَن يَخْشَىٰهَا ﴾[2]، واتە: (پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی قیامەت کە کەی دێت، ئایا زانینی کاتی هاتن و ڕوودانی چ سودێکی هەیە بۆتان، بەڵکو سودەکەی لەوەدایە کە بە نهێنی بمێنێتەوەو خۆتانی بۆ ئامادە بکەن، وە زانینی کاتی ڕوودانی هەر لای خوای گەورەیە بە تەنها، وە تۆ تەنها ترسێنەرو وریا کەرەوەی بۆیان، وە هەر ئەو وریا کردنەوەیەش سودو قازانجی تیادایە بۆ ئەوان).

ئەوەبوو خوای گەورە بۆی ڕوون کردینەوە کە عەبدو نێردراوەکەی ﷺ دەربارەی کاتی هاتنی قیامەت و ڕۆح هیچ شتێك نازانێت و فەرمانی پێ دەکات کە تەنها ئەو شتانە ڕابگەیەنێت کە خۆی فەرمانی پێ کردووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پیاوە ئایەتی خوای گەورە بە درۆ دەزانێت و ڕەخنە لە فەرمان و حوکمی خوا بگرێت!!!

---

(١) سورة الأحزاب: (٦٣).

(٢) سورة النازعات: (٤٢ – ٤٥).

وە چـەندەها فـەرمودەی صـەحیحیش لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ گێڕدراونەتـەوە كـە هەموویان ئەوە دەردەخەن كـەوا پێغەمبـەر ﷺ هـیچ شـتێك لـە غـەیب و لەوانـەی كـە باسمان كردن نازانێت، بەڵام لەبەر درێژبونەوەی بابەتەكە فەرمودەكان باس ناكـەین و بە ئایەتەكان كۆتایی پێ دەهێنین، وە كەسێكیش بە ئایەتـەكان بڕوا نـەكات كـە هـیچ گومانێـك ناهێڵنـەوە، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە بـە فـەرمودەكانیش بـڕوا ناكـات، وە وەك وتوشیانە: ئەو كەسە كەسە یەك حەرفی بەسە.

## ووتەی پێشینە چاکەکان سەبارەت بە عیلمی غەیب

جگە لەم هەموو ئایەت و فەرمودانەی کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە زانیاری بوون دەربارەی (غەیب) هەمووی لای خوای پەروەردگارە، وا باشە ئاماژە بە ووتەی پێشەوایانیش بدەین کە هەموویان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە هیچ یەکێك لە دروست کراوەکانی خوای گەورە، تەنانەت فریشتەو پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لێ بێت کەم و زۆر زانیاریان نیە دەربارەی غەیب تەنها ئەوە نەبێت کە خوای گەورە خۆی پێی ڕاگەیاندون و فێری کردوون، لەو ووتانەش:

أ. دایکی ئیمانداران (عائشة) ڕەزای خوای لێ بێت:

بە صەحیحی لێوەی گێڕدراوەتەوە کە فەرمویەتی: (من حدثك أنه يعلم ما في غد فقد كذب) ثم قرأت: ﴿وَمَا تَدۡرِي نَفۡسٞ مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗا﴾)[1] ، وفي لفظ: (من حدثك أنه يعلم الغيب فقد كذب)[2] ، واتە: (هەر کەسێك پێی وتی کەوا پێغەمبەر ﷺ دەزانێت بەیانی چی ڕوو دەدات، ئەوا بەڕاستی ئەو کەسە درۆ دەکات) پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَمَا تَدۡرِي نَفۡسٞ مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗا﴾، وە لە ووتەیەکی تردا: (هەر کەسێك پێی وتی کەوا پێغەمبەر ﷺ غەیب دەزانێت، ئەوا بەڕاستی ئەو کەسە درۆ دەکات).

ب. پێشەوا ابن کثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت:

لە تەفسیری ئایەتی ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرۡسَىٰهَاۖ قُلۡ إِنَّمَا عِلۡمُهَا عِندَ رَبِّي﴾دا دەڵێت: (خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات کە ئەگەر پرسیاریان لێ کرد دەربارەی کاتی قیامەت، ئەوا ئەم زانیاری و ئاگا لێ بونە بگێڕەوە بۆ لای خوای گەورە، چونکە

---

(١) صحيح: متفق عليه، اللؤلؤ والمرجان (٤١/١).

(٢) صحيح: أخرجه البخاري (٤٦١/١٣).

بەڕاستی هەر ئەو بە تەنها کاتەکەی دەزانێت و دەزانێت کەی ڕوو دەدات، وە ئەمەش هیچ کەس نایزانێت تەنها ئەو نەبێت)[١].

ج. پێشەوا ابن حجر العسقلاني ڕەحمەتی خوای لێ بێت:

ابن حجر لە شەرحی چیرۆکی خضر لەگەڵ موسی سەلامی خواییان لێ بێت و دەربارەی ئەو پرسیارانەی کەوا خضر لە موسای دەکات تا بیناسێت، دەڵێت: (ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت و ئەوانەش کە لە خوار پلەی ئەوانەوەن هیچ شتێك دەربارەی غەیب نازانن تەنها ئەوە نەبێت کە خوای گەورە فێری کردون، چونکە ئەگەر خضر هەموو غەیبی زانیبایە ئەوا موسای دەناسی پێش ئەوەی پرسیاری لێ بکات)[٢].

وە وتەی پێشەوایان و زانایان زۆر لەوە زیاترە کە بهێنرێنەوە بۆ پوچەڵ کردنەوەی شوبهەکانی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی، بەڵام بەوەندە کۆتایی دەهێنین و بۆ زانیاری زیاتر دەتوانیت بگەڕێیتەوە سەر تەفسیرەکانی قورئان و شەرحی فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ.

٤. وە یەکێکی تر لەو تایبەتمەندیانەی کە تایبەتی پێغەمبەرە ﷺ بە گومانی خۆی، ئەوەیە کە دەڵێت: (بەڕاستی ئەو گوێ بیستی جوڵەی مێواشی باڵەکانی جبریل دەبوو لە کاتێکدا زۆر دوور بوو لە (سدرة المنتهى)، وە هەروەها بۆنی ئەوی دەکرد کاتێك ڕووی تێ دەکرد بۆ هێنانی وەحی)[٣].

وە هەروەها دەڵێت : (ئەی ئەو کەسەی بانگی دەکەین و گوێی لێمانە لەگەڵ دووری ماوەی نێوانیشمان ئەو نزیك نزیك دەیبستێت)[٤].

---

(١) تفسير ابن كثير (٢/٢٧٢-٢٧٣).

(٢) فتح الباري (١/٢٢٠).

(٣) الذخائر (ص٢٢٨).

(٤) شفاء الفؤاد (ص٢١٢).

بەسە بۆ وەڵامی ئەم زیادەڕەویانە كە بوترێت: ئەم درۆو بوهتان و قسە بیّ بنـچینانەت لە كوێوە هێناوە كە پێغەمبەر ﷺ گوێی لە جوڵـەی هێواشـی باڵـەكانی جبریـل بـووەو بۆنی ئەوی كردووە، لە كاتێكدا ئەو لە (سدرة المنتهى) بووە؟

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ إِنَّمَا يَفْتَرِي ٱلْكَذِبَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ ﴾[1]، واتــە: (ئەوانــەی درۆو بوهتــان بــڵاو دەكەنــەوە ئەوانەن كە ئیمان و بڕوایان بە ئایەتەكانی خوای گەورە نیە، وە هەر ئەوانە درۆزنن).

وە ئەو سیفەتی بیستنەش كە دەیداتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ ئەوە تەنها شایستەی خـوای پەروەردگارەو هەر ئەو ئاستی بیستنی بەم شێوەیە فراوانـە، وە هـەر بـۆ ئـەویش وەك یەك وایە ئەو شتەی كە دەیبیستیّ كە زۆر لە نزیكەوە بێت، یـان لـەو پـەڕی دوورییـەوە بێت، یان ئەو قسەیە بە ئاشكرا بكرێت یان بە نهێنی، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت:

﴿ سَوَآءٌ مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ ٱلْقَوْلَ وَمَن جَهَرَ بِهِۦ وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍۭ بِٱلَّيْلِ وَسَارِبٌۢ بِٱلنَّهَارِ ﴾[2]، واتـە: (هـەر یـەكێكتان قـسەیەك دەربـبڕێـت یـان بیـشارێتەوە، یـان هـەر گیانلەبەرێك بە تاریكایی شەو خۆی بشارێتەوە یان لەبەر ڕوناكی خـۆردا خـۆی ئاشـكرا بكات، لە لای خوای گەورە وەك یەك وایەو ئاگای لە هەموویان هەیە).

وە هـــەروەها دەفـــەرموێت: ﴿ قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴾[3]، واتە: (ئەی محمد: خـوای گـەورە قـسەی ئـەو ئافرەتەی بیست كە لەگەڵتدا كەوتبووە گفتوگۆو سـكاڵای خـۆی بـۆ لای خـوای گـەورە بەرز كردەوە، خوای گەورەش گفتوگۆكەی بیست و بەڕاستی خوای گەورە زۆر بیـسەرو بینـەرە).

(١) سورة النحل: (١٠٥).

(٢) سورة الرعد: (١٠).

(٣) سورة المجادلة: (١).

وە هەروەها دایکە عائشە ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێت: (سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بیستنی فراوانەو هەموو دەنگێك دەبیستێت، بەڕاستی گفتو گۆیەك ڕوویدا لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ و قسەی دەکرد، وە من لە گۆشەیەکی ماڵەکە بووم نەم دەبیست کە ئەوان چی دەڵێن، کەچی خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿ قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوْجِهَا ...... ﴾.

وە هەر دەربارەی ئەم ڕوداوەو لە ووتەیەکی تردا دەڵێت: (گەورەیی بۆ ئەو خوایەی کەوا بیستنی فراوانەو هەموو شتێك دەبیستێت، کەچی من هەندێ لە قسەکانی خەولەی کچی ثەعلەبەم دەبیست و هەنێکیشیم نەدەبیست)[1].

وە ئەم دوو سیفەتەش کە سیفەتی (بیستن و نزیك بونن) لە سیفەتە گەورەو بەرزەکانی خوای پەروەردگارن و تەنها شایان و شایستەی ئەون و بە هیچ شێوەیەکیش سیفەتی کورت و کەم توانای دروست کراوەکان لە هی خوای گەورە ناچن، وە باسی ئەم دوو سیفەتەش لە فەرمودەی صەحیح و قورئانی پیرۆزدا زۆر هاتووە.

بۆ نمونە کاتێك پێغەمبەر ﷺ گوێی لە هاوەڵان بوو بە دەنگی بەرز (الله أكبر)یان دەکرد، پێی فەرموون: (بەڕاستی ئێوە بانگی کەسێکی کەڕو غائیب ناکەن، بەڵکو بانگی کەسێك دەکەن کە زۆر بیسەرەو نزیکەو لەگەڵتاندایە)[2].

وە سیفەتی نزیکی (القرب) بە تەنهایی لە قورئاندا هاتووە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ﴾[3]، واتە: (ئەگەر عەبدەکەم داوام لێ بکات و لێم بپاڕێتەوە، ئەوا بەڕاستی من زۆر نزیکم، وە وەڵامی ئەو کەسە دەدەمەوە کە هاوارم دەکاتێ و لێم دەپاڕێتەوە).

---

(١) صحيح: أخرجه البخاري تعليقاً (١٣/٣٧٢)، وانظر تفسير ابن كثير (٤/٣١٨).

(٢) صحيح: متفق عليه، اللؤلؤ والمرجان (٣/٢٢٧).

(٣) سورة البقرة: (١٨٦).

وە لێرەدا دەڵێم: باشە کەسێك گوێی لـە جوڵـەی هێواشـی باڵـەکانی جبریـل ببێـت لـە کاتێکدا ئەو لە (سدرة المنتهى) بووەو زۆریش لێی دوور بووە، ئـەی باشـە دەبێـت چـۆن ئەو قسەو ووتانە نەبیستێت کە بە چەندان قات زیاتر لەوە لێوەی نزیك بووە؟!

بۆ وەڵامی ئەمەش با سەیری ئەم بەسەرهاتە بکـەین کـە عمرانـی کـوڕی حـصین ڕەزای خوای لێبێت باسی بەسەرهاتی خـەو لێکـەوتنی پێغەمبـەر ﷺ و هـاوەڵانی دەکـات لـە سەفەرێکیاندا کـە بەخەبـەر نـەهاتوون بـۆ نوێـژی بـەیانی تیایـدا دەڵێـت: (هـیچ شـتێك خەبەری نەکردینەوە تەنها گەرمای تیشکی خۆرەکە نـەبێت، وە پێغەمبـەر ﷺ کاتێـك خەوت بە خەبەر نەهات هەتا ئەو بەخەبەری نەهێنا، وە ئێمەش نەمان دەزانی چـی لـە خەوەکەی ئەودا ڕووی داوە، وە کاتێك کە (عمر) ڕەزای خوای لێ بێت خەبەری بـۆوە، وە بـینی کـە ئـەم خەڵکـە توشـی چـی بـوون، (الله أكـبر)ی کـردو دەنگـی خـۆی بـەرز کردەوە، وە بەردەوام (الله أكبر)ی دەکردو دەنگی خۆی بەرز دەکردەوە تا ئەو کاتـەی کە پێغەمبەر ﷺ بە دەنگی ئەو بەخەبەر هات)[1].

کەواتە: ئەگەر پێغەمبەر ﷺ گوێی لە (الله أكـبر)ی (عمـر) نـەبوبێت ڕەزای خـوای لـێ بێت تەنها دوای ئەو کاتە نەبێت کەوا دەنگی زیاتر بەرز کردۆتەوە، ئەوە لە کاتێکدا کە (عمر) ڕەزای خوای لێ بێت لە تەنیشتیەوە بـووە، ئـەی چـۆن گـوێی لـە دەنگـی ئـەو کەسە دەبێت کە لە دورەوە بانگی دەکات و هاواری دەکاتێ و لێی دەپاڕێتەوە؟!!

وە جارێکیـان (جبریـل) سـەلامی خـوای لـێ بێـت هـات بـۆ لای پێغەمبـەر ﷺ لەسـەر شێوەی کەسێکی ئەعرابی و چۆکەکانی نوساند بە چۆکی پێغەمبەرەوە ﷺو پرسیاری لێ کردو قسەی لەگەڵدا کردو دواتر ڕۆیشت، کەچی پێغەمبـەر ﷺ (جبریـل)ی نەناسـی تا ئەو کاتەی کە بەجێی هێشت.

(١) صحيح: رواه البخاري (١/٤٤٧)، ومسلم (٦٨٢).

ابن حجر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (ئەم ڕیوایەتانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ (جبریل)ی نەناسیوە تەنها لە کۆتایی کاتەکەدا نەبوبێت)[١].

٥. وە هەروەها ئەم پیاوە لە مەدحی پێغەمبەردا ﷺ دەڵێت:

بنور رسول الله أشرقت الدنيا ففي نوره كل يجئ ويذهب[٢]

واتە: (بە نوری پێغەمبەری خوا ﷺ دونیا ڕووناك بۆتەوە، وە بە هۆی نوری ئەوەوە هەموو شتێك دێن و دەڕۆن).

وە هەروەها دەڵێت:

أنت سر الله والنورُ الذي سار موسى نحوه في طور سنين[٣]

فهو نور لا يسامى إنه قبس من نور رب العالمين

كيف لا والسيد الهادي به يغمر الدنيا بنور مستبين[٤]

هیچ گومانی تیادا نیە کە بەڕاستی ئەمەش لادانی ئەم سیفەتەیە لە خوای گەورەو دەیداتە پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ کە دروست کراوی خوای گەورەیە، وە هەروەك چۆن خوای گەورە خۆی بەم سیفەتە وەصف دەکات، بە هەمان شێوەش پێغەمبەر ﷺ بەو سیفەتەی خوای گەورە وەصف دەکات، وە قسەی ئەم پیاوەش بە درۆ زانینێکی ڕاستەوخۆی فەرمودەکانی خواو پێغەمبەری خۆشەویستمانە ﷺ.

ئەوەتا خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا خۆی بە نور وەصف دەکات و دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشۡكَوٰةٖ فِيهَا مِصۡبَاحٌۖ﴾[٥]، واتە: (خوای گەورە نورو ڕۆشنایی ئاسمانەکان و زەویە، وە وێنەی نورەکەی وەك تاقێك وایە کە چرایەکی گەورەی تیادا بێت).

---

(١) فتح الباري (١/١٢٥).

(٢) شفاء الفؤاد (ص٢٠٥).

(٣) لە کتێبەکەدا نوسراوە (في طور سين).

(٤) شفاء الفؤاد (ص٢٣٢).

(٥) سورة النور: (٣٥).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا ﴾[١]، واتە: (وە زەوی ڕووناك و ڕۆشن بۆوە بە نوری پەروەردگاری)، کەچی ئەم پیاوەش دەڵێت: (بە نوری پێغەمبەر ﷺ دونیا ڕووناك بۆتەوە)!!!

وە هەروەها لە فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە کە ابن عباس دەیگێڕێتەوەو دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر ﷺ لە شەودا هەڵدەستا بۆ ئەوەی شەونوێژ بکات دەیفەرموو: (اللهم لك الحمد أنت نور السموات والأرض.....)[٢]، واتە: (خوایە گیان سوپاس و ستایش بۆ تۆ، وە تۆ نوری ئاسمانەکان و زەویت).

وە هەروەها لە ئەبو ذەرەوە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: پرسیارم لە پێغەمبەر ﷺ کرد، ئایا پەروەردگارت بینی؟ ئەویش فەرموی: (نور أنی أراه)، وفي لفظ: (رأيت نوراً)[٣]، واتە: (نورەو چۆن ببینم)، وە لە ووتەیەکی تردا: (نورێکم بینی).

(١) سورة الزمر: (٦٩).

(٢) صحيح: متفق عليه اللؤلؤ والمرجان (١/١٤٧).

(٣) صحيح: أخرجه مسلم (١٧٨).

# بەشی سێیەم:

# هاوبەش بۆ خوا دانان لە ناوو سیفەتە جوانەکانیدا

ئەم پیاوە هەر بەوە نەوەستاوە کە شیرك و هاوبەش بۆ خوای گەورە دابنێت لە سیفەت و کردارەکانیدا، بەڵکو شیرکی گەورەترو کوفری زیاتریشی کردووە، وە خۆی گەیاندۆتە ناوە جوانەکانی خوای گەورەو ئەو ناوانەی کە خوای گەورە تایبەتی کردوون بۆ خۆی و خۆی پێ وەصف کردوون، ئەو هەستاوە بە پێدانی زۆرێك لەو ناوە جوان و سیفەتە بەرزانە بە هەندێ لە دروست کراوەکانی، لە کاتێکدا ئەم ناوانە وەك ئاماژەمان پێدا تایبەتی خوای گەورەن، لەوانەش:

- ✓ یەکێ لەو زیکرانەی ئەم پیاوە دایهێناوە بریتیە لە سەلام کردن لە کاتی سەردانی قەبری پێغەمبەر ﷺ بەم شێوەیە کە دەڵێت: (السلام عليك يا أول، السلام عليك يا آخر، السلام عليك يا باطن، السلام عليك يا ظاهر)[1].
- ✓ وە لەوەش زیاتر دەربارەی تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەر ﷺ دەڵێت: (سمي من أسماء الله تعالى بنحو سبعين اسماً)[2] ، واتە: (بە نزیکەی (٧٠) ناو لە ناوەکانی خوای گەورە ناونراوە).
- ✓ پاشان بەم زیادەڕەوەیەش واز ناهێنێت، بەڵکو دەگاتە ئەوپەڕی هاوبەش بۆ خوا دانان و دەڵێت: (فالأسماء الإلهية له أيضاً أسماء)[3] ، واتە: (لە ناوەکانی پەرستراوێتیدا ئەویش بە هەمان شێوە ناوی هەیە).

ئەمە ئەو پیاوەیە کە قسەکانیتان بینی و خوێندتانەوە، کە پێغەمبەری ﷺ کردووە بە شەریك و هاوەڵی خواری گەورە لە ناوو سیفەتە جوانەکانیدا، لە کاتێکدا هەموو ئەو ناوە جوانانە تایبەتی خوای گەورەن وبەس.

---

(١) شفاء الفؤاد (ص١٢٠).

(٢) الذخائر (٢٠٢).

(٣) شفاء الفؤاد (١٢٦).

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[1]، واتە: (خوای گەورە کۆمەڵێك ناوو سیفەتی جوان و بەرزی هەنە، بەو ناوو سیفەتە جوان و بەرزانە لێی بپاڕێنەوە، وە ئەوانەی لادەدەن لەو ناوە جوانانەو ماناکەیان دەگۆڕن، یان بەکاریان دەهێنن بۆ کەسانێك کە دەیان پەرستن، وەك ئەوەی کە موشریکەکان بەو ناوانە بت و پەرستراوەکانی خۆیانیان پێ ناو دەنا، ئەوا توشی سزاو عەزابێکی توندو بە ئێش دەبن).

(ابن جریرو جگە لەویش لە ڕاڤەکارانی قورئان باسیان لەوە کردووە کە لادانی موشریکەکان لە ناوەکانی خوای گەورەدا ئەوەبوە کە ئەم ناوانەیان بۆ بتەکانی خۆیان بەکارهێناوە، وەك ناوی (اللات) کە لە (الله) وەریان گرتووە، وە ناوی (العزى) کە لە ناوی (العزیز) وەریان گرتووە، وە (المنات) کە لە ناوی (المنان) وەرگیراوە)[2].

کەواتە ئەگەر ناونانی چەند بت و صەنەمێك بە هەندێك لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە، ئەگەر یەك ناویش بێت، بە کوفرو شەریك بۆ خوا دانان لە قەڵەم بدرێت، ئەی دەبێت ئەگەر هەموو ناوەکانی خوای گەورە بۆ دروست کراوێکی بەکار بهێنرێت دەبێت چۆن بێت؟!!

وە ئەگەر وەرگرتنی ناوێك لە ناوەکانی خوای گەورەو دانانی بەسەر پەرستراوێکدا جگە لە خوای گەورە وەك (لات وعوزا) خاوەنەکەی بە موشریك دابنرێت و بچێتە ڕیزی مولحیدەکانەوەو هەڕەشەی توندی لێکرابێت، ئەی دەبێت حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت کە زۆربەی هەرە زۆری ناوەکانی خوای گەورە بۆ دروست کراوێك لە دروست کراوەکانی خوای گەورە بەکار بهێنێت؟ وەك ناونانی ئەو کەسە بە (الأول والآخر والظاهر والباطن)، وە بیگەیەنێتە ئاستێك کە (٧٠) ناو لە ناوەکانی خوای گەورەی بۆ دابنێت؟!!

---

(١) سورة الأعراف: (١٨٠).

(٢) انظر فتح القدير (٢/٢٦٨).

# بەندی سێیەم:

# درۆکردن بە دەم فریشتە بەڕێزەکانەوە

پاش ئەم بابەتانەی پێشوو، با بزانین ئەم پیاوە دەست هەڵدەگرێت و پەشیمان دەبێتەوە لەم هەموو شیرکە ئاشکراو ڕونانەی باسی لێوە کردوون؟

بێگومان نەخێر، بەڵکو زیاتر لەوەش دەڵێت و دەگاتە سەر فریشتە بەڕێزەکانیش کە پارێزراون لە هەموو گوناهو تاوانێك و سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە ناکەن.

وە بەتەنها باس لە کۆمەڵێکیشیان ناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی هەموویان دەگرێتەوە، تەنانەت (جبريل)یش سەلامی خوای لێ بێت.

وە لەو قسانەش کە دەیڵێت بەرامبەر بە فریشتەکان:

- ✓ دەربارەی تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەر ﷺ دەڵێت: (ذكر الملائكة له في كل ساعة)[1] ، واتە: (فریشتەکان لە هەموو کاتێکدا زیکرو یادی پێغەمبەر ﷺ دەکەن).
- ✓ وە هەروەها دەڵێت: (لسناك حين بدا بآدم أقبلت رعياً لسيماك الملائك تسجد)[2].
- ✓ وە هەروەها دەڵێت: (كلما لحت للملائك خروا في السموات سجداً وباكياً)[3].
- ✓ وە هەروەها کاتێکیش باسی ئەو سەلام کردنە داهێنراوو پڕ لە شیرکە دەکات لەلای قەبری پێغەمبەر ﷺو دەڵێت: (السلام عليك يا أول، السلام عليك يا آخر، السلام عليك يا باطن، السلام عليك يا ظاهر)، لە دواییدا دەڵێت: (ويقال: إن ذلك من تحية جبريل للنبي ﷺ)[4]، واتە: (وە ئەوەش لە سەلام کردنی جبريل بووە بۆ پێغەمبەر ﷺ).

---

(١) الذخائر (ص٢٠٢).

(٢) شفاء الفؤاد (ص٢١٦).

(٣) شفاء الفؤاد (ص٢٣٥).

(٤) شفاء الفؤاد (ص١٢٠).

گومانی تیادا نیە كە ئەمەش ئەوپەڕی ستەم و درۆو بوهتانە كـە ئـەم كـوفرە گەورەیـە بدرێتە پاڵ بەڕێزترین و پاكترین دروستكراو كە دوورن لە هەموو عـەیب و ناتەواویـەك و پارێزراون لە هەموو گوناهو سەر پێچیەك، هەروەك خوای گەورە شـاهێدی ئەمـەیان بـۆ دەدات و دەفـــــەرموێت: ﴿ لَّا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴾[1]، واتــــــە: (فریشتەكان سەرپێچی فەرمانەكانی خوای گەورە ناكەن، وە هـەر فەرمانێكیشیان پـێ كرابێت ئەوا ئەنجامی دەدەن).

بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە كە ئەم پیاوە درۆزن و بوهتان كارە جورئـەت بكـات كـە ئەم درۆ ڕوون و ئاشكرایانە بكات، وە دەپرسین" ئایا ئەم زانیاریەی لە كوێوە بـۆ هـات كە یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە كە فریشتەكان لە هەموو كاتێكدا زیكری دەكەن؟! وە ئایا كێ ئەم درۆو بوهتانەی بە وەحی بۆ هێنا؟ وە ئایا ئەم جۆرە زیكرە چۆنە كە فریشتەكان دەیكەن؟ وە ئایا ئـەم زیكـرە بـە پـاك دانـان و بە گـەورە دانان و سوپاس كردنە؟ یان زیكرێكی ترەو لە جۆری زیكـرە زانراوەكـان نیـە؟ وە ئایـا ئەوانیش بەردەوامن لەسـەر ئـەم عیبادەتـە، یان بـە مردنـی پێغەمبـەر ﷺ ئـەم زیكـر كردنەش كۆتایی پێ هات؟

لەوانەیە لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا یەكێك بڵێت: مەبەستی ئـەم پیـاوە صـەڵاوات دانـە لەسەر پێغەمبەر ﷺ، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ ۚ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾[2]، واتە: (بـە ڕاستی خـواو فریشتەكانی سەڵاوەت لەسەر پێغەمبـەر ﷺ دەدەن، ئـەی ئەوانـەی ئیمانتـان هێنـاوە ئێوەش سەڵاوەتی لەسەر لێ بدەن).

لە وەڵامدا دەڵـێین: گریمـان مەبەسـتی ئـەم پیـاوە ئەمەیە، بـەڵام ئەمـەش هەڵەیـە لـە هەموو ڕوویەكەوە:

---

(١) سورة التحريم: (٦).

(٢) سورة الأحزاب: (٥٦).

**یەکەم**: ئەم پیاوە کاتێك ئەم قسانەی ووتوە ڕوونی نەکردۆتەوەو مەبەستی قسەکەی دیاری نەکردووە، وە ئەو شوێنەی ئەویش ئەو قسەیەی تیادا کردووە پێویستی بە ڕوون کردنەوە هەیە بە تایبەت یەکێك کە قسەیەکی پڕ لە شیرك و کوفر بکات.

**دووەم**: وە هەروەها کاتیشی بۆ دیاری کردووە کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە، وە دەڵێت لە هەموو کاتێکدا، بەڵام ئەو ئایەتەی باسی صەڵاواتی فریشتەکان دەکات لەسەر پێغەمبەر ﷺ بەشێوەیەکی گشتی باسی کردووەو کاتی بۆ دیاری نەکردووە.

**سێیەم**: وە هەروەها صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ زیکرێك نیە بۆ ئەو، بەڵکو دوعاو پاڕانەوەی ئەو کەسەیە لە خوای گەورە کە صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ بدات، وە ئەمەش لە شێوەی دوعای ئیماندارە بۆ براکەی، وە ئەمەش لە تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەرە ﷺ کە صەڵات و سەلامی لەسەر بدرێت، بە پێچەوانەی هەموو ئیمانداران کە هەندێکیان بۆ هەندێکیان دەپاڕێنەوە بە داواکردنی خێرو چاکەی دونیاو دوارۆژ.

وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ پاڕانەوەیە، ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرموێت: (صەڵاواتم لەسەر بدەن و زۆر دوعا بکەن و بڵێن: اللهم صلِّ على محمد وعلى آل محمد)[1].

وە ئەوەش کە زیاتر ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم پیاوە مەبەستی شتێکی ترە جگە لە صەڵاوات دان، ئەویش ئەو تایبەتمەندیانەیە کەوا بۆ پێغەمبەری ﷺ دانابوو بە پێی ڕاوبۆچونی خۆی، وە هەروەها دانانی ئەو تایبەتمەندیانەی کە تایبەتی خوای گەورەن لە ڕووی پەرستراوێتی و پەروەردگارێتی و ناوو سیفەتە تەواوو جوانەکانیەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ.

---

(١) رواه النسائي (٣/٤٩)، صححه الامام الالباني(رحمه الله) في (صحيح سنن النسائي)(١٢٩٢).

وە ئەم قسەیەشی کە دەڵێت: (لـسناك حـين بـدا بـآدم أقبلـت رعيـاً لـسيماك الملائـك تسجد)، چەند سەرپێچییەك لە خۆ دەگرێت، لەوانەش:

ئەم قسەیەی بە درۆ زانینی قورئانی پیرۆزی تیادایە، بەوەی کـە چـەندین ئایـەت هەیـە کە باسی سـوجدە بردنـی فریـشتەکانی تیادایـە، کـە ئەمـەش گوێڕایـەڵی و جـێ بـەجێ کردنی فەرمانی خوای گەورەیە کاتێك کە فەرمانیان پێ دەکـات بـە سـوجدە بـردن بۆ ئادەم سـەلامی خـوای لـێ بێـت، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت:﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾[1] ، واتـە: (کاتێـك کە بە فریشتەکانمان وت سـوجدەی ڕێـز بـۆ ئـادەم ببـەن، هـەموویان سـوجدەیان بـرد تەنها ئیبلیس نەبێت پشتی هەڵکردو خۆی بە گەورە زانی، بـەوەش بـوو بە یـەکێك لـە کـافران)، وە هــەروەها دەفــەرموێت: ﴿ إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن طِينٍ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ فَسَجَدَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ إِلَّآ إِبْلِيسَ ٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾[2]، واتـە: (خـوای پـەروەردگار بـە فریـشتەکانی فـەرموو: بەڕاستی من کەسێك دروست دەکەم لە قوڕ، وە کە دروستم کردو تەواو بـوو، وە ڕۆحـم بە بـەردا کـرد سـوجدەی ڕێـزی بـۆ ببـەن، فریـشتەکان خۆیـان ئامـادە کـرد بۆ بـەجێ گەیاندنی فەرمانی خوای گەورەو هەموویان سوجدەیان بۆ برد تەنها ئیبلیس نەبێت کـە خۆی بە گەورە زانی بەسەر ئادەمداو بەم کارەشی خۆی خستە ڕیزی کافرەکانەوە).

وە هەروەها لـە فـەرمودە درێژەکـەی شـەفاعەتدا هـاتووە کـەوا خـەڵکی دەچـن بۆلای ئادەم سەلامی خوای لێ بێت و پێی دەڵێن: (تـۆ بـاوکی هـەموو مرۆڤـەکانی، وە خـوای گەورە بە دەستی خۆی تۆی دروست کـردووە، وە لـە لایـەن خۆیـەوە ڕۆحـی بـە بـەردا

(١) سورة البقرة: (٣٤).

(٢) سورة ص: (٧١- ٧٤).

کردویت، وە فەرمانی بە فریشتەکان کردو ئەوانیش سوجدەیان بۆ بردیت)[1]. کەواتـە دەقـەکانی قورئـان و سـوننەت وەك یـەك بـوون لەسـەر ئـەوەی کـەوا سـوجدە بردنـی فریشتەکان تەنها بۆ ئادەم بووە سەلامی خوای لیَ بێت و جگە لەو بۆ هیچ کەسێکی تر نەبووە.

کەچی قسەکانی ئەم پیاوە پێچەوانەی دەقەکانی قورئـان و سـوننەت بـوون و ئایـەت و فەرمودەکان بە درۆ دەزانێت و وا گومان دەبات کەوا ئەم سوجدە بردنە لەبـەر خـاتری پێغەمبـەر بـووە ﷺ، لـە کاتێکـدا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى ٱللَّهِ وَكَذَّبَ بِٱلصِّدْقِ إِذْ جَآءَهُۥٓ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَـٰفِرِينَ ﴾[2]، واتە: (کێ لەو کەسە زاڵم و ستەمکارتر هەیە کە درۆ بـە نـاوی خـواوە دەکـات و کاتێـك حەق و ڕاستیشی بۆ هات بە درۆی دەزانێت و بڕوای پیَ ناکات، ئایا تەنها دۆزەخ شوێن و مەئوای کافران نیە؟).

وە بەوەشەوە ناوەستێت و دەڵێت: (كلما لحت للملائـك خـروا في الـسموات سـجداً وباكياً)، کە بە ڕاستی ئەمە گەورەترین درۆیەو زیادەڕەوی و سـتـەم و بوهتـانێکی زۆری تیادایە، بەوەی کە فریشتە بەڕێزەکان تاوانبار دەکات بە گـەورەترین تـاوان لای خـوای گەورەو لای پێغەمبەر ﷺو لای ئیمانداران و فریشتە بەڕێزەکان.

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَمَن يَكْسِبْ خَطِيٓـَٔةً أَوْ إِثْمًا ثُمَّ يَرْمِ بِهِۦ بَرِيٓـًٔا فَقَدِ ٱحْتَمَلَ بُهْتَـٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴾[3]، واتە: (هەر کەسێك گوناهێکی گەورە ئەنجام بـدات یـان بـچوکتر لەوە، وە پاشان بیداتە پاڵ کەسێکی پاك و بیَ تاوان، ئەوا بەڕاسـتی گونـاهو تـاوانێکی زۆر گەورەی داوە بە کۆڵی خۆیدا).

(١) صحيح: متفق عليه.
(٢) سورة الزمر: (٣٢).
(٣) سورة النساء: (١١٢).

وە بەسبە بۆ ئەم پیاوە درۆزن و بوهتان کارە کە لێی بپرسین: ئـەم سـوجدە بردنـە بـۆ پێغەمبەر ﷺ لە کوێوە هاتووە؟ ئایا لە وەحی قورئان و سوننەت وەرگیراوە؟ یان لە بیرکردنـەوەو خـەیاڵ وەرگـیراوە؟ یـان لـە وەحـی کـاهن و فالـچی و شـەیتانەکانەوە؟ ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِىَ إِلَىَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَىْءٌ ﴾[1]، واتـە: (کـێ لەو کەسە زاڵم و سـتەمکارتر هەیـە کـە درۆو بوهتـان بـە نـاوی خـواوە بکـات؟ وە یـان بڵێت: ئەوەم بە وەحی بۆ هاتووەو هیچ وەحیشی بۆ نەهاتبێت؟).

پاشان ئایا کێ فـەرمانی ئـەم سـوجدە بردنـەی کـردووە؟ ئایـا خـوای گـەورە فـەرمانی کـردووە؟ ﴿ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾[2]، واتـە: (بڵێ: بەڕاستی خوای گەورە فەرمان بەکارو کردەوەی خراپ و بەتاڵ ناکات، ئایا شتێك بەناوی خواوە دەڵێن کە هیچی لێ نازانن؟).

یـان فریـشتە بـەڕێزەکان خۆیـان و بـە بـێ ئیزنـی خـوای گـەورە ئـەم سـوجدەیەیان بردووە؟!! نەخێر بە هیچ شێوەیەك شتی وا نابێت، خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ ﴾[3]، واتـە: (بـەڵکو فریشتەکان عەبدو بەندەی بەڕێزی خوای گەورەن و پێش هیچ وتـەیـەکی خـوای گـەورە ناکەون و هەموو ئەمرو فەرمانەکانی جێ بەجێ دەکەن).

وە لە (ابـن عبـاس)ەوە ڕەزای خـوای لـێ بێـت دەڵێـت: پێغەمبەر ﷺ بـە (جبریـل)ی فەرموو: (ئایا چ شتێك ڕێگریت لێ دەکات کە لەوە زیاتر سەردانمان بکەیت و بێیـت بـۆ لامـان؟ ئـەم ئایەتـە دابەزیـە خـوارەوە: ﴿ وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمْرِ رَبِّكَ لَهُۥ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا وَمَا بَيْنَ ذَٰلِكَ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴾، واتە: (ئێمە دانابەزینە خوارەوە تـەنها بـە

---

(١) سورة الأنعام: (٩٣).

(٢) سورة الأعراف: (٢٨).

(٣) سورة الأنبياء: (٢٦ - ٢٧).

ئەمرو فەرمانی خوای گەورە نەبێت، هەموو کردارەکان لەوانەی کە ڕابردوون و لەوانەی ئێستاو ئەوانەش کە لە داهاتوودا دێن هەمووی هەر بە دەستی خوای پەروەردگارە، وە خوای پەروەردگار هیچ شتێکی بیر نەچووە)[١].

کەواتە ئەگەر فریشتەکان نەتوانن بەبێ ئیزن و فەرمانی خوای گەورە تەنها سەردانی پێغەمبەر ﷺ بکەن، ئەی چۆن دەتوانن سوجدە ببەن و ملکەچی بە گەورە دانان و گریانیان هەبێت بۆی کە بەهیچ شێوەیەك ڕێگەیان پێ نادرێت و بۆ هیچ کەسێکیش ناکرێت جگە لە خوای باڵا دەست؟!

لەوانەیە بوترێت: چۆن سوجدە بردنی فریشتەکان بۆ پێغەمبەر ﷺ بە شیرك دادەنێن، لە کاتێکدا ئەوان سوجدەیان بۆ ئادەم بردووە سەلامی خوای لێ بێت؟!

لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەڵێین: سوجدە بردنی فریشتەکان بۆ ئادەم سەلامی خوای لێ بێت بریتی بوو لە گوێڕایەڵی کردن و پەرستنی خوای پەروەردگار، وە لە هەمان کاتیشدا سوجدەی ڕێز لێنان بوو لە ئادەم سەلامی خوای لێ بێت.

ابن جرير ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (سوجدە بردنی فریشتەکان بۆ ئادەم سەلامی خوای لێ بێت ڕێز لێنان بوو بۆی و گوێڕایەڵیش بوو بۆ فەرمانی خوای گەورە، نەك پەرستن بوبێت بۆ ئادەم سەلامی خوای لێ بێت)[٢].

وە هەروەها شیخی ئیسلام ابن تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (سوجدە بردنی فریشتەکان بۆ ئادەم سەلامی خوای لێ بێت عیبادەت و گوێڕایەڵی بوو بۆ خوای پەروەردگارو هۆکارێك بوو بۆ زیاتر نزیك بوونەوە لێی بەهۆیەوە، وە هەروەها ڕێز لێنان و بە گەورە زانین بوو بۆ ئادەم سەلامی خوای لێ بێت)[٣].

(١) صحيح: رواه البخاري (٨/٤٢٨)، والآية من سورة مريم: (٦٤).
(٢) تفسير ابن جرير (١/٥١٢).
(٣) مجموع الفتاوى (٤/٤٦٠).

وە هەروەها شتێکی تریش کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سوجدە بردنی فریشتەکان بۆ ئادەم سـەلامی خـوای لـێ بێـت تـەنها سـوجدەی ڕێـز لێنـان بـووەو بـەس، بەڵگەکـەی (ابلـیس)ی لەعنـەت لێکـراوە کـە بـە هۆیـەوە سـوجدەی بـۆ ئـادەم نـەبرد، کـە ووتـی: ﴿ءَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا قَالَ أَرَءَيْتَكَ هَٰذَا ٱلَّذِى كَرَّمْتَ عَلَىَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلًا﴾[1]، واتە: (ئایا من سوجدە ببەم بۆ کەسێك کە تۆ لە قوڕ دروستت کردووە؟ پاشان کە ئیبلیس زانی خوای گەورە فەزڵی ئـادەمی داوە بەسەر ئەودا، وتی: ئایا دەتەوێت من مل کەچ بکەم و سوجدە ببەم بۆ ئەو کەسەی کە ڕێزیت داوە بەسەر منـدا؟ ئەگـەر مۆڵـەتم بـدەیت و بمهێڵیتـەوە تـا ڕۆژی قیامـەت ئـەوا هەموو نەوەکانی گومڕاو سەر شێواو دەکەم تەنها کەمێکیان نەبن).

کەواتە پاش ئەوەی کە ڕوون بۆوە سوجدە بردنی فریشتەکان بۆ ئادەم سەلامی خـوای لێ بێت تەنها بۆ ڕێز لێنـان بـووە، وە هـەروەها بـە ئیـزن و فـەرمانی خـوای گـەورەش بووە" ئەوا بەڕاستی قیاس کردنی جگە لە ئادەم سـەلامی خـوای لـێ بێـت بـە سـوجدە بردنی فریشتەکان بۆی شیرك و هاوەڵ دانانـە بـۆ خـوای گـەورە لـە شـەریعەت داناندا، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ شَرَعُوا۟ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ۚ وَلَوْلَا كَلِمَةُ ٱلْفَصْلِ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾[2]،

واتـە: (ئایا ئەو هاوبەش دانەرانـە هـیچ هـاوەڵ و هاوبەشـێکیان هەیـە کـە ئـەو شـیرك و بیدعەیەیان هێناوەتە ئاراوەو خوای گەورەش ئیزنی پێ نەداون؟ وە ئەگەر ئـەو بەڵێنـە نەبوایە کە خوای گەورە داویـەتی بـەوەی کـە سـزایان دوا بخـات ئـەوا هـەر لـە دونیـادا خـوای گـەورە سـزای دەدان، وە بەڕاسـتی عـەزاب و سـزایەکی زۆر تونـدو بـە ئـازار چاوەڕێی زاڵم و ستەم کارەکان دەکات).

(١) سورة الإسراء: (٦١ - ٦٢).

(٢) سورة الشورى: (٢١).

وە هەر کەسێکیش سوجدە بردنی فریشتەکان بۆ غەیری ئادەم سەلامی خوای لێ بێت بە دروست دابنێت بە قیاس کردنی بۆ سەر ئادەم، ئەوا بەڕاستی ئەو کەسە خۆی بە دانەری شەرع داناوە لەگەڵ خوای گەورەدا، وە ئەمەش خودی شیرك و كوفرو گومڕاییەکەیە.

وە هەروەها لە لایەکی تریشەوە ئەم پیاوە تەنها بە سوجدە بردنی فریشتەکان نەوەستاوە، بەڵکو دەڵێت سوجدە بردنەکەیان بە گریانیشەوە بووە، وە ئەمەش شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە مەبەستی ئەم پیاوە تەنها بریتی نیە لە ڕێز لێنان و سەلام کردن، بەڵکو ئەمە سوجدە بردنێکە تەنها بۆ عیبادەت و پەرستنێکی پاك و تەواو دەبرێت، وە دروست نیە بۆ هیچ کەسێکیش بکرێت تەنها بۆ خوای پەروەردگار نەبێت.

وە خوای پەروەردگار فریشتە بەڕێزەکانی پاراستووە لەوەی کە هاوبەشی بۆ دابنێن لەهەر جۆرێك لە جۆرەکانی هاوبەش دانان، نەك هەر ئەوەش بەڵکو پارێزراون لە هەموو گوناهێك، وە ئەوان تاوانی بچوك ئەنجام نادەن ئەی چۆن تاوانی بە هیلاك دەرو گەورەترینی تاوانە گەورەکان ئەنجام دەدەن؟

وە هەرەوها دەربارەی ئەو بوهتان و درۆیەی کە بە ناوی (جبریل)ەوە سەلامی خوای لێ بێت دەیکات کە گوایا بەم شێوەیە سەلامی لە پێغەمبەر ﷺ کردووە: (السلام عليك يا أول، السلام عليك يا آخر، السلام عليك يا باطن، السلام عليك يا ظاهر)، کە بەڕاستی ئەمە بوهتانێکی گەورەیە لەو بوهتانانەی کە بۆ فریشتە بەڕێزەکانی خوای گەورە دەیکات، وە ئەم کوفرو لادانەش لە ناوە جوانەکانی خوای پەروەردگاردا دوورە لە (جبريل الأمين) سەلامی خوای لێ بێت.

وە لە هەموو ئەو فەرمودە پیرۆزانەی لەبەر دەست دان، هیچ فەرمودەیەکی صەحیح یان ضەعیف تەنانەت مەوضوعیش نیە کە باس لەم جۆرە قسانە بکات کەوا جبریل سەلامی خوای لێ بێت لە کاتی گفتوگۆ کردنی لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ ئاوای وتبێت، بەڵکو زۆربەی بانگ کردن و گفتوگۆکانی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بە (یامحمد) بووە، وە هەندێ جاریش وتویەتی (یا رسول الله).

وە تۆش بۆت هەیە کە بپرسیت: ئایا بۆچی (جبریـل)ی سـەلامی خـوای لـێ بێـت لـەناو فریشتەکاندا تایبەت کردووە بەم کوفرو شیرك و گومڕاییە؟

ئایا لەبەر ئەوەیە کە جبریل سەلامی خوای لـێ بێت عـەزاب دادەبـەزێنێت؟! هـەروەك جولەکەکان هۆکاری کافر بوونی خۆیانیان بە پێغەمبەر ﷺ بەوە دادەناو دەیان ووت: ئەگەر فریشتەیەکی تر وەحی بۆ تۆ دابەزێنێت ئەوا باوەڕت پێ دەهێنین، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند بەسەریاندا کە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ ﴾[1]، واتە: (بەو جولەکانە بڵێ کە دەڵێن بۆیە ئیمان ناهێنین چونکە جبریل وەحی بۆ تۆ دەهێنێت وە دوژمنایەتی (جبریل) دەکەن ئەوە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە کە بەسەر تۆدا قورئان دابەزێنێت، وە بەڕاست دانەری کتێبەکانی پێش خۆیشیەتی کە(تەورات و ئینجیل)ن، وە هەروەها هیدایەت و ڕێنمویی و مژدەی تیادایە بۆ ئیمانداران، وە هەر کەسێکیش دوژمنایەتی خوای گەورەو فریشتەکان و پێغەمبەرانی و جبریل و میکال بکات، ئەوا بەڕاستی خوای گەورە دوژمنی کافرو بێ باوەڕەکانە).

وە یەکسان و وەك یەکە کە هۆکارەکە ئەمە بێت یان جگە لەمە، چونکە بەڕاستی ئەم دوو کۆمەڵە دژایەتی و دوژمنایەتیان بۆ جبریل سەلامی خوای لێ بێت وەك یەك وایەو لە یەك دەچن، بەڵکو تەنانەت دوژمنایەتی و دژایەتی ئەم پیاوە زۆر توندترو ستەمکارانەترو گەورەترە لە هی ئەوان خوای گەورە پەنامان بدات.

---

(١) سورة البقرة: (٩٧ – ٩٨).

# بەندی چوارەم:

## بەشی یەکەم

خوشویستنی پێغەمبەر ﷺ.

## بەشی دووەم

زیادەڕەوی کردن لە پیاو چاکاندا.

## بەشی سێیەم

خستنە ڕووی شوبهەکان.

## بەشی چوارەم

بە گەورە دانانی پێغەمبەر ﷺ دەبێت چۆن بێت؟

## بەشی پێنجەم

خوای گەورە بۆ هەموو شتێك ئەندازەی داناوە.

## بەشی شەشەم

بۆچی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی زیادەڕەوی دەکەن لە وەصفی پێغەمبەردا ﷺ؟

# بەشی یەکەم:

# خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ

زۆرن ئەوانەی بانگەشەی خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ دەکەن و وا دەردەبڕن کە ئەوان لە پێش هەموو کەسەوەن و زۆر زیاتر لە خەڵکی تر پێغەمبەریان ﷺ خۆش دەوێت، وە یەکەم کەسانێك کە لەلای خۆیانەوە شانازیان بەم بانگەشە کردنە کردووە شیعەکان بوون، کە بانگەشەیان بۆ خۆشویستن و بە گەورە دانانی پێغەمبەر ﷺو ئال و بەیتەکەی دەکرد، تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە کۆمەڵێکیان (علي کوڕی أبوطالب)یان بە خوا دەزانی، ئەویش بە ئاگر سوتاندنی.

وە ئەمانە خۆشویستنەکەیان کورت هەڵهێنابوو تەنها بۆ ئال و بەیتەکەی جگە لە خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ کە ئەمەیان کرۆك و بنچینەکەیەو ئەوانی تر لاوەکین، چونکە دەبێت خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ بنچینەکە بێت و ئنجا خێزان و ئال و بەیتەکەی و هاوەڵە بەڕێزەکانی ڕەزای خوایان لێ بێت.

پاشان لە نێوان ئەم کۆمەڵانەدا کۆمەڵی تەصەوف سەری هەڵدا، کە تێکەڵاو کراوی چەندین بیرو بۆچونی جیاوازە، وە ئەم تەریقەتە لەسەر ئەوە دروست بووە کە گوایا بانگەشەی خۆشویستنی خوای گەورە دەکەن و فەنا دەبن تیایدا، وە لەوەشدا زیادەڕەویەکی زۆریان کرد تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە باسی (وحدة الوجود والحلول والإتحاد)[1] بکەن، وە هەروەها بانگەشەیان بۆ خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ دەکردو بە

---

(١) ئەمەش بیروباوەڕی زۆرێك لە صۆفیەکانەو پێشەوایان لەمەدا ابن عربی صۆفیە کە لە دیمەشق نێژراوەو پێیان وایە کە خوا تواوەتەوە لەناو دروست کراوەکانیداو خوا هەموو شتێکەو هەموو شتێکیش خوایە، پاکوبێگەردی بۆ خوای گەورە لەوەی کە ئەوان دەیڵێن و بڕوایان پێیەتی، وە ئەمەش لەسەر زمانی زۆربەی پێشەواکانیان دەردەبڕدرێت، بۆ نمونە ابن عربی دەڵێت:

العبد ربٌّ، والربّ عبدٌ     يا ليت شعري مَن المكلف؟

وە هەروەها شاعیرێکی صۆفی تر کە هەمان بیرو باوەڕی گومڕی هەیە دەڵێت:

وما الكلب والخنزير إلاّ إلهنا     وما الله إلاّ راهبٌ في كنيسة

پاکو بێگەردی بۆ خوای گەورەو پەنا بە خوای گەورە لەوەی کە ئەمان دەیڵێن. لە کتێبی (منهاج الفرقـة الناجيـة) لاپەڕە (٥٩–٦٠) وەرگیراوە.

گەورەیان دادەناو خۆشەویستیان بۆ ئال و بەیتەکەی دەردەبڕی و زیادەڕەویەکی زۆریان لەو بوارەدا کرد تا گەیشتە ئاستی ئەو زیادەڕەویەی کە گاورەکان لە بەرامبەر عیسی سەلامی خوای لێ بێت کردیان.

وە ئوممەتی ئیسلامی توشی هیچ بەلایەك نەبوو کە گەورەتر بێت لە هی ئەم کۆمەڵە گومڕایە، چونکە هیچ بنچینەیەکی ئەم دینە نیە کە ئەوان هەڵیان نەوەشاندبێتەوە، هەر لە بەتەنها زانینی خوای گەورەوە بیگرە لە پەرستن و عیبادەت بۆکردن و پەرستراوێتی و پەروەردگارێتی و ناوە جوانەکانیدا تا دەگاتە ئەوپەڕی بنچینەکانی تری ئەم ئاینە تەواوو بێ کەمو کوڕیە.

وە لەناو گەلانی پێشودا بانگەشەی لەم شێوازە کراوەو هەبووە، وەك گاورەکان کە بانگەشەی خۆشویستنی (عیسی)یان دەکرد سەلامی خوای لێ بێت و بە گەورەیان دەزانی و زیادەڕەویەکی زۆریان تیادا کرد تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە بڵێن: عیسی کوڕی خوایە، یان هەر خۆی بە تەنها خوایە، یان سێیەمینی خوایەکانە، پاکو بێگەردی بۆ خوای بالا دەست لەم زیادەڕەویانە.

وە هەروەها یەهودیەکانیش (جولەکەکان) بانگەشەیان دەکرد بۆ خۆشویستنی (عزیر) سەلامی خوای لێ بێت و زیادەڕەویەکی زۆریان کرد تیایداو دەیان وت: عوزەیر کوڕی خوایە، بەلام خوای بالا دەست بانگەشەکەیانی بە درۆ خستەوەو لەعنەتی لێ کردن، وە دەربارەیان فەرمووی: ﴿ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَـٰرَى ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ ٱللَّهِ ۖ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَٰهِهِمْ ۖ يُضَـٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ ۚ قَـٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ ۚ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴾[1] واتە: (جولەکەکان دەیان وت: (عوزەیر) گاورەکانیش دەیان وت: (عیسا) کوڕی خوایە، وە ئەمەش تەنها قسەیەکەو هیچ بەڵگەیەکیان پێ نیە لەسەری، ئەمەش هەروەك قسەی موشریکە کۆنەکان وایە کە

---

(١) سورة التوبة: (٣٠).

گـەورەیان دادەنـاو خۆشەویستیان بـۆ ئـال و بەیتەكـەی دەردەبڕی و زیادەڕەویـەكی زۆریان لەو بوارەدا كرد تا گەیشتە ئاستی ئەو زیادەڕەویەی كە گاورەكان لـە بەرامبـەر عیسی سەلامی خوای لیّ بێت كردیان.

وە ئوممەتی ئیسلامی توشی هیچ بەڵایەك نەبوو كە گەورەتر بێت لـە هـی ئـەم كۆمەڵـە گومڕایە، چونكە هیچ بنچینەیەكی ئەم دینـە نیـە كـە ئـەوان هـەڵیان نەوەشاندبێتەوە، هـەر لـە بەتـەنها زانـینی خـوای گـەورەوە بیگـرە لـە پەرسـتن و عیبـادەت بـۆكردن و پەرستراوێتی و پەروەردگارێتی و نـاوە جوانەكانیـدا تـا دەگاتـە ئەوپـەڕی بنـچینەكانی تری ئەم ئایینە تەواوو بیّ كەمو كووڕیە.

وە لەناو گەلانی پێشودا بانگەشەی لـەم شێوازە كـراوەو هـەبووە، وەك گاورەكـان كـە بانگەشەی خۆشویستنی (عیسی)یان دەكـرد سـەلامی خـوای لـیّ بێـت و بـە گـەورەیان دەزانی و زیادەڕەویەكی زۆریان تیادا كرد تـا گەیـشتە ئـەو ئاسـتەی كـە بڵـێن: عیـسی كوڕی خوایە، یان هەر خۆی بە تەنها خوایە، یان سێیەمینی خوایەكانە، پاكو بێگـەردی بۆ خوای باڵا دەست لەم زیادەڕەویانە.

وە هەروەها یەهودیەكانیش (جولەكەكان) بانگەشەیان دەكرد بۆ خۆشویستنی (عزیـر) سەلامی خوای لیّ بێت و زیادەڕەویەكی زۆریان كرد تیایداو دەیـان وت: عـوزەیر كـوڕی خوایە، بەڵام خوای باڵا دەست بانگەشەكەیانی بە درۆ خـستەوەو لەعنـەتی لـیّ كـردن، وە دەربارەیان فـەرمووی: ﴿ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَـٰرَى ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ ٱللَّهِ ۖ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَٰهِهِمْ ۖ يُضَـٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ ۚ قَـٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ ۚ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴾[1] واتـە: (جولەكـەكان دەیـان وت: (عـوزەیر) گاورەكـانیش دەیـان وت: (عیـسا) كـوڕی خوایـە، وە ئەمـەش تـەنها قـسەیەكەو هـیچ بەڵگەیەكیان پیّ نیە لەسەری، ئەمـەش هـەروەك قـسەی موشریكە كۆنـەكان وایـە كـە

(١) سورة التوبة: (٣٠).

دەیان وت: فریشتەکان کچی خوان، خوای گەورە بیـان کوژێت و لـەناویان بـەرێت و لەعنەتیان لێبێت لەسەر ئەو درۆو بوهتانەی کە دەیکەن).

وە هـەروەها فـەرمووی: ﴿ لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ ﴾[1] (بەڕاستی ئەوانە کافر بوون کـە دەیـان وت: خـوا مەسیحی کـوڕی مەریەمە!).

وە هـەروەها فـەرمووی: ﴿ لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَـٰثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَـٰهٍ إِلَّآ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا۟ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾[2]، واتە: (بەڕاستی کافر بوون ئەوانەی کە دەیـان وت: سـێ خـوا هـەن (اللّٰه، و عیسی، و مریم)، پاکوبێگەردی بۆ خوای گەورە لەوەی کە ئەو موشریکانە دەیلـێن، وە هیچ پەرستراوێکی بە حەق نیە جگە لـە (اللّٰه)، وە ئەگـەر واز نـەهێنن لـەو شـتانەی کـە دەیلێن، ئەوا بەڕاستی ئەوانەی کافر بوون توشی سـزاو عـەزابێکی زۆر تونـدو بـە ئـێش دەبن).

وە خوای پەروەردگار لە زۆر شوێنی تـری قورئـانی پـیرۆزدا باسـی زیـادەڕەوی ئـەهلی کیتابی کردووە لە بەرامبەر پێغەمبەران و پیاو چاکاندا، وە بە تایبەتی گاورەکان کە لە هـەموو کـەس زیـاتر زیادەڕەویـان کـردووە لـە پێغەمبـەران و پیـاو چـاکاندا، وە جگـە لەوانیش ئەم بانگەشەی خۆشویستن و زیادەڕەوی کردنە جگە لە گاورو یەهودیەکانیش دەرکەوتووە، وەك صابیئەو مەجوس و ئەستێرە پەرست و موشریکە عەرەبەکان و بـت پەرسـتەکان و جگـە لـەوانیش کـە زیادەڕەویـان کـردووە لـە فریـشتەو پیـاو چـاکاندا، هەروەك خوای گەورە لە زۆر شوێنی قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیان پێ دەکات، لەوانەش:

---

(١) سورة المائدة: (١٧).

(٢) سورة المائدة: (٧٣).

خـــــوای گـــــەورە دەفـــــەرموێت: ﴿ وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ۗ سُبْحَٰنَهُۥ ۚ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ﴾[1]،واتە: (وە موشریكەكان دەیان وت: خـوا منـداڵی هەیـەو فریشتەكان كچی ئەون، پـاكو بێگـەردی بـۆ خـوای گـەورە لـەوەی كـە ئـەوان دەیڵێن، بـەڵكو ئـەو فریشتانە عەبدو بەندەی بەڕێزی خوای گەورەن).

وە هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ ٱلْبَنَٰتِ سُبْحَٰنَهُۥ ۙ وَلَهُم مَّا يَشْتَهُونَ ﴾[2]، واتـە: (موشریكەكان منداڵیان بۆ خوای گەورە بڕیار دەداو دەیان وت فریشتەكان كچی خوان، پاكو بێگەردی بۆ خوای گـەورە لـەوەی كـە ئـەوان دەیڵـێن، وە منـداڵی كوڕیشیان بـۆ خۆیان دادەنا كە خۆیان حەزیان لێ بوو).

وە هـــــــەروەها دەفـــــــەرموێت: ﴿ وَجَعَلُوا۟ بَيْنَهُۥ وَبَيْنَ ٱلْجِنَّةِ نَسَبًا ۚ وَلَقَدْ عَلِمَتِ ٱلْجِنَّةُ إِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾[3]، واتـە: (موشـریكە بـت پـەرسـتەكان دەیـان وت فریشتەكان كچی خوان و جنۆكەش دایكی فریشتەكانن، وە جنۆكەكان باش دەزانن كـە ئـەوانیش لـە ڕۆژی دواییـدا زینـدوو دەكرێنـەوە، پـاكو بێگـەردی بـۆ ئـەو خوایـەی كـە موشریكەكان ئاوا وەصفی دەكەن).

وە هەموو ئەوانەش كە زیادەڕەویان كرد لە فریشتەو پیـاو چاكاندا دەیان پەرستن و دەیان كردن بە شەفاعەتكارو واسیتەو تەوەسولیان پێ دەكـردن بـۆ ئـەوەی لـە خـوای گەورەیان نزیك بخەنەوە، هەروەك خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ ﴾[4]، واتـە: (ئەوانـەی كـە غـەیری خوای گەورەیان دەكرد بە شەفاعەتكار دەیان وت: خۆ ئێمە نایان پەرستین بـەڵكو بـۆ ئەوەیە كە لە خوامان نزیك بخەنەوە).

---

(١) سورة الأنبياء: (٢٦).

(٢) سورة النحل: (٥٧).

(٣) سورة الصافات: (١٥٨- ١٥٩).

(٤) سورة الزمر: (٣).

وە خوای پەروەردگاریش دەعواو بانگەشەکەیانی بەتاڵ کردەوەو هەڵی وەشاندەوە لە هەموو ڕوویەکەوە، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَلْ عِبَادٌ مُكْرَمُونَ ﴾.

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَجَعَلُوا الْمَلَائِكَةَ الَّذِينَ هُمْ عِبَادُ الرَّحْمَنِ إِنَاثًا أَشَهِدُوا خَلْقَهُمْ سَتُكْتَبُ شَهَادَتُهُمْ وَيُسْأَلُونَ وَقَالُوا لَوْ شَاءَ الرَّحْمَنُ مَا عَبَدْنَاهُمْ مَا لَهُمْ بِذَلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴾[1]، واتە: (موشریکەکان ئەو فریشتانەی کە بەندەی خوای گەورەن بە کچ دادەنێن و دەڵێن: کچی خوان!! وە ئایا ئەوان ئاگادار بوون کاتێك کە خوای گەورە دروستی کردن تا ئەوە بزانن؟ وە بەڕاستی ئەو شاهێدی دانەیان لەسەر دەنوسرێت و لەسەری لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، پاشان دەڵێن: ئەگەر خوا بیویستایە ئەوا ئێمە ئەوانمان نەدەپەرست، وە بۆ ئەو کارەشیان هیچ بەڵگەیەکیان پێ نیەو تەنها شوێن درۆی خۆیان کەوتون).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ ذَلِكَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ مَا كَانَ لِلَّهِ أَنْ يَتَّخِذَ مِنْ وَلَدٍ سُبْحَانَهُ إِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ ﴾[2]، واتە: (ئەوە عیسای کوڕی مەریەمە کە ئەو وەصفانەی بۆ کراوە، وە هەر ئەوەش قسەی حەقە نەك ئەوەی ئەوان دەیلێن و گومانی بۆ دەبەن، وە منداڵ دانان بۆ خوای گەورە شایانی ئەو نیەو ئەو لەو پەڕی سیفەتی تەواو دایەو پاکو بێگەردی بۆ ئەو دەربارەی ئەوەی کە ئەوان دەیلێن، وە ئەگەر خوای گەورە هەر کارێکی بوێت ئەوا دەڵێت ببە ئەویش دەبێت).

وە هەروەها لە چەندەها شوێنی قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە خوای گەورە نەفی پەرستراوێتی کردووە لە هەموو کەسێکدا جگە لە زاتی خۆی نەبێت، وەك دەفەرموێت:

---

(١) سورة الزخرف: (١٩ - ٢٠).

(٢) سورة مريم: (٣٤-٣٥).

﴿ وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴾[1]، واتە: (بەڕاستی پەرستراوی ئێوە تاك وتەنهایە، وە هیچ پەرستراوێکی بە حەق نیە جگە لەو نەبێت کە خوایەکی زۆر بە بەزەیی و بەخشندەیە).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا اللَّهُ وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴾[2]، واتە: (هیچ پەرستراوێکی بە حەق نیە جگە لە (الله)، وە بەڕاستی خوای گەورە زۆر بە دەسەڵات و کار بەجێیە).

وە هەروەها دەربارەی بانگەوازی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت دەفەرموێت: ﴿ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ﴾[3]، واتە: (بە تەنها خوای گەورە بپەرستن، چونکە جگە لەو هیچ پەرستراوێکی تری بە حەق نیە).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ ۖ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ ۖ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴾[4]، واتە: (بەڕاستی ئەوانە کافر بوون کە دەیان وت: مەسیحی کوڕی مەریەم خوایە! وە مەسیح دەی وت: ئەی بەنی ئیسرائیل تەنها ئەو خوایە بپەرستن کە پەروەردگاری من و ئێوەیە، بەڕاستی هەر کەسێك شەریك و هاوەڵ بۆ خوای گەورە دابنێت، ئەوا خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات و مەئواو شوێنی ئەو کەسەش ناو ئاگری دۆزەخە، وە کەسی زاڵم و ستەمکارو موشریك هیچ سەرخەرێکی نیە).

---

(١) سورة البقرة: (١٦٣).

(٢) سورة آل عمران: (٦٢).

(٣) سورة الأعراف: (٥٩،٧٣،٦٥).

(٤) سورة المائدة: (٧٢).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿مَّا ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ إِلَّا رَسُولٞ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٞۖ كَانَا يَأۡكُلَانِ ٱلطَّعَامَۗ ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ ثُمَّ ٱنظُرۡ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ﴾[1]، واتە: (وە عیسا سەلامی خوای لێ بێت تەنها پێغەمبەرێکە کە خوای گەورە ناردوویەتی و لە پێش ئەویشدا پێغەمبەرانێکی زۆر هاتوون، وە دایکیشی ئافرەتێکی تەواو ڕاستگۆو داوێن پاکە کە ئەوەش پلەو پایەیەکی زۆر بەرزە کە خوای گەورە پێی بەخشیوە، کەوایە مادام هەردوکیان مرۆڤن ئەی چۆن دەیان کەن بە دوو خوا لەگەڵ خوای گەورەو پاك و تاك و تەنها؟ وە ئەوان خواردن دەخۆن کە ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە ئەوان دوو بەندەی لاوازی خوای گەورەن و وەك هەموو بەندەکانی تر پێویستیان بە خواردن و خواردنەوە هەیە، سەیرکە چۆن حەق و بەڵگەکانی خۆمانیان بۆ ڕوون دەکەینەوە کەچی ئەوان هەر سەرکەشی دەنوێنن و واز ناهێنن لەو درۆو بوهتانەی کە باسی دەکەن).

وە هەروەها جێی ئاماژە پێ کردنە کە ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕەددە لەسەر دوو کۆمەڵی جیاواز ئەوانیش:

**یەکەمیان:** ئەوانەن کە زیادە ڕەویان کرد لە بە گەورە دانانی عیسی و دایکیدا سەلامی خوایان لێ بێت کە کردیانن بە خوا لەگەڵ خوای تاك و تەنهاو باڵا دەستدا، کە ئەوانیش گاورەکان بوون.

**دووەمیان:** ئەوانەن کەوا ئەزیەت و ئازاری (عیسی)یان دەداو بەدرۆیان دەزانی و دەیان ویست کە بیکوژن و لە خاچی بدەن و ئەزیەت و ئازاری دایکیان دەداو بوهتانیان بۆ دەکرد، کە ئەمانەش یەهودیەکان بوون.

وەك دەفەرموێت: ﴿مَّا ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ إِلَّا رَسُولٞ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٞۖ﴾، واتە: (عیسی نە خوایەو نە کوڕی خواشە، هەروەك گاورەکان وا

---

(١) المائدة: (٧٥).

گومانیـان دەبـردو زیادەڕەویـان دەكـرد، وە هـەروەها درۆش بـە نـاوی خـواوە ناكـات هەروەك یەهودیەكان وا گومانیان دەبردو زیادەڕەویـان دەكـرد، وە وەصـفی دایكیـشی دەكات بەوەی كە ڕاستگۆیە، ئەمەش ڕەددە لەسەر هەردوو كۆمەڵەكە كە زیادەڕەویان كرد).

# بەشی دووەم:

# زیادەڕەوی کردن لە پیاو چاکاندا

وەك پێشتر باسمان کـردو بۆمـان ڕوون بـۆوە، کـە سـەرەتای سـەرهەڵدان و زیادەڕەوی کردن لە پیاوچاکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قەومی نوح سەلامی خـوای لێ بێت، کە زیادەڕەوییان کرد لە خۆشویستن و بە گەورە دانانی (ود و سواع و یغوث و یعوق و نسر)دا، وە پاشان ئەم زیادەڕەویە بەردەوام بوو تا زۆربەی سەر ڕووی زەوی گرتەوە.

وە هەر لەوەشەوە بۆمان ڕوون بۆوە کە زیادەڕەوی کردن لە حەقی پێغەمبەران و فریشتەو پیاو چاکاندا بنچینەی شیرك و گومڕایی بوو لەناو ئوممەتانی پێشودا، وە هەر لەبەر ئەمەشە کە خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزو پێغەمبەریش ﷺ لە فەرمودە صەحیحەکانیدا ئاماژەیان بەمە داوەو وریایان کردوینەتەوە کە خۆمان بپارێزین لەم کارانەو هەموو ئەم کارانەش کە سەر دەکێشن بۆ ئەم زیادەڕەوی و هاوبەش دانانە بۆ خوای پەروەردگار.

وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّ ﴾[1]، واتـە: (ئـەی ئـەهلی کیتـاب (جولەکـەو گاورەکـان) زیادەڕەوی لە دینەکەتاندا مەکەن، وە هیچ شتێك لەسەر خوای گەورە مەڵێن تەنها حەق نەبێت).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوٓاْ أَهۡوَآءَ قَوۡمٖ قَدۡ ضَلُّواْ مِن قَبۡلُ وَأَضَلُّواْ كَثِيرٗا وَضَلُّواْ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴾[2]، واتـە: (ئـەی ئـەهلی کیتـاب (جولەکـەو گاورەکـان) زیـادەڕەوی لـە دینەکەتاندا مەکەن و تەنها شوێن حەق بکەون، وە شوێن هەواو ئارەزوی ئەوانە

(١) سورة النساء: (١٧١).

(٢) سورة المائدة: (٧٧).

مەکەون کە لە پێشودا گومڕابوون، وە خەڵکانێکی زۆریان گومڕا کـردو لاڕێیـان کـردن و لە ڕێگای ڕاست لایان دان).

وە هەروەها خوای گەورە وەصفی عیسی و هەموو پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت دەکات بەوەی کە هەموویان مرۆڤن و خواردن دەحۆن و دەخۆنەوەو دەڕۆن و ژن دەهێنن و منداڵیان دەبێت و پیر دەبن و لاواز دەبن و نەخۆش دەکەون، کەوابوو توشی هەموو ئەم شتانە دەبن کە مرۆڤی ئاسایی توشی دەبێت، وە هەروەها وەصفیان دەکات بەوەی کە ئەوانیش عیبادەت بۆ خوای گەورە دەکەن و پەرستنی بۆ ئەنجام دەدەن، ئەمەش لە زۆر ئایەتی قورئاندا خوای گەورە باسی کردووە، لەوانەش:

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ لَّن يَسْتَنكِفَ ٱلْمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبْدًا لِّلَّهِ وَلَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ۚ وَمَن يَسْتَنكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَيَسْتَكْبِرْ فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيْهِ جَمِيعًا فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ ۖ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسْتَنكَفُوا۟ وَٱسْتَكْبَرُوا۟ فَيُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴾[1]، واتە: (عیسا ئەوە بە کەم نازانێت کە بەندەیەکی خوای گەورەیە، وە هەروەها فریشتە نزیکەکانیش بە هەمان شێوە، وە هەر کەسێکیش ئەو بەندایەتی کردنە بۆ خوای گەورە بە کەم بزانێت و خۆی بە گەورە بزانێت، ئەوا بەڕاستی هەر هەموو خەڵکی بە کافرو خۆ بە گەورەزان و ئیماندارانەوە بە یەکەوە حەشر دەکەین، بەڵام ئەوانەی کە ئیماندارن و کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە ئەوا پاداشتیان دەدەینەوەو فەزڵ و بەخششی خۆمانیانی بەسەردا زیاد دەکەین، وە ئەوانەش کە بەندایەتی کردنی خوای گەورەیان بە کەم زانیوەو خۆیان بە گەورە دەزانی ئەوا عەزاب و سزایەکی زۆر توندو بە ئێشیان دەدەین، وە لەو ڕۆژەشدا هیچ

(١) سورة النساء: (١٧٢ - ١٧٣).

كەسێكیان دەست ناكەوێت جگە لە خوای گەورە كە پشتیوانیان بێت و لەو سزایە ڕزگاریان بكات).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدۡ أُوحِیَ إِلَیۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِینَ مِن قَبۡلِكَ لَىِٕنۡ أَشۡرَكۡتَ لَیَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَـٰسِرِینَ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ وَكُن مِّنَ ٱلشَّـٰكِرِینَ ﴾[1]، واتە: (بەڕاستی ئەی پێغەمبەر بە وەحی بۆ تۆ هاتووە وە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆیش، كە ئەگەر هاوەڵ بۆ خوا دابنێیت ئەوا بەڕاستی هەموو كردەوەكانت هەڵ دەوەشێنەوەو لەو كەسانە دەبیت كە خەسارەت مەندو زەرەرمەندن، بەڵكو بە تەنها خوای گەورە بپەرستەو لە ڕیزی ئەو كەسانە بە كە سوپاس گوزارن).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلۡحُوتِ إِذۡ نَادَىٰ وَهُوَ مَكۡظُومࣱ لَّوۡلَاۤ أَن تَدَ ٰرَكَهُۥ نِعۡمَةࣱ مِّن رَّبِّهِۦ لَنُبِذَ بِٱلۡعَرَاۤءِ وَهُوَ مَذۡمُومࣱ فَٱجۡتَبَـٰهُ رَبُّهُۥ فَجَعَلَهُۥ مِنَ ٱلصَّـٰلِحِینَ ﴾[2]، واتە: (صەبرو ئارامت هەبێت لەسەر حوكم و قەدەری خوای گەورەو وەك یونس مەكە كە توشی ئەوەبوو وازی لە قەومەكەی هێناو كەوتە ناوسكی حوتەكەوەو لەوێشدا لۆمەی نەفسی خۆی دەكردو پاشان خوای گەورە سۆزو بەزەیی خۆی بەسەردا ڕژاندو ڕزگاری كرد لەوەی كە حوتەكە فڕێی بداتە زەویەكی وشك و بێ دەرامەتەوە، وە هەڵی بژاردو كردی بە یەكێك لە پیاو چاكان).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ قَالَ یَـٰقَوۡمِ أَرَءَیۡتُمۡ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَیِّنَةࣲ مِّن رَّبِّی وَءَاتَىٰنِی مِنۡهُ رَحۡمَةࣰ فَمَن یَنصُرُنِی مِنَ ٱللَّهِ إِنۡ عَصَیۡتُهُۥۖ فَمَا تَزِیدُونَنِی غَیۡرَ تَخۡسِیرࣲ ﴾[3]، واتە: (ئەی قەومەكەم: ئایا نابینن كە من لەسەر بەرنامەیەكی ڕوون و ئاشكرام كە خوای گەورە بۆی ناردووم، وە هەروەها ڕەحمەت و سۆزو بەزەیی خۆی پێی بەخشیوم؟ وە ئەگەر

---

(١) سورة الزمر: (٦٥ – ٦٦).

(٢) سورة القلم: (٤٨ – ٥٠).

(٣) سورة هود: (٦٣).

بێتوو سەرپێچی فەرمانەکانی بکەم کێ سەرم دەخات جگە لەو؟ وە ئێوەش جگە لە زەرەرمەندی و خەسارەت مەندی هیچی ترم بۆ زیاد ناکەن).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ يَـٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَـٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ ﴾[1]، واتە: (ئەی داود: ئێمە تۆمان کردووە بە خەلیفە لەسەر زەویداو حوکم لە نێوان خەڵکیدا بکە بە حەق و شوێن هەواو ئارەزوەکان مەکەوە بە هۆی نزیکی و خزمایەتیەوە، چونکە بەڕاستی ئەو هەواو ئارەزووە لە ڕێگای ڕاستی خوای گەورە لات دەدات، وە بەڕاستی ئەوانەی لە ڕێگای ڕاستی خوای گەورە لادەدەن ئەوا توشی سزایەکی زۆر توند دەبن، لەبەر ئەوەی کەوا حیساب و لێ پرسینەوەی ڕۆژی دوایی بیر چۆتەوە).

وە هەروەها ئایەت دەربارەی پێغەمبەر ﷺ زۆرن لەوانەش:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغْ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۖ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴾[2]، واتە: (ئەی پێغەمبەر: ئەوەی کە لەلایەن خواوە بۆت هاتووە ڕای بگەیەنە، وە ئەگەر ئەمە نەکەیت" ئەوا بەڕاستی پەیامی خوای گەورەت ڕانەگەیاندووە، وە خوای گەورە دەت پارێزێت لە شەڕی خەڵکی، وە بەڕاستی خوای گەورە کافران هیدایەت نادات).

ابن جریر دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێت: (خوای گەورە فێری دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە کە ئەگەر بێت و کەمتەرخەمی بکات لە ڕاگەیاندنی بەشێك لەوەی کە بەسەریدا دابەزیوە، ئەوا بەڕاستی وازی لە گەیاندن و ڕاگەیاندنی هێناوە)[3].

---

(١) سورة ص: (٢٦).

(٢) سورة المائدة: (٦٧).

(٣) تفسير الطبري (١٠/٤٦٧).

وە هەروەها القرطبي لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: (ئەوە پەروەردە کردنە بۆ پێغەمبەر ﷺو زانایان و هەڵگرانی زانست و زانیاری لەناو ئوممەتەکەیاندا کە هیچ شتێك لە شەریعەتەکەی نەشارنەوە، وە خوای پەروەردگار ئاگادارە بەوەی کە پێغەمبەرەکەی ﷺ هیچ شتێك لە وەحی خوای گەورە ناشارێتەوە)[1].

وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَيۡتُ رَبِّي عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ﴾[2]، واتە: (بڵێ: بەڕاستی من لە سزاو عەزابی ڕۆژێکی زۆر گەورە دەترسم لەوەی کە سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە بکەم و هاوەڵی بۆ دابنێم).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ فَلَا تَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُعَذَّبِينَ ﴾[3]، واتە: (لەگەڵ خوای گەورە هاوار مەکە هیچ پەستراوێکی تر، چونکە ئەگەر ئەوە بکەیت ئەوا تۆ لەو کەسانە دەبیت کە سزا دەدرێن).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ لَّوۡلَا كِتَٰبٞ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمۡ فِيمَآ أَخَذۡتُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴾[4]، واتە: (هیچ پێغەمبەرێك نەبووە کە لە شەڕدا دیل بگریت تا زۆر بە توندی هێرشیان نەکردبێتە سەر دوژمن و زۆریان لێ نەکوشتبن، وە ئێوە دونیای بێ بایەختان دەوێت بەڵام خوای گەورە دواڕۆژی دەوێت، وە خوای گەورە زۆر بە دەسەڵات و کار بەجێیە، وە ئەگەر خوای گەورە تەقدیری لەسەر ئەوە نەبوایە کە بۆی نوسیون ئەوە بەڕاستی توشی سزایەکی زۆر توندو بە ئێش دەبوون).

---

(١) تفسير القرطبي (٦/٢٤٢).

(٢) سورة الأنعام: (١٥).

(٣) سورة الشعراء: (٢١٣).

(٤) سورة الأنفال: (٦٧ –٦٨).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ ٱلْأَقَاوِيلِ لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِٱلْيَمِينِ ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ ٱلْوَتِينَ فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَٰجِزِينَ ﴾[1]، واتە: (ئەگەر محمد ﷺ لە خۆیەوە قسەی بکردایەو بیدابایە پاڵ ئێمە، ئەوا دەمانگرت و نەمان دەهێشت بەردەوام بێت لەسەری، وە ئەو کاتە دەمان مراندو هیچ کەسێکیش نەبوو لە ئێوە کە ڕێگای ئەو کارەمان لێ بگرێت).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْلَآ أَن ثَبَّتْنَٰكَ لَقَدْ كِدتَّ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْـًٔا قَلِيلًا ۝ إِذًا لَّأَذَقْنَٰكَ ضِعْفَ ٱلْحَيَوٰةِ وَضِعْفَ ٱلْمَمَاتِ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنَا نَصِيرًا ﴾[2]،
واتە: (ئەی محمد: ئەگەر دامەزراومان نەکردبای لەسەر دینەکەمان، لەوانەیە بۆ ئەوەی هیدایەت وەرگرن کەمێك مەیلت بەلایاندا چوبا، وە ئەگەر ئەو کارەت کردبا ئەوا سزاو عەزابێکی چەند جارەمان توش دەکردی و لە لای ئێمەشەوە هیچ سەرخەرێکت دەست نەدەکەوت).

کەواتە ئەم ئایەتانە گەورەترین بەڵگەن لەسەر نەفی کردنی بانگەشەی ئەو کەسانەی کە زیادەڕەوی دەکەن لە دروست کراوەکانی خوای گەورەدا، ئەگەرچی ئەم دروست کراوانە نزیکیش بن لە خوای گەورەوە، وە لە هەموو بوارەکانی دیندا لە ئەمرو نەهی و شەریعەت داناندا، هیچ کەسێك بەشدارو شەریك نیە لەگەڵ خوای گەورەدا، نە پێغەمبەران و نە هیچ کەسێکی تریش، بەڵکو هەموو پێغەمبەرانیش بەندەی خوای گەورەن و فەرمانیان پێ کراوە بە ڕاگەیاندنی پەیامی خوای گەورە، وە هیچیشیان شەریك و هاوبەشی خوای گەورە نین و هیچ شتێکیشیان لەبەر دەستدا نیە کە تایبەتی خوای گەورە بێت.

---

(١) سورة الحاقة: (٤٤-٤٧).

(٢) سورة الإسراء: (٧٤- ٧٥).

# بەشی سێیەم:

# خستنە ڕووی شوبهەکان

هەروەك لە پێشتر بۆمان ڕوون بۆوە کە ئەم جۆرە کەسانە بە ناوی خۆشویستن و بە گەورە دانانی پێغەمبەر ﷺ چونە ناو خەڵکەوەو شوبهەیان بۆ دروست کردن، وە لەوەشدا زیادەڕەوییەکی زۆریان کرد هەروەك چۆن گاورەکان زیادەڕەویان کرد لە کەسایەتی عیسی سەلامی خوای لێ بێت، وە موشریکەکانیش لەو بت و پەیکەرانەی کە دەیان پەرستن، وە لە هەمان کاتیشدا هەوڵیشیان دەدا بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو شیرك و گومڕایی و بیدعەیەی کە لەسەری بوون، وە بە هۆی ئەم دەربڕینەشیان بۆ بانگەوازی کردنەکەیان خەڵکێکی زۆر باوەڕی پێ کردن و شوێنیان کەوتن، کە هۆکاری سەرەکیشی نەزانین و ناشارەزایی خەڵکەکە خۆیان بوو لە ئایینە پیرۆزەکەیان لە لایەك و زمان لوسی و دەربڕینی ئەوانیش بەناوی خۆشویستنی پێغەمبەرەوە ﷺ و چەواشە کردنی خەڵکی بەوەی کە ئەوان لە هەموو کەس زیاتر لە پێغەمبەر ﷺ نزیکن و هاوەڵ و ئەولیای ئەون لە لایەکی ترەوە.

وە چۆن دەبێت ئەوانە خۆشەویست و ئەولیای ئەوبن لە کاتێکدا پێچەوانەی فەرمانەکانی ئەو دەکەن و دژایەتی سوننەتەکەی دەکەن و ڕەخنە لە حوکم و فەرمانی ئەو دەگرن؟!!

وە چۆن ئەو کەسە دەبێت بە ئەولیای ئەو لە کاتێکدا هەوڵ دەدات و تێ دەکۆشێت بۆ لەناو بردنی شەریعەتەکەی و هەڵوەشاندنەوەی بانگەوازی کردن و بنچینەو بناغەی سەرەکی ئایینەکەی، کە بە تەنها زانین و پەرستنی خوای گەورەو وازهێنانە لە هەموو پەرستراوێکی تر جگە لە پەرستراوی ڕاستەقینەمان؟!!

با بە ووردی و بە جوانی سەیر بکەین و بزانین ئەم پیاوە (دکتۆر محمد العلوي المالكي؟!!) چی دەڵێت:

✓ دەڵێت: دەبێت بوەستی (واتـە: لـە بەرامبـەر قەبرەکـەی) بـە ملکەچـی نوانـدن و ڕێکوپێکی و خۆشکاندنەوەو زەلیلـی نوانـدن، وە دەسـتی ڕاسـتت بخەیتـە سـەر دەستی چەپت هەروەك چۆن لە کاتی نوێژدا)[١].

✓ وە هەروەها دەڵێت:

نقبل الترب إجلالاً لساكنه فكل موطئ أقدام مقر فم[٢].

واتە: (خۆڵەکەی ماچ دەکەین بۆ بـە گـەورە دانـانی ئـەوەی کـە تیایدایـەتی وە هـەموو شوێن پێیەکی شوێن و بارەگای (دەم)ە بۆ ماچ کردنی).

ئەوەتا خوای گەورەش فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات کە بە خەڵکی بڵێت: ﴿قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعٗا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ وَلَوۡ كُنتُ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ﴾[٣].

وە هـــەروەها فـــەرمانی پـــێ دەکـــات و دەفـــەرموێت: ﴿قُلۡ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا رَشَدٗا﴾[٤].

وە ئەوەش زۆر گەورەیـە لەسـەر ئەوانـەی کـە پێـچەوانەی ئـەمـەن و دەڵـێن: (ئـەو (واتـە: پێغەمبەر ﷺ) سودو زەرەرو خێرو شەڕیشی بە دەستە!) سبحانك هذا بهتان عظيم.

✓ وە هەروەها دەڵێت: (پاشان بزانە کە هەر شتێك بۆ بـە گـەورە دانـانی پێغەمبـەر بێت ﷺ، ئەوا بۆ هیچ کەسێك نیـە کـە لێـی بکۆڵێتـەوەو داوای بەڵگـە بکـات لـە سەری، چـونکە ئـەوە بـێ ئـەدەبی کردنـە بەرامبـەر بـە پێغەمبـەر ﷺ، وە هـەر

(١) شفاء الفؤاد (ص١٨٩-١٩٠).

(٢) شفاء الفؤاد (ص١١٤).

(٣) سورة الأعراف: (١٨٨).

(٤) سورة الجن: (٢١).

شتێك كە ئارەزوی دەكەیت لە ڕووی مەدحەوە دەربارەی پێغەمبەر ﷺ بیكەو هیچ گرفت و گومانێكی تیادا نیە)[1].

سەیر بكەن و بزانن چ بێ ئەدەبیەك گەورەترە لەوەی كە وترا بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ؟!!

ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (لا تطروني)، وە هەروەها ئینكاری لە بەرامبەر ئەمانەشدا كرد كە دەیان ووت: (أنت سیدنا، وأفضلنا فضلاً وأعظمنا طولاً)، وە ئەوەش كە وتی: (ماشاءالله وشئت)، وە ئینكاری ئەو كچە بچوكەشی كرد كە وتی: (وفینا نبی یعلم مافي غد).

كەچی ئەم پیاوە ڕەخنە لە هەموو ئەمانە دەگرێت و بەو پەڕی بێ ئەدەبیەوە دەڵێت: (قل ماشئت في رسول الله ﷺ علی سبیل المدح ولا حرج)!!!

وە هەروەها ئەم پیاوەو هاوشێوەكانی لێكدانەوەیەكی زۆر سەیرو نامۆیان هەیە بۆ فەرمودەی (لا تطروني)، كە ئەوەش لە ڕاستیدا گۆڕینی ماناكەی و لادانیەتی لەو مەبەست و داخوازیەی كە فەرمودەكە هەیەتی، یەكێ لەوانەی كە بەم شێوە نامۆیە فەرمودەكەی لێكداوەتەوە (البوصیري) خاوەنی قەصیدەی (البردة)یە، كە دەڵێت:

(دع ما ادعته النصاری في نبیهم واحكم بما شئت قولاً فیه واحتكم)

واتە: (واز بهێنەو دوور بكەوە لەوەی كە گاورەكان بانگەشەی بۆ دەكەن دەربارەی پێغەمبەرەكەیان، وە چۆن ئارەزوو دەكەیت حوكم بدە بەسەر ئەو قسانەدا كە دەربارەی پێغەمبەر ﷺ دەكرێن).

پاشان ئەم پیاوە ئەم دێرە شیعرە دەهێنێت و بەم شێوەیە شەرحی دەكات و دەڵێت: (هەر كەسێك مەبەستی مەدح كردنی پێغەمبەرە ﷺ ئەوا ڕێگەی پێدراوە بە هەر شێوەو جۆرێك دەیەوێت مەدحی بكات، تەنها ئەوە نەبێت كە گاورەكان دەربارەی عیسی سەلامی خوایان لێ بێت دەیان وت، كە ئەمەش دروست نیە چونكە سەر دەكێشێت بۆ شیرك! بەڵكو بڵێ: عەبدو نێردراوی خوایە، وە چۆنی ئارەزوو دەكەیت

(١) الذخائر (ص٢٠١).

مەدحی بکە بە سیفاتی کەمال و تەواوو سیفاتی جەلالیەت و ئاکارە جوانەکان، چونکە بە ڕاستی ڕوخسەتت دراوە بۆ ئەمانەو هیچ شتێکت لەسەر نیە.

وە ئەگەر هەموو تواناو دەسەڵاتی خۆت بخەیتە کار بۆ ئەوەی وەصفی بکەیت" ئەوا ئەو کاتەش نەت توانیوە تەنها کەمێکیش لە سیفەتە بەرزو جوانەکانی باس بکەیت)[1].

سەیری بێ هۆشی و کەم عەقڵی و ئەو بێ ئەدەبیەیان بکە بەرامبەر خوای باڵا دەست و پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ، فەرمودەی ڕاست و صەحیحی پێغەمبەر ﷺ دەگۆڕن و ماناکەی لادەدەن و بیرو بۆچونی بۆگەنی خۆیان پێش دەخەن و بێ ئەدەبی دەنوێنن لە بەرامبەریداو پاشانیش بانگەشەی خۆشویستن و بە گەورە دانان و شوێن کەوتنیشی دەکەن!!!

ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت (لا تطروني)، کەچی شاعیرەکەشیان دەڵێت: (واحكم بما شئت قولاً فيه واحتكم)!!!

وە ئەم پیاوەی لەمەڕ خۆشمان لەشەرحی ئەم شیعرەدا دەڵێت: (واحكم بما شئت مدحاً من صفات الكمال ونعوت الجلال)!!!

بەڕاستی زۆر سەیرە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت زیادەڕەوی مەکەن لە وەصف کردنی مندا، کەچی ئەوان دەڵێن: چۆن دەتەوێت ئاوا وەصفی بکە، تەنها وەك گاورەکان مەڵێن ئیتر قەیناکاو ڕوخسەت دراوە!!!

وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەیەکی تریدا دەفەرموێت: (من محمدی کوڕی عبداللەم، وە من عەبدو نێردراوی خوام، وە حەز ناکەم لەم پلەو پایەیە بەرزم بکەنەوە کە خوای گەورە بۆی داناوم)[2].

---

(١) الذخائر (ص٣٧).

(٢) صحيح: رواه الإمام أحمد في المسند (١٥٣/٣)، والنسائي في عمل اليوم والليلة (ح ٢٤٨،٢٤٩)، وصححه الامام الالباني (رحمه الله) في (السلسلة الصحيحة)(١٠٩٧).

وە هەروەها لە بەرامبەر قسەی جاریەکەدا فەرمووی: (واز لەوە بهێنەو ئەوە بڵێ کە پێشتر دەت وت)[١].

ابن حجر ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە شەرحی ئەم فەرمودەیەدا دەڵێت: (واتە: واز بهێنە لەوەی کە پەیوەندی بە مەدح کردنی منەوە هەیە، کە ئەویش زیادەڕەوی تێدایەو نەهی لێ کراوە)[٢].

باشە خۆ ئەمانە قسەیەکان نەکردبوو وەك گاورەکان کردیان دەربارەی عیسی سەلامی خوای لێ بێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر ﷺ نەهی لێ کردن لە مەدح کردنێك کە زیادەڕەوی تێدایەو نەهی لێ کراوە، کە ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ هەر کەسێك کە چاوو گوێی هەبێت و حەق و ڕاستی پێ ببینێت و ببیستێت.

کەواتە: بترسە ئەی موسڵمانی شوێن کەوتووی پێغەمبەر ﷺ لەوەی بە شێوەیەك مەدحی پێغەمبەر ﷺ بکەیت کە خوای گەورە پێی ڕازی نیەو لەو بوارەدایە کە زیادەڕەوی کردنەو نەهی لێ کراوە.

بۆیە وریابەو ئاگاداری خۆت بە، نەکەی بکەویتە ناو ئەو زیادەڕەوی کردنەوە کە زۆرێك لە خەڵکی تێی کەوتوون جا بە بێ ئاگایی بێت یان ئاگادار بن.

خوای گەورە هەموو لایەکمان بپارێزێت لەوەی کە زیادەڕەوی بکەین لە مەدحی پێغەمبەردا ﷺو وامان لێ بکات بەم شێوەیە وەصف و مەحی بکەین کە خوای گەورە ڕێگەی پێداوین و پێغەمبەریش ﷺ پێی ڕازیە.

(١) صحيح: رواه البخاري (٧/٣١٥).

(٢) فتح الباري (٩/٢٠٣).

# بەشی چوارەم:

# بە گەورە دانانی پێغەمبەر ﷺ دەبێت چۆن بێت؟

لە زۆر ئايەتی قورئانی پيرۆزدا باسـی ڕێـزو گـەورەيی پێغەمبـەر ﷺ كـراوە، كـە هەموو ئەم ئايەتانەش فەزڵ و گەورەيی و ڕێزو پلەو پايەی پێغەمبەر ﷺ دەردەخەن.

بۆ نمونە خوای گەورە لـە قورئـانی پـيرۆزدا دەفـەرموێت: ﴿ أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴾[1]، واتـە: (ئايا سـنگمان فـراوان نـەكردی بۆ وەرگرتنی دينی خوای گەورەو بەدەست هێنانی ڕەوشتە بەرزەكان؟ وە ئايا گونـاهو تاوانەكانمان لەسەر لانەبرديت و لە گوناهی پێشوو دواييت خۆش نەبووين كـە لەسـەرت قورس و گران بوون؟ وە ئايا ناوو ناوبانگی تۆمان بەرز نەكردەوە بەشێوەيەك بووە بـە بەشێك لە كەليمەی (لا إله إلاّ الله محمد رسول الله)؟).

وە هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ وَالضُّحَىٰ وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَىٰ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰ ﴾[2]، واتـە: (سوێند بـە كـاتی چێشتەنگاو كـە كاتی كارو ئيش كردنە، وە سوێند بە شەو كە كاتی ئيسراحەت و حەوانەوەيـە، سـوێند بەوانە خوای گـەورە دەسـتی لـێ هەڵنـەگرتويت و وازی لـێ نـەهێناوی، وە ئـاخيرەت و كۆتايی زۆر خێرترو باشترە بۆ تۆ لە دونيـا، وە پاشـان بەخشـشی خـوای گـەورەت بـۆ دێت و لێت ڕازی دەبێت).

وە هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾[3]، واتـە: (بەڕاسـتی تـۆ لەسـەر بەرزترين خوڕەوشتيت).

وە هـــەروەها دەفـــەرموێت: ﴿ إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا لِّيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا ﴾[4]، واتــە: (بەڕاســتی ئێمــە تۆمــان

---

(١) سورة الشرح: (١-٤).

(٢) سورة الضحى: (١-٥).

(٣) سورة القلم: (٤).

(٤) سورة الفتح: (١-٢).

سەرخست بەسەر كافرو بێ باوەڕو موشریكەكاندا، وە هەروەها لە هـەموو گوناهـەكانت خۆش بوین ئەوانەی پێشوو و دواتریش، وە نیعمەتی خۆی بە تەواوی بەسەردا ڕشـتیت و هیدایەت و ڕێنومایی كردی بۆ ڕێگای ڕاست).

وە هەموو ئەم ئایەتانەش بەڵگەن لەسەر فەزڵ و گـەورەیی پێغەمبـەر ﷺ و لـێ خـۆش بوونی خوای گەورە لە هەموو گوناهەكانی پێشوو دوایی لەگـەڵ ئەوەشـدا كـە پـارێزراو بووە لە گونـاهوو تـاوان، وە پێغەمبـەریش ﷺ زۆر بەمـە دڵخـۆش بـووە، هـەروەك لـە فـەرموودەی صـەحیحدا هـاتووە كـە فەرموویـەتی: (ئایـەتێكم بەسـەردا دابـەزیوە خۆشەویست تـرە لـەلام لـە هـەموو دونیـا)[1] ، وە لـە ڕیوایـەتێكی تـردا هـاتووە كـە فەرموویەتی: (بە ڕاستی ئەمشەو سورەتێكم بەسەردا دابەزیوە كە خۆشەویست ترە لـە هەموو ئەو شتانەی كـە خۆریـان بەسـەردا هـەڵهاتووە، پاشـان (إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا)ی خوێندەوە)[2].

وە هـەروەها بەڵگەیـەكی تـر لەسـەر گـەورەیی و فـەزڵی پێغەمبـەر ﷺ فـەرمودە درێژەكەی شەفاعەتە كە فەزڵی هەموو پێغەمبـەرانی تیـادا بـاس دەكرێـت، تـا دەگاتـە سەر پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ و پێی دەڵێن: (بەڕاستی خـوای گـەورە لـە هـەموو گوناهەكانی پێشوو و دواییت خۆشبووە)[3] ، وە لە ڕیوایەتی (أنس)دا ڕەزای خوای لـێ بێت: عیسی سەلامی خوای لێ بێت دەڵێت: بچون بۆ لای محمد ﷺ، چونكە بە ڕاسـتی خوای گەورە لە گوناهەكانی پێشوو و دوایی خۆشبووە)[4].

(١) صحيح: رواه مسلم (١٧٨٦).

(٢) صحيح: رواه البخاري (٤٥٢/٧).

(٣) صحيح: متفق عليه. اللؤلؤ والمرجان (٤٩/١-٥١).

(٤) صحيح: متفق عليه. اللؤلؤ والمرجان (٤٨/١).

وە هەروەها خوای گەورە فەرمان بە ئیمانداران دەكات كـەوا ئـەدەب و ڕێزیـان هـەبێت بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ و بە گەورەو بەڕێزی بزانن، وە ڕێز لەو پلەو پایەیە بگرن كـە خوای گەورە بۆی داناوەو كورت ڕەوی و زیادەڕەوی تیادا نەكەن.

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا لِّتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا إِنَّ ٱلَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ ٱللَّهَ يَدُ ٱللَّهِ فَوۡقَ أَيۡدِيهِمۡ ﴾[(١)]، واتە: (بەڕاستی ئەی محمد ئێمە تۆمان ناردووە تا ببیت بە شاهید لەسەر ئەوانەی كە ئیمان دەهێنن و موژدەی بەهەشت و ڕەزامەندی خوای گەورەیان پێ بدەیت، وە هەروەها ئینزاری ئەو كەسانەش بكەیت كە بێ باوەڕو كافرن و بیان ترسێنی بەو سزاو عەزابەی كـە خـوای گـەورە بـۆی ئامـادە كـردوون، وە ئیمان بهێنن بە خوای گەورەو پێغەمبەرەكەی، وە خوای گەورە بە تاك و تـەنها دابنـێن و ڕێز لە پێغەمبەرەكەی بگرن و پشتی بگرن، وە هـەروەها تەسـبیحاتی خـوای گـەورە بكەن لە بەیانیان و ئێواراندا، وە بەڕاستی ئەوانەی كە پەیمانیان لەگەڵ تۆدا بەستووەو بەیعەتیان پێداوی ئەوە بەڕاستی بەیعـەتیان بـە خـوای گـەورە داوەو دەسـتی خـوا لـە سەرووی دەستی ئەوانەوەیە).

وە هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴾[(٢)]، واتە: (ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێنـاوە شـتێك مـەڵێن كـە پێـچەوانەی قورئان و سوننەت بێت، وە لە خوا بترسن، بەڕاستی خوای گەورە زۆر بیسەرو زاناو بـە ئاگایە).

---

(١) سورة الفتح: (٨ – ١٠) .

(٢) سورة الحجرات: (١).

وە هــەروەها دەفــەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرۡفَعُوٓاْ أَصۡوَٰتَكُمۡ فَوۡقَ صَوۡتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجۡهَرُواْ لَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ كَجَهۡرِ بَعۡضِكُمۡ لِبَعۡضٍ أَن تَحۡبَطَ أَعۡمَٰلُكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ ﴾[1]،
واتە: (ئەی ئەوانەی كە ئیمانتان هێناوە دەنگی خۆتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا بەرز مەكەنەوەو بەو شێوەیە قسە لەگەڵ ئەودا مەكەن وەك هەندێكتان قسە لەگەڵ هەندێكتاندا دەكەن، نەوەكو كردەوەكانتان هەڵبوەشێنەوەو ئێوەش هیچ هەستی پێ نەكەن).

وە هــەروەها دەفــەرموێت: ﴿ لَّا تَجۡعَلُواْ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ بَيۡنَكُمۡ كَدُعَآءِ بَعۡضِكُم بَعۡضٗاۚ قَدۡ يَعۡلَمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمۡ لِوَاذٗاۚ فَلۡيَحۡذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنۡ أَمۡرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمۡ فِتۡنَةٌ أَوۡ يُصِيبَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾[2]، واتە: (وا مەزانن كە دوعای پێغەمبەر ﷺ وەك دوعای خۆتان وایە لەناو یەكتریدا، چونكە دوعای ئەو ڕاستەوخۆ قەبوڵ دەبێت و ڕەت ناكرێتەوە، وە خوای گەورە زاناو ئاگادارە بەوانەی كە خۆیان لەبەر چاوان دەشاردەوەو دوور دەكەوتنەوە، وە با بترسن ئەوانەی كە بێ فەرمانی فەرمانەكانی پێغەمبەر ﷺ دەكەن بەوەی كە توشی فیتنەو شیرك بن یان توشی بەلاّو سزاو عەزابێكی توندو بە ئێش ببن لە ڕۆژی دواییدا).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡ ﴾[3]،
واتە: (پێغەمبەر ﷺ لە پێشترە بۆ ئیمانداران لە نەفسی خۆیشیان، وە خێزانەكانیشی دایكیانن).

---

(١) سورة الحجرات: (٢).
(٢) سورة النور: (٦٣).
(٣) سورة الأحزاب: (٦).

وە هـــەروەها دەفـــەرموێت: ﴿ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَن تَنكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِن بَعْدِهِ أَبَدًا ۚ إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمًا ﴾[١]، واتە: (ئـەی ئەوانـەی كـە ئیمانتان هێناوە بۆتان نیە بە هیچ شێوەیەك ئەزیەت و ئازاری پێغەمبەر ﷺ بدەن، وە بەهیچ شێوەیەكیش بۆتـان نیـە كـە لـە دوای مردنـی ئـەو خێزانـەكانی مارە بكەنـەوە، چونكە بەڕاستی ئەوە لای خوا زۆر گەورەیە).

وە بەڕاستی هاوەڵە بەڕێزەكان ڕەزای خوایان لێ بێت بە تەواوی مانا ئـەدەب و ڕێزیـان هەبوو بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ، بەو شێوەیەی كە خوای گەورە پێی ڕازیەو فـەرمانی پێ كردووە، وە بـە تـەواویش گوێڕایـەڵیان دەكـردو شـوێنی دەكـەوتن و بـە گـەورەیان دادەنا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەو پلەوپایەیەی كە خوای گەورە بۆ پێغەمبـەری ﷺ داناوە بـەرزتریان نـەدەكردەوەو زیادەڕەویـان نـەدەكرد لـە بەرامبەریدا وەك ئەوانـەی ئەمڕۆ بانگەشەی بۆ دەكەن، وە خوای گەورەش لە زۆر شـوێنی قورئانـدا ئامـاژە بـەوە دەكات و شاهێدیان بۆ دەدات:

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ الَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِلَّهِ وَالرَّسُولِ مِن بَعْدِ مَا أَصَابَهُمُ الْقَرْحُ ۚ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا مِنْهُمْ وَاتَّقَوْا أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴾[٢]، واتە: (ئەوانەی كە بە جوانی و چاكی وەڵامـی خواو پێغەمبەریان دایەوەو شوێن فەرمانەكانی خواو پێغەمبەر كەوتن دوای ئـەوەی كـە توشی ماندوو بوون و ناڕەحەتی بووبوون لە شەڕدا، بەڕاستی ئەوانـە لـە بەرامبـەر ئـەو كارە چاكەیانداو ئەو تەقوایەی كە هەیان بوو، ئەجرو پاداشتێكی زۆر گەورەیان هەیە).

وە هـــەروەها دەفـــەرموێت: ﴿ لَّقَد تَّابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ مِن بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّهُ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾[٣]، واتـە: (بەڕاسـتی خـوای گـەورە لـە

---

(١) سورة الأحزاب: (٥٣).

(٢) سورة آل عمران: (١٧٢).

(٣) سورة التوبة: (١١٧).

پێغەمبەرو موهاجیرو ئەنصارەکان خۆش بوو، ئەوانەی کە لەگەڵیدا دەرچوون و چون بۆ جیهاد کردن لە غەزای تەبوکدا کە لە کاتێکی زۆر گەرم و ناڕەحەتدابوو، دوای ئەوەی کە هەندێکیان خەریك بوو دڵەکانیان توشی لادان بێن بە هۆی قسەی مونافیقەکانەوە بەڵام خوای گەورە دامەزراوی کردن و لێیان خۆش بوو، وە بەڕاستی خوای گەورە زۆر بە سۆزو بەزەییە).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ﴾[1]، واتە: (ئەو فەقیرو هەژارانەی کە کۆچیان کردوو ماڵ و سەروەت و سامانی خۆیان بەجێ هێشت، وە تەنها مەبەستیشیان بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە بوو، وە هەوڵیان دەدا لە پێناو سەرخستنی دینی خواو پێغەمبەرەکەیدا، بەڕاستی ئەوانە لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەی کە هەڵیانگرتبوو ڕاستگۆ بوون، وە هەروەها موسڵمانانی مەدینەش واتا ئەنصارەکان ئەوانەیان خۆش دەویستن کە کۆچیان کردبوو بۆ لای ئەوان واتە موهاجیرەکان).

وە جگە لەم ئایەتە پیرۆزانەش تەنانەت دوژمنانیش شاهێدی ئەم ڕێز گرتن و ئەدەبەیان بۆ دەدەن لە بەرامبەر پێغەمبەردا ﷺ، ئەوەتا عروەی کوڕی مەسعود کە وەفدی قورەیش بوو لە ڕێککەوتنی حودەیبیە دەڵێت: (ئەی قەوم: سوێند بە خوا بە وەفدو نوێنەر ڕۆیشتووم بۆ لای زۆر لە پاشاو فەرمان ڕەواکان، ڕۆیشتووم بۆ لای قەیصەرو کیسراو نەجاشی، سوێند بەخوا هیچ پاشاو فەرمان ڕەوایەکم نەبینیوەکە هاوەڵانی بە گەورەیان زانیبێت هێندەی ئەوەی هاوەڵانی محمد ﷺ محمد بە گەورە دەزانن، وە سوێند بە خوا ئەگەر تف و بەڵغەم فڕێ بدات ئەوە لە دەستی یەکێك دایە لەوان، وە دەیهێنێت بە دەم و چاوو پێستیدا، وە ئەگەر فەرمانێکیان پێ بکات پێش

---

(١) سورة الحشر: (٨– ٩).

بڕکێ دەکەن لە جێ بەجێ کردنی فەرمانەکەی، وە ئەگەر دەست نوێژ دەگرێت نزیکە کوشتار بکەن لەسەر ئاوی دەست نوێژەکەی، وە ئەگەر قسە دەکات دەنگیان نزم دەکەنەوە لەلای ئەو، وە بەردەوام بە چاوی ڕێزو گەورە دانانەوە تێی دەڕوانن)[١] ، لەگەڵ ئەوەشدا زیادەڕەویان نەکرد تیایدا.

وە هەروەها لەم نمونانەی تر کە زیاتر بە گەورە دانان و خۆشویستنی هاوەڵان دەردەخات بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ و بەڵگەیە لەسەر گوێڕایەڵی و ڕێزگرتنیان لە بەرامبەریدا، ئەوەیە کە ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: (هیچ کەسێك نەبوو خۆشەویست تر بێت لای هاوەڵان لە پێغەمبەر ﷺ، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك کە دەیانبینی لەبەری هەڵنەدەستان، چونکە دەیانزانی کە ئەمەی پێ ناخۆش بوو)[٢] .

بەڕاستی ئەمەیە بەگەورە دانان و خۆشەویستی حەق، نەك ئەوەی کە ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی بانگەشەی بۆ دەکەن، کە هەواو ئارەزوەکانی خۆیان پێش فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ دەخەن و لە سوننەتی ڕاستەقینەی ئەو لادەدەن.

وە بانگەوازی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئەوە بوو کە هەرچی شیرك و زیادەڕەوی هەیە لە ڕەگەوە هەڵی بکێشێت و بە تەنها خوا پەرستی جێگای ئەو شیرك و گومڕایی و زیادەڕەویە بگرێتەوە، کەچی ئەم جۆرە کەسانە خودی پێغەمبەر ﷺ دەکەن بە شەریك و هاوەڵی خوای گەورەو دەیپەرستن و قەبرەکەی لە مەککەو عەرشی خوای گەورە بە چاکترو گەورەتر دەزانن.

بۆ نمونە ئەم پیاوە (محمد العلوي المالكي) لە وەصفی قەبری پێغەمبەردا ﷺ دەڵێت: (والبقعة التي دفن فيها أفضل من الكعبة ومن العرش)[٣] ، واتە: (ئەو پارچە زەویەی کە لێی نێژراوە چاکترو باشترە لە کەعبەو لە عەرش).

---

(١) صحيح: رواه البخاري (٥/٣٣٠).

(٢) صحيح: صححه امامنا الالباني(رحمه الله) في (مشكاة المصابيح)(٤٦٩٨).

(٣) الذخائر (ص٢٠٦).

وە هەروەها دەڵێت:

وأفـضل من سمـوات وأرض وأمــلاك بأفــلاك تجـول
ومن عرش ومن جنات عدن وفـردوس بهــا خير جزيل[1]

وە هەروەها دەڵێت: (وە سەیر کردنی حوجرەی پـیرۆزی پێغەمبـەر ﷺ عیبادەتـە بـە قیاس کردنی لەسەر کەعبە)[2].

ئایا پێغەمبـەر ﷺ تـوڕە نابێـت لـەو زیادەڕەویـەو ڕازی دەبێـت لـە یـەکێك کـە قـەبرو ماڵەکەی بکات بە کەعبەو قیبلەو یان بیکات بە بتێك و بپەرسترێت؟!!

وە ئایا پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوە نێردراوە کە بە خەڵکی بڵێت واز لە پەرستنی ئەم بت و پەیکەرانە بهێنن و من و قەبرەکەم لە جیاتی ئەمانە بپەرستن؟!!

وە ئایا بۆ ئەوە هاتووە کە نەهی لە خەڵکی بکات لە زیادەڕەوی لە دروست کراوەکـانی خوای گەورەداو فەرمانیان پێ بکات بە زیادەڕەوی کردن لـە خۆشویـستن و بـە گـەورە دانانی ئەودا؟!!

وە ئایا بۆ ئەوە هاتووە کە نەهی لە گاورەکان بکات و بڵێت: واز لە زیـادەڕەوی بهێـنن لە دینەکەتاندا، چونکە ئەوە سودتان پێ ناگەیەنێت، بەڵکو زیادەڕەوی لـە منـدا بکـەن بەو شێوەیەی کە دەتانەوێت؟!!

هەموو ئەمانە دوورن لە پێغەمبەری خۆشەویستمانەوە ﷺ، بەڵکو فەرمانی کردووە بـە عیبادەت کردن بە تەنها بۆ خوای گەورە، وە نەهی کردووە لەوەی کە زیادەڕەوی تیادا بکرێت و قەبرەکەشی بکرێت بە مزگـەوت، چ جـای ئـەوەی کـە جگـە لـە خـوای گـەورە بپەرسترێت.

(١) الذخائر (ص٤٤).

(٢) شفاء الفؤاد (ص١٩٤).

وە هەروەها نەهی کردووە لە هاوەڵەکانی کە هەستن لە پشتی ئەوەوە نوێـژ بکـەن لـە کاتێکدا کە ئەو دانیشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەستان بۆ نوێژ عیبادەت و بـە گـەورە دانانی خوای گەورەیە.

وە نەهی لێ دەکردن کە فەزڵی ئەو بدەن بەسەر پێغەمبەرانی تردا سەلامی خوایان لـێ بێت، بۆ نمونە کاتێـك کـە پێیـان وت: (یـا خـیر البریة)، فـەرمووی: (ئـەوە ئیبراهیمـی خۆشەویستی خوایـە)[1] ، وە کاتێـك پرسـیاریان لـێ کـرد: (کـێ چـاکترینی خەڵکـە؟) فەرموی: (یوسفی پێغەمبەری خوا)[2].

وە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە هاوەڵانی نەفەرموو: مەدحم بکەن، چ جای ئەوەی کە فـەرمانیان پـێ بکات بە زیادەڕەوی، بەڵکو فەرمانی پێ دەکردن بـە مـەدح کردنـی خـوای گـەورەو پێی دەفەرموون: (هیچ یەکێك نیە کە مەدح کردنی بە لاوە خۆشەویستتر بێت لە خوای گەورە، لەبەر ئەمەشە خوای گەورە مەدحی خۆی کردووە)[3].

وە پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانیداو لە کاتێکدا کـە لەسـەرە مـەرگ دابـوو، نەهی لێ دەکـردن و وریـای دەکردنـەوە کـە قەبرەکـەی نەکـەن بـە مزگـەوت، هـەروەك دایکە عائیشە ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ لەکاتی تووش بـوونی بـەو نەخۆشـیەی کـە لێـی هەڵنەسـتایەوە فـەرمووی: (خـوای گـەورە لەعنـەتی کردووە لە جولەکەو گاورەکان، گۆڕی پێغەمبەرانیان دەکرد بە مزگەوت)[4].

---

(١) صحيح: رواه مسلم (٢٣٦٩).

(٢) صحيح: متفق عليه. اللؤلؤ والمرجان (١١٩/٣).

(٣) صحيح: متفق عليه. جامع الأصول (٤٣١/٨).

(٤) سبق تخريجه.

# بەشی پێنجەم:

## خوای گەورە بۆ هەموو شتێك ئەندازەی داناوە

هیچ گومانی تیادا نیە كە خوای گەورەو باڵا دەست بۆ هەموو شتێك ئەندازەی داناوەو بەندەكانی خۆی وریا كردۆتەوە لەوەی كە ئەم ئەندازەیە نەشكێنن و بە هیچ شێوەیەك زیادو كەمی تیادا نەكەن.

وە ئەو شتەی كە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە قسەی لەسەر بكەین بریتیە لە زیادەڕەوی كردن لە خۆشویستن و بە گەورە دانانی پێغەمبەر ﷺ، وە خوای گەورە سنورێكیشی بۆ ئەو خۆشویستن و بە گەورە دانانە داناوەو دروست نیە هیچی لێ زیادو كەم بكرێت و دروست نیە زیادەڕەوی لێ بكرێت، چونكە ئەگەر لێی زیاد كراو زیادەڕەوی تیادا كرا ئەوا گومانی تیادا نیە كە سەر دەكێشێت بۆ شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانان.

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾[1]، واتـە: (هاوبەش و هاوەڵ بۆ خوای گەورە دامەنێنن، وە ئێوە دەزانن كە خوای گەورە هیچ شەریك و هاوەڵێكی نیە).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ ۖ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ﴾[2]، واتـە: (لەناو خەڵكیدا كەسانێك هەن هاوبەش و هاوەڵ بۆ خوای گەورە دەدەنێن و خۆشیان دەوێن وەك چۆن خوای گەورەیان خۆش دەوێت، وە ئەوانەش كە ئیمانیان هێناوە زۆرترین خۆشەویستیان بۆ خوای گەورە هەیە).

وە هەروەها خوای گەورە پێغەمبەرانی ناردووە بۆ ئەوەی بۆ خەڵكی ڕوون بكەنەوە كە هیچ پەرستراوێكی بە حەق نیە جگە لە خوای گەورە، وە دڵەكان خاڵی بكەن لە خۆشەویستی بۆ هەر شتێك جگە لە خوای گەورە، واتە خۆشەویستی تەواویان تەنها بۆ خوای گەورەو باڵا دەست بێت.

---

(١) سورة البقرة: (٢٢).

(٢) سورة البقرة: (١٦٥).

بەڵام موشریكەكان –ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا دادەنا– بتیان لەگەڵ خوای گەورە دەپەرست و خۆشیان دەویستن هەروەك چۆن خوای گەورەیان خۆش دەویست و دەیان كردن بە شەفاعەتكار لای خوای گەورە.

بەڵام ئیمانداران زۆرترین و تەواوترین خۆشەویستیان هەیە بۆ خوای گەورەو هەر ئەویش بە تەنها دەپەرستن، وە هیچ شتێكی تریشیان وەك خوای گەورە خۆش ناوێت" نە پێغەمبەران و نە پیاوچاكان و نە هیچ كەسێكی تر، پاشان لە دوای ئەم خۆشەویستیەیان بۆ خوای گەورە پێغەمبەریان ﷺ لە هەموو كەسێك زیاتر خۆش دەوێت، وە دەشزانن كە ئەو عەبدو بەندەی خوایەو دینی خوای گەورە ڕادەگەیەنێت، وە گوێڕایەڵیشی دەكەن لە هەر شتێك كە فەرمانی پێ كردبێت، وە هەواڵیشی بە هەر شتێك دابێت ئەوا بەڕاستی دەزانن، وە هیچ ئومێدێكیشیان نیە تەنها بە خوای گەورە نەبێت، وە جگە لە خوای گەورەش لە هیچ شتێكی تر ناترسن و داوای كۆمەك و یارمەتیش لە هیچ كەسێك ناكەن جگە لە الله[١].

وە هەروەها قورئانی پیرۆز جیاوازی بۆ كردووین لە نێوان خۆشەویستی و بە گەورە دانانمان بۆ خوای گەورەو خۆشەویستی و بە گەورە دانانمان بۆ دروست كراوەكانی خوای گەورە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُوا۟ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ سَيُؤْتِينَا ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَرَسُولُهُۥٓ إِنَّآ إِلَى ٱللَّهِ رَٰغِبُونَ ﴾[٢]، واتە: (ئەگەر ئەوان ڕازی بن بەوەی كە خواو پێغەمبەر پێی بەخشیون، وە بڵێن: تەنها خوای گەورەمان بەسەو لە داهاتوشدا خوای گەورە لە فەزڵ و بەخششی خۆی بەشمان دەدات و پێمان دەبەخشێت، وە هەروەها پێغەمبەریش ﷺ لەوەی كە دەستی دەكەوێت هەر پێمان دەبەخشێت، وە ئێمە ئومێدمان بە خوای گەورە هەیەو پشتمان هەر بەو دەبەستین).

---

(١) بروانە (مجموع الفتاوى) (١١/٥٢٣-٥٣٠).

(٢) سورة التوبة: (٥٩).

لێرەدا ئەوە باسی ئەوە کراوە کـە ڕازی بـن بـەوەی کـە خـوای گـەورەو پێغەمبـەر ﷺ پێی بەخشیون، چونکە پێغەمبەر ﷺ هۆکارێکە لـە نێـوان ئێمـەو خـوای گـەورەدا لـە گەیاندنی ئەمرو نەهیەکانی خوای گەورەو ڕوون کردنـەوەی ئـەو شتانەی کـە حـەڵاڵ و حەرامن.

پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالُواْ حَسْبُنَا ٱللَّهُ ﴾، لێرەدا خوای گەورە ناوی پێغەمبەر ﷺ ناهێنێت، چونکە پشت و پەنای بەندە ئیماندارەکان تەنها خوای گەورەو باڵا دەستە.

پاشـان دەفـەرموێت: ﴿ سَيُؤْتِينَا ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَرَسُولُهُۥٓ ﴾، وە لێرەشـدا بـاس لـە بەخشین دەکات بـە تـەنها بۆ خـواو پێغەمبـەر ﷺ، بـەڵام ووشـەی (فـضل) دەخاتـە نێوانیانەوە، چونکە فەزڵ و بەخشین تەنها هی خوای باڵا دەستە.

پاشـان لـە کۆتـایی ئایەتەکـەدا دەفـەرموێت: ﴿ إِنَّآ إِلَى ٱللَّهِ رَٰغِبُونَ ﴾، ئینجـا ڕوو کردن و پـشت بەسـتن تـەنها بـۆ خـوای گـەورە دادەنێـت، بـەبێ پێغەمبـەر ﷺ و جگـە لەویش لە دروست کراوەکانی تر[1].

وە هـەروەها خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَخْشَ ٱللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴾[2]، واتە: (ئەوانەی کە گوێڕایـەڵی خـواو پێغەمبـەر دەکـەن و لـە خـوای گـەورەش دەترسـن و تـەقوای ئـەو دەکـەن، ئـەوا بەڕاسـتی ئەوانـە سـەرفرازو بەختەوەرن).

وە ئەم ئایەتە پیرۆزەش باسی ئەوە دەکات کەپێویستە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر ﷺ بین، بەڵام ملکەچی و ترسان و تەقوامان تەنها دەبێت بـۆ خـوای گـەورە بێـت و بـەس، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:

---

(١) بڕوانە (مجموع الفتاوى) (١/٢٩٢_٢٩٣).

(٢) سورة النور: (٥٢).

﴿ وَإِيَّىَ فَٱتَّقُونِ ﴾[١]، واتە: (بە تەنها تەقوای من بكەن و لە من بترسن)، وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ فَلَا تَخۡشَوُاْ ٱلنَّاسَ وَٱخۡشَوۡنِ ﴾[٢]، واتە: (لە خەڵكی مەترسن، بەڵكو لە من بترسن)[٣].

وە هەروەها بە هەمان شێوە پشت پێ بەستن و داوای یارمەتی كردن و گەڕانەوەو داوای لێ خۆش بوون كردن، هەموویان بە تەنها حەق و مافی خوای پەروەردگارن، وە هیچ كەسێك لەگەڵیدا هاوبەش و شەریك نیە، نە فریشتەكان و نە پێغەمبەران و نە پیاو چاكان و نەهیچ یەكێك لە دروست كراوەكانی تر، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ﴾[٤]، واتە: (پشت هەر بە خوای گەورە دەبەستم و گەڕانەوەشم هەر بۆ لای ئەوە)، وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴾[٥]، واتە: (خوایە گیان تەنها تۆ دەپەرستین و داوای كۆمەكی و یارمەتیش هەر لە تۆ دەكەین)، وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَأَنِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ ﴾[٦]، واتە: (داوای لێ خۆش بوون لە خوای گەورە بكەن و پاشانیش تەوبە بكەن و بگەڕێنەوە لای خوای گەورە).

كەچی بەڕاستی ئەوانەی پێچەوانەی حەق و ڕاستین بە وێنەی محمد المالكی و هاوشێوەكانی، حەق و مافەكان تێكەڵاو دەكەن لە نێوان خوای گەورەو دروست كراوەكانیدا، وە بەسەر هەر تاوانێكدا تاوانێكی گەورەتر دەهێنن، وە لە هەمان كاتیشدا بێ ڕێزی و بێ ئەدەبی دەنوێنن بەرامبەر ئەوانەی كە خوای گەورە هیدایەتی

---

(١) البقرة: (٤١).

(٢) سورة المائدة: (٤٤).

(٣) بڕوانە (مجموع الفتاوى) (١/٦٨).

(٤) سورة هود: (٨٨).

(٥) سورة الفاتحة: (٥).

(٦) سورة هود: (٣).

داون بـۆ حـەق و بـە تـەنها پەرسـتنی خـوای گـەورەو بـە نـەزان و نـەفامیان لـە قەڵـەم دەدەن.

لەمەوە بۆمان دەرکەوت کە خوای گەورە بۆ هەموو شتێك ئەندازەیەکی تەواوی دانـاوە، بەڵام ئەمان گوێ نادەن بەم ئەندازەیەی خوای گەورەو زیادەڕەوی دەکەن لـە دروسـت کراوەکانیدا، بە شێوەیەك کە هیچ شـتێکیان نەهێشتۆتەوە بـۆ خـوای پـەروەردگار لـە سیفەت و ناوو کردارە جوانەکانیدا، وە بە هەموو شێوەیەکیش ڕووی خۆیان لە دروست کراوەکانی خوای گەورە دەکەن و هـەموو جـۆرە دوعـاو پاڕانەوەیـەکیان لـێ دەکـەن و ئومێدێکی زۆریشیان پێ هەن، وە ئەمەش بە شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانان نازانن، لـە کاتێکدا شیرك و هاوبەش دانان بۆ خـوای گـەورە بریتیـە لـە: هاوبـەش کردنـی دروسـت کراوەکـانی خـوای گـەورە لەگـەڵ خـوای گـەورەو بـاڵا دەسـتدا لـە بـە گـەورە دانـان و خۆشویستن و عیبادەت بۆ کردندا.

خوای گەورە هەموو لایەکمان بپارێزێت بەوەی کە ئەم ئەندازەو سنورانە نەبەزێنین کـە خوای گەورە بۆ دروست کراوەکانی خۆی داینـاون.

# بەشی شەشەم:

## بۆچی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی زیادەڕەوی دەکەن لە وەصفی پێغەمبەردا ﷺ؟

لێرەدا پرسیارێکی زۆر گرنگ دێتە ئاراوە، ئـەویش ئەوەیە: مەبەسـتی ئـەم جـۆرە کەسانە چیە کەوا زیادەڕەوی دەکەن لە وەصـف کردنـی کەسـایەتی پێغەمبـەردا ﷺ و زۆر پێداگری دەکەن و سورن لەسەری؟

وەڵامـی مەبەسـتەکەی ئـەوان ڕوون و ئاشـکرایە، ئـەویش ئەوەیـە کـە لـە پـشت ئـەم زیادەڕەویـەوە دەیانـەوێت داوای بەرپرسـیارێتی و گەورایـەتی و پێـشەوایەتی بکـەن بەسەر خەڵکیدا، وە هەروەها گەیشتن بە پلەی بـەرزو دەسـت خـستنی سـودو قازانجـە دونیاییەکان، وە لە هەمان کاتیشدا دەیانەوێت بگەن بەوەی کەوا خەڵکی بە گـەورەیان بزانن و بە پیرۆزو چاکیان دابنێن و زیادەڕەوی بکەن تیایاندا.

وە هیچ گومانیشی تیادا نیە کە ئەم ڕاستیە پێویستی بـە بەڵگـە نیـەو هـەروەك مـانگی چواردە وایەو پێویست بە پەنجە بۆ ڕاکێشان ناکات، وە حاڵی بەشێکی زۆر لـە خـەڵکی باشـترین و گـەورەترین بەڵگەیـە لەسـەر ئـەم باسـە، کـە ڕۆژانـە دەبیـنین چـەندەها زیادەڕەوی لەم بەناو پێشەوایانەدا دەکرێت، هەر لە ناو نانیان بـە چـەند ناوێـك کـە بـە هیچ شێوەیەك ئەم ناوانە دروست نین بەکار بهێنرێن تا دەگاتـە دەسـت و قـاچ و پـێڵاو ماچ کردن کە لەلایـەن خـەڵکی نـەزان و نەفامـەوە ئـەنجام دەدرێـت، بگـرە گەیـشتۆتە ئاستێك کە چەندەها جار بیستراوەو بینـراوە لـە کۆڕەکانیانـدا کـە بـە وێنـەو سـیدی و کاسـێتی ڤیـدیۆیی بـڵاو کراوەتـەوە کـە خـەڵکانێکی زۆر کڕنـۆش و سـوجدە بـۆ بـەناو پێشەواو شێخەکانیان دەبەن، سوجدەیەك کە بە هیچ شێوەیەك دروست نیە بۆ غـەیری خوای پەروەردگار ببرێت و ئەنجام بدرێت، وە هەر کەسێك ئەمە بکات ئەوا بە بـێ هـیچ گومان و دوو دڵیەك ئەو کەسە دروست کراوێکی خوای گەورەی کردووە بە هاوبـەش بـۆ خواو پەنا بە خوا ئەو کەسە لە دینی ئیسلام دەرچووە.

وە هـەروەك پێـشتر ئاماژەمـان پێـدا یـەکێك لـەم جـۆرە زیادەڕەویانـە بریتیـە لـە بەکارهێنانی چەند ناوێك بۆ پێشەواکانیان کە دروست نین، وەك:

✓ یەکێك لەو ناوانە (العارف)ە، کە بڵاوترین و بـەناو بانگترینیانـە، وە ئـەوەش لای ئەوان مانایەکی تری هەیە جیا لەوەی کە خەڵی لێی تێدەگات، ئەویش لای ئەوان

ئەو کەسەیە کە دەزانێت خوای گەورە بریتیە لەو کەون و گەردوونە، وە هەر شتێك کە ئەو دەیبینێت یان دەیبیستێت لە هەر شوێنێك ئەوە خوایە، پاکو بێگەردی بۆ خوای پەروەردگار لەوەی کە ئەوان دەیلێن.

ئەی با بزانین سیفەتەکانی (عارف) لای ئەوان چین؟

هەندێکیان دەڵێن: (عارف) ئەو کەسەیە کە خوای گەورە شاهێدی بۆ زات و سیفات و کردارەکانی داوە)[1].

وە هەندێکی تریان دەڵێن: (هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کەسێك کە گەیشتۆتە پلەی (عارف)، ئەوە وەك هەڵسوکەوت کردن وایە لەگەڵ خوای گەورەدا ......... وە هەروەها خورەوشتی خۆی ڕازاندۆتەوە بە خورەوشتی خوای گەورە)[2].

وە یەکێکی تر دەڵێت: (ئەگەر بەندەیەك گەیشتە ئاستی (عارف) ئەوا خوای گەورە ئامۆژگاری دەکات و ئەوەی مەبەستی بێت دەیخاتە دڵیەوە)[3].

✓ وە هەروەها یەکێکی تر لەو ناوانەی کە بۆیان بەکار دەهێنرێت بریتیە لە ناوی (الولي)، کە ئەمەش لە ناوە تایبەتیەکانیانە، وە دیارە مەبەستیشیان ئەو ناوە گشتیە نیە کە خەڵکی ئاسایی تێی گەیشتوون، وە ئەو پلەیەش لای ئەوان زۆر گەورەترە لە پلەی پێغەمبەرایەتی و پەیامی خوای پەروەردگار، بۆ نمونە دەڵێن:

مقام النبوة في برزخ        فوق الرسول ودون الولي

✓ وە لەو ناوانەی تریش کە بۆیان بەکار دەهێنن (القطب) و (الغوث) و (الوتد) و (البدل)و زۆر ناوی تریش کە خوای پەروەردگار هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزاندوون، وە واش گومان دەبەن کە خاوەنی ئەم ناوانە بە فریای خەڵك

---

(١) حاشية العروسي (١/٨).

(٢) الرسالة القشيرية (ص١٤٢).

(٣) الرسالة القشيرية (ص١٤٢).

دەکەون و یارمەتیان دەدەن جگە لە خوای گەورە، وە هەروەها دەتوانن کاریگەریان لەسەر گەردوون هەبێت بەهەر شێوەیەك کە مەبەستیان بێت و ئارەزوو بکەن!!! پەنا بە خوای گەورە لە گومڕایی.

وە بۆ سەلماندنی ئەم قسانەی سەروەش بە پێویستی دەزانین کە چەند نمونەیەك لە قسەی پێشەواکانیان بهێنینەوە بۆ ئەوەی کەس وا گومان نەبات کە ئەمە بوهتانە بۆیان دەکرێت و دەدرێتە پاڵیان:

١. یەکێك لە پێشەوا گەورەکانیان دەڵێت: (هەندێ لە وەلیەکان هەن کە فریشتەکان سوجدەی بۆ دەبەن)[١].

٢. وە (الشعراني) باس لە کەراماتی (الشويمي) دەکات و دەڵێت: (پیاوێك دەساڵ لە تەمەنی خۆی بەخشی بە (الشويمي)، پاشان ئەم پیاوە مردو (الشويمي) لەو کاتەدا ئامادە نەبوو، دواتر کاتێك هاتەوە ئەم پیاوە دەشۆرا، ئنجا ووتی: چۆن مرد؟ سوێند بە عیززەتی پەروەردگار کە من ئامادە بومایە نەم دەهێشت بمرێت)[٢].

٣. وە هەروەها (النبهاني) لە شێخ جاکیری کوردیەوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: (بە هیچ شێوەیەك پەیمانم لە هیچ موریدێك وەرنەگرتووە تا ئەو کاتەی کە ناوەکەیم بینیوە لە (لوح المحفوظ)دا نوسراوە)[٣].

٤. وە هەر (النبهاني) باس لە کەراماتی (عبدالرحمن الجامي) دەکات و دەڵێت: (جارێکیان لە بەهاردا لە قەراغی ڕووبارێك دانیشتبوو کە پڕ بووبوو، لەو کاتەدا لاشەی ژوشکێکی مردوو لەسەر ڕووی ئاوەکە دەرکەوت، پاشان شێخ جامی گرتی و دەستی بە پشتیدا هێنا، یەکسەر شوێنەواری ژیان تیایدا دەرکەوتەوە)[٤].

---

(١) الفتح الرباني (ص٣٧٠).

(٢) الطبقات الكبرى (٢/١٠٣).

(٣) جامع الكرامات (٢/٤).

(٤) جامع الكرامات (٢/٥٤).

٥. هەر (النبهاني) دەربارەی کەراماتی یـەکێك لـە هـاوەڵانی شـێخ حسین دەڵێت: (ئەم پیاوە فـەرمانی بـە هـەور کـرد کـە بـاران ببارێنێـت، یەکسـەر لـەو کاتـەدا بـارانی بارانـد)، وە هـەروەها دەڵێـت: (جارێکیـان هاتـە (الجعفریـة) وە نزیکـەی پـەنجا منـداڵ شـوێنی کـەوتبون و پێـی پێدەکـەنین، ئـەویش وتـی: ئـەی عزرائیـل ئەگـەر ڕۆحیـان نەکێشیت ئەوا لـە دیـوانی فریـشتەکان دوورت دەخەمـەوە، یەکسـەر ئـەویش هـەمووی مراندن)، وە هەروەها دەڵێت: (قازیەك پێی وت: بێ دەنگ بە، ئەویش پێی وت: تۆ بـێ دەنگ بە، یەکسەر قازیەکە کەڕو کوێرو لاڵ بوو)[1].

وە زۆر شتی زیاترو زۆرتر لەم گومڕایی و درۆو دەلەسانەی کە ئەوان باسی دەکـەن هەیە، کە پڕن لە شتی ناڕاست و بێ مانا کـە هـەموو ئیمانـدارێکی ڕاسـتەقینەو خـاوەن عەقڵێکی ساغ بە درۆی دەزانێت و بڕوا بە خوڕافەو قسە پڕو پوچەکانیان ناکات.

(وە زیادەڕەوی کردنیشیان لە بەرامبەر پێغەمبەر ﷺ هۆکارێکە بۆ زیـادەڕەوی کـردن لە شەخسی خۆیانداو دەیانەوێت بە گەورە بزانرێن، وە سیفەتی وایان دەدرێتە پاڵ کـە لە سیفەتی پەروەردگارێتی و پەرستراوێتی خوای گەورەن، وە بە وێنـەی ئـەوەو بگـرە بە وێنەی نیوەی ئەوەش بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ نەوتراوە!!!

وە ئەمەش کە پشتگیری ئەم قسانە دەکات، قـسەکانی خۆیـانن کـە بـۆ نمونـە دەڵـێن: وەلـی زۆر لـە پێغەمبـەرو نێردراوەکـان بـەڕێزترن هـەروەك پێـشتر باسمـان کـرد، وە هەروەها پێیان دەڵـێن: (خاتم الأولیاء) وە واش گومـان دەبـەن کـە ئەمـە زۆر بـەڕێزترو چاکترە لە کۆتایی پێغەمبەران ﷺ)[2].

وە هەروەها ئەم (محمد العلوي)یەی لەمەڕ خۆشمان دەربارەی تایبەت مەندیەکانی ئـەم ئوممەتـە دەڵێـت: (لـەم ئوممەتـەدا خـەڵکانێك هـەن کـە دەگەنـە ئاسـتی فریـشتەکان، لەوەی کە بێ پێویست دەبن لە خواردن و خواردنەوە بە هۆی تەسبیحات کردنەوە)[3].

---

(١) جامع الكرامات (٢/٢٨٦).

(٢) بروانە: مجموع الفتاوى (١١/٤٤٤).

(٣) الذخائر (ص٢١٣).

وه هـەروەها خـاڵێکی تـریش کـه پـشتگیری ئـەوه دەکـات کـه ئەمانـه مەبەسـتیان زیادەڕەوی کردنه له خودی ئەوانـدا، ئـەم جـۆره دوعـا کـردن و پاڕانەوەیەیـه کـه ئـەم (محمد العلوي)یه له کتێبی (شفاء الفـؤاد)داو لـه کـاتی زیـارەتی قـەبری پێغەمبـەر ﷺ دەڵێت: (خوایـه گیـان ڕۆحـی مـن تـەواو بکـەو بەسـەریدا بڕێـژه هـەروەك چـۆن ڕۆحـی تەواوترین کەسی ئەم ئوممەتەت تەواو کرد)، تـا دەڵێـت: (زوهـدێکم پـێ ببەخـشه وەك زوهدی تەواوترینی ئـەم ئوممەتـه، وه هـەروەها وەرع و زانـستێك وەك وەرع و زانـستی ئەو، وه نورێك وەك نوری ئەو، وه تێگەیـشتنێك وەك تێگەیـشتنی ئـەو، وه لـێ قـەبوڵ کردنێك وەك لێ قەبوڵ کردنی ئەو)[1].

وه گومانی تیادا نیه که ئەمەش زیادەڕەوی کردنـه لـه دوعـا کردنـدا، وه هـەروەها بـێ ئەدەبی کردنه له بەرامبەر خوای گەورەو پێغەمبـەر ﷺ، کـه داوای شـتێك دەکـات کـه دروست نیەو دەستی ناکەوێت، کـه ئـەویش داواکردنـی پلـەی پێغەمبەرایەتیـه پـەنا بـه خوای پەروەردگار، که بریتیه له داوا کردنی عیلم و نورێك که خوای گەوره داویەتی بـه پێغەمبەر ﷺ، وه پێی وایه که دوعا کردن لای قـەبر وەڵام دەدرێتـەوە، وه پێـی وایـه که هەر کەسێك ئاوا بکات ئـەوا وەڵام دەدرێتـەوەو نـورو عـیلم و زانـست و تێگەیـشتنی وەك پێغەمبەری ﷺ دەست دەکەوێت و دەگاته ئەو ئاستەی که ئەو پێی گەیشتووه.

کەواتـه ئەگـەر ئـەم قـسەیه وابێـت ئـەی باشـه چ تایبـەت مەندیـەك بـۆ پێغەمبـەر ﷺ دەمێنێتەوه تا له هەموو مرۆڤەکانی تر جیا بکرێتەوه؟!!

---

(١) شفاء الفؤاد (ص١١٨-١١٩).

# بەندی پێنجەم:

## بەشی یەکەم

## ژیانی پێغەمبەران سەلامی خوایان لیٚ بێت لە ناو گۆڕدا

## بەشی دووەم

## شەرح و تەخریج کردنی ئەم فەرمودانەی کە باسیان کردن

## بەشی سێیەم

## ڕوون کردنەوەی ئەم فەرمودانەی پێشوو لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگە شەرعیەکاندا

# بەشی یەکەم:

# ژیانی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت لە ناو گۆڕدا

گەورەترین شوبهەو گومانی ئەم جۆرە کەسانە لە بەرامبەر خەڵکیدا بریتیە لەوەی کە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت لەناو گۆڕەکانیاندا زیندوون، بەشێوەیەك کە گومانیان وایە ئەم ژیانەی ئەوان لەناو گۆڕەکانیان ژیانێکی ئاسایی و تەواوەو تەنها بە مردنێکی کاتی مردوون و پاشان ڕۆحیان بە بەردا کراوەتەوە هەروەکو جاران، لەسەر ئەم بنەمایەش کە ئەوان پێیان وایە زیندوون و نەمردوون کۆمەڵێك حوکمی بێ بنچینەو بنەما دەدەن، لەوانەش:

❁زیارەت کردنی گۆڕەکانیان وەك زیارەت کردنیان وایە لە ژیانی حەقیقی و ئاساییدا.

❁وە هەروەها گومانیان وایە کە سوننەتە، بەڵکو واجبیشە! سەفەر کردن و هەوڵ دانێکی زۆریش لەو پێناوەدا بە مەبەستی زیارەت کردنیان و بگرە بە گەورەترین عیبادەتیشی دەزانن.

❁وە سەلام کردن لێیان بە دەنگ، چونکە پێیان وایە کە ئەوان دەبیستن و دەزانن و ئاگادارن بەوانەی کە سەردانیان دەکەن، وە بگرە زۆر لەو کاتە زیاتر بە ئاگان کە زیندوو بوون، بە تایبەتی پێغەمبەر ﷺ کە ئاگای لە نیەت و هەموو ئەو شتانە هەیە کە بە دڵی خەڵکیدا دێت!!!

❁وە هەروەها یەکێکی تر لەو حوکمانەی کە دایان ناوەو مەبەستی سەرەکیشیانە، بریتیە لەوەی کە دەڵێن: شەرعی و دروستە کە داوای شەفاعەت لە پێغەمبەران بکەیت و دروستە تەوەسولیان پێ بکەیت و لێیان بپاڕێیتەوەو داوای بە فریا کەوتن و یارمەتیان لێ بکەیت، وە بەڵکو داوای هەر شتێك بکەیت کە خۆت مەبەستتە، تەنانەت داوای لێ خۆش بوون لە گوناهو داپۆشین و لابردنی عەیبەکان و ڕزگار بوون لە ئاگرو خستنە ناو بەهەشتەوە.

❀وە ئەوەتا ئەم پیاوە (محمد العلوي) دەڵێت: (بەڕاستی ڕۆحی پێغەمبەران لە دوای مردنیان لێیان جیا نابێتەوە بەڵکو بۆیان دەگێڕدرێتەوە، وە دەرناچێت لەو لاشەیەیان کە نارزێت)[١].

❀وە هەروەها دەڵێت: (رد الله عليَّ روحي) بە واتای: (قسە کردنم بۆ دەگێڕێتەوە)، چونکە پێغەمبەر ﷺ بە بەردەوامی زیندووەو بە هیچ شێوەیەك ڕۆحەکەی لێی جیا نابێتەوە، چونکە گومانی تیادا نیە کە پێغەمبەران زیندوون لەناو گۆڕەکانیاندا)[٢].

❀وە هەروەها دەڵێت: (وە لە فەرمودانەشەوە ئەوە دەردەکەوێت و دەزانرێت کە پێغەمبەر ﷺ بە بەردەوامی زیندووە)[٣].

❀وە هەروەها دەڵێت: (مردنی ڕاستەقینە بەردەوام نیە لەسەر ئەو، بە هۆی گەڕانەوەی ژیانی تەواوەتی بۆی بە بەردەوامی)[٤].

❀وە هەروەها دەڵێت: (قسە کردن لەسەر ئەم بابەتە زۆر درێژ بۆوە، چونکە ئەو کەسەی کە سەردانی پێغەمبەر ﷺ دەکات و لەبەر دەستیدا دەوەستێت، دەزانێت کە پێغەمبەر ﷺ زیندووەو دەنگی دەبیستێت و ئاگای لێیەتی و دەزانێت کە ئەو کەسە تەوەسولی پێ دەکات و داوای شەفاعەتی لێ دەکات، وە داوای ئەوەی لێ دەکات کە شەفاعەتی بۆ بکات لای پەروەردگار تا لێی ڕازی بێت و خێری دونیاو دوا ڕۆژی پێ ببەخشێت)[٥].

---

(١) شفاء الفؤاد (ص٢٨).
(٢) الذخائر (ص١٣٤).
(٣) شفاء الفؤاد (ص١٢٩).
(٤) شفاء الفؤاد (ص١٤٠).
(٥) شفاء الفؤاد (ص١٤٤).

❁وە هەروەها دەڵێت: (جیاوازی نیە لە نێوان ژیان و مردنـی پێغەمبـەردا ﷺ لـە بینین و بە ئاگـا بـوون لـە ئوممەتەکـەی، وە ئاگـای لـە نیـەت و مەبەسـتیان هەیـە، وە ئەمەش لای من ڕوون و ئاشکرایەو شاراوە نیە)[1].

❁وە هەروەها دەربارەی سەردانی گـۆڕی پێغەمبـەران سـەلامی خوایـان لـێ بێـت دەڵێت: (ئەگەر هاتی بۆلایان ئەوا بە زەلیلی و هەژاری بچۆو خـۆت بشکێنەوە، پاشـان بیان کە بە وەسیلە[2] بۆ لای خوای پـەروەردگار بـۆ داوا کردنـی پێداویسـتیەکان و لـێ خۆش بوون و داوای بە فریاکەوتن لێیان، وە سوربە لەسەر داواکاریەکانت بۆ ئەوەی بە بەرەکەتی ئەوان جوابت بدرێتـەوە، وە گومـانی باشـت بـەم کـارە هـەبێت..... چـونکە ئەمانە گەورەو بەڕێزن، وە کەسی بەڕێزیش داواکاری ئەمانە ڕەت ناکاتەوە کـە داوایـان لێ دەکەن و تەوەسولیان پێ دەکەن و پشتیان پێ دەبەستن....

بەڵام زیارەتی گەورەی یەکەمینەکان و کۆتاییـەکان صـەڵات و سـەلامی خـوای لـێ بێـت ئـەوە هـەموو ئەوانـەی کـە بـاس کـران چـەند جـارە دەبنـەوە، مەبەسـتم خـۆ شکاندنەوەو زەلیلی نواندن و دەربڕینـی هەژاریـە.... وە هـەر کەسـێك تەوەسـولی پـێ بکات یان داوای بە فریاکەوتنی لێ بکات یان هەر پێداویستیەکی خۆی داوا بکات، ئـەوا هیچی ڕەت ناکرێتەوەو ئەو کەسە بێ ئومێد نابێت)، تا ئـەو شـوێنەی کـە دەڵێـت: (وە هەر کەسێك بیرو باوەڕو عەقیدەی پێچەوانەی ئەوە بێت، ئەوە مەحروم بووە لە هەموو ئەمانە)[3].

ئەمە حاڵی ئەم جۆرە کەسانە بوو کە بینیتـان، بـەم شـوبهەیە دەسـتیان پـێ کـرد کـە پێغەمبـەران سـەلامی خوایـان لـێ بێـت ژیـانی بـەردەوام و تـەواویان هەیـە لـەناو گۆڕەکانیـان، وە پاشـان گەیـشتنە ئـەوەی کـە پاڕانـەوەو داوای بـە فریـا کـەوتن و

---

(١) شفاء الفؤاد (ص٧٩).

(٢) لە بەشەکانی داهاتودا بە پشتیوانی خوای گەورە بە ڕوونی باسی (الوسیلة) دەکەین.

(٣) شفاء الفؤاد (ص٩٧-٩٨).

تەوەسول پێ کردنیشیان دروستە، کە ئەمەش مەبەستی سەرکیانە لەم هەموو هات و هاوارو دوبارە کردنەوەو درێژ کردنەوەی قسەکانیاندا، وە کۆمەڵێك فەرمودەش وەك بەڵگە دەهێننەوە بەوەی کەوا پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت ژیانیان بەردەوامەو زیندوون.

وە پشت بە خوای گەورە لە بەشی داهاتودا ئەم فەرمودانەی کە ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی دەیکەن بە بەڵگە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن و بڵێن پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت زیندوون و نەمردوون، شەرح و لێکدانەوەی دروستیان بۆ دەکەین و تەخریجی فەرمودەکانیش دەکەین تا بزانین ئایا صەحیحن یان نا؟

بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر بابەتەکەو وەڵامی شوبهەکانیان بدەینەوە، با بزانین رۆحی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت لە کوێیە؟

ابن رجب رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (هیچ گومانی تیادا نیە کە رۆحی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت لە لای خوای گەورەیە لە پلە بەرزەکاندا).

وە بە صەحیحی هاتووە کە کۆتا وشەیەك کە پێغەمبەر ﷺ لە کاتی مردنیدا وتویەتی: (اللهم الرفيق الأعلى و كررها حتى قبض)[1].

وە هەروەها پیاوێك بە (ابن مسعود)ی وت: (پێغەمبەر ﷺ مرد، ئەی ئێستا لە کوێیە؟ ئەویش وتی: لە بەهەشتە)[2].

کەواتە لەمەوە بۆمان دەرکەوت کە پێغەمبەرانیش مردوون و کۆتایی بە ژیانی دونیایان هاتووەو ئێستا لە بەرزەخ دان و لە نازو نیعمەت دان، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە دەڵێن ژیانی پێغەمبەران لە بەرزەخدا هەر وەك ژیانی دونیایان وایەو مردنیان لەسەر لابراوە.

---

(١) صحيح: رواه البخاري ٨/١٥٠/ح٤٤٦٣)، ومسلم (٢٤٤٤).

(٢) أحوال القبور (ص١٢٤).

# بەشی دووەم:

## شەرح و تەخریج کردنی ئەم فەرمودانەی کە باسیان کردن

هەروەك پێشتر وتمان ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی چەند فەرمودەیەك دەکەن بە بەڵگە بۆ سەلماندنی بیدعەکانیان، ئەمەش پاش ئەوەی کە مانای ڕاستەقینەی فەرمودەکانیان گۆڕی و بە شێوازێك لێکیان دانەوەو تەئویلیان کردن تا کۆك بن لەگەڵ بیرو بۆچونە بەتاڵ و هەڵەکانیان، کە ئەمەش لێکدانەوەیەکە کە بە هیچ شێوەیەك ئاوا لێك نەدراونەتەوە، بەڵکو هەموو ئەوانەی کە صەحیحن موافیقن لەگەڵ ئایەت و فەرمودەکانی تردا.

**__فەرمودەی یەکەم:__** (إن الله عز وجل حرم على الأرض أن تأكل أجساد الأنبياء)[1].

**لێکدانەوەی فەرمودەی یەکەم:**

ئەم فەرمودە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ڕێز لێنانێکی گەورە کە خوای گەورە لە پێغەمبەرانی ناوە سەلامی خوایان لێ بێت بەوەی کە لاشەکانیان بپارێزێت لە ڕزین و شی بونەوە لە دوای مردنیشیان، وە ئەمەش پێچەوانە نیە لە گەڵ مردن کە ڕۆحەکەیان لە لاشەیان جیا بۆتەوە، هەروەك چۆن مانەوەی ڕۆحەکانیان لە نازو نیعمەتدا پێچەوانە نیە لەگەڵ مردنی خاوەنەکەی، وە ئەمەش تەنها تایبەت نیە بە پێغەمبەرانەوە سەلامی خوایان لێ بێت.

**هەروەك جابری کوڕی عبدالله ڕەزای خوای لێ بێت دەگێڕێتەوە کە کاتێك باوکیان دەرهێنایەوە لە گۆڕەکەی دوای تێپەڕ بوونی شەش مانگ بەسەر شەهید بوونیداو دەڵێت: (لاشەکەی وەك ئەو ڕۆژە وابوو کە خرابۆ ناویەوە تەنها گوێی نەبێت)، وە لە**

(١) صحيح: رواه أحمد (٨/٤)، وأبو داود (١/٦٣٥)، والنسائي (٣/٩١)، وابن ماجه (١/٣٤٥)، وابن خزيمة (٣/١١٨)، زابن حبان (موارد: ح٥٥٠)، والحاكم (١/٢٧٨). كلهم من طريق حسين الجعفي عن عبدالرحمن بن يزيد بن جابر عن أبي الأشعث الصنعاني عن أوس بن أوس ﷺ عن النبي ﷺ. والحديث رجاله ثقات، وصححه ابن خزيمة وابن حبان والحاكم والنووي في الأذكار (ص٩٧) وابن القيم في جلاء الأفهام (ص٣٢-٣٨) وابن عبدالهادي في الصارم المنكي (ص١٩٩) والألباني في الإرواء (١/٣٤).

ڕیوایەتێکی تردا دەڵێت: (هیچ شوێنێك لە لاشەی تێك نەچوبو تەنها چەند تاڵە مویەك نەبێت لە ڕیشی کە زەوی کاری تێکردبوو)[1].

کەواتە لاشەی شەهیدانیش هەر بە تەڕی دەمێنێتەوە[2]، وە ئەمەش پێچەوانە نیە لەگەڵ مردنیان و گواستنەوەیان لە ژیانی دونیاوە بۆ ژیانێکی تر، وە پێغەمبەرانیش بە هەمان شێوە، وە هەر بۆیەش شەرع دایناوە کە دەبێت لاشەیان بشاردرێتەوەو لە ژێر خۆڵ دابن.

**<u>فەرمودەی دووەم:</u>** (الأنبیاء أحیاء في قبورهم یصلون)[3].

**لێکدانەوەی فەرمودەی دووەم:**

مەبەستی ئەم فەرمودەیەش ژیانی بەرزەخە، وە ڕۆحەکانیشیان لە پلە هەرە بەرزەکاندان، وە ابن رجب دەڵێت:

(هەندێ لاشە بە بەردەوامی دەمێنێتەوە وەك لاشەی پێغەمبەران، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆحەکان لە لاشەکان جیا دەبنەوە).

وە هەروەها پێشەوا ابن القیم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (وە شتێکی زانراوە کە لاشەی پێغەمبەر ﷺ هەر بە تەڕی لە زەویدا ماوەتەوە، بەڵام گومانیشی تیادا نیە کە ڕۆحی پیرۆزی لای خوای پەروەردگارە لە پلە بەرزەکاندا لەگەڵ ڕۆحی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت).

---

(١) صحیح: رواه البخاري (٣/٢١٤)، وأبو داود (٣/٥٦٦).

(٢) وە هەندێ لە زانایان دەڵێن: لاشەی شەهید تا ماوەیەکی دیاری کراو دەمێنێتەوە، وە یان مانەوەشی پەیوەستە بە نیەت و حاڵی شەهیدەکەوە. بڕوانە : (شرح العقیدة الطحاویة) لاپەڕە ٤٦٣.

(٣) صحیح: رواه البزاز (کشف الأستار ٣/١٠١) وأبو یعلی (٦/١٤٧)وابن عدي في الکامل (٢/٧٣٩).
کلهم من طریق المستلم بن سعید عن الحجاج بن أبي زیاد عن ثابت البناني عن أنس رضي الله عنه عن النبي ﷺ. وصححه البیهقي کما ذکر الحافظ في الفتح (٦/٤٨٧) وسکت هو علیه، وحسنه السیوطي في الجامع الصغیر وصححه المناوي في شرحه. انظر فیض القدیر (٣/١٨٤). وصححه الألباني في السلسلة الصحیحة (ح٦٢١). وقال الهیثمي في المجمع (٨/٢١٤): رجال أبي یعلی ثقات.

ئەمەیە تێگەیشتنی ڕاست نەك وەك ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی دەڵێن: (ڕۆحی پێغەمبەران لە دوای مردنیان جیا نابێتەوە، بەڵکو بۆ لاشەکە دەگەڕێتەوەو لەو لاشەیە دەرناچێت کە نارزێت).

**فەرمودەی سێیەم:** (مررت على موسى ليلة أسري بي عند الكثيب الأحمر وهو قائم يصلي في قبره)[1].

**فەرمودەی چوارەم:** (رأيتني في جماعة من الأنبياء فإذا موسى عليه السلام قائم يصلي، فإذا رجل ضرب جعد كأنه من رجال شنوءة، وإذا عسى بن مريم عليه السلام قائم يصلي، أقرب الناس به شبها عروة بن مسعود الثقفي، وإذا ابراهيم قائم يصلي، أشبه الناس به صاحبكم)[2].

**لێکدانەوەی فەرمودەی سێیەم و چوارەم:**

وە بینینی پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لێ بێت لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ لە شەوی میعراجداو لە جیگای خۆیان لە ئاسمانەکان ئەوە بینینی ڕۆحەکانیان بووە، بەڵام لاشەکانیان ئەوە بێ گومان لەناو زەویدان، وە ئەم ڕۆحەش پەیوەندی بە لاشەکەوە ماوە، وە نوێژ کردنیشیان لەناو گۆڕەکانیاندا بە هۆی ئەم پەیوەندیەوەیە.

وە هەروەها ابن القيم دەڵێت: (وە ڕۆحی پێغەمبەر ﷺ بەردەوام لە پلە بەرزەکانە لای خوای گەورە، وە خوای گەورە دەیگێڕێتەوە بۆ ناو گۆڕەکەی بۆ وەڵام دانەوەی سەلامی ئەوانەی کە سەلامی لێ دەکەن)[3].

وە هەروەها شیخی ئیسلام ابن تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی نوێژی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت لەناو گۆڕەکانیاندا دەڵێت: (وە ئەم نوێژانەو

---

(١) صحيح: رواه مسلم (ح٢٣٧٥)من حديث أنس ﷺ عن النبي ﷺ.

(٢) صحيح: رواه مسلم (ح١٧٢) من حديث أبي هريرة مرفوعاً.

(٣) الروح (ص١٤٧).

هاوشێوەکانیان لەو شتانەن کەوا مردوو چێژی لێ وەر دەگرێت و بەهۆیەوە دەکەوێتە ناو نازو نیعمەتەوە، هەروەك چۆن ئەهلی بەهەشت چێژ لە تەسبیحات وەرگدەگرن)[1].

**فەرمودەی پێنجەم:** (ما من أحد يسلم عليَّ إلاّ رد الله عليَّ روحي حتى أرد عليه السلام)[2].

**لێکدانەوەی فەرمودەی پێنجەم:**

وە دەربارەی ئەم فەرمودەیەش کە دەفەرموێت: (رد الله عليَّ روحي) ئەوەی لێ وەرناگیرێت کە مردنی کۆتایی هاتووەو گەڕاوەتەوە بۆ ناو ژیانی ئاسایی خۆی، هەروەك ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی گومان دەبەن، بەڵکو ئەمە وەکو ئەم فەرمودەیە وایە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (فتعاد روحه في جسده فيأتيه ملكان فيجلسانه فيقولان من ربك؟)، وە ئەم گەڕانەوەی ڕۆحەش کۆتایی بە مردن ناهێنێت لەو کەسە مردوەداو ئەوەشی لێ وەرناگیرێت کە بگەڕێتەوە بۆ ژیان، ئەویش بە هەمان شێوە ڕۆحەکەی بۆ دەگێڕدرێتەوە بۆ وەڵام دانەوەی سەلامەکە.

وە هەروەها هەمان ئەو بەشەی فەرمودەکە پێچەوانەیە لەگەڵ قسەی ئەم پیاوەدا کە دەڵێت: (و روحه لا تفارقه أبداً)، بەڵکو ماناکەی ئەوەیە کە ڕۆحەکە جیا دەبێتەوەو پاشان دەگەڕێتەوە بۆ وەڵام دانەوەی سەلامەکە، کە ئەمەش مانای ڕوون و ئاشکرای فەرمودەکەیە.

وە هەروەها کە دەشڵێت: پێغەمبەر ﷺ ژیانێکی ئاسایی و تەواو لەناو گۆڕدا بەسەر دەبات، بەڕاستی ئەمە زۆر دوورە لە ڕاستیەوە، چونکە بەڕاستی ئەمە کەم کردنەوەیە لە پلەو پایەو کەسایەتی پێغەمبەر ﷺ، لەبەر ئەوەی چۆن عەقڵی کەسێکی تێگەیشتوو ئەوە قەبوڵ دەکات کە پێغەمبەر ﷺ ژیانێکی ئاسایی و تەواو بەسەر ببات

---

(١) مجموع الفتاوى (٤/٣٣٠)، بەڵام شێوەی نوێژ کردنەکەیان شتێکی غەیبیەو تەنها خوای گەورە ئەیزانێ. (م.عبدالكريم).

(٢) صحيح: رواه أحمد (٢/٥٢٧)، وأبو داود (٢/٥٣٤)، كلاهما من طريق أبي صخر حميد بن زياد بن يزيد بن عبدالله بن قسيط عن أبي هريرة ﷺ عن النبي ﷺ وصححه الألباني في (السلسلة الصحيحة) (٢٢٦٦).

هەروەك پێش مردنی، وە لە هەمان كاتیشدا ئەم ژیانەی لە ژێر خاكدا بێت؟! ! كەچی هەموو خەڵكیش خۆشی لە ژیان ببینن و لەسەر زەوی بژین، پێغەمبەریش ﷺ لە ژێر زەویدا بێت و لە حاڵەتی ژیانێكی تەواویشدا بێت هەروەك ئەو ژیانەی كە خەڵكی سەر زەوی تیایدان؟! !

وە ئەم قسەیەش پێچەوانەیە لەگەڵ هەموو ئەو دەقانەی كەوا باس لە مردنی پێغەمبەر ﷺ دەكەن و ئەوە دەردەبڕن كە ڕۆحەكەی لە لاشەی جیا بۆتەوە.

**فەرمودەی شەشەم:** (من صلى عليَّ عند قبري سمعته، ومن صلى عليَّ نائياً أبلغته)[1].

وە فەرمودەی شەشەمیش وەك لە تەخریجەكەیدا دەردەكەوێت كە هیچ بنچینەیەكی نیە، بۆیە هەر پێویست بە ڕوون كردنەوە ناكات.

---

(١) ضعيف (موضوع): رواه العقيلي في الضعفاء (٤/١٣٦) من طريق محمد بن مروان السدي عن الأعمش عن أبي صالح عن أبي هريرة ﷺ مرفوعاً، وايضا قاله إمامنا الألباني (رحمه الله) في(ضعيف الجامع)(٥٦٧٠).

# بەشی سێیەم:

# ڕوون کردنەوەی ئەم فەرمودانەی پێشوو لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگە شەرعیەکاندا

هەموو ئەو بەڵگانەی پێشوو کە باس کران و ئەو وتانەش کە هێنرانەوە، پشت ئەستورو کۆکن لەگەڵ بەڵگە ڕوون و ئاشکراکانی تر لە قورئانی پیرۆزو فەرمودە صەحیحەکانی پێغەمبەر ﷺ و هەموو ئەو بەڵگە شەرعیانەی تریش کە هەن، وە هەروەها بە هەست کردن و عەقڵیش ئەوە دەسەلمێنرێت کە هەموو کەسێك دەمرێت و نکۆڵی لەوە ناکرێت، وە لە ناویشیاندا پێغەمبەران و نێردراوانی خوای گەورە سەلامی خوایان لێ بێت، وە بەڵگە شەرعیەکانیش:

## یەکەم: قورئانی پیرۆز: هەندێکیان گشتین وەك:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ﴾[1]، واتە: (هەموو نەفسێك دەبێت بمرێت و کۆتایی بە ژیانی بێت).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ﴾[2]، واتە: (ئەو خوایەی کە زیندووی کردن و ژیانی بە بەردا کردن، پاشان دەتان مرێت و پاش ئەوەش زیندووتان دەکاتەوە).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ﴾[3]، واتە: (هەموو ئەوانەی کە لەسەر زەویدان لە جنۆکەو مرۆڤەکان و گشت زیندەوەران هەموویان دەمرن ونامێنن).

وە هەروەها لەو بەڵگانەی تریش کە تایبەتن، وەك:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ ٱلْمَوْتُ ﴾[4]، واتە: (ئایا ئێوە ئامادە بوون کاتێك (یەعقوب) لەسەرە مەرگ دابوو خەریکی مردن بوو).

---

(١) سورة آل عمران: (١٨٥).

(٢) سورة الحج: (٦٦).

(٣) سورة الرحمن: (٢٦).

(٤) سورة البقرة: (١٣٣).

وە هەروەها لەسەر زمانی ئیمانـدارانی ئـالی فیرعـەون دەفـەرموێت: ﴿وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا﴾[1]، واتـە: (وە بەڕاسـتی (یوسـف)یـان بـۆ هـات لـە پێشتردا کـە بەڵگـەی ڕوون و ئاشـکرای پـێ بـوو بـەڵام ئێـوە هـەر گومانتـان هـەبوو دەربارەی ئەوەی کە هێناویەتی، وە کـاتێکیش کـە مـردو کۆچـی دوایـی کـرد دڵخـۆش بوون و وتتان ئیتر لێرە بە دواوە خوای گەورە هیچ پێغەمبەرێك نانێرێت).

وە هەروەها لەسەر زمانی ابراهیم خلیل سەلامی خوای لێ بێت دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِى يُمِيتُنِى ثُمَّ يُحْيِينِ ﴾[2]، واتـە: (ئـەو خوایـەی کـە دەم مرێنێـت و پاشـان زینـدووم دەکاتەوە).

وە هەروەها دەربارەی سـلێمان سـەلامی خـوای لـێ بێـت دەفـەرموێت: ﴿ فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَىٰ مَوْتِهِۦٓ إِلَّا دَآبَّةُ ٱلْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُۥ ﴾[3]، واتـــە: (کاتێـــك بڕیاری مردنمان دا بۆ سـولەیمان و مراندمان هـیچ کـەس لـە جنۆکـەکان نـەیانزانی کـە مـردووە ئەگەرچـی بانگەشـەی ئەوەشـیان دەکـرد کـە غـەیب دەزانـن، وە ئـەویش بـە مردوویی بەسەر گۆچانەکەیدا وەستابوو تا ئەو کاتەی کـە موریانـە گۆچـانەکەیان کلـۆر کردو سولەیمان کەوتە خوارەوە ئنجا زانیان کە مردووە).

وە هەروەها دەربارەی یحیی سەلامی خـوای لـێ بێـت دەفـەرموێت: ﴿وَسَلَٰمٌ عَلَيْهِ يَوْمَ وُلِدَ وَيَوْمَ يَمُوتُ وَيَوْمَ يُبْعَثُ حَيًّا﴾[4]، واتـە: (سـەلامەتی خـوا لەسـەر یـەحیا بێـت لـەو

---

(١) سورة غافر: (٣٤).

(٢) سورة الشعراء: (٨١).

(٣) سورة سبأ: (١٤).

(٤) سورة مريم: (١٥).

ڕۆژەدا کە لـە دایك بـووە، وە لـەو ڕۆژەدا کـە دەمرێـت، وە لـەو ڕۆژەشـدا کـە زینـدوو دەکرێتەوە).

وە هەروەها دەربارەی عیسی سەلامی خـوای لـیٚ بێت دەفـەرموێت: ﴿ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ يَوۡمَ وُلِدتُّ وَيَوۡمَ أَمُوتُ وَيَوۡمَ أُبۡعَثُ حَيّٗا ﴾[1]، واتـە: (سـەلامەتی خـوام لەسـەر بێـت لـەو ڕۆژەدا کە لە دایك بـووم، وە لـەو ڕۆژەشـدا کـە دەمـرم، وە لـەو ڕۆژەشـدا کـە زینـدوو دەکرێمەوە).

وە هــەروەها دەربــارەی عەبــدو کۆتــایی پێغەمبــەرانی، پێغەمبــەرمان محمــد ﷺ دەفەرموێت: ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٞ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴾[2]، واتە: (تۆ دەمریت و ئەوانیش دەمرن).

هـــــــەروەها دەفــــــــەرموێت: ﴿ وَمَا جَعَلۡنَا لِبَشَرٖ مِّن قَبۡلِكَ ٱلۡخُلۡدَۖ أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ ٱلۡخَٰلِدُونَ كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۗ وَنَبۡلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلۡخَيۡرِ فِتۡنَةٗۖ وَإِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ ﴾[3]، واتە: (وە هیچ کەسێك لە پێش تۆداو لەسەر زەوی ژیانی هەتاهەتایی بـۆ نەماوەتـەوە، بۆ ئایا تۆ دەمریت و ئـەوان بـۆ هەتاهـەتایی لـە دونیـادا دەمێننـەوە؟ هـەموو نەفسێك دەبێت بمرێت و کۆتایی بـە ژیـانی بێـت، وە ئێمـە بـۆ خۆشـی و ناخۆشیەکان تاقیتـان دەکەینەوەو لە داهاتووش هەر بۆلای ئێمە دەگەڕێنەوە).

هــەروەها دەفــەرموێت: ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٞ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوۡ قُتِلَ ٱنقَلَبۡتُمۡ عَلَىٰٓ أَعۡقَٰبِكُمۡ ﴾[4]، واتـە: (محمـد ﷺ تـەنها پێغەمبەرێکـەو لـە پـێش ئەویشدا پێغەمبەرانی زۆر هاتوون، وە ئەگەر مرد یان کوژراو شەهید بوو ئەوا ئێوە لـە دینەکەتان هەڵمەگەڕێنەوەو سارد مەبنەوە لەسەری).

---

(١) سورة مريم: (٣٣).

(٢) سورة الزمر: (٣٠).

(٣) سورة الأنبياء: (٣٤ - ٣٥).

(٤) سورة آل عمران: (١٤٤).

## دووەم: بەڵگەکان لە فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ:

١. لە (ابن عباس)ەوە ڕەزای خوایان لێ بێت کە پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: (اللهم أعوذ بعزتك لا إله إلاّ أنت، أن تضلني، أنت الحي لا يموت، والجن والإنس يموتون)[1] ، واتە: (خوایە گیان پەنا دەگرم بە عیزەتی تۆ کە هیچ پەرستراوێکی بە حەق نیە جگە لە تۆ، لەوەی کە گومڕام بکەی، وە تۆ ئەو کەسەی کە زیندووی و هەرگیز نامریت، وە جنۆکەو مرۆڤەکان دەمرن).

وە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پێغەمبەران و نێردراوانیش دەکەونە ناو بازنەی (الإنس)ەوە، وە پێغەمبەر ﷺ هیچ کەسێکی لێ جیا نەکردەوە، کەچی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی وا گومان دەبەن کە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت تا ئێستاش زیندوون!!!

٢. وە هەروەها لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: (كانت بنو اسرائيل تسوسهم الأنبياء، كلما هلك نبي خلفه نبي)[2] ، واتە: (بەنو ئیسرائیل پێغەمبەران بەڕێوەیان دەبردن و سیاسەتیان بەکار دەهێنا، هەر کاتێك پێغەمبەرێك دەمرد پێغەمبەرێکی تر لە دوای دەهات).

ئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لێ بێت مردنیان بەسەردا دێت و دەمرن و وەك هەر تاکێکی تر لە مرۆڤەکان کۆتایی بە ژیانیان دێت و جیا نەکراونەتەوە لە هیچ مرۆڤێك.

٣. وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: (إن الله عزوجل إذا أراد رحمة أمة من عباده قبض نبيها قبلها فجعله لها فرطاً وسلفاً بين يديها، وإذا أراد هلكة أمة عذبها ونبيها حي فأهلكها وهو ينظر فأقر عينه بهلكتها حين كذبوه وعصوا

---

(١) صحيح: رواه البخاري (١٣/٣٦٨)، ومسلم (٢٧١٧).

(٢) صحيح: رواه البخاري (٦/٤٩٥)، ومسلم (ح١٨٤٢).

أمره)[1] ، واتە: (ئەگەر خوای گەورە ڕەحمەتی بۆ ئوممەتێك بویستبایە لە عەبدەکانی ئەوا پێش ئەوان پێغەمبەرەکەی دەمراندو دەیکرد بە پێشەواو پێشینێك بۆ ئەوان، وە ئەگەر بیویستبایە ئوممەتێك بە هیلاك ببات ئەوا عەزابی دەدان و پێغەمبەرەکەشیان زیندوو دەبوو بە چاوەکانی خۆی بە هیلاك چوونی ئەوانی دەبینی کاتێك ئەوان بە درۆیان دەزانی و سەرپێچی فەرمانەکانیان دەکرد).

٤. وە هەروەها لە ئەبو هریرەوە ڕەزای خوای لیّ بێت بە مەرفوعی هاتووە کە: (فریشتەی ڕۆح کێشان هات بۆ لای موسی سەلامی خوای لیّ بێت و پێی ووت: وەڵامی خوای گەورە بدەرەوە، موسی سەلامی خوای لیّ بێت لە فریشتەی ڕۆح کێشانی داو چاوی کوێر کرد[2]، پاشان فریشتەی ڕۆح کێشان گەڕایەوە بۆ لای خوای گەورەو وتی: بەڕاستی تۆ منت نارد بۆ لای بەندەیەکی خۆت بەڵام ئەو نایەوێت بمرێت، وە چاویشی کوێر کردم، پاشان خوای گەورە چاوی بۆ گێڕایەوەو پێی وت: بچۆ بۆ لای عەبدەکەم و پێی بڵیّ: ئایا ژیانت دەوێت؟ ئەگەر ژیانت دەوێت ئەوا دەست بخەرە سەر پشتی گایەك، ئنجا چەند موو کەوتە ژێر دەستت بۆ هەر تاڵە مویەك ساڵێك بژی، ئنجا موس سەلامی خوای لیّ بێت وتی: پاشان چی ڕوو دەدات؟ وتی: پاشان دەمریت، ئەویش وتی: کەواتە لە ئێستا زووتر نیە....)[3].

٥. وە پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: (والذي نفسي بيده لوددت أني أقتل في سبيل الله ثم أحيا، ثم أقتل ثم أحيا، ثم أقتل ثم أحيا، ثم أقتل)[4] ، واتە: (سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە، حەز دەکەم لە پێناو خوای گەورە

(١) صحيح: رواه مسلم (ح٢٢٨٨).

(٢) موسا عليه السلام نەیزانی کە ئەمە فریشتەی ڕۆح کێشانە، چونکە لەسەر شێوەی پیاوێك هاتبوو بۆ لای موسا. (م.عبدالكريم).

(٣) صحيح: رواه البخاري (٦/٤٤٠)، ومسلم (ح٢٣٧٢).

(٤) صحيح: رواه البخاري (٦/١٦)، ومسلم (ح١٨٧٦).

بکوژرێم و پاشان زیندوو بکرێمەوە، دیسان بکوژرێم و پاشان زیندوو بکرێمەوە، دیسان بکوژرێم و پاشان زیندوو بکرێمەوە، دیسان بکوژرێمەوە).

لەم فەرمودەیەدا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ژیان و مردن وەك یەك نین و بەڵکو جیاوازیان هەیە، وە ئەگەر هەردووکیان یەك شت بونایە وەك ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی گومان دەبەن، ئەوا پێغەمبەر ﷺ جیای نەدەکردنەوە، بەڵکو هەردوکیانی بە یەك شت و وەك یەك دادەنا.

٦. وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە بەرامبەر جولەکەکان و دەربارەی موسی سەلامی خوای لێ بێت دەفەرموێت: (ولو كان موسى حياً ما وسعه إلاّ اتباعي)[١] ، واتە: (ئەگەر هاتباو موسی زیندوو بوایە، ئەوا هیچ بوارێکی نەدەبوو تەنها ئەوە نەبێت کە شوێنم بکەوێت).

وە لەم فەرمودەیەشەوە تێ دەگەین کە موسی سەلامی خوای لێ بێت ئێستا مردووە، وە ئەگەرنا ئەوا دەبوو شوێن پێغەمبەر ﷺ بکەوێت، وە ئەمەش بەڵگەیەکی زۆر ڕاشکاوانەیە بەرامبەر بانگەشەی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی.

وە هەروەها لە بەسەرهاتی مردنی پێغەمبەر ﷺ و شڵەژانی هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت و گومان بردنی هەندێکیان کەوا پێغەمبەر ﷺ نەمردووە وەك عمری کوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێ بێت، تا ئەو کاتەی ئەبوبەکری صدیق ڕەزای خوای لێ بێت چوو بۆ سەر مینبەرو وتی: هەر کەسێك لە ئێوە کە (محمد)ی ﷺ دەپەرست ئەوا بەڕاستی (محمد) مرد، وە هەر کەسێکیش خوای گەورەی دەپەرست ئەوا بێ گومان و بە دڵنیاییەوە خوای گەورە زیندووەو هەرگیز نامرێت، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ﴾[٢].

(١) حسن: رواه أحمد (٣/٣٨٧)، والبغوي في شرح السنة (١/٢٧٠)، بإسناد ضعيف لكن له شواهد يتقوى بها. وقد حسنه الألباني في تخريج المشكاة (١/٦٣).

(٢) سورة آل عمران: (١٤٤).

ئەمەش بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر ئەوەی کەوا پێغەمبەر ﷺ مردووەو کۆتایی بە ژیانی هاتووە، وە هەر ئەمەش تێگەیشتنی هاوەڵانە ڕەزای خوایان لێ بێت، نەك بەو شێوەیەی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی لێی تێگەیشتوون، وە هەموو ئەم بەڵگانەش بەسن بۆ کەسێك کە بەڕاستی عەقڵ و هۆشی هەبێت و بە شوێن بەڵگەدا بگەڕێت[1].

(١) ئەمەش اجماعی هاوەڵانە ڕەزای خوایان لێ بێت لەسەر مردنی پێغەمبەر ﷺو کەسیان بۆچوونی جیاوازی نیە. (م.عبدالكريم).

# بەندی شەشەم:

## بەشی یەکەم

### سەردانی قەبران و سەفەر کردن و ڕۆیشتن بۆ لایان

## بەشی دووەم

### هەڵسەنگاندنی ئەم فەرمودانەی کە دەربارەی سەردانی گۆڕستان دەیان هێننەوە

## بەشی سێیەم

### دروست نیە سەفەر کردن بۆ سەردانی گۆڕی پێغەمبەر ﷺ

# بەشی یەکەم:

# سەردانی قەبران و سەفەر کردن و ڕۆیشتن بۆ لایان

یەکێ لە گەورەترین فێڵ و تەڵەکەکانی شەیتان لە بەرامبەر خەڵکی بریتی بووە لە (فیتنەی قەبر)، کە هەر لە کۆنەوەو تا ئێستاشی لەگەڵ بێت وەسوەسەی خستۆتە دڵی خەڵکەوەو شوێن کەوتوانی خۆی زیاد دەکات بەوەی کە گۆڕی پیاو چاکان بە گەورە بزانرێت و بایەخی زۆری پێ بدرێت و مزگەوتی لەسەر دروست بکرێت، وە هەروەها وای لە خەڵکی کردووە کە لە جیاتی خوای گەورە پشتیان پێ ببەسترێت و داوای کۆمەك و یارمەتی و بە فریا کەوتنیان لێ بکرێت. وە بەم هۆیەشەوە خەڵکێکی زۆری گومڕا کردووەو شوێنی کەوتون و گەیاندونیەتە ئەو ئاستەی کە بیپەرستن.

وە ئەم فێڵەی شەیتان بەردەوام بوو تا گەیشتە ئەوەی کەسانێك بەناوی خۆشویستنیان بۆ پێغەمبەر ﷺ کۆمەڵێك لە سیفەت و ناوە جوانەکانی خوای گەورە بۆ پێغەمبەر ﷺ دابنێنن، وە هەروەها داوای هەموو ئەو شتانەشی لێ بکرێت کە دروست نیە لە غەیری خوای گەورە داوا بکرێت، وە هەروەها قەبرەکەی بە گەورە بزانرێت و سەردانی بکرێت و نوێژی لەسەر بکرێت و لێی بپاڕێنەوەو داوای لێ خۆشبوون و بە فریا کەوتنی لێ بکرێت.

وە هەروەها سەفەری تایبەت بکرێت بۆ سەردانی گۆڕەکەی و سەردان کردنی بە هیجرەت دابنرێت بۆ لای خوای گەورە، بۆنمونە ئەم پیاوە دەڵێت: (گومانی تیادا نیە کە هەر کەسێك کەمێك عیلم و زانیاری هەبێت دەزانێت کە چونە دەرەوە بۆ سەردان کردنی پێغەمبەرﷺ، ئەوە هیجرەت کردنە بۆ لای خواو پێغەمبەرﷺ، چونکە سەردان کردنی لە دوای مردنی وەك سەردان کردنیەتی کە لە ژیاندا بوبێت)[1].

وە بۆ ئەم زیادەڕەویەشیان کۆمەڵێك فەرمودەی لاوازو هەڵبەستراو دەهێننەوە دەربارەی فەزڵ و گەورەیی سەردانی گۆڕی پێغەمبەر ﷺ، کە لە بەشی داهاتودا باسیان دەکەین انشاءالله.

---

(١) شفاء الفؤاد (ص٥٥).

بەڵام سەردان کردنی گۆڕستان بە مەبەستی بیرکردنەوە لە مردن و قیامـەت و هـەروەها بیر کردنەوە لە خۆت کەوا ڕۆژێك دێت تۆش وەك ئەوان دەچیتە نـاو گـۆڕەوەو کۆتـایی بـە ژیانـت دێـت و دوعـای خێـر کـردن بـۆ خۆتـو مـردووی موسـوڵمانان دروسـتەو هـیچ ڕێگرێکـی تیـادا نیـە، بـە بەڵگـەی چـەند فەرمودەیـەك کـە ئێمـە تـەنها دوو فـەرمودە دەهێنینـەوە، ئەوانیش:

١. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (کنت نهیتکم عن زیارة القبور فزوروها فإنها تذکرة الآخرة)[1] ، واتە: (پێشتر ڕێگەم لێ گرتن لەوەی کـە سـەردانی گۆڕسـتان بکـەن بـەڵام ئێستا سەردانی بکەن، چونکە یاد کردنەوەی ڕۆژی دوایی تیادایە).

٢. وە هەروەها دەفەرموێت: (إني نهیتکم عن زیارة القبور فزوروها فإن فیها عـبرة، ولا تقولوا ما یسخط الرب)[2] ، واتـە: (پێـشتر ڕێگـەم لـێ گـرتن لـەوەی کـە سـەردانی گۆڕستان بکەن بەڵام ئێستا سەردانی بکەن چونکە پەندو ئامۆژگاری تیادایە، وە شتێك مەڵێن کە خوای گەورە تورە بکات).

(١) صحیح: أخرجه مسلم (٩٧٧)، والنسائي (٨٩/٤)، وأحمد (٣٥٠/٥).

(٢) صحیح: أخرجه أحمد (٣٨/٣)، والحاکم (٣٧٤/١)، و صححه وقال علی شرط مسلم. وأخرجه البزاز. انظر مجمـع الزوائد (٥٨/٣).

# بەشی دووەم:

# هەڵسەنگاندنی ئەم فەرمودانەی کە دەربارەی سەردانی گۆڕستان دەیان هێننەوە

ئەم پیاوە لە کتێبی (شفاء الفؤاد)دا چەند فەرمودەیەك دەنوسێت دەربارەی سەردانی قەبری پێغەمبەر ﷺ، وە هەروەها هاوشێوەکانیشی لە زۆر شوێن ئاماژە بەم فەرمودانە دەکەن و وەك بەڵگەیەك بۆ بەهێز کردن و پشتیوانی کردن لە بیرو باوەڕو بۆچونە گومڕاکانیان بەکاریان دەهێنن، کە ئەمەش فەرمودەکانن:

**فەرمودەی یەکەم:**

عن ابن عمر مرفوعاً بلفظ:(من حج فزار قبري بعد وفاتي فكأنما زارني في حياتي)[1].

**فەرمودەی دووەم:**

عن ابن عمر مرفوعاً بلفظ: (من زار قبري بعد موتي كان كمن زارني في حياتي)[2].

**فەرمودەی سێیەم:**

عن ابن عمر مرفوعاً بلفظ: (من حج البيت ولم يزرني فقد جفاني)[3].

**فەرمودەی چوارەم:**

عن ابن عمر مرفوعاً بلفظ: (من زار قبري وجبت له شفاعتي)[4].

---

(١)ضعيف (منكر): (شفاء الفؤاد ص١٣). رواه الدار قطني (٢/٢٧٨)، والبيهقي (٥/٢٤٦)، وقال: تفرد به حفص وهو ضعيف، وايضا قاله إمامنا الألباني (رحمه الله) في(ارواء الغليل)(١١٢٨). وە ابن عبدالهادی لە کتێبی (الصارم المنکی) لاپەڕە (٥٥)دا دەڵێت: بزانە کە دروست نیە ئەم فەرمودەیە بکرێت بە بەڵگەو نابێت پشتی پێ ببەسترێت، چونکە فەرمودەکە (منكر)ەو ئیسنادەکەشی ساقطە.

(٢) ضعيف: (شفاء الفؤاد ص١٤). رواه الطبراني (١٢/٣٠٩). ابن عبدالهادی لە کتێبی (الصارم المنکی) لاپەڕە (٦٥)دا دەڵێت: (ئەم ئیسنادە بە هیچ شێوەیەك پشتی پێ نابەسترێت).

(٣)ضعيف (موضوع): (شفاء الفؤاد ص١٧) رواه ابن عدي في الكامل (٧/٢٤٨٠)، قال الذهبي في الميزان (٤/٢٦٥) موضوع، وايضا قاله إمامنا الألباني (رحمه الله) في(السلسلة الضعيفة)(٤٥). وە ابن عبدالهادی لە کتێبی (لصارم المنكي) لاپەڕە (٧٩)دا دەڵێت: (ئەم فەرمودەیە (منكر)ی تەواوەو هیچ ئەصڵ و بنچینەیەکی نیە، بەڵکو لە هەڵبەستراوو مەوضوعەکانە).

(٤)ضعيف (موضوع): (شفاء الفؤاد ص١٨-٢٣). رواه الدار قطني (٢/٢٧٨)، والعقيلي (الضعفاء ٤/١٧٠)، وايضا قاله إمامنا الألباني (رحمه الله) في(ضعيف الجامع)(٥٦٠٧).ابن عبدالهادی لە کتێبی (الصارم المنكـي) لاپەڕە (١٥)دا دەڵێت: (ئەم فەرمودەیە صەحیح نیەو جێگیر نەبووەو بەڵکو فەرمودەیەکی (منكر)ە لای پێشەواو زانایان و بە بەڵگە دانانرێت).

**فەرمودەی پێنجەم:**

عن ابن عمر مرفوعاً بلفظ: (من زار قبري حلت له شفاعتي)(١).

**فەرمودەی شەشەم:**

عن ابن عمر مرفوعاً بلفظ: (من جائني زائراً لا تعلمه حاجة إلاّ زيارتي كان حقاً عليَّ أن أكون له شفيعاً يوم القيامة)(٢).

**فەرمودەی حەوتەم:**

عن عمر بن الخطاب مرفوعاً بلفظ: (من زار قبري، أو قال: من زارني كنت له شفيعاً أو شهيداً)(٣).

**فەرمودەی هەشتەم:**

عن حاطب مرفوعاً بلفظ: (من زارني بعد موتي فكأنما زارني في حياتي....)(٤).

**فەرمودەی نۆیەم:**

حديث أبي هريرة عن النبي ﷺ قال: (ما من أحد يسلم عليَّ إلاّ رد الله عليَّ روحي حتى أرد عليه السلام)(٥).

---

(١) ضعيف: (شفاء الفؤاد ص١٣). رواه البزاز في كشف الأستار (٥٧/٢). وە ابن عبدالهادی لە کتێبی (الصارم المنکی) لاپەڕە (٣٣)دا دەڵێت: (ئەوە فەرمودەیەکی ضه عيف و منکرەو ئیسنادەکەی ساقطە، وە دروست نیە بکرێت بە بەڵگە لای پێشەوایانی فەرمودە).

(٢) ضعيف: (شفاء الفؤاد ص٢٣-٢٥). رواه الطبراني (ح١٣١٤٩) قال الهيثمي في (المجمع ٢/٤): فيه مسلمة بن سالم، وهو ضعيف. ابن عبدالهادی لە کتێبی (الصارم المنكي) لاپەڕە (٤١)دا دەڵێت: (ئەم فەرمودەیە ئیسنادەکەی چەعیفەو مەتنەکەشی (منکر)ە، دروست نیە بکرێت بە بەڵگەو نابێت پشتی پێ ببەسترێت).

(٣) ضعيف: (شفاء الفؤاد ص١٧). رواه الطيالسي (ح٦٥)، والبيهقي (٢٤٥/٥) وقال: (هذا إسناد مجهول). ابن عبدالهادی لە کتێبی (الصارم المنكي) لاپەڕە (٨٩)دا دەڵێت: ئەو فەرمودەیە صەحیح نیە بەهۆی پچڕانی سەنەدەکەی.

(٤) ضعيف: (شفاء الفؤاد ص٦٧). رواه الدار قطني (٢٧٨/٢)، من طريق هارون بن أبي قزعة عن رجل من آل حاطب عن حاطب. ابن عبدالهادی لە کتێبی (الصارم المنكي) لاپەڕە (١٠٢)دا دەڵێت: (ئەم فەرمودەیەش وەك فەرمودەکەی پێشوو وایەو ضه عيفە).

(٥) ضعيف: (شفاء الفؤاد ص٦٩). رواه الإمام أحمد (٥٢٧/٢) وأبو داود (٥٣٤/٢). پێشتر باسی ئەم فەرمودەیە کراوەو شی کراوەتەوە.

**فەرمودەی دەیەم:**

عن أبي هريرة مرفوعاً بلفظ: (من صلى عليَّ عند قبري سمعته، ومن صلى عليَّ نائياً أبلغته)[١].

ئەمانە بریتی بوون لە کۆمەڵێك فەرمودە کە ئەم پیاوە دەیان کات بە بەڵگە بۆ شەرعیەت دان بەبیدعەو گومڕاییەکەی و وەك چۆن خۆی گومڕا بووە دەیەوێت ئاواش خەڵکی پێ لە خشتە ببات و گومڕایان بکات لە پێناو چەند مەرام و مەبەستێکی تایبەتی خۆیدا، وە هەروەها چەند فەرمودەو ئەثەرێکی تریش هەن کە هەندێکیانی باس کردوون بەڵام بە هەمان شێوە ئەوانیش ضەعیفن و هیچ بنچینەیەکیان نیەو ناکرێت وەك بەڵگە تەماشا بکرێن.

وە لەناو هەموو ئەم فەرمودانەدا کە باسی کردن تەنها ئەم فەرمودەیە (ما من أحد يسلم عليَّ إلاّ رد الله عليَّ روحي حتى أرد عليه السلام) صەحیحە، بەڵام ئەویش نەبوو بە بەڵگە بە دەستیانەوە، بەڵکو بوو بە بەڵگە بەسەریانەوە، بۆیە هەموو قسەکانیان وەك سەرابێکی[٢] لێ هات و بە دەست بەتاڵی مانەوە.

وە وەك پێشتریش باسمان کرد کە بە شێوەیەکی گشتی سەردانی گۆڕستان بۆ مەبەستی بیر کردنەوە لە مردن و قیامەت و ترسناکیەکانی ئەم ڕۆژەو سەلام کردن لە ئەهلی گۆڕستان و دوعاو پاڕانەوەو داوای لێ خۆش بوون بۆ کردونیان لە خوای گەورە دروستەو ڕێگە پێدراوە، وە ئەمەش پێغەمبەران و پیاو چاکان و غەیری ئەوانیش دەگرێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین گۆڕی پێغەمبەریش ﷺ لە دوو حاڵەت تێپەڕ ناکات: یان دەخرێتە بازنەی هەموو گۆڕێکەوەو دروستە بەشێوەیەکی شەرعی سەردان بکرێت و سەلامی لێ بکرێت و بیر لە حاڵی خۆت بکەیتەوە کاتێك تۆش دەخرێیتە ناو گۆڕەوە،

---

(١) ضعيف: (شفاء الفؤاد ص١٣٤). رواه العقيلي في الضعفاء (١٣٦/٤). پێشتر باسی ئەم فەرمودەیە کراوەو شی کراوەتەوە.

(٢) سەراب: تیشکێکە کاتی زۆر گەرما لە بیاباندا وەك ئاو دێتە پێش چاوی ڕێبوار.

بەڵام پاڕانەوەو دوعا بۆ کردنی دروست نیە وەك چۆن لەسەر گۆڕستان بۆیان دەپاڕێیتەوە، بەڵکو تەنها صەڵاواتی لەسەر دەدەیت و داوای ئەوە دەکەیت کە خوای گەورە (وەسیلە)ی پێ ببەخشێت وەك لە فەرمودەی صەحیحدا هاتووە کە ئەمە بوترێت لە دوای بانگ.

وە یان گۆڕی پێغەمبەر ﷺ تایبەتەو جیا کراوەتەوە لە نێوان هەموو گۆڕەکانی تردا، کە دروست نیە زیارەت بکرێت ئەوەش لەبەر ئەوەی پێ گەیشتنی زۆر زەحمەتە، چونکە ئەو ﷺ لە ژورەکەی خۆی نێژراوەو بە سێ دیوار دەورە دراوەو وەك گۆڕەکانی تر لەبەر چاو نیەو دیار نیە. پاشانیش کەسێك بیەوێت صەڵاوات و سەلامی لەسەر بدات ئەوا ئەو کەسە لە هەر شوێنێك بێت هەر پێی دەگات.

# بەشی سێیەم:

# دروست نیە سەفەر کردن بۆ سەردانی گۆڕی پێغەمبەر ﷺ

سـەفەر کـردن و خـۆ ئامـادەکردن بـۆ سـەفەر بـە مەبەسـتی سـەردانی قـەبری پێغەمبەر ﷺ شتێکی نەهی لێ کراوە، بەهۆی چەند فەرمودەیەکەوە کە بە صـەحیحی هاتوون لە پێغەمبەرەوە ﷺ، کە گومان لەمەش دانیە ئەم سەفەر کردنە سەردەکێشێ بۆ شیرك و هاویەش دانان بۆ خوای گەورە، لەم فەرمودانەش:

١. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (سەفەرو خۆ ئامادەکرن بۆی ناکرێت تەنها بۆ سێ مزگەوت نەبێت: مزگەوتی مەککەو مزگەوتی پێغەمبەرو مزگەوتی ئەقصا)(١).

٢. وە هەروەها دەفەرموێت: (سەفەرو خۆ ئامادەکرن بۆی ناکرێت تـەنها بـۆ سـێ مزگەوت نەبێت: ئەو مزگەوتەی من و مزگەوتی مەککەو مزگەوتی ئەقصا)(٢).

٣. وە هەروەها فەرمودەی ابن عمر ڕەزای خـوای لـێ بێـت لـە ڕێگـەی (قزعـە)ەوە دەڵێت: (ویستم بـڕۆم بـۆ (طـور) وە پرسـیارم لـە ابـن عمـر کـرد، ئـەویش وتـی: (ئایـا نەتزانیوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ..........)(٣) فەرمودەکەی بۆ باس کرد.

وە هەموو ئەم فەرمودانە بە ئاشـکراو بـەو پـەڕی ڕاشـکاوانە نـەهی دەکـەن لـە سـەفەر کردن بۆ جگە لەم سێ مزگەوتە، وە هیچ شوێن و جێگایەکی تـر دیاری نـەکراوەو جیـا نەکراوەتەوە بۆ ئەوەی سەفەرو خۆ ئامادەکردنی بـۆ بکرێت، وە ئـەگـەر نـەهی بێجگـە لەم سێ مزگەوتە کرابێت کە مزگەوت ماڵی خوایە بۆ عیبادەت کردن و بە پیرۆز دانانی، ئەوا خۆ ئامادەکردن و سەفەر کردن بۆ سـەردانی گـۆڕو مەنزڵگای پێغەمبـەران و پیـاو چاکان لەولاترە کە ئەم نەهی کردنە بیگرێتەوە.

وە هـەروەها جگـە لـەم فەرمودانـەش کـۆڕای هـاوەڵان و شـوێن کـەوتوانیان (اجمـاع الصحابة والتابعين) لەسەر ئەوەیە کە سەفەر کردن بۆ سەردان و زیارەتی گۆڕستان یان هیچ گۆڕێك بە تایبەت دروست نیە، چونکە هیچ بەڵگەیـەك نـەهاتووە کـە یـەکێك لـەوان

(١) صحيح: أخرجه البخاري (٣/٥١)، ومسلم (١٣٩٧).
(٢) صحيح: أخرجه البخاري (٣/٥٧)، ومسلم (٨٢٧).
(٣) صحيح: أخرجه الأزرقي في أخبار مكة (ص٣٠٤)، كما في الإرواء (٣/٢١٣)، قال الألباني إسناده صحيح.

سـەفەری کردبێـت بـۆ سـەردان و سـەفەر کـردن بـۆ زیـارەتی هـیچ گۆڕێـك، نـە گـۆڕی پێغەمبەر ﷺ و نە گۆڕی هیچ کەسێکی تر، وە ئەگەر ئەمە شتێکی دروسـت بوایـە ئـەوا بە دڵنیاییەوە ئەوان ئەنجامیان دەدا، وە گومانیشی تیادا نیە کە هیچ کەسێك هێنـدەی ئـەوان سـور نـەبوون لەسـەر عیبـادەت و کـاری چـاکە بـۆ نزیـك بونـەوە لـە خـوای پـەروەردگار، بۆیـە دەتـوانین بڵـێین کـە ئـەم پیـاوەو هاوشـێوەکانی هـیچ بەڵگەیـەکی صەریح و صەحیحیان پێ نیـە بـۆ ئـەوەی لـەم بـوارەدا پـشتی قسەکانی خۆیـانی پـێ بگرن.

وە شێخی ئیسلام (ابن تەیمیە) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (قەبری ابراهیم خلیـل سەلامی خـوای لـێ بێـت لـە شـامە، وە هـیچ هاوەڵێـك سـەفەری نـەکردووە بـۆ ئـەوەی زیارەتی بکات، لە کاتێکدا ئەوان هاتوون بـۆ (بیـت المقـدس)و نوێـژیان تیـادا کـردووە، کەچی نەچوون بۆ سەردان و زیارەتی قەبری ابراهیم خلیل سەلامی خوای لێ بێت).

وە هەروەها دەڵێت: (وە هەورەها هیچ هاوەڵێك سەفەری بـۆ مەدینـە نـەکردووە تـەنها لەبـەر سـەردان کـردن و زیـارەتی قـەبری پێغەمبـەر ﷺ، بـەڵکو چـوون سـەردانی مزگەوتەکـەیان کـردووەو نوێـژیان تیـادا کـردووەو سـەلامیان لـێ کـردووە لـە نوێـژداو صەڵاواتیان لەسەر لێداوە)[1].

وە لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکـەوێت کـە ئـەم پیـاوەو هاوشـێوەکانی تـەنها لـە بـواری سەردانی گۆڕسـتان و سـەفەر کـردن بـۆی پێـچەوانەی کـۆڕای زانایـان و موسـڵمانانیان نەکردووە، بەڵکو لە گەورەترین و ترسناکترین بواردا پێچەوانەیان کردووە، کـە ئـەویش جگە لە سەردان و سەفەر کردنـی تایبـەت بـۆ سـەر گـۆڕی پیـاو چـاکان و پێغەمبـەران سەلامی خوایان لێ بێت، بەڵکو خاوەنی گۆڕەکـانیش دەکـەن بـە هاوبـەش و شـەریکی خـوای گـەورەو لێیـان دەپاڕێنـەوەو داوای یارمـەتی و بـە فریاکـەوتن و دابـین کردنـی پێداویستیەکانیان و لابردنی گرفـت و ناڕەحەتیـەکانیان و لـێ خـۆش بـوون لـە گونـاهو

---

(١) مجموع الفتاوى (٢٧/١٨٠) الطبعة المحققة.

تاوانەکانیان لێ دەکەن، وە هەر بەوەش واز ناهێنن بەڵکو بانگـەوازی بـۆ دەکـەن و بـە هۆیانەوە خەڵکانێکی زۆریش وەك خۆیان گومڕا دەکەن و هانیـان دەدەن بـۆ شـەریك و هاوەڵ دانان بۆ خوای تاك و تەنهاو باڵا دەست، خوای گەورە هەموو لایەکمان بپارێزێت لە شەڕو فێڵ و تەڵەکەکانیان.

# بەندی حەوتەم:
## تەوەسول (التوسل)

بەشی یەکەم

تەوەسول لە دیدی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانیەوە

بەشی دووەم

مانای تەوەسول و وەسیلە

بەشی سێیەم

جۆرەکانی تەوەسول

یەکەم: تەوەسولی شەرعی (ڕێگە پێدراو).

دووەم: تەوەسولی ناشەرعی (ڕێگە پێ نەدراو).

بەشی چوارەم

شوبهەکانی ئەم پیاوەو هاوشێەکانی لە تەوەسولی ڕێگە پێ نەدراوو ناشەرعیدا.

# بەشی یەکەم:

# تەوەسول لە دیدی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانیەوە

لە گەورەترین ئەو شوبهەو گومانانەی کە ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی بە ڕووی خەڵکیدا دەدەن و پەنای بۆ دەبەن بۆ بڵاو کردنەوەی ئەم شیرك و گومڕاییەی کە لە سەری دەڕۆن، بریتیە لە بابەتی تەوەسول کردن بە پێغەمبەران و پیاو چاکان، بەو مانایەی کە دەیان کەن بە ناوەندو شەفاعەتکارو نزیك بونەوە بە هۆیانەوە لە خوای گەورە، هەر بەو شێوەیەی کە موشریکە کۆنەکان دەیان کردو ئەنجامیان دەدا.

وە لە پێناو ئەم کارەشیاندا هەستاون بە گۆڕینی مانای ڕاستەقینەی ئەو دەقانەی کە لەسەر تەوەسولی شەرعی هاتوون، وە بە شێوەیەکی هەڵە ڕاڤەو تەفسیری بۆ دەکەن، بە پێچەوانەی ئەو مانا ڕاستەقینەی کە دەقەکە هەیەتی.

ئەم پیاوە دەڵێت: (لە گەورەترین عیبادەت و هۆکارەکانی نزیك بونەوەی ئەو کەسەی کە سەردانی گۆڕی پێغەمبەر ﷺ دەکات و دڵی پێ خۆش دەبێت، بریتیە لە تەوەسول کردن بە پێغەمبەر ﷺ، چونکە بە ڕاستی تەوەسول کردن بە پێغەمبەر ﷺ و غەیری ئەویش لە پێغەمبەران و پیاو چاکان دروستەو بەڵکو سوننەتیشە، کە ئەمەش مانای پاڕانەوەو داوا کردنە لە خوای گەورە بەو جاهو پیرۆزیەی کە ئەوان هەیانە، وە ڕوو کردنە خوای گەورەیە بە هۆی ڕێزو حورمەتی ئەوانەوە).

پاشان ئەم ئایەتە دەکات بە بەڵگە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱبْتَغُوٓا۟ إِلَيْهِ ٱلْوَسِيلَةَ وَجَـٰهِدُوا۟ فِى سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾[1]، واتە: (ئەی ئەوانەی کەوا ئیمانتان هێناوە تەقوای خوای گەورە بکەن و لێی بترسن، وە لێی نزیك ببنەوە بە عیبادەت و کردەوەی چاك، وە لە پێناویشیدا تێبکۆشن و هەوڵ بدەن بەڵکو سەرفرازو سەربەرزبن).

کەچی ئەو ماناکەی دەگۆڕێت و دەڵێت: (وە مەبەستی وەسیلە بۆلای خوای گەورە بریتیە لە تەوەسول کردن بە هەر شتێك کە مایەی لێ نزیك بونەوەیەتی، جا بە هۆی

---

(١) سورة المائدة: (٣٥).

كردەوەوە بێت یان بە هۆی كەسانی خاوەن جاهو پلەو پایەو باڵاوە بێت)[١].

بینیتان كە تەنها بە تەوەسول كردن بـە پێغەمبـەرەوە ﷺ نەوەسـتا، بـەڵكو لەویـشی تێپەڕاند بۆ پیاو چاكان و كەسانی خاوەن جاهو پلەو پایە، كە گومـانی تیـادا نیـە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لەو كارانەیاندا تـەنهاو تـەنها مەبەسـتیان زیـادەڕەوی كردنـە لـە خودی خۆیانداو دەیانەوێت خۆیان بە یەكێك لەو خاوەن جـاهو پلـەو پایانـە لـە قەڵـەم بدەن.

پاشان بـەردەوام دەبێـت و زیـادەڕەوی لەسـەر زیـادەڕەوی دەكـات، چـونكە بـەوە واز ناهێنێت كە تەوەسول بـە مرۆڤێـك یـان دروسـت كراوێـك بكـات بـۆ لای خـوای گـەورەو دروستكار، بەڵكو تەوەسول بە دروست كراوێك (مرۆڤێك) دەكات بۆ لای دروست كراوێك (مرۆڤـ)ێكی تر.

ئینجا ئەم پیاوە هۆنراوەیـەكی (عمـر الخلـوتي) دەهێنێـت و بـەم شـێوەیەش وەصـفی دەكات و دەڵێت: (الإمام العارف بالله)!!! كە قسە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دەكـات و لـە هۆنراوەكەیدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| یـا ملاذ الــورى وخـــير عيـــان | ورجـاءً لكــل دانٍ وقـــي |
| لك وجهي وجهت يا أبيض الوجه | فوجِّــه إليه وجه الـــــي |
| أفترضى الرجــوع لي مثلما جئتك | صفر اليدين يا ذا الــصفي؟ |
| قد توســلت عند بابك بالصـــديق | والــصاحب التقــي النقــي |
| وبفــاروقـك الــضجيع الذي قد | كنت ترضى بحكمه المرضي |
| وبعثمان ذي الحــياء شهيد الــدار | من حاز كــل وصـــف بهي |
| وبيعســوبـك الإمـــــام عـــلي | قالع الباب في الوغى الخيبري[٢] |

(١) شفاء الفؤاد (ص١٥٦).

(٢) الذخائر (ص١٦٦).

سەیرکەن تەوەسول بە چوار خەلیفە ڕێنومایی کراوەکان دەکات ڕەزای خوایان لیّ بێت بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و کردویەتی بە پەرستراوی یەکەم لە لای خۆیەوە، وە ئەوانیشی کردووە بە وەسیلەو ناوەندێك و تەوەسولیان پیّ دەکات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، وە ئەوانەی کە (یغوث و یعوق و نسرو لات و عوزاو هوبەل)یان دەپەرست ئاوا جورئەتیان نەکردووەو بەو شێوەیەیان نەوتووە، چونکە هەموو ئەو وەصفانەی کە ئەم شاعیرە نوسیونی و ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی بڕوایان پێی هەیەو قەوانەکەی بۆ لیّ دەدەنەوە، هەموویان وەصفن بۆ پەرستراوی ڕاستەقینە کە خوای گەورەو باڵا دەستە.

پاشان چەند دێڕێکی تر دەهێنێت کە هی شاعیرێکی تریانە بە ناوی (علي بن محمد الحبشي)و ئەم پیاوەش لە وەصفیدا دەڵێت: (الإمام العارف بالله الحبيب علي بن محمد الحبشي رضي الله عنه)!!! کە دەڵێت:

يا ملاذ الكل يا اهل الندى — يا كريم الأصل يا رب الحور
يا غياث الخلق يا ذا الفضل — واجود والإحسان في بحر وبر
يا رسول الله غوثاً عاجلاً — يدفع البلواء عنا والضرر
فبحق الطهر طهِّر سيدي — بجميع الأرض من هذا الضرر
وبحق الحسنين ارفع لما — قد عرى وارحم فقد زاد الحذر(١)

لەمەوە بۆمان دەرکەوت کە ئەم پیاوە تەوەسول دەکات بە ئال و بەیت و منداڵەکانی و بە حسن و حسین ڕەزاي خوایان لیّ بێت بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، وە پێغەمبەریش ﷺ لای ئەو پەرستراوی گەورەو ڕاستەقینەیە!!! پاکو بێگەردی بۆ خوای باڵا دەست و تاکو تەنها لەوەی کە موشریك و گومڕاکان دەیڵێن، ﴿ مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَٰهٍ ۚ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَٰهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾(٢)، واتە: (خوای گەورە هیچ منداڵی بۆ خۆی بڕیار نەداوەو نیەتی، وە

---

(١) شفاء الفؤاد (ص٢٣٠-٢٣١).

(٢) سورة المؤمنون: (٩١).

هیچ پەرستراێکی تریشی لەگەڵدا نیەو تاك و تەنهایە، وە ئەگەر خوایەکی تری لەگەڵدا بوایەو شەریکی هەبوایە ئەوا هەریەکەیان دەستی دەگرت بەسەر دروست کراوەکانی خۆیداو ئەم گەردونە ئاوا بەڕێوە نەدەچوو، وە پاکوبێگەردی بۆ خوای گەورە لەوەی کە موشریکەکان وەصفی دەکەن).

# بەشی دووەم:

# مانای تەوەسول و وەسیلە

**یەکەم: مانای وەسیلە لە زمانی عەرەبیدا:**

لە کتێبی (لسان العرب)دا هاتووە کە (الوسيلة) بە مانای: (پلەو پایەیەك دێت لە لای پاشا، وە یان پلەو دەرەجە، وە یان نزیکی، وەك: فلان کەس نزیك بۆوە لە خوای گەورە بە وەسیلەیەك، ئەمە ئەگەر کردەوەیەکی کرد بە هۆیەوە لێی نزیك بۆوە. وە (الواسل)یش بە مانای: ئەو کەسەی کە دەیەوێت بگات بەخواو لێی نزیك بێتەوە)[1].

**دووەم: مانای وەسیلە لە قورئانی پیرۆزدا:**

وشەی (الوسيلة) لە دوو ئایەتی قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

<u>یەکەم:</u> خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾[2].

**ووتەی موفەسیرو ڕاڤەکارانی قورئان دەربارەی ئەم ئایەتە:**

ابن جرير ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (ئەی ئەوانەی کە وادەو پاداشت و سزاکانی خوای گەورەو پێغەمبەر ﷺ بە ڕاست دادەنێنن (ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ)، وە وەڵامی خوای گەورە بدەنەوە لەوەی کە ئەمرو فەرمانتان پێ دەکات و دوور بکەونەوە لەو شتانەی کە نەهیتان لێ دەکات، وە ئیمان و بڕواتان دابمەزرێنن و جێگیری بکەن بە خواو پێغەمبەرەکەی بە کردەوەی چاك، وە (وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ ) واتە: داوای نزیك بوونەوە بکەن لە خوای گەورە بەو کردەوانەی کە پێی ڕازیە).

پاشان هەر ابن جرير لە ئەبو وائیلەوەو لە مانای ئەم بڕگەیە (وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ ) دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: (بە واتای نزیك بونەوە بە هۆی کردەوەکانەوە، وە هەمان

---

(١) لسان العرب (١١/٧٢٤) وسل.

(٢) سورة المائدة: (٣٥).

شێوە لە عطاء و السدي و مجاهد و الحسن دەهێنێت. وە قەتادە دەڵێت: واتە لە خوای گەورە نزیك ببنەوە بـە هـۆی گوێڕایـەڵی کـردن و عیبـادەت کردنـەوە، وە بـەهۆی ئـەو کردەوانەی کە پێی ڕازیە)[1].

وە هـەروەها (البغـوي) ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت دەڵێـت: (الوسـيلة: واتـە: نزيـك بونەوە)[2].

وە هەروەها ابن كثير لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (خوای گەورە فـەرمان دەکـات بە بەندە ئیمانداره‌کانی کە لە خوا بترسن، وە هەروەها کە دەفەرموێت: (وَٱبْتَغُوٓاْ إِلَيْهِ ٱلْوَسِيلَةَ ) دەڵێـت: سـوفیانی ثـەوری دەڵێـت: بـاوکم بـۆی گێڕاینـەوە ئـەویش لـە (طلحة)ەوە ئەویش لە (عطاء)ەوە ئەویش لە (ابن عباس)ەوە: بە واتای: نزیك بونـەوە، وە هەروەها مجاهدو ئەبو وائيل و الحسن و قەتادەو عبدالله بن كثيرو السدي و ابـن زيـد بە هەمان شێوەیان وتوە)[3].

وە هەروەها زۆربـەی زانـاو موفەسـیرانی تـریش وەك: (القـرطبي و ابـن الجـوزي و أبـو حيـان)و زۆرێکـی تـریش بـە هـەمان شـێوە تەفـسیری (الوسـيلة)يـان کـردووەو وايـان لێکداوەتەوە، بـەڵام لەبـەر درێـژ بوونـەوەی بابەتەکـە نـەمان ویـست تەفـسیری هـەموو زاناکان وەربگرین و باسیان بکەین.

وە ئەم زانایانەش کە دەفەرمون (الوسيلة) بە مانای نزیك بوونەوە (القربـة) دێـت، ئـەوا هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە مانای (القربة) ئەوەیە کەوا بریتیە لە: نزیك بوونـەوە لە خوای گەورە بە عیبادەت کردن و طاعەت و گوێڕایەڵی کردنی خوای گـەورە، چـونکە مرۆڤ لە خوا نزیـك نابێتـەوە تـەنها بـە عیبـادەت کـردن و طـاعـەت و کـردەوەی چـاك نەبێت.

---

(١) تفسير ابن جرير (١٠/٢٨٩-٢٩١).

(٢) معالم التنزيل (٢/٣٤).

(٣) تفسير القرآن العظيم (٣/٩٦-٩٨) باختصار.

**دووەم:** وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحۡذُورٗا ﴾[1]، واتــــــــە: (ئەوانەی کە ئەو بێ باوەڕو موشریکانە هاواریـان دەکـەنێ و داوای خێـرو چـاکەو نزیـك بونەوەیان لێ دەکەن لە خوای گەورە، ئایا کامیان لەوانە زیاتر پێویستیان بە ڕەحم و بەزەیی خوای گەورە هەیەو زیاتر لـە عەزابەکـەی دەترسن؟ بەڕاستی سـزاو عـەزابی خوای گەورە زۆر بە ئێش و مەترسیدارە).

**هۆی هاتنەوە خوارەوەی ئایەتەکە:**

بوخاری[2] و موسلیم[3] ڕیوایەتیان کردووە لە ڕێگەی (أبـو معمـر) ئـەویش لـە (عبـداللهی کوڕی مسعود)ەوە ڕەزای خوایان لێ بێت کە وتویـەتی: (کۆمـەڵێك مرۆڤـ پـەرستنیان بۆ کۆمەڵێك جنۆکە ئەنجام دەدا، پاشـان ئـەم کۆمەڵـە جنۆکـە موسـڵمان بـوون، بـەڵام مرۆڤەکان بەردەوام بوون لە عیبادەت کردن بۆیـان، ئنجـا خـوای گـەورە ئـەم ئایەتـەی دابەزاند.

وە موسلیم لە ڕێگایەکی ترەوە هێناویـەتی کـە: (جنۆکـەکان موسـڵمان بـوون، وە ئـەم مرۆڤانەش کە پەرستنیان بۆ دەکردن هەستیان بەوە نەکردبوو).

ابن حجر ڕەحمەتی خوای لێ بێـت لـە (فـتح البـاري)دا دەڵێـت: (مرۆڤـەکان بـەردەوام بوون لەسەر پەرستن و عیبادەت کردن بۆ جنۆکـەکان، بـەڵام جنۆکـەکان ڕازی نـەبوون بەمە" چونکە موسڵمان ببوون)[4].

(١) سورة الإسراء: (٥٧).

(٢)صحيح: البخاري (٣٩٧/٨).

(٣) صحيح: مسلم (٢٣٢١/٤).

(٤) فتح الباري (٣٩٧/٨).

**ووتەی موفەسیرو ڕاڤەکارانی قورئان دەربارەی ئەم ئایەتە:**

ابن جرير ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (خوای پەروەردگار بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەڵێت: ئەی محمد بە موشریکەکانی قەومەکەت بڵێ کە پەرستن وعیبادەت بۆ غەیری خوای گەورە ئەنجام دەدەن: ئەی قەوم لە کاتی دابەزینی بەڵاو ناڕەحەتی بەسەرتاندا بپاڕێنەوەو هاوار بکەنە ئەوانەی کە پێتان وایە پەروەردگارو پەرستراوتانن، ئنجا سەیر بکەن و بزانن توانایان هەیە کە ئەو بەڵاو ناڕەحەتیەی کە توشتان بووە لەسەرتان لاببەن یان لێتان لادەن؟ کە بەڕاستی گومانی تیادا نیە کە ئەوان ئەمەیان پێ ناکرێت و ناتوانن، بەڵکو ئەمە تەنها لە تواناو دەسەڵاتی دروستکاری ئێوەو ئەواندایە کە خوای گەورەو باڵا دەستە)[1].

وە (البغوي) لە مانای (الوسيلة)دا دەڵێت: (بە مانای نزیك بوونەوە دێت، وە وتراویشە بە مانای پلە (الدرجة) دێت، واتە: داوای پلە بەرزەکان دەکەن لە خوای گەورە، وە وتراوە: (الوسيلة) هەموو شتێکە کە پێی لە خوای گەورە نزیك دەبیتەوە)[2].

وە هەروەها (القرطبي) دەڵێت: (يبتغون: واتە: داوای نزیك بوونەوە دەکەن لە خوای گەورە، وە هەروەها دەپاڕێنەوەو داوای بەهەشت دەکەن)[3].

وە پوختەی ڕاڤەکارانی قورئان دەربارەی مانای (الوسيلة) ئەوەیە کە: بە مانای نزیك بوونەوەو عیبادەت و طاعەت و کردەوەی چاك دێت، واتە بەم شتانە مرۆڤ دەتوانێت لە خوای گەورە نزیك ببێتەوەو داوای ڕەزامەندی و لێ خۆش بوونی لێ بکات، نەك بەم شێوەیەی کە ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی گومان دەبەن و لێکی دەدەنەوە، چونکە یەکێك نەتوانێت خراپەو بەڵاو ناڕەحەتی لەسەر خۆی لاببات، چۆن دەتوانێت لەسەر خەڵکانی تری لاببات؟!!

(١) تفسير ابن جرير (٩/١٠٣).

(٢) معالم التنزيل (٣/١٢٠).

(٣) تفسير القرطبي (١٠/٢٧٩).

**سێیەم: ماناى وەسیله له فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ:**

**یەکەم:** پێغەمبەر ﷺ دەفـەرموێت: (من قال حين يسمع النداء: اللهم رب هذه الـدعوة التامة والصلاة القائمة آت محمداً الوسيلة والفضيلة، وابعثه مقاماً محمـوداً الـذي وعدتـه، حلت له شفاعتي يـوم القيامـة)[1] ، واتـه: (هـەر کەسـێك کـه گـوێی لـه بـانگ بـوو دوای بانگەکه بڵێت: ئەی پەروەردگاری ئەم بانگه تەواوو ئەو نوێژەی کـه ئـەنجام دەدرێـت، (وەسیلەو فـەضیلە) ببەخـشە بـه محمـد ﷺ، وه بیگەیەنـه ئـەو پلـه بـەرزو سـوپاس کراوەی که بەڵێنت پێداوە. ئەوا له قیامەتدا شەفاعەتی منی بۆ دەبێت).

**دووەم:** له عبداللهی کوڕی عەمری کوڕی عاص)ەوه که گوێی لـه پێغەمبـەر ﷺ بـووه فەرمویەتی: (إذا سمعتم المؤذن فقولوا مثل ما يقول ثم صلوا عليَّ، فإنـه مـن صـلى علـيَّ صلاة صلى الله عليه بها عشراً، ثم سلوا لي الوسيلة فإنها منزلة في الجنة لا تنبغي إلاّ لعبـد من عباد الله وأرجو أن أكون أنا هو، فمن سأل لي الوسيلة حلت له الـشفاعة)[2] ، واتـه: (ئەگەر گوێتان له بانگ بوو ئەوا وەك ئەو بیڵێنەوەو پاشان صەڵاوات لەسەر من بـدەن، چونکه هەر کەسێك یەك صـەڵاوات لەسـەر مـن لـێ بـدات، ئـەوا خـوای گـەورە دە جـار صـەڵاواتی لەسـەر دەدات، دواتـر داوا لـە خـوای گـەورە بکـەن کـە (وەسـیلە)م پـێ ببەخشێت که ئەویش شوێنێکه له بەهەشت، ئەو شوێنەش بۆ هیچ کەسێك نیه تەنها بۆ بەندەیەك نەبێت له بەندەکانی خوای گەورە، وه ئومێد دەکـەم کـه ئـەو کەسـه مـن بم، وه هەر کەسێك داوای وەسیلەم بۆ بکات ئەوا شەفاعەتی منی بۆ حەڵاڵ دەبێت).

وه پێشەوا ابن حجر لـه (فتح الباري)دا دەڵێـت: (وەسـیلە: بریتیـه لـەو شـتەی کـه بـه هۆیەوە نزیك دەبیتەوە بۆ لای کەسێکی گەورەتر، وه وتـراوە: (توسـلت)؛ واتـه: نزیـك بومەوە. وه ئەمەش زیاتر بۆ پلەو پایەی بەرز بەکار دەهێنرێت).

وه هەروەها دەڵێـت: (وه (الفـضيلة) بـه واتـای: پلـەو پایەیـەکی زیـاتر بەسـەر هـەموو خەڵکیـەوە، وه دەگونجێت پلەیـەکی بـەرزتر بێـت، یـان تەفـسیرو لێکدانـەوە بێـت بـۆ (وەسیلە)[3].

---

(١) صحيح: رواه البخاري (٢/٩٤).

(٢)صحيح: رواه مسلم (٣٨٤).

(٣) فتح الباري (٢/٤٩٥).

# بەشی سێیەم:

# جۆرەکانی تەوەسول

**یەكەم: تەوەسولی شەرعی (ڕێگە پێدراو).**

تەوەسولی شەرعی بریتیە لە نزیك بوونەوە لە خوای پەروەردگار بەهەر شتێك كە پێی خۆشەو لێی ڕازیە لە ووتەو كرداری دیارو نادیار، وە هەروەها هەموو ئەو عیبادەت و خوا پەرستیانەی كە بەڵگەی شەرعیان لەسەرە.

وە دەشتوانرێت تەوەسول كردن بۆ دوو شێوەو مەبەست ئەنجام بدرێت:

**أ. تەوەسول كردن بۆ بەدەست هێنانی پاداشتی خوای گەورەو بەهەشت و خۆشویستن و ڕەزامەندی خوای پەروەردگار،** وە بەڵگەی شەرعی زۆر هاتووە كە ئیمان و كردەوەی چاك دوو وەسیلەی گرنگن بۆ گەیشتن بە بەختەوەری لە دونیاو دوارۆژدا.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلْفِرْدَوْسِ نُزُلًا خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا ﴾[1]، واتە: (ئەوانەی كە ئیمانی تەواویان هێناوە لە دڵەكانیانداو بە لاشەش كردەوەی چاك ئەنجام دەدەن، وەئەوانەی خاوەنی ئەم ئیمانە تەواوە بن ئەوا خوای گەورە بەرزترین و باشترین شوێنی بەهەشتی بۆ داناون، وە بە بەردەوامی تیایدا دەمێننەوەو لەبەر خۆشی شوێنەكە هەرگیز حەز ناكەن لەوێوە بگوازرێنەوە بۆ شوێنێكی تر).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾[2]،واتە: (هەر كەسێك كردەوەی چاك ئەنجام بدات جا ئەو كەسە نێر بێت یان مێ، ئەوە لە ژیانێكی خۆشدا دەیژێنین و دەیخەینە ناو ئاسودەیی و بەختەوەریەوە، وە لە قیامەتیشدا پاداشتی دەدەینەوە زۆر زیاترو چاكترو باشتر لەوەی كە لە دونیادا ئەنجامی داوە).

---

(١) سورة الكهف: (١٠٧ – ١٠٨).

(٢) سورة النحل: (٩٧).

وە هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِى ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِى لَا يُشْرِكُونَ بِى شَيْـًٔا ﴾[١]، واتە: (خوای گەورە بـەڵێن و پـەیمانی بەوانـە داوە کـە ئیمانیـان هێنـاوەو کردەوەی چـاك ئـەنجام دەدەن بەوەی کە دەیانکات بـە خەلیفـەو جێنـشین لەسـەر زەوی هـەروەك چـۆن ئـەوەی بـە ئوممەتانی پێشوو بەخشی، وە هەروەها ئەو دینەی کە پێی ڕازیە بۆیان سـەردەخات و پەرەی پێ دەدات، وە ئەو ترس و ناڕەحەتیەی کە لە سەریان بوو بۆیان دەگۆڕێت بـە ئەمن و ئاسایش، وە هـەموو ئەوانـەش بـۆ ئـەو کەسـانەیە کـە بـە تـەنها دەیپەرسـتن و هاوەڵی بۆ دانانێن).

وە هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَءَامِنُواْ بِرَسُولِهِۦ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِۦ وَيَجْعَل لَّكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِۦ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾[٢]، واتـە: (ئـەی ئەوانەی کەوا ئیمانتان هێنـاوە بـە خـوا (کـە لێـرە مەبەسـت ئەوانـەن کـە ئیمانیـان بـە موسـاو عیـسا هێنـابوو سـەلامی خوایـان لـێ بێـت)، وە ئیمانتـان هێنـاوە بـە پێغەمبەرەکـەی، ئـەوا بەڕاسـتی خـوای گـەورە دوو ئـەجرو پاداشـتتان بـۆ دەنوسـێت، یـەکێکیان لەسـەر ئـەوەی کـە شـوێن پێغەمبـەرانی پێـشوو کـەوتبوون و ئیمانتـان پـێ هێنابوون، وە ئەوی تریشیان لەسـەر ئـەوەی کـەوا ئیمانتـان بـە پێغەمبـەر محمد ﷺ هێناوە، وە خوای گەورە عیلم و زانست و نورێکتـان پـێ دەبەخـشێت تـا لـە تاریکـایی جەهل و نەزانیدا ڕێگای ڕاستتان لێ ون نەبێت، وە لێتـان خـۆش دەبێـت کـە بەڕاسـتی خوای گەورە زۆر لێ خۆش بوو و بەزەییە).

---

(١) سورة النور: (٥٥).

(٢) سورة الحديد: (٢٨).

وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (أشهد أن لا إله إلاّ الله وأني رسول الله، لا يلقى الله بهما عبد غير شاكٍّ فيحجب عن الجنة)[1] ، واتە: (شاهێدی دەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بە حەق نیە جگە لە الله وە منیش نێردراوی خوام).

**ب. تەوەسول کردن بەمانە بۆ گیرابوون و قەبوڵ بوونی پاڕانەوەو پێ بەخشینی ئەو شتەی کە داوا دەکرێت.**

وە ئەم جۆری تەوەسول کردنەش شەرعیە بە بەڵگەی قورئان وسوننەت و کۆڕای زانایان (إجماع العلماء)، واتە دروستە تەوەسول کردن بۆ لای خوای گەورە بە ئیمان و کردەوەی چاك بۆ وەڵام دانەوەی ئەو دوعاو پاڕانەوەیەی کە دەکرێت.

ئەمە لە کاتێکدا خودی دوعا کردن و پاڕانەوە یەکێکن لە گەورەترین وەسیلەکانی نزیك بوونەوەو گەیشتن بە خۆشەویستی و بە دەست هێنانی بەهەشت و ڕەزامەندی خوای گەورە، چونکە دوعاو پاڕانەوەش هەر لەناو طاعەت و عیبادەت و کردەوە چاکەکانن، وە بگرە لە گەورەترین عیبادەت و کردەوە چاکەکانە کە هۆکارن بۆ نزیك بوونەوە لە خوای گەورە، هەروەك چۆن هۆکارێکیشە بۆ بە دەست هێنانی ئەو شتانەی کە لە خوای گەورە داوا دەکرێن.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴾[2]، واتە: (خوای گەورە دەفەرموێت ئێوە لێم بپاڕێنەوە منیش وەڵامتان دەدەمەوە، وە بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بە گەورە دەزانن لە عیبادەت کردن بۆ من، ئەوا دەخرێنە دۆزەخەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەخرێنە ناویەوە).

لەم ئایەتەدا خوای گەورە فەرمان بە بەندەکانی دەکات بە پاڕانەوە، وە ناویشی دەنێت بە عیبادەت، وە هەروەها بە ئاگریش هەڕەشە لەو کەسانەی دەکات کە وازی

---

(١) صحيح: رواه مسلم (ح٤٦).

(٢) سورة غافر: (٦٠).

لێ دەهێنن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر خاڵی یەكەم كە تەوەسول كردن بەم شتانە دروستە بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی و ڕەزامەندی و بەهەشت و پاداشتی خوای گەورە.

وە هەروەها خوای گەورە بەڵێنیش دەدات بە بەندەكانی كە وەڵامیان دەداتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر خاڵی دووەم كە ئەویش تەوەسول كردنە بۆ وەڵام دانەوەی دوعاو پاڕانەوەكان.

وە هەروەها بەڵگەشمان لە قورئان و سوننەت زۆرە لەسەر گەورەیی و فەزڵی دوعاو پاڕانەوە، وە ئەوەش كە دروستە بەكار بهێنرێن وەك وسیلەیەك بۆ نزیك بوونەوە لە خوای گەورەو هەروەها بۆ بەدەست هێنان و دەست خستنی فەزڵ و نیعمەت و بەخششەكانی خوای گەورە، وە مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە كە دروستە تەوەسول كردن بە ئیمان و كردەوەی چاك بۆ وەڵام دانەوەی دوعاو پاڕانەوەكان، جا یان بۆ بەدەست هێنانی سودو قازانج و خێرو خۆشیە، یا بۆ لابردنی بەڵاو موصیبەتە لە دونیاو دواڕۆژ.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ إِنَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾[1]، واتە: (ئەوانەی كە دەیان وت: خوایە گیان ئێمە ئیمان و بڕوامان هێناوە، لە گوناهو تاوانەكانمان خۆشبەو بمانپارێزە لە ئاگری دۆزەخ).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿رَّبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِى لِلْإِيمَـٰنِ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِرَبِّكُمْ فَـَٔامَنَّا ۚ رَبَّنَا فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلْأَبْرَارِ﴾[2]، واتە: (خوایە گیان ئێمە گوێمان لە بانگەوازكارێك بوو كە محمدە ﷺ بانگی خەڵكی دەكرد بۆ ئیمان هێنان بە پەروەردگارو ئێمەش وەڵاممان دایەوەو ئیمانمان هێنا، خوایە گیان

---

(١) سورة آل عمران: (١٦).

(٢) سورة آل عمران: (١٩٣).

لەبەر ئەو ئیمان هێنانەمان لە گوناهو تاوانەکانمان خۆشبەو بیان سڕەوە لەسەرمان و جێگیرمان بکە لەسەر حەق و لەگەڵ چاکەکاران بمان مرێنە).

دەبینین ئەمانە لە دوعاکانیاندا تەوەسولیان کرد بەو ئیمانەی کە هەیانە، کە ئەمەش گەورەترین هۆکارە بۆ قەبوڵ بوونی دوعاو وەڵام دانەوەیان.

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَاۖ وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلۡحِدُونَ فِيٓ أَسۡمَـٰٓئِهِۦۚ سَيُجۡزَوۡنَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴾[1]، واتە: (خوای گەورە کۆمەڵێك ناوو سیفەتی جوان و بەرزی هەنە، بەو ناوو سیفەتە جوان و بەرزانە لێی بپاڕێنەوە، وە ئەوانەی لادەدەن لەو ناوە جوانانەو ماناکەیان دەگۆڕن، یان بەکاریان دەهێنن بۆ کەسانێك کە دەیان پەرستن، وەك ئەوەی کە موشریکەکان بەو ناوانە بت و پەرستراوەکانی خۆیانیان پێ ناو دەنا، ئەوا توشی سزاو عەزابێکی توندو بە ئێش دەبن).

وە لێرەشدا خوای پەروەردگار فەرمان بە بەندەکانی دەکات کە بە ناوە جوانەکانی لێی بپاڕێنەوە، کە ئەمەش هەردوو جۆری دوعای عیبادەت و دوعای مەسئەلەو داواکاری دەگرێتەوە.

وە هەروەها لە فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ دەربارەی دوعای دڵتەنگی و غەمباری هاتووە کە دەفەرموێت: (اسألك بكل اسم هو لك سميت به نفسك أو أنزلته في كتابك أو علمته أحداً من خلقك....)[2] ، واتە: (لێت دەپاڕێمەوەو داوات لێ دەکەم بە هەموو ئەو ناوانەی هی تۆن و خۆت پێ ناو ناون، وە ئەوانەی لە قورئانی پیرۆزدا دات بەزاندوون وە ئەوانەی کە فێری هەر دروستکراوێکی خۆت کردووە ........).

وە ئەمەش بە هەمان شێوە تەوەسول کردنە بە هەموو ناوە جوانەکانی خوای گەورە، کە ئەمانەش گەورترین شتێکن بۆ ئەوانەی کە دەپاڕێنەوە تەوەسولی پێ بکەن، وە فەرمودەش لە بارەیەوە زۆر هاتوون و بڵاون لەناو موسڵمانانداا.

---

(١) سورة الأعراف: (١٨٠).

(٢) صحيح: رواه أحمد (٣٩١/١)، وصححه إمامنا الألباني (رحمه الله) في (السلسلة الصحيحة) (١٩٩).

وە هەروەها (بريدة الأسلمي) ڕەزای خوای لێ بێـت دەڵێـت: (پێغەمبـەر ﷺ گـوێی لـە پیاوێك بوو دەپاڕایەوەو دەی وت: (اللهم إني أسألك بأني أشهد أنك أنـت الله الـذي لا إله إلاّ أنت الأحد الصمد الذي لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفواً أحد). پاشـان پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی: سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە بەڕاستی ئـەو کەسـە بـە نـاوە گەورەکەی خـوای گـەورە داوای کـرد، ئـەو نـاوەی کـە ئەگـەر پێـی پاڕایتـەوە وەڵامـت دەدرێتەوە، وە ئەگەر پێت داوا کرد ئەوا پێت دەبەخشرێت)[1].

وە هەروەها ئەم تەوەسول کردنە بە ئیمان و کردەوەی چاك بۆ وەڵام دانـەوەی دوعـاو پاڕانەوەکان، شەریعەتی پێغەمبەرانی تریش سەلامی خوایان لـێ بێـت لەگەڵیـدا هـاوڕاو کۆکن، هەروەك پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ هەواڵی پێداوین، لەوانەش:

❀ لـە ئـەبو هريـرەوە ڕەزای خـوای لـێ بێـت کـە پێغەمبـەر ﷺ دەربـارەی بەسەرهاتی ابـراهيم سـەلامی خـوای لـێ بێـت لەگـەڵ خێزانەکـەی فەرمويـەتی: (کاتێـك ابراهيم سەلامی خوای لێ بێت لەگەڵ خێزانەکەی (سارە)خاتوون دەچن بۆ گوندێك ئـەو گوندەش پاشايەکی ستەمکاری لێيە، کاتێك باسی جوانی سـارە خـاتوونی پـێ دەگـات داوا دەکـات و دەيـەوێت بـچێت بـۆلای و کـاری خراپـی لەگـەڵ بکـات، کاتێـك پاشـا ستەمکارەکە دەيەوێت دەستی بـۆ ببات ئـەويش هەڵدەسـتا دەسـت نوێـژی دەگـرت و نوێژی دەکردو ئەو دوعاو پاڕانەوەيەی دەوت: (اللهم إن كنـت آمنـت بـك وبرسـولك وأحصنت فرجي إلاّ على زوجي فلا تسلط عليَّ الكافر)، خوای گەورەش پاراستی لێـی، پاشان بۆ جاری دووەم هـەوڵی دايـەوە ئـەويش هـەمان کـاری جـاری يەکـەمی دووبـارە کردەوە، دەست نوێژی گرت و نوێژی کردو پاڕايەوە، خوای گـەورەش لـە دەسـتی ئـەو زاڵم و ستەمکارە ڕزگاری کرد)[2].

---

(١) صحيح: رواه أبو داود (١٦٧/٢)، والترمذي (٤٨١/)، وصححه إمامنا الألباني (رحمه الله) في (مـشكاة المـصابيح) (٢٢٨٩).

(٢) صحيح: رواه البخاري (٢٢١٧)، واللفظ له، ومسلم (٢٣٧١).

تێگەیشتین کە ئەم ئافرەتە بەڕێزە لە دوعاكانیدا تەوەسولی كرد بەو ئیمانەی کە بە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی و بەو داوێن پاكیەی کە هەیبووە، وە هەروەها بەو كردەوە چاكانەش کە بە كردەوە ئەنجامی دان وەك دەست نوێژ گرتن و نوێژ كردن و پاڕانەوەكەی، وە بە دڵنیاییشەوە ئەمە لەو شەریعەتەوە فێری بووە کە بۆ پیاوەکەی هاتووەو لەسەری بووە.

❀ وە هەروەها چیرۆكی (جريجي راهب)، كاتێك ئافرەتێكی خراپ و داوێن پیس ویستی بوهتانی پێ بكات بەوەی کە ئەو منداڵەی لە شوانێك ببوی ویستی بیخاتە ئەستۆی ئەو، پاشان (جريج) دەست نوێژی گرت و نوێژی كردو لەبەر خوای پەروەردگار پاڕایەوە، پاشان بە منداڵەكەی وت كێ باوكتە؟ لە كاتێكدا منداڵەکە لە بێشكەدا بوو، ئەویش وتی: شوانەكە)[1].

❀ وە هەروەها چیرۆكی ئەو سێ كەسەی کە چونە ئەشكەوتەكەوەو پاشان بەردێكی گەورە دەرگای ئەشكەوتەكەی لێ گرتن و دەرگای لێ داخستن، ئنجا بە یەكتریان ووت: بپاڕێنەوە بە چاكترین كردەوە کە ئەنجامتان داوە، یەكێكیان وتی: خوایە گیان من دایك و باوكێكی پیرو بە ساڵا چووم هەبوون... ئنجا باسی چاكەی خۆی دەكات لەگەڵیانداو پاشان دەڵێت: (اللهم إن كنت تعلم أني فعلت ذلك ابتغاء وجهك فافرج عنا فرجة نرى منها السماء)، دەفەرموێت: كەلێنێكیان بۆ كرایەوەو كەمێكی دەرگاكە بۆوە، وە دووەمیشیان تەوەسولی بە داوێن پاكی خۆی كرد کە لە ترسی خوای گەورە داوێن پیسی نەكردووە لە كاتێكدا بۆیشی ئاسان بووە، وە سێیەمیشیان تەوەسولی كرد بە گەیاندنەوەو گێڕانەوەی ئەمانەت وسپاردەو چاكە كردنی لەگەڵ كرێكارەكانیدا، پاشان دەرگاكەیان بە تەواوی بەسەردا كرایەوە[2].

---

(١) صحيح: رواه البخاري (٣٤٣٦)، ومسلم (٢٥٥٠).

(٢) صحيح: متفق عليه. اللؤلؤ والمرجان (٣/٢٣٦).

وە هەروەها دروستە تەوەسول کردن بەو ئیمانەی کە کەسێك بە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی و بەو خۆشویستن و گوێڕایەڵی کردنەی کە بۆی هەیە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾[1]، واتە: (وە ڕەحمەت و بەزەیی من زۆر فراوانەو هەموو شتێك دەگرێتەوە، وە ئەو ڕەحمەت و بەزەییەش دەبەخشم بەوانەی کە تەقوای خوا دەکەن و زەکاتی ماڵەکانیان دەدەن و باوەڕیشیان بە ئایەت و فەرمانەکانمان هەیە، ئەوانەی کەوا شوێن ئەو پێغەمبەرە کەوتن کە نەیدەزانی بنوسێت و بخوێنێتەوە، وە لە لای ئەوانیش لە تەورات و ئینجیلدا باسی ئەو پێغەمبەرە کراوە، وە فەرمانیان پێ دەکات بە کاری چاکەو ڕێگریان دەکات لە ئەنجامدانی کاری چەوت و خراپ، وە چی پاکو خاوێنە بۆی حەڵاڵ کردوون و چی پیس و بێزراویشە لەسەری حەرام کردوون، بۆیە ئەوانەی کە ئیمانی پێ دەهێنن و بەگەورەی دەزانن و سەری دەخەن و شوێن ئەو قورئانە دەکەون کە بۆی دابەزاندووە، بەڕاستی ئائەوانە سەرفرازو سەربەرز دەبن).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ﴾[2]، واتە: (ئەی محمد بڵێ: کە بەڕاستی ئێوە خواتان خۆش دەوێت، ئەوا

---

(١) سورة الأعراف: (١٥٦ – ١٥٧).

(٢) سورة آل عمران: (٣١).

شوێنی من بکەون خوای گەورەش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهو تاوانەکانتان خۆش دەبێت).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَخۡشَ ٱللَّهَ وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ﴾[1]، واتە: (ئەوانەی کە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر دەکەن و لە خوای گەورەش دەترسن و تەقوای ئەو دەکەن، ئەوا بەڕاستی ئەوانە سەرفرازو بەختەوەرن).

وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (ثلاث من كن فيه وجد حلاوة الإيمان، أن يكون الله ورسوله أحب إليه مما سواهما، وأن يحب المرء لا يحبه إلاّ لله، وأن يكره أن يعود في الكفر بعد أن أنقذه الله منه كما يكره أن يقذف في النار)[2] ، واتە: (سێ سیفەت هەن هەر کەسێك تیایدا بن ئەوا لەزەت و شیرینی ئیمان دەچێژێت، خواو پێغەمبەری ﷺ لە هەموو شتێك لا خۆشەویستتر بێت، وە کە کەسێکیشی خۆش ویست ئەوا تەنها لەبەر خوا خۆشی بوێت، وە هەروەها پێی ناخۆش بێت کە بگەڕێتەوە سەر کوفرو بێ باوەڕی دوای ئەوەی کە خوای گەورە ڕزگاری کرد لێی هەروەك چۆن پێی ناخۆشە کە بخرێتە ناو ئاگرەوە).

وە هەر لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: (لايؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من والده و ولده والناس أجمعين)[3] ، واتە: (ئیمانی هیچ یەکێکتان تەواو نابێت تا ئەو کاتەی منی خۆشتر نەوێت لە دایك وباوك و منداڵ و هەموو خەڵکی).

کەواتە لێ خۆشبوون و تەواو بوونی ئیمان و کەوتنە بەر ڕەحمەتی خوای گەورە بەندە بە شوێن کەوتن و دەست گرتن بە سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ، نەك بەم شێوەیەی کە ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی ئەنجامی دەدەن، کە بریتیە لەوەی کەوا پێغەمبەر ﷺ

---

(١) سورة النور: (٥٢).

(٢) صحيح: رواه البخاري (١/٦٠)، ومسلم (٤٣).

(٣) صحيح: رواه البخاري (١/٥٨)، ومسلم (٤٤).

دەکەن بە هاوبەش و شەریك لەگەڵ خـوای گـەورەداو لادانـی زۆر جـۆری عیبـادەت لـە خوای گەورەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ.

لێرەوە دەتوانین تەوەسولی شەرعی بکەین بەچەند بەشێکەوە، ئەوانیش[1]:

أ. تەوەسول کردن بەو ئیمانەی کە ئیماندار هێناویەتی.

ب. تەوەسول کردن بە تەوحیدو تەنها پەرستنی خوای گەورە.

ت. تەوەسول کردن بە ناوو سیفەتە جوانەکانی خوای گەورە.

پ. تەوەسول کردن بە کردەوەی چاك.

ج. تەوەسـول کـردن بـە وازهێنـان لـە گونـاهو تـاوان وەك وازهێنـان لـە عـەرەق خواردنەوەو زیناو...هتد.

ح. تەوەسول کـردن بـە دوعـای خێری پێغەمبـەران و پیـاو چـاکان بـەڵام تـا ئـەو کاتەی کە لە ژیاندان.

**دووەم: تەوەسولی ناشەرعی (ڕێگە پێ نەدراو):**

هەروەك پێشتر باسمان کـرد کـە (وەسـیلە) بریتیـە لـە نزیـك بوونـەوەو طـاعـەت و عیبـادەت، وە هـەروەها پەیوەستیـشە بـە دڵـسۆزی و نیـەت پـاکی لـەو عیبـادەت و کردەوانەی کە دەکرێن بەوەی کە تەنها بۆ خوای گەورە بێـت و هـاوەڵی بـۆ دانـەنرێت، وە شوێن کەوتنیش بێت بۆ پێغەمبەر ﷺ لە هەموو ئەمرو نەهی و کردارەکانیدا.

ئا ئەمە ئەو (وەسیلە)یەیە کە خـوای گـەورە فـەرمانی پێکـردووەو کردویـەتی بـە شەریعەت بۆ بەندەکانی لەسەر زمانی پێغەمبەران سەلامی خوایان لـێ بێـت، هـەروەك خــوای گــەورە دەفــەرموێت: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰ أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾[2]، واتـــــە:

(١) بە کورت کراوەیی و کەمێك دەستکاریەوە وەرگیراوە لە (منهاج الفرقة الناجية والطائفة المنصورة)، نوسینی شیخ محمد بن جمیل زینو.

(٢) سورة الشورى: (١٣).

(خوای گەورە بۆی بە شەرع و دین داناون هەر ئەوەی کە بۆ نوحی نـاردووەو فـەرمانی پێکردووە، وە ئـەو دینـەی کـە بـۆ تۆمـان نـاردووە هـەر ئەوەیـە کـە ابـراهیم و موسـاو عیسای پێ ئامۆژگاری کراوەو داوایان لێ کراوە، ئەویش ئەوەیـە کـە دەسـت بگـرن بـە هەموو دینەکـەوەو فەرمانـەکانی جـێ بـەجێ بکـەن و دوور بکەونـەوە لـە نەهیـەکانی و ناکۆك و جیاواز نەبن تیایدا).

کەواتە هەر شتێك خوای گەورە بە شەرعی دانابێت ئەوە وەسیلەیە بـۆ نزیـك بوونـەوەو گەیشتن بە مەبەست، وە هەر شتێکیش خوای گەورە ڕێگەی پێ نەدابێت ئـەوا دروسـت نیە بکرێت بە وەسیلەو هۆکارێك بـۆ نزیـك بوونـەوە لـە خـوای پـەروەردگار، وە ئەگـەر گومانیش ببرێت کە ئەمە وەسیلەو هۆکارێکە بۆ نزیك بوونەوە لە پەروەردگار، ئـەوا بـە دڵنیاییەوە گومان هیچ ئیعتبارو بنچینەیەکی نیەو ﴿ وَإِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغۡنِي مِنَ ٱلۡحَقِّ شَيۡـًٔا ﴾.

لێرەوە هـەر کەسـێك بـە شـێوازێك عیبـادەت بکـات و خـوای گـەورەش بـە عیبـادەتی دانەنابێت و فەرمانی ئەوی لەسەر نەبێت، ئەوا بەڕاسـتی هەڵەیـەکی گـەورەی کـردووەو ڕێگا ڕاستەکەی لێ وون بووەو تووڕە بوون و سزای خوای گەورە چاوەڕێیەتی.

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴾[1]، واتـە: (بەڕاسـتی هـەر ئـەوە ڕێگـای ڕاستی منـەو شـوێنی بکـەون، وە شـوێن ڕێـچکەو کـوێرە ڕێگاکـان مەکەون، چونکە ئەم ڕێچکانە لە ڕێگا ڕاستەکە لاتان دەدن، وە هەر بەوەش ئامۆژگاری کراون بەڵکو لەو کەسانە بن کە تەقوای خوا دەکەن و لە خوا دەترسن).

وە هەروەها دەفـەرموێت: ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴾[2]، واتـە: (هـەر کەسـێك

---

(١) سورة الأنعام: (١٥٣).

(٢) سورة النساء: (١١٥).

پێـچەوانەو دژایـەتی پێغەمبـەر ﷺ بکـات لـەوەی کـە هێناویـەتی دوای ئـەوەی کـە ڕێنومایی و هیدایـەتی بـۆ ڕوون کرایـەوەو شـوێن ئـەو ڕێبـازە نەکـەوت کـە ئیمانـدارانی لەسەرن، ئەوا وازی لێ دەهێـنین بـۆ ئـەو شـتەی کـە خـۆی دوای کـەوتووەو پاشـانیش دەیخەینە دۆزەخەوە، کە ئەوەش خراپترین جێگاو شوێنە).

بەڕاسـتی هـەر ڕێگـای ڕاسـت ڕێگـای خـوای گەورەیـەو هـەر ئـەویش ڕێگـای ڕاسـتی ئیماندارانە، وە هـەر ئـەوەیش ئـەو وەسیلەیەیە کـە خـوای گـەورە ڕەزامەنـدی لەسـەر دەربڕیوەو بە شەریعەتی دانـاوە بـۆ بەنـدەکانی، وە غـەیری ئـەو ڕێگـا ڕاسـتە ڕێـچکەو کوێرە ڕێگای سەر لێ شێواوو گومڕاکانە.

وە بەڵگـەش لەسـەر حـەرام بـوون و ڕێگـە پـێ نـەدانی تەوەسـول کـردن بـە بیدعـەو عیبادەت و کردەوەی داهێنراو زۆرن، لەوانەش:

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ وَلَوْلَا كَلِمَةُ ٱلْفَصْلِ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾[1]،

واتـە: (ئایا ئەو هاوبەش دانەرانـە هـیچ هـاوەڵ و هاوبەشـێکیان هەیـە کـە ئـەو شـیرك و بیدعەیەیان هێناوەتە ئاراوەو خوای گەورەش ئیزنی پێ نەداون؟ وە ئەگـەر ئـەو بەڵێنـە نەبوایە کە خوای گەورە داویـەتی بـەوەی کـە سـزایان دوا بخـات ئـەوا هـەر لـە دونیـادا خـوای گـەورە سـزای دەدان، وە بەڕاسـتی عـەزاب و سـزایەکی زۆر تونـدو بـە ئـازار چاوەڕێی زاڵم و ستەم کارەکان دەکات).

وە هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ وَجَعَلْنَا فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ٱبْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَٰهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ رِضْوَٰنِ ٱللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا ﴾[2]، واتـە: (پاشـان بـە

(١) سورة الشورى: (٢١).

(٢) سورة الحديد: (٢٧).

دوای ئەو پێغەمبەرانەدا چەندان پێغەمبەری ترمان ناردووە وەك عیسای كوڕی مەریەم كە ئینجیلمان بۆ ناردووە وە ڕەحمەت و بەزەییمان خستە ناو دڵی شوێن كەوتوانیەوە، وە كۆمەڵێك لە شوێن كەوتوانی وازیان لەناو خەڵكی هێناو لێیان دوور كەوتنەوە، وە ئێمە ئەوەمان لەسەر پێویست نەكردبوون بەڵكو خۆیان دایانهێنابوو بە مەبەستی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە، بەڵام كەمێكیان نەبن بە چاكی ئەنجامیان نەدا).

وە هەروەها پێغەمبەریش ﷺ لە كاتی وتارو ئامۆژگاریەكانی دەیفەرموو: (أما بعد: فإن خير الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمد، وشر الأمور محدثاتها، وكل بدعة ضلالة)[1] ، واتە: (پاش ئەمە: بەڕاستی باشترین وتە كتێبی خوای گەورەیە، وە باشترین هیدایەت و ڕێنومایی هیدایەت و ڕێنومایی محمدە ﷺ، وە خراپترین كار شتی تازە داهێنراوە[2]، وە هەموو داهێنراوێكیش گومڕاییە).

وە هەروەها فەرمویەتی: (وإياكم ومحدثات الأمور، فإن كل بدعة ضلالة)[3] ، واتە: (وریابن لە هەموو ئەو شتانەی كە تازەو داهێنراون، چونكە بەڕاستی هەموو داهێنراوێك گومڕاییە).

وە هەروەها فەرمویەتی: (من أحدث في امرنا هذا ما ليس منه فهو رد)، وفي لفظ مسلم: (من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد)[4] ، واتە: (هەر كەسێك شتێك لەو دینەی

---

(١) صحيح: رواه مسلم (٨٦٧).

(٢) مەبەست لە شتی تازە داهێنراو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە كە بە ناوی عیبادەتەوە دەكرێن و خراونەتە ناو دینەوە، بەڵام لە بنچینەشدا كەمو زۆر هیچ پەیوەندیەكیان بە دینەوە نیەو لە دیندا نین. وە هەموو ئەو شتە داهێنراوانەی تر كە پەیوەندیان بە ژیانی دونیاو كاروباری بەڕێوەبردنەوە هەیە ناگرێتەوە، وەك: ڕێنومایییەكانی هاتوچۆو پێشكەوتنی تەكنەلۆژیاو دروست كردنی كۆمپیوتەرو هۆكارەكانی گەیاندن....هتد.

(٣) صحيح: رواه أبو داود (٤٦٠٧)، والترمذي (٢٦٧٨)، وصححه إمامنا الألباني (رحمه الله) في (صحيح الترغيب والترهيب) (٣٧).

(٤) صحيح: رواه البخاري (٣٠١/٥)، ومسلم (١٧١٨).

ئێمەدا دابهێنێت و تیایدا نـەبێت، ئـەوا ڕەت دەکرێتـەوە)، وە لـە ڕیوایەتی (مـسلم) دا (هــەر کەسـێك کردەوەیــەك بکــات و فــەرمانی ئێمــەی لەســەر نــەبێت، ئــەوا ڕەت دەکرێتەوە).

ئیمـامی نـەوەوی ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت دەڵێـت: (الـرد: لێرەدا بـە مانـای ڕەت دەکرێتەوە، یان بە مانای: ئەوە باطل و بێ بنەمایەو پشتی پـێ نابەسترێت، وە ئـەم فەرمودەیە بنـچینەیەکی گەورەیـە لـە بنـچینەکانی ئیـسلام و لـە ووتـە کـۆکراوەو پـڕ ماناکانی پێغەمبەرە ﷺ، وە بەڕاستی بەو پەڕی ڕاشکاوانە هەموو بیدعـەو داهێنراوێـك ڕەت دەکاتەوە)[1].

وە هـەروەها ئیمـامی ابـن حجـر ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت دەڵێـت: (ئـەم فەرمودەیـە بەبنـچینەیەکی گرنگ دەژمێردرێـت لـە بنـچینەکانی ئیـسلام)، تـا دەڵێـت: (وە هـەموو داهێنراوێـك ڕەت دەکاتــەوەو نـەهیش لـە فەسـاد دەکـات، چـونکە شـتی نـەهی لێکـراو هیچیان فەرمانی دینیان لەسەر نیە)[2].

وە بەڵگەش لەسەر دوورکەوتنەوە لـە بیدعـەو شـتی داهێنـراو لـە قورئـان و سـوننەت و کۆڕای زانایان و پێشەوایان زۆرن و زیاترن لەوەی کە بژمێردرێن، وە بە ووردبونـەوەش لە هەموو ئەو بەڵگانەی کە ووریایی دەدەن دەربارەی بیدعـە، دوو خاڵی زۆر گرنگمـان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

**یەکەم:** بەتاڵی تەوەسولی داهێنراوو ناشەرعی و خراپیەکەی، وە ئـەوەش کـە ڕەت دەکرێتەوە بەسەر خاوەنەکەیدا، وە لەسەریشی توشی حەسرەت و پەشـیمانی و ڕەنـج خەسـاری دەبێـت، وە خـوای گـەورەش دەفــەرموێت: ﴿ وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُوا۟ مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَٰهُ هَبَآءً مَّنثُورًا ﴾[3]، واتە: (وە کردەوەی چاکی بێ باوەڕەکان دەکەین بە تـەپ و تۆزوو غوبارێکی بە هەدەر ڕۆیشتوو وە لە دوا ڕۆژدا هیچ سودێکی لێ نابینن).

(١) شرح مسلم (١٦/١٢).
(٢) الفتح (٣٠٣/٥).
(٣) سورة الفرقان: (٢٣).

**دووەم:** وە ئـەو کەسـەش کـە تەوەسـول بـە شـتی داهێنـراوو ناشـەرعی دەکـات هەڕەشەی لێ کراوە بە سزادان لـە دواڕۆژدا، وە لەگـەڵ ئـەو دڵ ڕەشـی و دڵ تونـدی و ناڕەحەتیەی کە لە دونیادا توشی دەبێت، وە هەر ئەمەش بەس نیـە کـە کردەوەکـانی ڕەت بکرێنەوەو پاداشـتی لەسـەر دەسـت نەکـەوێت و ماندوبونەکـەی بـە فـیڕۆ بـچێت، بەڵکو تورەیی و سزای خوای گەورە لەسەری زیاد دەکات و بەردەوام دەبێت لەسەری.

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُم بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا ﴾[١]، واتە: (ئەی محمد بەخەڵکی بڵێ: ئایا هـەواڵتان بـدەمێ دەربـارەی ئەوانـەی کـە لـە هـەموو خـەڵکی زیـاتر زەرەرمەنـدن؟ ئەوانـەن کـە کردەوەیان کردووە لە ژیانی دونیایاندا بەڵام هەمووی بەتاڵەو لێیان قەبوڵ نـەبووە، وە واشیان زانیوە کە ئەوان کارو کردەوەی زۆر چاکیان ئەنجام داوە).

وە دەتـوانین تـەوەسـولی ناشـەرعی و ڕێگـە پـێ نـەدراویش دابـەش بکـەین بـە چـەند بەشێکەوە، ئەوانیش[٢] :

أ. تەوەسول کردن بە مردوان و داوای کۆمەکی کردن و پێداویستیەکان لێیان، وەك لە ڕوژگاری ئەمڕۆدا بە چاوی خۆمان زۆری لێ دەبینین.

ب. تەوەسول کردن بـە جـاهو پایـەی پێغەمبـەر ﷺ، وەك ئـەوەی یـەکێك بڵێـت: (خوایە گیان بۆ خاتری جـاهی پێغەمبـەر ﷺ شـیفام بـدە)، ئـەوە بیدعەیـەو هـاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت نەیانکردووە.

ج. تەوەسول کردن بە دوعای پێغەمبەر ﷺ لە دوای مردنـی، وەك ئـەوەی یـەکێك بڵێت: (ئەی پێغەمبەر ﷺ دوعام بۆ بکەو بۆم بپاڕێرەوە).

---

(١) سورة الكهف: (١٠٣-١٠٤).

(٢) بە کورت کراوەیی و کەمێك دەستکاریەوە وەرگیراوە لە (منهاج الفرقة الناجية والطائفة المنصورة)، نوسـینی شـیخ محمد بن جميل زينو.

# بەشی چوارەم:

# شوبهەکانی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی لە تەوەسولی ڕێگە پێ نەدراوو ناشەرعیدا

ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی بۆ سەلماندنی بیرو بۆچونە پوچەڵ و ناشەرعیەکانیان و ئەم جۆری تەوەسولە داهێنراوو ناشەرعیەدا پشت بە کۆمەڵێك بەڵگە -بە گومانی خۆیان- دەبەستن، وە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بەم شوبهانەیان بدەم و ووتەی زانایان و پێشەوایان دەربارەیان بهێنمەوە، چونکە شوبهەکانیان یان صەحیحن بەڵام ئەوان لێکدانەوەی هەڵەی بۆ دەکەن، وە یان هەر لە بنچینەدا ضەعیفن و پشتیان پێ نابەسترێت، وە بە کورتی شوبهەکانیشیان ئەمانەن:

**شوبهەی یەکەم:**

ئەم پیاوە دەربارەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ ﴾[1]، دەڵێت: (دەست گرتن بە وەسیلەوە بۆلای خوای پەروەردگار هەموو ئەو وەسیلانە دەگرێتەوە کە هۆکاری نزیك بوونەوەن لێی، جا جیاوازی نیە لە نێوان ئەوەی کە ئەم وەسیلانە کردەوە بن، یان ئەو کەسانە بن کە خاوەن پلەو جاهن لای خوای گەورە)[2].

**وەڵام:**

پێشتر ماناو تەفسیری ئەم ئایەتەمان باس کرد، وە بۆمان ڕوون بۆوە کە (وەسیلە) بریتیە لە نزیك بوونەوە لە خوای گەورە بە عیبادەت و طاعەت کردن، وە زانایانی تەفسیرو زمانەوانیش لەسەر ئەوە کۆك و هاوڕان، وە هیچ یەکێکیش لەمانە نەی ووتوە کە تەوەسول بە کەسانی خاوەن جاهو پلەو پایەش دەگرێتەوە.

وە ئەم پیاوەو هاوشێوەکانیشی وا گومان دەبەن کە تەوەسول کردن بە کەسانی خاوەن پلەو پایەو جاهەوە، دوو مانا دەگرێتە خۆی:

(١) سورة المائدة: (٣٥).

(٢) شفاء الفؤاد (ص١٥٦).

**یەكەم**: دەیان كەن بە ناوەندو واسیتەیەك و لێیان دەپاڕێنەوەو هاواریان دەكەنێ و ئومێدیان پێیان هەیەو داوای بە فریا كەوتنیان لێ دەكەن جگە لە خوای گەورە، ئەمەش بۆ ئەوەی لە خوای گەورە نزیكیان بكەنەوە، كە ئەمەش كرۆك و ناوەڕۆكی شیرك و هاوبەش دانانە بۆ خوای گەورە، وە دینی موشریك و هاوبەش دانەرە كۆنەكانە، هەروەك پێشتر ڕوونمان كردۆتەوە.

**دووەم**: وە مانای دووەمی لای ئەم پیاوەو هاوشێوەكانی ئەوەیە كە دەڵێن: ئێمە داوا لە خوای گەورە دەكەین بەڵام بە جاهو مەنزیلەت و پلەو پایەی ئەوان لای خوای گەورە، هەروەك چۆن لە دوعاكانیاندا دەڵێن: (اللهم إني أسألك بحق فلان وجاهه عندك أن تغفر لي)، كە ئەم وتەیەش بیدعەیە، بەڵام ئەوان وا گومان دەبەن كە ئەمە بەڵگەی لەسەرە، وە دواتر ئەم شوبهەیەشیان هەڵدەوەشێنینەوەو ڕەددی دەدەینەوە بە پشتیوانی خوای گەورە.

**شوبهەی دووەم:**

شوبهەیەكی تریان ئەوەیە كە دەڵێن: (عومەری كوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێ بێت كاتێك كە باران نەدەباری داوای لە (عەباسی كوڕی عبدالمطلب) كرد كە دەكاتە مامی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی دوعای باران بارین بكات و پێی وت: (خوایە گیان ئێمە تەوەسولمان بە پێغەمبەر ﷺ كردو بارانت بۆ باراندین، وە ئێستاش تەوەسول بە مامی پێغەمبەر ﷺ دەكەین و بارانمان بۆ ببارێنە)[1].

**وەڵام:**

ئەم ئەثەرە ئەوە ناگەیەنێت وەك ئەم پیاوەو هاوشێوەكانی لێی تێگەیشتوون و وا گومان دەبەن كە تەوەسول كردن دروستە بە جاهو پلەو پایەی كەسانێك كە خاوەنی ئەو جاهو پلەو پایەیە بن، بەڵكو هەروەك پێشتر ڕوونمان كردەوە ئەمە پێچەوانەی قسەكەی ئەوانە، چونكە ئەگەر قسەكەی ئەوان وابێت و دروست بوایە ئەوا هاوەڵان

(١) صحيح: رواه البخاري (٢/٤٩٤).

ڕەزای خوایان لێ بێت نەدەچوون بۆ لای کەسێکی ترو هـەر تەوەسولیان بـە پێغەمبـەر ﷺ دەکـرد لـە دوای مردنیشی، چـونکە جـاهو پلـەو پایـەی پێغەمبـەر ﷺ لـە دوای مردنیشی هەروەك خۆی ماوەتەوە لای خوای پەروەردگارو کەم نەبۆتەوە.

وە کە خەلیفە (عمر)یش ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: (إنا كنا نتوسل بنبينـا) واتـە: بـە دوعای پێغەمبەر ﷺ، هەروەك بەڵگەکانی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە پێشتر باسکراون، کە ئەمەش بە مردنی پێغەمبەر ﷺ کۆتایی هات، بۆیە (عمر) ڕەزای خوای لێ بێت بە (عباس)ی وت ڕەزای خوای لێ بێت.

وە هەورەها کە دەڵێـت: (إنا نتوسل اليك بعم نبينا)، واتـە: بـە دوعـای مـامی پێغەمبـەر ﷺ، هەروەك زۆر بە ڕوونی لە بەڵگەکانی تـردا دەردەکـەوێت، پاشـان (عبـاس) ڕەزای خوای لێ بێت دەپاڕێتەوەو دەڵێت: (اللهم إنه لم ينزل بلاء إلاّ بذنب...)الخ.

وە هەر بەم شێوەیەی کە هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێـت لەسـەردەمی (عمـر)دا ڕەزای خوای لێ بێت کردیان، موسڵمانان لەسەردەمی (معاويه)دا ئاوایان کـردو چـوون بـۆ لای (يزيد بن الأسود الجرشي)و پێیان ووت: ئـەی یزیـد دەسـت بـەرز بکـەوە بـۆ لای خـوای گەورە، ئەویش دەستی بەرز کردەوەو دوعای کرد، خوای گەورە بارانی بۆ باراندن.

هـەموو ئـەو بەڵگانـەو بـە لـێ ووردبونـەوە لێیـان، بۆمـان دەردەکـەوێت و ڕوون دەبێتەوە کە تەوەسولیان کردووە بە دوعای ئـەوان نـەك بـە کەسـایەتی و جـاهو پلـەو پایەیان لای خوای گەورە، وەك ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی تەحریفی دەکەن و بـە هەڵـە لێکی دەدەنەوەو خۆیان و خەڵکیشی پێ گومڕا دەکەن.

**شوبهەی سێیەم:**

شوبهەیەکی تریان ئەوەیە کە دەڵێن: گوایە ئادەم سەلامی خوای لێ بێت تەوەسولی بـە حەقی پێغەمبەر ﷺ کردووە، ئەویش لەو بەناو فەرمودەیەی کە گوایـە پێغەمبـەر ﷺ فەرمویەتی: (لما اقترف آدم الخطيئة قال: يا رب أسألك بحق محمد لمـا غفـرت لـي، فقـال

الله: يا آدم كيف عرفت محمداً ولم أخلقه؟...)[1]، واتە: (کاتێك ئادەم توشی هەڵەکە بوو وتی: ئەی خوایە گیان بە حەقی محمد داوات لێ دەکەم کە لێم خۆش بیت، خوای گەورەش فەرموی: ئەی ئادەم چۆن محمدت ناسی لە کاتێکدا دروستم نەکردووە؟....).

ئەم پیاوە (وە هاوشێوەکانیشی هەمان گومان و بۆچونیان هەیە) دەڵێت: (لەم فەرمودەیەدا دەردەکەوێت کە تەوەسول بە پێغەمبەر ﷺ کراوە پێش ئەوەی جیهانیش بە لە دایك بوونی ئەو شاد بێت......)، تا ئەو شوێنەی کە دەڵێت: (وە لەوەوە ئەوە فێر دەبین کە ئەوانەی دەڵێن تەوەسول دروست نیە بە هیچ کەسێك تەنها لە کاتی ژیانیدا نەبێت، ئەوە قسەی کەسانێکە کە شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتون و نەك ڕێنومایيەکانی خوای گەورە)[2].

**وەڵام:**

ئەوەی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی دەیکەن بە بەڵگە فەرمودەیەکی باطل و مەوضوعە، وە ئەم قسەیەش کە دەیکات و دەڵێت: (ئەوانە شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتوون)، ئەوە بەڕاستی خۆی و هاوشێوەکانی شایانترن کە ئەمەیان پێ بوترێت و وەصف بکرێن بەوەی کەوا شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان و بگرە شوێن ڕێبازی شەیتان کەوتوون!!! هەروەك دواتر ڕوونی دەکەینەوە إنشاءالله.

وە هەروەها ئەوەش کە ئەم بەناو فەرمودەیە بەتاڵ دەکاتەوەو ڕەتی دەکاتەوەو بەڵگەیە لەسەری، ئەوەیە کە خوای گەورە لە زۆر شوێنی قورئانی پیرۆزدا باسی هەڵەکەی ئادەم سەلامی خوای لێ بێت دەکات و لە هیچ شوێنێکیش باسی ئەوە ناکات کە تەوەسولی بە غەیری خوای پەروەردگار کردبێت.

---

(١) ضعيف (موضوع): أخرجه الحاكم في (المستدرك) (٢/٦١٥)، وە هەروەها ئیمامی ذەهەبی و عەسقەلانی حوکمی بەتاڵیان داوە بەسەریدا. انظر سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة رقم (٢٥).

(٢) شفاء الفؤاد (ص١٥٨-١٥٩).

وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٖ فَتَابَ عَلَيۡهِۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾[1]، واتە: (ئادەم بە چەند کەلیمەو وشەیەك لە خوای گەورە پاڕایەوەو ئەویش تەوبەکەی لێ قـەبوڵ کرد، بەڕاستی خـوای گـەورە زۆر بـە بەزەییـەو تەوبـە قـەبوڵ دەکات).

وە ئەم وشانەش کە بەکاری هێناون لە بەرامبەر خوای گەورەدا بۆ ئەوەی لێی خۆش بێت، ئەوەیە کە خوای گەورە لـە ئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێت: ﴿قَالَا رَبَّنَا ظَلَمۡنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمۡ تَغۡفِرۡ لَنَا وَتَرۡحَمۡنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾[2]، واتـە: (وتیـان: پـەروەردگارا ئێمـە زوڵممان لە نەفسی خۆمان کردووەو ئەگەر تۆ لێمان خـۆش نـەبیت و بەزەییت پێمانـدا نەیاتەوە، ئەوا ئێمە لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندان دەبین).

کـەوابوو بـەم بەڵگانـە دەرکـەوت کـە ئـادەم سـەلامی خـوای لـێ بێـت تەوەسـولی بـە گـەورەترینی ئـەو شـتانە کـرد کـە تەوەسـولی پـێ دەکرێـت کـە ئـەویش نـاوی خـوای پـەروەردگارە، وە وتـی (رَبَّنَا) لەگـەڵ دان نـان بـە تـاوان و بـێ دەسـەڵاتی خـۆی بـۆ ڕەحمەت و سۆزو لێ خۆش بوونی پەروەردگاری، کە ئەمەش تەوەسولی پێغەمبـەران و پیاو چاکانە، کە قورئـان و سوننەت و هـەموو بەڵگـەکان بەڵگەنـە لەسـەری، نـەك بـەم شێوەیەی کە ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی لێی تێگەیشتوون و باسی دەکەن.

**شوبهەی چوارەم:**

ئەم شوبهەیەشیان بریتیە لەو ئەثەرەی کە گوایە (ابن عبـاس) ڕەزای خـوای لـێ بێـت دەیگێڕێتەوەو دەڵێت: (جولەکـەکانی خەیبـەر شـەڕیان دەکـرد لەگـەڵ (غطفـان)، هـەر کاتێك ڕوو بەڕووی یەکتر دەبونـەوە جولەکـەکانی خەیبـەر شکستیان دەهێنـا، پاشـان جولەکەکان داوای پەنا گرتنیان دەکرد بەم دوعایە: (اللهم إنا نسألك بحـق محمـد النبـی

(١) سورة البقرة: (٣٧).

(٢) سورة الأعراف: (٢٣).

الأمي الذي وعدتنا أن تخرجه لنا في آخر الزمان إلاّ نصرتنا عليهم)، پاشان دەڵێت: ئنجا هەر كە بەیەك دەگەیشتن بە هۆی ئەم دوعایەوە سەردەكەوتن بە سەریانداو شكستیان پێ دەهێنان، كاتێكیش خوای گەورە پێغەمبەری ﷺ بۆ ناردن كافر بوون پێ و بڕوایان پێ نەهێنا، خوای گەورەش ئەمەی دابەزاند: (وقد كانوا يستفتحون بك يا محمد على الكافرين)[1].

**وەڵام:**

گومانی تیادا نیە كە ئەم ئەثەرەش[2] مەوضوعەو بە هیچ شێوەیەك پشتی پێ نابەسترێت و ناكۆكە لەگەڵ بەڵگە ڕاستەكانی تردا كە هەموویان پێچەوانەی ئەون، بەڵام ئەوەی جێگای سەر سوڕمان و لێ وورد بونەوەیە ئەوەیە كە كەسێك خۆی بە عالم و زانا بزانێت و كەچی شتێكی ئاوا بكات بە بەڵگە بۆ كارەكانی!!! وە ئەگەر صەحیح و ڕاستیش بوایە خۆ ئەوە تەنها كارو كردەوەی جولەكەكانە، كەواتە چ كاتێك بووە كارو كردەوەی جولەكەكان بوبێت بە بەڵگە لەناو دیندا؟

جگە لەمانەش چەندین شوبهەو گومانی تریشیان هەنە كە دەیانكەن بە بەڵگەو پاساو هێنانەوە بۆ كارە بەدو ناشەرعیەكانیان، بەڵام لەبەر درێژبونەوەی بابەتەكە هەر بەو شوبهانە واز دەهێنین، وە هەر كەسێكیش دەیەوێت هەموو شوبهەكانیان ببینێت و شارەزایان بێت، ئەوا دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر كتێبی (التوسل أنواعه وأحكامه) لە نوسینی زانای فەرمودەناس و پایە بەرز شێخ محمد ناصرالدين الألباني ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

---

(١) شفاء الفؤاد (ص١٥٩).

(٢) ضعيف (موضوع): رواه الحاكم في المستدرك (٢٦٣/٢)، من طريق عبدالملك بن هارون بن عنترة عن أبيه عن جده عن سعيد بن جبير عن ابن عباس. قال الحاكم: (أدت الضرورة إلى إخراجه في التفسير، وهو غريب من حديثه، وتعقبه الذهبي فقال: (لا ضرورة في ذلك، فعبد الملك متروك هالك). وعبد الملك بن هارون، كذبه ابن معين والسعدي وابن حبان وضعفه غيرهم، وقال الحاكم عنه: (ذاهب الحديث جداً، روى عن أبيه أحاديث موضوعة). (أنظر الميزان (٦٦٦/٢)، واللسان (٧١/٤)، والمجروحين (١٣٣/٢).

# بەندی هەشتەم

## شەفاعەت

بەشی یەکەم

شەفاعەت لە دیدی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی

بەشی دووەم

شەفاعەت لای ئوممەتانی پێشوو

بەشی سێیەم

مەرجەکانی شەفاعەت کردن

بەشی چوارەم

جۆرەکانی شەفاعەت

# بەشی یەکەم:

# شەفاعەت لە دیدی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی

یەکێ لەم شوبهانەی کە ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش کە باسی دەکەن و بە هەڵە خەڵکی لێ تێ دەگەیەنن" بریتیە لە بابەتی شەفاعەت، ئەویش بەوەی کە هەندێ لەو بەڵگانەی کە باس لە جێگیر بوونی شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ دەکەن کە حەق و ڕاستن و گومانیان تیادا نیە، بەڵام ئەوان دێن ماناکەی دەگۆڕن و لە مەبەستە ڕاستەقینەکەی خۆی لای دەدەن و بە هەمان شێوەی ئەو موشریکە گومڕایانە لێکی دەدەنەوەو تەفسیری دەکەن کە داوای شەفاعەتیان لە غەیری خوای گەورە دەکردو هاوارو دوعاو پاڕانەوەو ئومێدو هیوایان بە غەیری خوای گەورە هەبوو، وە داوای بە هاناوە هاتن و فریاکەوتن و کۆمەکیان لێ دەکردن.

وە ئەم پیاوەش لە کتێبەکەیدا ناونیشانێکی هێناوە بە ناوی: (زیارة النبوية)، کە دەڵێت: (هاتووم بۆ لات و زیارەت کردنت و پەنات پێ دەگرم و هاتووم لە گوناهەکانم خۆش بیت، وە داوات لێ دەکەم گە شەفاعەتم بۆ بکەیت لە لای پەروەردگارم، وە تۆ شەفاعەتکاری تاوانبارانی و شەفاعەتی تۆ قەبوڵە لە لای پەروەردگاری جیهانیان، وە ئەوەتا من دان دەنێم بە تاوان و گوناهەکانم و تۆ دەکەم بە وەسیلە بۆ لای خوای گەورە، وە تۆش دەکەم بە شەفاعەتکار لای ئەو...... دەسا شەفاعەتم بۆ بکە ئەی نێردراوی پەروەردگاری جیهانیان و شەفاعەتکاری تاوانباران، وە ئەوەتا من لە خزمەتی تۆدام و لەبەر دەرگای تۆدام.....)، پاشان هۆنراوەیەك دەنوسێت و دەڵێت:

أنت الشفيع وآمالي معلقة — وقد رجوتك يا ذا الفضل تشفع لي
هذا نزيلك اضحى لا ملاذ له — إلاّ جنابك يا سؤلي ويا أملي
ضعيف غريب قد أناح بكم — ومستجير بكم يا سادة العرب
يا مكرمي الضيف يا عون الزمان — ويا غوث الفقير ومرمى القصد والطلب
هذا مقام الذي ضاقت مذاهبه — وأنتم في الرجا من أعظم السبب[1]

---

(١) شفاء الفؤاد (ص١٠٩).

وە هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (ئێمە هاتوینەتە لات ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ سەردانت، هاتوین بۆ بە جێ گەیاندنی حەقی تۆو تەبەروك كردن بە سەردانی تۆ، وە داوای شەفاعەت دەكەین بە هۆی تۆوە لەو بارە گرانەی كە لە سەرمانەو لەو ستەمەی كە لە دڵەكانی خۆمانمان كردووە، وە هیچ شەفاعەتكارێكمان نیە جگە لە تۆ كە هیوامان پێی بێت، وە هیچ ئومێدێكیشمان نیە جگە لە دەرگای تۆ كە بمان گەیەنێت، وە ئێمان خۆشبەو شەفاعەتمان بۆ بكە لای پەروەردگارت)[1].

ئەمە ئەم شتە بێ بنەماو پڕ لە شیركەیە كە ئەم پیاوە باسیان دەكات و لە زۆر شوێنی تریش دووبارەیان دەكاتەوەو بابەتەكەی پێ درێژ دەكاتەوە، وە هاوشێوەكانیشی لێرەو لەوێ هەمان قەوانە سواوەكەی ئەو لێ دەدەنەوەو دوو پاتی دەكەنەوە، لە كاتێكدا ئەمە هەر ئەو شیركەیە كە موشریكە كۆنەكانی لەسەر بوون و جگە لە خوای گەورە چەندەها پەرستراوی تریان بۆ خۆیان دادەناو ناویان دەنان شەفاعەتكارو پیاو چاك و هاواریان دەكردنێ و تەوەسولیان پێ دەكردن و داوای شەفاعەتیان لێ دەكردن بۆ ئەوەی لە خوای گەورەیان نزیك بكەنەوە.

وە ئەمەش ئەم شەفاعەتە شیركیەیە كە قورئانی پیرۆز نەهی لێ دەكات كە میرات و جێماوی موشریكە كۆنەكانە لە هەموو سەردەمەكاندا، وە پێچەوانەی ئەم شەفاعەتەیە كە بە بەڵگەی قورئان و فەرمودە جێگیر بووەو سەلمێنراوەو دانی پیادانراوە، كە لە بەشەكانی داهاتودا بە پشتیوانی خوای گەورە باسی دەكەین.

---

(١) شفاء الفؤاد (ص١١٧).

# بەشی دووەم:

# شەفاعەت لای ئوممەتانی پێشوو

لـە بەشـەکانی پێـشوودا ئـەوەمان بـۆ ڕوون بـۆوە کـە موشـریکەکانی پێـشوو، وە ئەوانـەش کـە خـوای گـەورە پێغەمبـەری ﷺ بـۆ نـاردن، بڕوایـان وانـەبوو کـەوا ئـەو پەرستراوانەی ئەوان دەیانپەرستن دروستکارو ڕۆزی دەرو ژیێنەرو مرێنەرو بەڕێوەبەری کاروباری دونیابن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دڵنیا بوون و دانیـان دەنـا بـەوەی کـە هـەموو ئەمانە تایبەتمەندی خوای گەورەن بە تەنها، وە ئەمـەش قـسەیەك نیـە بـێ بەڵگـەو لـە خۆڕا بکرێت، بەڵکو چەندەها بەڵگە هەیە لەسەر ئەمەو لە زۆر شوێنی قورئانی پـیرۆزدا باس کراوە.

بۆ نمونـە خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴾[1]، واتـە: (بـەو موشـریك و هاوبـەش دانەرانـە بڵـێ: کـێ ڕزق و ڕۆزیتـان دەدات لـە ئاسمانـەکان و زەوی؟ وە کـێ بیـستن و بینـینی دروسـت کـردووەو خاوەنیـەتی؟ وە کـێ زینـدوو لـە مـردوو دەردەهێنێـت و مـردوو لـە زینـدوو دەردەهێنێت؟ وە کێ تەدبیری هەموو کاروبارەکان دەکات و بـەڕێوەیان دەبـات؟ ئـەوا لە وەڵامدا دەڵێن: (الله)، ئنجا پێیان بڵێ: ئەی کەوایە بۆ لـە خـوا ناترسـن و عیبـادەت تەنها بۆ ئەو ئەنجام نادەن؟).

بەڵام ئەمان پەرستراوەکانیان دەکردن بە شەفاعەتکارو تەوەسولیان پـێ دەکـردن بـۆلای پـەروەردگاری ئاسمانـەکان و زەوی، وەك خـوای گـەورە لـە زۆر شـوێندا باسـی ئەوەمان بۆ دەکـات و دەفـەرموێت: ﴿ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ ﴾[2]، واتە: (ئەوانەی کـە غـەیری خـوای گـەورەیان دەکـرد بـە شەفاعەتکار دەیان وت: خۆ ئێمە نایان پەرستین بەڵکو بۆ ئەوەیە کە لە خوامان نزیك بخەنەوە).

---

(١) سورة يونس: (٣١).

(٢) سورة الزمر: (٣).

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾[1]، واتە: (موشریکەکان جگە لە خوای گەورە عیبادەت بۆ شتێك دەکەن کە نە قازانجیان پێ دەگەیەنێت وە نە زەرەرو زیانیشیان لەسەر لادەبات، وە دەڵێن: ئەمانە شەفاعەتکارمانن لای خواو لە خوامان نزیك دەخەنەوە، وە ئایا ئێوە ڕێگا بۆ خوا دادەنێن و شتێکی فێر دەکەن کە خۆی نەیزانێت؟ بەڵکو خوای گەورە زاناو شارەزایە بە هەموو ئەو شتانەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدان، وە پاك و بێگەردی بۆ خوای گەورە لەوەی کە موشریك و هاوبەش دانەران دەیکەن و دەیڵێن).

ئەوەتا خوای گەورە نەهی لێ کردن کە غەیری خوای گەورە بکەن بە شەفاعەتکارو هاواریان بکەنێ و ئومێدو هیوایان پێیان بێت، چونکە ئەمە عیبادەت کردنە بۆ بت و پەرستراوەکانیان، وە خوای گەورەش بە هاوبەش دانان (الشرك) ناوی بردو فەرموی: ﴿ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾.

وە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، واتە: بە بێ ئیزن و فەرمان و ڕێگە پێدانی خوای گەورە، بۆیە نەهی لێ کردن کە بیان کەن بە شەفاعەتکار بەم شێوەیە، چونکە شەفاعەت بە هیچ شێوەیەك ناکرێت تەنها بە ڕەزامەندی و ئیزنی خوای گەورە نەبێت، کەواتە تەنها بەم شێوەیە شەفاعەت قەبوڵ دەبێت لای خوای گەورە.

وە هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ۚ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ ۞ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا ۖ لَّهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾[2]، واتە: (ئایا ئەو موشریکانە جگە لە

---

(١) سورة يونس: (١٨).

(٢) سورة الزمر: (٤٣- ٤٤).

خوای گـەورە ئەوانـەی کـە دەیـان پەرستن و دەیـان کـەن بـە شـەفاعەتکارو هاواریـان دەکەنێ تا پێی لە خوا نزیك ببنەوە؟ ئەی محمد ﷺ بەو موشریکانە بڵـێ: ئایا ئەوانـە بە شەفاعەتکاری خۆتان دەزانن لە کاتێکدا هیچیان بە دەست نیەو ئاگاشیان لـە هـاوار کردنـی ئێـوە نیـە، وە پێیـان بڵـێ: شـەفاعەت هـەمووی مـوڵکی خوایـەو هـەر خـۆی خاوەنیـەتی، وە هـەر ئـەویش خـاوەنی ڕاسـتەقینەی زەوی و ئاسمانەکانـە، وە لـە کۆتاییشدا گەڕانەوە هەر بۆ لای ئەوە).

وە خـوای گـەورە ئەمـە زیـاتر تەئکیـد دەکاتـەوەو دەفـەرموێت: ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا ﴾، واتە: تەنها خوای گەورە خاوەنی هەموو شەفاعەتێکە، نەك هـی ئەوانـە بێـت کە ئێوە هاواریان لـێ دەکـەن و لێیـان دەپاڕێنـەوە، وە هـیچ شتێکیـشیان بـۆ ناکرێـت ئەگەرچی ئەوانە خاوەن جاهو پلەو پایـەی بـەرزو نـزیکیش بـن لای خـوای گـەورە، وە ناتوانن شەفاعەت بکەن و سەربەخۆ نین تیایدا تـەنها دوای ڕەزامەنـدی و ئیزنـی خـوای گەورە نەبێت، وە هەروەها دەبێت ڕازیش بێت لەسەر ئەوەی کە ئـەم شـەفاعەتە بـۆ چ کەسێك دەکرێت.

پاشـان خـوای گـەورە ئەمـە زیـاتر تەئکیـد دەکاتـەوە، وەك دەفـەرموێت: ﴿لَّهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾، بەمەش هەموو ئەمانە بەتاڵ دەکاتەوە کە ئەوان لەسەری بوون لەوەی کـە ئـەوانیان کـردوون بـە شـەفاعەتکارو شـەفاعەتیان پـێ کردوون، چونکە مادام خوای گەورە خاوەنی هەموو شتێکەو شەفاعەتیش هـەمووی بـە دەستی ئەوە، کەواتە هەموو ئەمانە بەتاڵ دەبنەوە ئەگەرچی شەفاعەتکارو شـەفاعەت بۆ کراو هەر کەسێك بن و خاوەنی هەر جاهو پلەو پایەیەکی بەرزیش بن.

# بەشی سێیەم:

# مەرجەکانی شەفاعەت کردن

وەك پێشتر باسمـان كرد كـە شـەفاعەت كـردن هـەروا شـتێكی ئاسـان نیـەو هـەر كەسێك ڕاست بۆوە خۆی بكات بە شەفاعەتكار یـان داوای شـەفاعەت لـە كەسـێكی تـر بكات، بەڵكو بۆ قەبوڵ بوونی شـەفاعەت دەبێـت دوو مـەرجی سـەرەكی هـەبن تـا ئـەو شەفاعەت كردنە دابمەزرێت، ئەوانیش:

**یەكەم: ئەو كەسەی كە شەفاعەتەكە دەكات دەبێت خوای گەورە ئیزنی بدات:**

لە زۆر شوێنی قورئـانی پـیرۆزدا خـوای گـەورە باسـی شـەفاعەتی كـردووەو مـەرجێكی سەرەكیش كە لەگەڵیدا باسی كردووە بریتیە لەوەی كە پێویستە خـوای گـەورە ئیزنـی ئەو كەسە بدات كە شەفاعەت دەكات، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ إِذۡنِهِۦۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُوهُۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾[1] واتـــە: (هـــیچ كەسێك ناتوانێت شەفاعەت بكات تا ئـەو كاتـەی خـوای گـەورە ئیزنـی دەدات، وە هـەر ئەو پەروەردگارتانەو بە تەنهاش ئەو بپەرستن، ئەی كەوایە بۆ بیر ناكەنەوە؟).

وە هەروەها دەفـەرموێت: ﴿لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ﴾[2]، واتە: (هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدایە موڵكی خوای گەورەیـە، وە كـێ دەتوانێت شەفاعەت بكات لای خوای گەورە تا خـوای گـەورە ئیـزن و فـەرمانی لەسـەر نەدات؟).

ئەم ئایەتەش نەفی شەفاعەتی شیركی دەكات، ئەویش بەوەی كە كەسـانێك دەكـەن بـە شەفاعەتكار جگە لە خوای گەورە، وە هەروەها شەفاعەتی شەرعی و ڕێگـە پێـدراویش جێگیر دەكات و دەیسەلمێنێت كـە ڕێگـە پێدراوە بـۆ هـەر كەسێك كە خـوای گـەورە بیەوێت لە پێغەمبەران و پیاو چاكان.

---

(١) سورة يونس: (٣).

(٢) سورة البقرة: (٢٥٥).

﴿يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ وَهُم مِّنۡ خَشۡيَتِهِۦ مُشۡفِقُونَ﴾[1]، واتـــە: (وە موشـــریکەکان دەیان وت: خوا منداڵی هەیەو فریشتەکان کچی ئەون، پاکو بێگەردی بۆ خـوای گـەورە لەوەی کە ئەوان دەیڵێن، بەڵکو ئەو فریشتانە عەبدو بەندەی بـەڕێزی خـوای گـەورەن، وە پێش هیچ وتەیەکی خوای گەورە ناکەون و هـەموو ئـەمرو فەرمانـەکانی جـێ بـەجێ دەکەن، خوای گەورە زاناو بە ئاگایە بە هەموو کارە ڕابردوو داهاتووەکـانی بەنـدەکانی وە شەفاعەت ناکەن تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێت کە خوای گەورە لێی ڕازیە).

کەواتە پوختەی بابەتەکـە ئەوەیـە کـە بەڕاسـتی ئـەم شـەفاعەتەی کـەجێگیرەو خـوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی کردووە، وابەستەیە بە دوو مەرجەوە:

**یەکەم:** ئیزنی پەروەردگار بۆ ئەو کەسەی کە شەفاعەت دەکات.

**دووەم:** ڕازی بوونی خوای پەروەردگار بەو کەسەی کە شەفاعەتی بۆ دەکرێت.

وە گومانیشی تیادا نیە کەوا خوای گەورە ڕازی نابێت تەنها بۆ ئیمانـدارانی ڕاسـتەقینە نەبێت، وە ئیزن نادات کە شەفاعەت بۆ کافرو موشریك و مونافیقان بکرێت، ئەگەرچـی شەفاعەتکار خاوەن جاهو پلەو پایەی بەرز بێت و نزیکیش بێت لە خـوای گـەورە، وەك فریشتەو پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت.

---

(١) سورة الأنبياء: (٢٦ - ٢٨).

**دووەم: شەفاعەت ناکرێت بۆ هیچ کەسێك تا خوای گەورە پێی ڕازی نەبێت:**

وە مەرجێکی تر بۆ قەبوڵ بوونی شـەفاعەت جگـە لـەو مەرجـەی پێـشوو، ئەوەیـە کـە دەبێت خوای پەروەردگار ڕازی بێت کـە ئـەو شـەفاعەتە بـۆ چ کەسـێك دەکرێـت، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغْنِي شَفَٰعَتُهُمْ شَيْـًٔا إِلَّا مِنۢ بَعْدِ أَن يَأْذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرْضَىٰٓ ﴾[1]، واتـە: (چەندەها فریشتە لـە ئاسمانەکانـدا هـەن، وە ئەگەر شەفاعەت بۆ هەر کەسێك بکەن ئەوا شەفاعەتەکەیان هیچ سودێك ناگەیـەنێت تا ئەو کاتەی کە خوای گەورە ئیزنـی لەسـەر دەدات بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە ئـارەزووی لێیەتی و لێی ڕازیە).

خـوای گـەورە نـەفی شـەفاعەتی فریـشتە نزیکـەکانی کـرد تـا دوای ئیـزن پێـدانی بـە شەفاعەت کردن و ڕازی بوونیشی لەسەر ئەو کەسەی کـە شـەفاعەتی بـۆ دەکرێـت، وە دیسان لێرەشدا خوای گـەورە دوو مـەرجی بـاس کـرد کـە ئـەوانیش: ئیـزن دان و ڕازی بوونە.

(ابن الجوزي) دەڵێت: (ئەمە بە واتای ئەوەیە کە ئەوان شەفاعەت ناکەن تـەنها بـۆ ئـەو کەسە نەبێت کە خوای گەورە پێی ڕازییە)[2].

وە هـــەروەها دەفـــەرموێت: ﴿ يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَرَضِيَ لَهُۥ قَوْلًا ﴾[3]، واتە: (لەو ڕۆژەدا واتە لە قیامەتـدا هـیچ شـەفاعەتکارێك سودی نیـە تـەنها ئەوە نەبێت کە خوای گەورە ئیزنی دەدات و ڕازیە بە شەفاعەتەکەی).

وە هـەروەها دەفـەرموێت: ﴿ وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ۗ سُبْحَٰنَهُۥ ۚ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا

---

(١) سورة النجم: (٢٦).

(٢) زاد المسير (٨/٧٤).

(٣) سورة طه: (١٠٩).

# بەشی چوارەم:

## جۆرەکانی شەفاعەت[1]

---

(١) بە کورت کراوەیی و کەمێك دەسکاریەوە لە کتێبی (خواپەرستی نەك شەخس پەرستی) وەرگیراوە.

ئەگەر وردبینەوە لە ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان دەبینین دوو جۆر شـەفاعەت باسـکراوە لە قورئاندا:

**جۆری یەکەم: ئەو شەفاعەتەی کە داواکردنی شیرکە (الشفاعة الشركية):**

ئەم جۆریان ئەوەیە کە داوا بکرێت لە غەیری خواو هاوار بکرێتە پیاو چاکان و فریشتەو جنۆکەو قەبر، بۆ ئەوەی شەفاعەت بکەن لای خوا بۆ ئەو کەسەی کە هاوارکەرە، واتـە: بەبێ ئیزن و فەرمانی خوا واسیتەو شەفاعەتکار دابنرێت بـۆ ئـەوەی شـەفاعەت بکـەن لای خواو شەفاعەت دانەریش سەربڕین و ماڵ بەخشین و هاوار کردن و بە گەورە دانـان بکات بۆ ئەم شەفاعەتکارانە، وە دڵی ببەسـتێتەوە بـەوان و ئیعتقـادی پێیـان بێـت کـە سوودی بۆ دابـین بکـەن و زەرەری لەسـەر لابـدەن بـەهۆی شـەفاعەت کردنیانـەوە لای خوا، وە شەفیعەکانی خۆش بوێت لەگەڵ لێ ترسان و بە گـەورە دانانیـان و پـشت پـێ بەستنیان!!

وە ئەم جۆرەش خـوای گـەورە بـە شـیرکی دانـاوەو کـوفرەو دیـنی موشـریکەکانی کۆنەو لە جیاتی سود گەیاندن زەرەر دەگەیەنێت، وە لە جیاتی نزیك کردنەوە لـە خـوا دوورت دەخاتەوە لێی.

وە پەروەدگار لە چەندان ئایەتدا ئەم شەفاعەتە شیرکیەی باس کردووە، بۆ نمونە:

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُبْلِسُ ٱلْمُجْرِمُونَ وَلَمْ يَكُن لَّهُم مِّن شُرَكَآئِهِمْ شُفَعَـٰٓؤُا۟ وَكَانُوا۟ بِشُرَكَآئِهِمْ كَـٰفِرِينَ ﴾[1]، واتە: (لەو ڕۆژەدا کە کـاتی زیندوو بونەوەیە تاوانبارەکان بێ ئومێد دەبن لە ڕزگار بوونیـان لـە سـزا، وە سەرسـام دەمێنن و هیچ پەناو دەروازەیەکیان دەست ناکەوێت و بەڵگەیەکیان نامێنێت).

وە لەو ڕۆژەدا ئەو مەعبودانەی کە لـە دونیـا دەیـان پەرسـتن و هاواریـان دەکردنـێ و ئومێـدی شـەفاعەت کردنیـان پێیـان بـوو =بۆیـە جۆرەهـا پەرسـتنیان بـۆ دەکـردن و

---

(١) سورة الروم: (١٢- ١٣).

کردبویانن بە شەریك بۆ خوا لە پەرستن و پشت پێ بەستندا= لەو ڕۆژەدا شـەفاعەتیان بۆ ناکەن و نابن بە شەفاعەتکاریان بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبن بە دوژمنیان و بەڕائەتی خۆیـان دەردەبڕن لـەو هاوبـەش پەیداکەرانـەی کـە لـە دونیـادا هاواریـان دەکردنـێ و کردبویانن بە شـەفاعەتکارو شـەریکی خـوا" چونکە شـەفاعەت مـوڵکی خوایـەو نابێـت بکرێتە موڵکی غەیری ئەو.

وە کە هاوبەش پەیداکەران بێ ئومێد بوون لە مەعبودەکانیان و بینیان بەڕائـەتیان لـێ دەکەن، ئەو کاتە ئەوانیش بەڕائەت لە مەعبودەکانیان دەکەن و دەڵێن: ئێمە لـە دونیـا ئێوەمان دەپەرست و پـشتمان پـێ دەبەسـتن بـۆ ئـەمڕۆ، بـۆ ئـەوەی شـەفاعەتمان بـۆ بکەن، نەك بەڕائەتمان لێ بکەن!

وە هەروەها خـوای گـەورە لـە ئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَىٰ كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَاكُمْ وَرَاءَ ظُهُورِكُمْ ۖ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَاءَكُمُ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَاءُ ۚ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴾[1]، واتـە: (لـە ڕۆژی قیامەتدا پەروەردگار بە هاوبـەش پەیداکـەران دەڵێـت: سوێند بـەخوا، بێگومان ئێوە بە تـاك تـاك دەگەڕێنـەوە لای ئێمـە، هـەروەکو یەکـەمجار دروسـتمان کـردن، وە هەرچی پێمان بەخشیبوون و لە بەر دەستتان دابوو بەجێتان هێشت دوای خۆتـان، وە شەفاعەتکارەکانیش نابینین لەگەڵتاندا، ئەو فریشتەو جنۆکەو پێغەمبەرو پیاوچاکانەی کە ئیعتیقادتان پێیان بوو، وە وا گومانتان دەبرد کە تکاتان بۆ بکەن و فریاتان بکەون کاتێ لەگەڵ خوا هاوارتان دەکردنێ و کردبوتانن بە شەریکی خوا لـە ئیعتیمـاد خـستنە سەرو هانا بۆ بردن و داوا لێ کـردن! سـوێند بـە خـوا هەرچی پەیوەندیـەك هـەبوو لـە نێوانتاندا پچڕا، وە هەرچی ئومێدێکتان پێیان بوو وون بوو پێچەوانەش بۆوە).

(١) سورة الأنعام: (٩٤).

**جۆری دووەم: شەفاعەتی شەرعی:**

شەفاعەتی شەرعی ئەو جۆرە شەفاعەتەیە کە قورئان و حەدیس ئاماژەیان بە بوونی کردووە لە ڕۆژی قیامەتدا، وە مانای ئەم شەفاعەتەش ئەمەیە کە: (پەروەردگار خۆی ڕێزو چاکەو فەزڵ دەنوێنێ لەسەر ئەهلی ئیخلاس و تەنها خوا پەرستدا، بەوەی کە لێیان دەبورێت بە هۆی دوعاو تکای ئەو تکاکارەی کە خۆی ڕوخسەتی داوە تکا بکات بۆ ئەوەی ڕێز بنێت لە تکاکارو بیگەیەنێت بە پلەی سوپاس کراو بە هۆی تکا کردنەکەی)[1].

وە هەروەها شێخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي دەڵێت: (ئەو شەفاعەتەی کە هەیە ئەوەیە کە بە ڕوخسەتی خوا دەبێت، وە بریتیە لەو شەفاعەتەی کە تەنها بۆ ئەهلی ئیخلاس (تەنها خوا پەرستان) دەکرێت بە تایبەتی، وە ئەو شەفاعەت کردنەش هەمووی هەر لە خواوەیەو مەبەستیش لەو ڕوخسەت دانی تکا کردنە: ڕێز لێنان و ڕەحم کردنە بە تکاکار، نەك (ترسان لە تکاکار، یاخود ئیش پێ بوونی، یاخود ناچاری بێت. وە هەروەها ئەم ڕوخسەت دانی شەفاعەت کردنەش ڕەحمی خوایە بۆ شەفاعەت بۆ کراوو عەفو کردنیەتی، کەواتە پەروەردگار هەر تەنها خۆی سوپاس کراوە لەسەر ئەم ڕوخسەت دانی تکا کردنە، وە هەر خۆیشی ئیزنی پێغەمبەر ﷺ دەدات شەفاعەت بکات بۆ ئەوەی بگات بە پلەی بەرزی سوپاس کراو)[2].

ئەمەیە شەفاعەتی شەرعی و ڕێگە پێدراو، وە تەنها ئەو کەسانەش دەکەونە بەر ئەو شەفاعەتەو بەختەوەر دەبن پێی کە تەنها (الله) پەرستراوو خۆشەویستیان بووە، وە تەنها عیبادەتی ئەویان کردووە بە خالیسی، وە شەریکیان بۆ دانەناوەو لە غەیری ئەو هاواریان نەکردۆتە کەس بۆ شەفاعەت کردن، وەك لەم فەرمودەیەدا دەردەکەوێت:

(١) وتەی شیخ الإسلام ابن تیمیة، بڕوانە (مجموع الفتاوی).

(٢) القول السدید لمفسر العلامة عبدالرحمن بن ناصر السعدي (ص٦٣).

❁ أبو هريره دەگێڕێتەوەو دەڵێت: وتم ئەی پێغەمبەری ﷺ: (من أسعد الناس بشفاعتك؟)، واتە: کێ بەختەوەرترین کەس دەبێت بە شەفاعەتی تۆ؟ (قال: من قال: لا إله إلاّ الله خالصاً من قلبه)، واتە: ئەو کەسەی کە بڵێ: (لا إله إلاّ الله) واتە: هیچ پەرستراوێکی حەق نیە تەنها (الله) نەبێت وە بە خالیسی لە دڵەوە ئەم شاهیدی دانە دەربچێت.

کەواتە ئەگەر وتنی (لا إله إلاّ الله) لە دڵێکی بە ئیخلاس و تەنها ڕوو لە خواو ئیعتیقاد بە خوا بوو دەرنەچێت، بەختەوەر نابێت بە شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ.

وە هەر کەسێك شەریك بۆ خوا دابنێت و هاوار بکاتە غەیری خواو ئیعتیقادی بە غەیری خوا بێت، ئەوە بە هیچ شێوەیەك بەر شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ ناکەوێت، وەك لەم فەرمودەیەدا دەردەکەوێت:

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (لكل نبي دعوة مستجابة فتعجّل كل نبيّ دعوتَه، وإني اختبأتُ دعوتي شفاعة لأمتي فهي نائلة –إن شاءالله– من مات من أمتي لا يشرك بالله شيئاً)[1] ، واتە: بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوعایەکی گیرا (وەڵام دراوە) هەبووە، وە هەموو پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لێ بێت دوعای خۆیان کردو وەڵامیان وەرگرتەوە. بەڵام من دوعا گیرا بووەکەی خۆم هەڵگرتووە (شاردومەتەوە) بۆ تکا کردنی ڕۆژی قیامەت بۆ گەلەکەم، وە تکاکەم (شەفاعەتەکەم) –إن شاءالله– بە هەموو یەکێك دەگات کە مردبێت و هیچ شەریکی بۆ خوا پەیدا نەکردبێت واتە لەسەر شیرك نەمردبێت.

---

(١) صحيح: رواه مسلم

# کـۆتایـــی:

**خوێنەری گران و سەنگین:**

دوای ئەوەی گەیشتیت بە كۆتایی ئەم كتێبەو لە خوێندنەوەی بویتەوە، بینیت و بۆت دەركەوت كە ئەمە چەند قسەیەكی ئەم پیاوە (محمد العلوي المالكي) بوو كە تەنها لەم دوو كتێبەی وەرگیرابوون و بەس، كە پڕن لە كوفری ئاشكراو شیرك و دژایەتی كردنی بنچینەكانی ئیمان و پایەكانی ئیسلام، ئەی باشە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر كتێبەكانی تری و ئەو كتێبانەش كە هاوشێوەكانی و دەروێشەكانی ئەم پیاوە نوسویانن، دەبێت چەند زیاترو زۆرتر لەمە كوفرو گومڕاییان تیادابێت؟

وە گومانی تیادا نیە كە ئەوەی ئەم پیاوەو هاوشێوەكانی دەینوسن، هەمووی درێژ كراوەی ئەم بیرو باوەڕە بۆگەنەیە كە (حلاج و ابن الفارض و ابن عربي و تلمساني)و هاوشێوەی ئەوان هەیان بووە، كە بە شێوازێك قسە دەكەن بە هیچ شێوەیەك خەتەرەش ناكات بەسەر دڵی ئیمانداری ڕاستەقینەدا. وە هەموو ئەو شوبهانەش كە دەیان هێننەوەو بە گوێچكەی خەڵكیدا دەیچرپێنن، لە بەرامبەر بەڵگەی حەق و ڕاستدا لە تەونی جاڵجاڵۆكە سوكترو لاوازترن، وە لە بەرامبەریاندا خۆیان ناگرن و تەنها لە شێوەی سەرابێكدا دەردەكەون و بەس، ﴿ يَحْسَبُهُ ٱلظَّمْـَٔانُ مَآءً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَهُۥ لَمْ يَجِدْهُ شَيْـًٔا وَوَجَدَ ٱللَّهَ عِندَهُۥ فَوَفَّىٰهُ حِسَابَهُۥ ﴾[1].

وە بۆمان دەركەوت كە ئەم بەڵگانەی دەیانهێننەوە بۆ پشتگیری كردن و سەرخستنی بیرو بۆچونە گومڕاكانیان، یان بەڵگەیەكی صەریح و ڕاشكاوانەیە بەڵام صەحیح و ڕاست نیە، یان صەحیحە بەڵام بە ڕاشكاوی و صەریحی پشتگیری لە بیروبۆچونەكانیان ناكات، بەڵكو بەپێی ئارەزوو بەرژەوەندی خۆیان تەحریفی دەكەن و دەیگۆڕن، وە هەندێكیشیان نە صەحیحن و نە بەڵگەشن لەسەر كارەكانیان.

---

(١) سورة النور: (٣٩).

❁ بۆ نمونە ئەو بەڵگانەی کە دەیان هێننەوە بۆ خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ، هیچ ئاماژەیەکیان تیادا نەبوو بۆ دروست بوونی زیادەڕەوی کردن و تێپەڕاندن لە مەدح و باس کردنیدا، وە هەروەها ئایەتەکانیش کە بە گەورە دانان و خۆشویستنی پێغەمبەریان ﷺ بە واجب دادەنا، هیچ ماناو مەبەستێکیان تیادا نەبوو بۆ زیادەڕەوی کردن تیایدا، بەڵکو هەموو بەڵگەکان کۆك و هاوڕا بوون لەسەر نەهی کردن لەم زیادەڕەوی و تێپەڕاندنە، وە بە هەمان شێوەش ئیمانداران کۆك و هاوڕان لەسەر خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺو بەگەورە دانانی و زانینی ئەو پلەو پایەیەی کە شایان وشایستەی پێغەمبەرە ﷺو وە بە بنچینەیەکی ئیمانیشی دەزانن، وە هیچ ناکۆکیەکیش لە نێوانیاندا نیە لەسەر ئەمە، وە ئەوان لە پێشترو شایستەترن لە پڕوپاگەندەو قسە باق و بریقەدارەکانی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی کە بە گومانی خۆیان خۆشەویستی و بە گەورەدانانی پێغەمبەر ﷺ دەردەبڕن، وە بانگەوازی دەکەن بۆ زیادەڕەوی کردن لە کەسایەتی پێغەمبەری خۆشەویستماندا ﷺ، وە وەك باسیشمان کرد کە تاکە مەبەستیان لەم زیادەڕەوی کردنە تەنها بۆ ئەوەیە کە خەڵکی بە گەورەو پیرۆزیان دابنێن و بگەن بە جاهو پلەو پایەی بەرز تا بتوانن مەبەستە دونیاییەکانیانی پێ دابین بکەن.

❁وە ئەو بەڵگانەش کە باسیان کردن دەربارەی ئەوەی کە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت لەناو گۆڕەکانیاندا زیندوون، کە ئەمەش ئەو ژیانە نیە کە ئەوان گومانیان بۆ دەبردو دەیانکرد بە شوبهە لە ڕووی خەڵکدا، تا تەوەسولی پێ بکەن و داوای شەفاعەت و کۆمەك و بە فریا کەوتنی لێ بکەن جگە لە خوای گەورە، بەڵکو ئەم بەڵگانە بەڵگەنە لەسەر ژیانێك کە پەیوەندی بە بەرزەخەوە هەیەو خەڵکی سەر زەوی چۆنیەتی و حەقیقەتەکەی نازانن و لێیان نادیارە، وە ئەمەش نەفی مردن و بەردەوامیەکەی تا ڕۆژی قیامەت ناکات لەسەریان، وە بەڵگە شەرعی و عەقڵیەکانیش کۆك و هاوڕان لەسەر ئەمەو هیچ ناکۆکی و ڕاجیاییەك نیە لەسەری.

❀وە بۆمان دەرکەوت کە سەردانی گۆڕستانیش بریتی بوو لە سێ جۆر:

١. سەردان کردنێکی شەرعی: کە ئەویش بۆ سەلام کردن لە مردووان و دوعا کردن بۆیان و یادکردنەوەی دوا ڕۆژ کە زۆر فەرمودە هەنە ئاماژە بەو جۆرەیان دەکەن، وە سەردانی گۆڕی پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لیٚ بێت دەچێتە پاڵ ئەم بەشەیان، چونکە هەروەك زۆر لە زانایان دەفەرموون حوکمی سەردانی گۆڕی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت هەمان حوکمی سەردانی گۆڕستانی هەیە.

٢. سەردان کردنی بیدعەیی و داهێنراو: ئەوەیە کە مەبەست تیایدا دوعا کردن بێت لای ئەو گۆڕانەو بکرێت بە مزگەوت و سەفەر بکرێت بۆ سەردان کردنیان، وە زۆر شتی تری هاوشێوەی ئەمانەش کە زۆرێك لە خەڵکی ئەنجامی دەدەن، وە هەموو ئەمانەش نەهی لێ کراون" چونکە سەر دەکێشن بۆ شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانان.

٣. جۆری سێیەمیان زۆر لەوانی تر ترسناکترو گەورەترە، چونکە مەبەست لەم سەردان کردنەدا بریتیە لە پاڕانەوە لە مردوان و داوا کردنی شەفاعەت و بە فریا کەوتن و لێ خۆش بوون لێیان و زۆر شتی تریش، کە ئەمەش شیرك و هاوبەش دانانێکی ئاشکراو ڕوونە، چونکە چەندەها بەڵگە هەیە لە قورئان و سوننەت و وتەی زانایان دەربارەی ئەم کارانە، وە وتیشمان کە هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان گۆڕی پێغەمبەران و پیاو چاکان و جگە لەوانیش.

❀وە هەروەها بۆمان ڕوون بۆوە کە تەوەسول کردنیش چەند جۆرێکە:

١. تەوەسولی شەرعی: کە بریتی بوو لە ئیمان و باوەڕ بە خوای گەورەو شوێن کەوتن و گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر ﷺ، وە هەروەها نزیك بوونەوە لە خوای گەورە بە هەموو ئەوشتانەی کە هۆکاری پێ نزیك بوونەوەن لە خوای گەورەو بە عیبادەت حیسابن، وە هەر ئەمەش گەورەترین وەسیلەو گەیەنەرە بەو شتەی کە داوا دەکرێت.

وە هەروەها پاڕانەوە بە ناوە جوانەکانی خوای گەورەو صیفاتە بەرزو پیرۆزەکانی و ئیمان و کردەوە چاکەکان بەشێکن لە تەوەسولی شەرعی.

وە بەهەمان شێوە پاڕانەوەی پێغەمبەران و پیاو چاکان لە کاتی ژیانیان و ئامادەبونیاندا، بە واتای داوا بکرێت لەوان کە لەبەر خوای گەورە بپاڕێنەوە کە ئەمەش دروستە بە کۆڕای زانایان.

٢. تەوەسولی ناشەرعی: کە ئەمەش بریتیە لە تەوەسول کردن بە مردوان و پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت، وەك ئەوەی کە تەوەسولیان پێ بکرێت و داوایان لێ بکرێت کە بۆت بپاڕێنەوە لە خوای گەورە لە کاتێکدا ئەوان مردوون و توانای هیچ شتێکیان نیە، کە ئەمەش بیدعەیەکی ڕوونەو لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺو هاوەڵان و دوای ئەوانیش شتی وا باس نەکراوەو نەبووە، کەچی ئەمڕۆ ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی بانگەشەی بۆ دەکەن و خۆیان و خەڵکیشی پێ گومڕا دەکەن.

وە بەهەمان شێوە کردنیان بە واسیتەو ناوەندێك و پاڕانەوەو داوای بە فریاکەوتن لێیان و جێگای ئومێد بوون جگە لە خوای گەورە، بەڕاستی ئەوە ئەو شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانانە ڕاستەقینەیەیە کە ئەو موشریکانەی لەسەر بوون کە خوای گەورە پێغەمبەری ﷺ بۆ ناردن.

❁وە دیسان بۆمان دەرکەوت کە شەفاعەتیش دوو جۆرە:

١. شەفاعەتی شەرعی: ئەمەش ڕێگە پێدراوەو جێگیرە بە بەڵگەی قورئان و فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ" کە ئەمەش حەق و ڕاستە، وەك شەفاعەتی فریشتەکان و پێغەمبەران و پیاوچاکان، وە ئەم شەفاعەتەش نایاتە دی تەنها بە ئیزن و فەرمانی خوای گەورە نەبێت بۆ ئەو کەسەی کە شەفاعەتەکە دەکات، وە ڕازیش بێت بۆ ئەو کەسەی کە شەفاعەتی بۆ دەکرێت.

٢. شەفاعەتی ناشەرعی: ئەمەش کە چەندەها شەفاعەتکار دادەنرێت جگە لە خوای گەورە کە ئەمەش دینی موشریکە کۆنەکانە، جا ئەم داوا کردنی شەفاعەت و

لێ پاڕانەوەیە لە پێغەمبەران بن سەلامی خوایان لێ بێت، یان کەسێکی تری مردوو بێت یان کەسێکی زیندووش بێت بەڵام لەو کاتەدا ئامادە نەبێ و هاواری بکرێتێ، هەموو ئەمانە دەچنە ناو بازنەی شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانانەوە.

وە بەڕاستی ئەوەی جێگای سەیرو سەر سوڕمانە پێداگری و سووربوونی ئەم پیاوەو هاوشێوەکانیەتی لەسەر ئەم بیدعەو گومڕاییەی کە لەسەرنی بەوەی بەردەوامن لەسەر هێنانەوەی شوبهەو پاساو بۆ بیرو بۆچونە گومڕاکانیان، لە کاتێکدا هەموو عەیب و عارەکانیان ئاشکرا بوون و شوبهەکانیان هەڵوەشێنرانەوەو بوونە بڵقی سەر ئاوو چۆکیان دادا لە بەرامبەر بەڵگە ڕاست و دروستەکاندا.

بەڵام ئەم جۆرە کەسانە لە نەفامی و نەزانینەوە ئەم قسان ناکەن، بەڵکو زۆربەیان شارەزان و دینی ڕاستەقینە دەناسن، وە بینیتان کە ئەم بەڵگانەی بە ڕوویاندا درایەوە لە بنچینەکانی شەرع وەرگیرابوون و وەك دیوارێکی بەرز وانە بەرامبەر شوبهەو بیرباوەڕە پوچەڵەکانیان، بەڵام ئەمان شتی وا سەیرو سەمەرە دەڵێن کە خەتەرە بە دڵی هیچ کەسێکی خاوەن عەقلدا ناکات، بەڵکو بە خەیاڵی منداڵانیشدا نایات، ئەی باشە چۆن ئەمانە ئەم شتانەیان لا پەسندە؟!!

بەڵام گومانی تیادا نیە کە خاوەن و هەڵگرانی ئەم بیرو باوەڕە بۆگەن و بەتاڵە شوێنکەوتەی هەواو ئارەزووەکانیانن، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَـٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾[1]، واتە: (ئایا ئەو کەسە نابینیت کە هەواو ئارەزوی خۆی دەکات بە پەرستراوو خوای خۆی، وە خوای گەورەش گومڕای دەکات کە ئەوەش دیارە خوای گەورە بە زانستی فراوانی خۆی کە ئەو کەسە شایانی هیدایەت

(١) سورة الجاثية: (٢٣).

نیەو مۆر دەدات لە گوێ و دڵی و پەردە بەسەر چاوەکانیدا دەدات، وە جگە لە خوای گەورە کێ دەتوانێت هیدایەتی بدات).

وە ئەوەش کە دەریدەخات کە هەڵگرانی ئەم بیرو باوەڕە بۆگەن و پڕ لە شیرکە بە بوونی زانیاریەوە ئەم قسانە دەکەن و سوورن لەسەر ئەم بیرو بۆچونە گومڕایەیان، ئەوەیە ئەم شوبهانەی کە دەیهێننەوە ئەو حەقەی کە تیایدایەتی دەیشارنەوەو لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی لایدەدەن و تەحریفی دەکەن، وە قسەی ناحەق و نابەجێ بە ناوی خوای گەورەو پێغەمبەرەوە ﷺ دەکەن، وە هەروەها کۆمەڵێك قسەو کردەوە دەخەنە پاڵ هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت و پێشەوایانی ئیسلام کە بەڕاستی ئەوان بەرینە لە هەموو ئەمانە، هەر ئەم بەڵگە هێنانەوەشیانە کە ئەوە دەسەلمێنێت ئەوان لە نەزانی و جەهلەوە ئەم قسانە ناکەن، چونکە ئەم قسانە لە کەسێك دەرناچێت کە جاهیل و نەزان بێت بە بنچینەو بنەماکانی ئیسلام، وە کەسی جاهیل و نەزان هەرچەندە هەڵەو کەموکورتیشی هەبێت، ئەوا ناتوانێت کە ئەم هەڵانەی خۆی بپۆشێت و بەڵگەیان بۆ بهێنێتەوەو ماناکەیان بگۆڕێت بۆ سەرخستنی هەڵەکانی.

وە هەروەها هیچ ڕێی تێ ناچێت کە کەسێکی نەشارەزاو نەزان بتوانێت لێکۆڵینەوە بکات لە کتێبەکانی تەفسیرو فەرمودەو مێژوو جگە لەوانیش بۆ دەرهێنانی ئەو قسە دەگمەن و فەرمودە غەریب و هەڵبەستراوو ..... هتد، وە بەکاریان بهێنێت بۆ پشتگیری لە بیرو بۆچونە هەڵەکانی.

بۆ نمونە ئایەتێك وەربگرە کە دەیهێننەوەو دەیکەن بە بەڵگە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە دروستە سەردانی گۆڕی پێغەمبەر ﷺ و سەفەر کردن بۆی و تەوەسول پێ کردنی و داوا کردنی شەفاعەت لێی و داوای لێ خۆش بوون کردن لێی[1]، ئەویش ئەم

---

(۱) من خۆم ئەم پیاوەم بینی (محمد العلوي) لە کەناڵی ئاسمانی (إقرأ) کە سەر بە تاقمی (إخوان المسلمين)ە، لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە گەڵیدا ئەنجامیان دابوو، ئەم ئایەتەی هێنایەوەو وتی: (داوای لێ خۆش بوون کردن و

ئایەتە پیرۆزەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ جَآءُوكَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ ٱللَّهَ وَٱسْتَغْفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُوا۟ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا﴾[1]، واتە: (وە ئەگەر ئەوانەی کە زوڵم و ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردووە بێن بۆ لات و داوای لێ خۆش بوون بکەن لە خوای گەورەو وە پێغەمبەریش ﷺ داوای لێ خۆش بوونی بۆ کردن –کە ئەمەش تایبەتە بەو کاتەی کە پێغەمبەر ﷺ لە ژیاندا بووە– ئەو کاتە بۆیان دەردەکەوێت کە خوای گەورە زۆر تەوبە قەبوڵ دەکات و بە سۆزو بە زەییە لە بەرامبەر بەندەکانی).

وە ئەم ئایەتە پیرۆزە هیچ ئاماژەیەکی تیادا نیە نە لە دورو نە لە نزیك دەربارەی ئەوەی کە ئەوان دەیڵێن، وە ئەمەشیان نە لە هاوەڵان و نە لە شوێن کەوتوانی ئەوان وەرنەگرتووە، وە هیچ بەڵگەیەکیان پێ نیە کەوا ئەم ئایەتە بەم شێوەیە تەفسیر بکرێت.

وە ئەم ڕێبازەش کە ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی و دەروێشەکانیانی بۆ بانگ دەکەین، مەزهەبێکی تازە داهێنراوو دینێکی تازە نیە، بەڵکو ئەو شارێگەیەیە کە دەبەسترێتەوە بە پێغەمبەر ﷺو هاوەڵە بەڕێزەکانی و شوێن کەوتوانیان، کە هەر ئەمەش مەزهەب و ڕێبازی پێشەواو زانا بەڕێزو پایە بەرزەکانی وەك ئیمامی مالیك و ئەبو حەنیفەو ئیمامی شافیعی و ئیمامی ئەحمەدو چەندەها زانای پایە بەرزی تری ئەم ئوممەتەیە لە هاوشێوەکانیان لە هەڵگرانی سوننەتی پاك و بێگەردی پێغەمبەری خوا ﷺ.

وە بۆمان دەرکەوت کە ئەم پیاوەو هاوشێوەکانی هیچ بەڵگەیەکیان پێ نیە کە لەو ئیمام و پێشەوا باوەڕ پێکرانەیان وەرگرتبێت کە فەتوایان دابێت و بڵێن دروستە

---

سەردان کردنی پێغەمبەر ﷺ دروستەو هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان ئەوەی کە لە ژیاندا بێت یان نا) (نوسەر).

(١) سورة النساء: (٦٤).

زیادەڕەوی کردن لە پێغەمبەر ﷺ و پاڕانەوە لێی و داوای بە فریا کەوتنی لێ بکرێت، وە نەیان وتووە دروستە داوای لێ خۆش بوون بکرێت لە لای گۆڕەکەی یان دوور لە گۆڕەکەی، وە هیچ کام لەم پێشەوا بەڕێزانە نەیان وتووە کە پێغەمبەر ﷺ ئاگای لە نیەتەکانەو کلیلەکانی غەیب و ڕۆح دەزانێت، وە نەیان وتووە کە پێغەمبەر ﷺ ناونراوە بە زیاتر لە (٧٠) ناوی خوای گەورە وەك (الأول والآخر والظاهر والباطن).....هتد.

وە هیچ کام لەمانە نەیان ووتوە کە گۆڕی پێغەمبەر ﷺ گەورەترو پیرۆزترە لە عەرشی خوای گەورەو فیردەوس، یان فریشتەکان لەبەر خاتری پێغەمبەر ﷺ سوجدەیان بۆ ئادەم بردووە.

بەڵکو هەموو ئەمانەیان لە کەسانێك وەرگرتووە کە لە دوای سەردەمی پێغەمبەر ﷺ هاوەڵان و سێ سەدە پڕ خێرەکەی دوای ئەوان هاتوون، لەوانەی کە پێچەوانەی ڕێبازی ئەوانیان گرت و زانایان و ئیماندارانی ڕاستەقینە کارەکانی ئەوانیان بە هەڵە دانا، چونکە پێچەوانەی ئەم ڕێبازە بوو کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی لەسەر بوون.

وە دیسان بەم پیاوەو هاوشێوەکانی و دەروێشەکانی دەڵێین ئەوەی کە ئێمە بانگی ئێوەی بۆ دەکەین دینێکی ڕاستەقینەو ڕێبازێکی سەلامەتە، ئەویش ئەو دین و ڕێبازەیە کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی لەسەر بوون، وە هەر کەسێکیش واز لە زیادەڕەوی کردن بهێنێت لە پێغەمبەر ﷺ و دەست بگرێت بەوەی کە پێی وەصف کراوە لە قورئان و سوننەتداو ئەوەش کە هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت وتویانە دەربارەی، ئەوا بەڕاستی ئەو کەسە بە کەمتەرخەم ناژمێردرێت لە بەرامبەر حەقی پێغەمبەر ﷺ.

وە لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورەو باڵا دەست و لێی دەپاڕێمەوە بە ناوە جوان و صیفاتە بەرزو پیرۆزەکانی کە هیدایەت و ڕێنومایی هەموو لایەکمان بکات بۆ ڕێگا ڕاستەکەی خۆی، وە بمان گێڕێت لەو کەسانەی کە گوێ لە قسەکان دەگرن و

شوێن باشترین قسەیان دەكەون، وە هەموولایەكمان بپارێزێت و دوورمان بخاتەوە لە فیتنەو بەڵاو موصیبەت و لاڕێ بوون و سەر لێ شـێوان و گـومڕایی، وە ئـەوەش كـە توشی هەڵـەو لادان و لاڕێ بـوون بـووەو شـەیتان فێڵـی لـێ كـردووەو كەوتۆتـە نـاو زۆنگاوی شیرك و هاوبەش بۆ خـوا دانـان و گومڕاییـەوەو توشـی گێـژاوی بـە هـیلاك دەری بیدعـە بـووە، بیگەڕێنێتـەوە سـەر شـاڕێگە ڕاسـت و دروسـتەكەی خـۆی بـە جوانترین و باشترین گێڕانەوە..... آمین


وصلى الله و سلم وبارك على سيد الأنام، نبينا محمد وعلى آله وصحبه والتابعين لهم بإحسان.

١٢/شعبان/١٤٣٠ كۆچی

٣/ئاب/٢٠٠٩ زایینی

# پێرستی بابەتەکان

**بابەت** **لاپەڕە**





چاپی یەکەم ٢٠١٠ ز / ١٤٣١ ك

ژمارەی سپاردن (٣٤٦)

چاپخانەی شیڤا - سلێمانی